# لێکەوتە دەستوری و یاساییەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە سیستمی پەڕلەمانیدا

باوەڕ نورەددین مەحمود

٢٠٢٤



**پەرلەمانی کوردستان**

**سەرۆکایەتی دیوان**

**سەنتەری توێژینەوە**

KURISTAN PARLIAMENT - Presidency of Divan
RESEARCH CENTER

چاپی یەکەم - ٢٠٢٤

| |
|---|
| **ناوی کتێب:** لێکەوتە دەستوری و یاساییەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە سیستمی پەڕلەمانیدا |
| **بابەت:** توێژینەوە |
| **نووسینی:** باوەڕ نورەددین مەحمود |
| **دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران تاودەر |
| **دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی |
| ژمارەی سپاردن: ١٠٩٧ /٢٠١٩ – هەولێر – هەرێمی کوردستان |


ناونیشان

هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان

Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq
www. parliament.krd
KPI-Research center
e.mail: researchcenter42@gmail.com

# پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی بەرایی: چەمکی هەڵبژاردن و هەرلبژاردنی پێش وەختە | ٩ |
| **باسی یەکەم: گەشەسەندنی مێژووی هەڵبژاردن و چەمکی هەڵبژاردنی پێش وەختە** | ١٢ |
| مەبەستی یەکەم: گەشەسەندنی مێژووی هەڵبژاردن | ١٢ |
| مەبەستی دووەم: پێناسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە | ١٦ |
| مەبەستی سێیەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە لە وڵاتانی دوای ململانێ | ٢١ |
| مەبەستی چوارەم: گرنگی هەڵبژاردن و ڕەگەزەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی | ٣١ |
| **باسی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردن** | ٥٨ |
| مەبەستی یەکەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و ڕێژەیی | ٥٨ |
| مەبەستی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردنی بە تاک و لیست | ٦٥ |
| بەشی یەکەم: سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی پێش وەختەی دەسەڵاتی یاسادانان | ٦٩ |
| **باسی یەکەم: سیستەمی پەرلەمانی وپێکهێنانی حکومەت** | ٧١ |
| مەبەستی یەکەم: سیستەمی پەرلەمانی و خەسڵەتەکانی | ٧١ |
| مەبەستی دووەم: پێکهێنانی حکومەت | ٩١ |
| **باسی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی یاسادانان** | ١٠٣ |
| مەبەستی یەکەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان | ١٠٣ |
| مەبەستی دووەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار | ١٢٣ |

| | |
|---|---|
| مەبەســتی ســێیەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ئەنجومەنەکانی پەرلەمان | ١٤٠ |
| بەشی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن | ١٥٧ |
| **باسی یەکەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و سەرۆکی دەوڵەت** | ١٥٩ |
| مەبەستی یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆک و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر پەرلەمان | ١٦٠ |
| مەبەستی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت | ١٧٤ |
| **بـاســـی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە وئـەنجوومـەنی وەزیران** | ١٩٨ |
| مەبەســـتی یەکەم: هۆیەکانی پەنـابردنی ئـەنجوومـەنی وەزیران بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە | ١٩٩ |
| مەبەســـتی دووەم: دەســـەڵاتەکانی حکومەتی دەســـت لەکارکێشاوە و متمانە لێسەنراو | ٢١١ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٣٤ |

# بەرایی

گومانی تێدا نییە کە ئەرکی سەرەکی توێژینەوەی پەرلەمانی پشتیوانیکردنە لە گەشەپێدانی پەرلەمان و ژیانی پەرلەمانی، پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردانی پەرلەمانیش پێویستی بە زانینی قووڵی زۆرێک لەبۆچوون و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکان هەیە و هەموو ئەمانەش پێویستی بە ئامادەبوونی دامەزراوەیەکی بەهێزو میکانیزمی ڕێکخراو هەیە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان. بەتایبەتی لەئێستاداو بەپێی ئەم گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن، پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسادانان و چاودێری، روبەڕوی ئالەنگاری گەورە بۆتەوە، چ ناوخۆیی یان دەرەکی، ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدان و پشتیوانیکردن هەیە لە ڕێگەی چاکسازی و باشترکردنی کارەکانی بە شێوەیەکی باشتر بە تایبەت گرنگیدان بە سەرچاوە مرۆییەکان و توێژینەوەی پەرلەمانی. چونکە پشتبەستن بە لێهاتوویی ئەندامانی پەرلەمان بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە بوونی ناوەندێکی توێژینەوە و زانیاری هەیە کە یەکەیەکی زانستی تایبەتمەند و سەر بە پەرلەمان بێت و بەرپرسیار بێت لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە پەرلەمانتارن لە بواری جۆراوجۆردا، بە ئامانجی دابینکردنی پێویستی زانیاری و بژاردە و بەدیلەکان لەبەردەم پەرلەمانتاران بۆ گەیشتن بە مشتومڕی عەقڵانی.

لەم پێناوەدا سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان لەم وەرزە تازەیەیدا بەپشت بەستن بەچەندین نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا دێتەوە مەیدان و چەندین توێژینەوەی جیاجیا دەخاتە

بەردەست پەرلەمانتاران و توێژەرانی بواری پەرلەمانی وەک ئەرکێکی سەرشانی لەپێناو گەشەپێدانی  پەرلەمان و ژیانی پەرلەمانی.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەســـتتان کە نامەی ماســـتەری توێژەر (باوەڕ نورەددین) ە، یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە کەلێنێکی یاســـایی لەبارەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێشـــوەختە  پڕ دەکاتەوە بەتایبەتی کە بەزمانی شـــیرینی کوردی نووســـراوە، ئەمەش دەبێتە پێشـــینەیەکی باش لەبوارەکە تا لەمەودوا توێژەرانمان بەزمانی کوردی بێنە مەیدانی گەشەپێدانی کاری پەرلەمانی.

**د. فوئاد ئەحمەد**
بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی
پەرلەمانی کوردستان
٢٠٢٤/١٠/٨

# پێشەکی

هەڵبژاردن بە یەکێک لە بنەماکانی دیموکراتی ئەژمار دەکرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش جەخت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و پاک و بێگەرد دەکاتەوە، وردەکاری ئەنجام دانیشی بۆ یاسا ناوخۆییەکان جێ دەهێڵێت، هەر وڵاتێکیش ئازادە لەبارەی پیادەکردنی چ جۆرە سیستەمێکی هەڵبژاردن، هەر جۆرە سیستەمێکی هەڵبژادنیش لێکەوتەی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەگەر چی هەڵبژاردن وەک بنەما بە شێوەیەکی دەوری دەبێت، کە لە هەندێک وڵات بە سێ ساڵ و هەندێکی تر بە چوار ساڵ .... هتد دیاریکراوە، بەڵام هەندێک جار بەر لە تەواوکردنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان، هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە ئەنجامی هاتنە کایەی دۆخێکی نائاسایی پەیوەستدار بە دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن، وەک ڕێگە چارەیەک پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە دەبردرێت، تاوەکو هەریەک لەو دوو دەسەڵاتە بتوانن لەم دۆخە دەرباز بن، کە ڕوو بەڕووی بونەتەوە.

سیستەمی پەرلەمانی شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمڕانی لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بونیاد نراوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە لەسەر بنچینەی لێکجیاکردنەوەی نەرمی دەسەڵاتەکان دانراوە، بە جۆرێک هاوکاری و دەست تێوەردانی دەسەڵاتەکان لە تایبەتکاری یەکتریدا قبوڵکراوە.

یەکێک لە ئامرازەکانی دەست وەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسـەڵاتی یاسـادانان هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمانە بەر لە تەواوکردنی ماوەی ویلایەتی یاســایی و ویلایەتی خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆی پەنا بردنە بەر ئەنجـامـدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە، هەڵبژاردنی پێش وەختەش بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەبێ لەسـەر پەیڕەوکردنی ئەرک و تایبەتکارییەکانی پەرلەمان لە هەمان کاتیشـــدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەرک و مافی پەرلەمانتاران.

کاریگەری هەڵبژاردنی پێش وەختە تەنها کورت نابێتەوە لەســـەر دەســـەڵاتی یاســادانان، بەڵکو کاریگەری لەســـەر دەســـەڵاتی جێبەجێ کردنیش جێ دەهێڵێت، یەکێک لە خەسڵەتەکانی سیستەمی پەرلەمانی دووانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، واتە لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێـک دێـت. هەردوو پێکهـاتەی دەســـەڵاتی جێبەجێکردنیش ڕووبەرووی ئەوە دەبنەوە، کە بەر لە تەواوکردنی مـاوەی ویلایەتی یـاســـاییـان متمـانەیـان لێ وەربگیرێتەوە یـاخود شوێنەکەیان چۆڵ بێت. ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەیڕەوکردنی ئەرک و مافەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

بەشی بەرایی

# چەمکی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێشوەختە

## بەشی بەرایی
## چەمکی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە

زاراوەی هەڵبژاردن بە شێوازی جیاجیا چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام لەبارەی ناوەڕۆکی هەڵبژاردنەوە تارادەیەک لێکچوون دەبینرێت، ئەمەش لە قۆناغێکی مێژوویی بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، تا گەیشتۆتە بەستنەوەی بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵە توخمێک، تاوەکو وەسفی هەڵبژاردنی دیموکراتی لەسەر بچەسپێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەڵبژاردن لە هەموو کاتێکدا لەوادەی خۆی نەکرێت، بەڵکو بەر لەم وادەیە بکرێت، ئەمەش زیاتر بە پێی سیستەمی هەڵبژاردن و سیستەمی پەرلەمانیی ئەنجام دەدرێت، هەر بۆیە ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، کە لە باسی یەکەمدا باسی گەشە سەندنی مێژووی هەڵبژاردن و چەمکی هەڵبژاردنی پێش وەختە دەکەین، هەروەها باسی دووم بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردن تەرخان دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم: گەشە سەندنی مێژووی هەڵبژاردن و چەمکی هەڵبژاردنی پێش وەختە

باسی دووم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردن.

# باسی یەکەم
# گەشەسەندنی مێژووی هەڵبژاردن و چەمکی هەڵبژاردنی پێش وەختە

لەم باسەدا گەشە سەندنی مێژوویی و ماناى هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە و هەڵبژاردنی پێش وەختە لە وڵاتانی دوای ململانێ و گرنگی هەڵبژاردن و توخمەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی، لەڕێگەی چوار مەبەستەوە خراوەتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**مەبەستی یەکەم:** گەشەسەندنی مێژووی هەڵبژاردن

**مەبەستی دووم:** پێناسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە

**مەبەستی سێیەم:** هەڵبژاردنی پێش وەختە لە وڵاتانی دوای ململانێ

**مەبەستی چوارەم:** گرنگی هەڵبژاردن و توخمەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی

## مەبەستی یەکەم
## گەشەسەندنی مێژووی هەڵبژاردن

هەڵبژاردن بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، تاکو گەیشتۆتە ئەو قۆناغە پێشکەوتووەی، کە ئێستا تێیدایە، سەرەتای هەڵبژاردن بۆ مێژووی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە، لە دیموکراتی یۆنان ورۆمانیەکاندا هەڵبژاردن دەورێکی دیاری نەبوو، چونکە مافی مەدەنی وسیاسی بەند بوو بەژمارەیەکی کەم لە دانیشتوان ئەوانەی ماونەتەوە وەک بەندە بوون و هیچ مافێکیان نەبووە[1]، هەر لەو کاتەدا دانیشتوانی دەوڵەت لە گۆڕەپانی گشتیدا کۆبونەوەیەکیان دەبەست و

(١) د. كمال الغالي، مبادىء القانون الدستوری والنظم السياسية، مطبعة رياض، ديمشق. ١٩٨١، ل١٩٧

بڕیارە گرنگەکانیان دەدا، هەروەها ڕاســـتەوخۆ بەبێ بوونی پاڵێوراو دەنگیان دەدا ، ئەم کارەش وەکو پەرلەمانی کراوە وابوو[١].

دوای ڕوخانی ئیمپراتۆڕیەتی ڕۆمانی ژیانی تاک، بەشـێک بوو لە ژیـانی کۆمەڵ جیـا نەدەکرایەوە، کە ڕێکـدەخرا بۆ ئـەوەی تـاکەکـان پـارێزگـاری لە کۆمەڵەکەیـان بکەن، هەر لەو کـاتەدا تـاک هیچ مـافێکی نەبوو ئەگەر لە نـاو کۆمەڵ نەبوایە، ڕۆڵی ئەم کۆمەڵانەش ئەوە بوو کە لە لای پادشـــا نوێنەریان هەبوو، هەر کاتێکیش پێویســـتیان بە پاڵپشتی حکومەت هەبوایە بانگهێشتی دانیشتنەکانیان دەکران، چونکە لەو کاتەدا گەل لە بەڕێوەبردنی دەسـەڵاتی گشـتی بەشـداری نەدەکرد، هەرچەندە زۆربەیان نوێنەرەکانیان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستنیشان دەکرد ئەمەش بە بێ بەشـداری کردنی نوێنەران لە دەسـەڵات، چونکە لەو کاتەدا پادشا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو[٢].

لە سـەرەتادا هەڵبژاردن کۆتکراو و سنورداركراو و مەرجداربوو، مافی دەنگدان تەنیا بۆ چەند چینێک و کەسێک بوو، ئەو کەسانەش کە دەوڵەمەند بوون و سەروەت و سامانێکی دیاریکراویان هەبوو، یاخود ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبڕێکی دیاریکراو باجیان دەدا[٣]، یاخود خاون موڵکێک بێت کە داهاتی سـاڵانەی کەمتر نەبێت لە بەهایەکی دیاریکراو[٤]، هەروەها دەنگدەر دەبووایە لێهاتوویی خوێندنی هەبێت و پلەیەکی دیاریکراوی بۆ دانرابوو، ئەویش مەرج بوو، کە ئەو

---

(١) عفاف حبة، التعددية الحزبية والنظام الانتخابی، رســالة ماجســتیر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر، ٢٠٠٥، ل١١.

(٢) عفاف حبة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٣) د.حسـن مصطفى البحري، الانتخاب كوسيلة لاسناد السلطة، بدون دار النشـر، ديمشـق، ٢٠١٤، ل٤٣.

(٤) کە ئەمەش لە هەر دوو دەســتوری فەرەنســی ســاڵی ١٨١٤ و ســاڵی ١٨٤٨ ئاماژەی پێدرابوو، هەروەها لە یاسای هەڵبژاردنی ئینگلیزیش تاکو ساڵی ١٩١٨ ئەوە باسکرابوو. د. كمال الغالي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

کەســـە خوێندەواری هەبێت و بتوانێت بخوێنێتەو و بنوســـێت، یاخود بڕوانامەیەکی دیاریکراوی هەبێت[١].

سـیسـتەمی دیموکراتی هەڵبژاردن لە سـەردەمی نوێدا وردە وردە بڵاوبویەوە، تاوەکو زۆربەی دەوڵەتە شـــارســـتانییەکانی گرتەوە، لە دوای ســـەرکەوتنی هاوپەیمانان لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم ئەم ســـیســـتەمە دیموکراتییە هەر لە کاتی ســـەرهەڵدانی دا دوو گۆڕانی جەوهەری دروســـت کرد، کە ئەوانیش ڕێبازی دەنگدانی گشـــتی و دروست بوونی حیزبە سیاسییەکان بوو، بەمەش ژمارەی دەنگدەران لە ژێر پاڵەپەستۆی ڕێبازە دیموکراتییەکان زیادی کرد، کە کاتی خۆی تەنها چینێکی دیاریکراوی هاونیشـــتیمانیان ئەم مافەیان هەبوو. لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی بیســـتەم دا، کە ئەم بەرەوپێش چوونەیان بەســـەرداهـات، بـابەتی پەرلەمـانەکـان و ئەنجومەنی نوێنەران لەو بـابەتـانەن کە نـاتوانرێـت وازیـان لێبهێنرێـت[٢]، لەم کـاتەشـــدا بۆ هێنانەکایەی حکومەتە نوێنەرایەتییەکان تێگەیشـــتن دروســـت بوو، جا ئەم حکومەتانە پەرلەمانی بن، یان ســـەرۆکایەتی یان حکومەتی بە کۆمەڵ، دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران بە پێی هەر یەک لەو سـیسـتەمانە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت.

لەلایەکی ترەوە ســـەرەتا ژن لە مافی دەنگدان بێبەشـــکرابوو، کە زۆربەی دەســـتورە دیموکراتییەکان ژنانیان لە مافی دەنگدان بێبەش کردبوو، بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ ژنـان ئەم مـافەیـان نەبوو دورخرابوونەوە، چونکە پێیان وابوو، کە ژن تەنها بۆکاروباری ماڵ و کاروباری خێزان دەگونجێت، پاســـاویشـــیان ئەوە بوو، کە پیاوان لە ڕووی پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی لە ئافرەتان بەهێزترن، ئەمەش ڕەنگدانەوی لەسەر کارەکانیان دەبێت لە نێوانیشیاندا هەڵبژاردن، بەڵام

---

(١) د. ثروت بدوي، النظم الســياســية، الكتاب الاول تطور الفكر الســياســي والنظرية العامة للنظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦١، ل٣٤٩.

(٢) نيشــتيمان رشــيد علي، الانظمة الانتخابية للمجتمعات المنقســمة، اطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، غير منشورة، ٢٠٢٠، ل١٧.

کاروباری تر و کاروباری گشـــتی لەتایبەتمەندی پیاواندایە[1]، دواتر ژنان ئەو مافەیان پێدرا، چونکە بێ بەشـــکردنی ژنان لە مافی دەنگدان پێچەوانەی دیموکراتی بوو[2].

لە کاتی ئێستادا هەڵبژاردن تاکە ڕێگایە بۆ دەستاودەست کردنی دەســەڵات بە دیموکراتیانە، بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەری گەل بۆ پەرلەمان و دیاریکردنی ســـەرۆکی وڵاتەکان، هەروەها هەڵبژاردنی پەرلەمان لە دەوڵەتە خاوەن ســـیســـتەمە ســـەرۆکایەتییەکان و پەرلەمانییەکان هەڵبژاردنیش بە تێگەیشتنی نوێ بەندە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی گشـــتی و نهێنی و یەکســـانی لە دەنگدان لەگەڵ هەبوونی زیاتر لە یەک حیزب، کە هەموو ئەمانەش لە ســـیســـتەمی دیموکراتی نەبوون، بەڵکو بە قۆناغی پەرەســـەندندا تێپەربوون تاوەکو لەســـەر شێوەی ئێستا جێگیر بوو[3].

## مەبەستی دووەم
## پێناسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی پێش وەختە

---

(١) د.منذر الشاوي، الاقتراع السياسي، منشورات العدالة، بغداد، ٢٠٠١، ل١٥٤.

(٢) بۆ یەکەم جـاریش لە ویلایەتی ویومینج Wyoming لە ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٩ مافی هەڵبژاردن بۆ ژن دەستەبەرکرا، دواتریش لە ویلایەتەکانی تریش لەســـاڵی ١٨٩٠ ئەم مافە درا بە ژنان، تاکو هەموارکردنی دەســـتوری فیدراڵی ســـاڵی ١٩٢٠ کە لە هەمواری دەســـتوردا مافی هەڵبژاردنی هەڵگرت بەتەنیا لەســـەر ڕەگەزێک مافی هەڵبژاردنی دا بە ژن و بە پیاو. ثروت بدوي، النظم الســـيســـية، الجزء الاول النظرية العامة للنظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٤، ل٢٠٨.

(٣) سرهنگ حمید البرزنجی، انتخاب اقلیم کوردستان، مؤسسة موکریانی للطباعة والنشر، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦-٢٧.

لەم مەبەستە سەرەتا پێناسەی هەڵبژاردن دەکەین بۆ ئەوەی بگەین بە مانای هەڵبژاردنی پێش وەختە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: پێناسەی هەڵبژاردن

لەپێناو تێگەیشتنی مانای هەڵبژاردن وامان بە باش زانی لەڕووی زمانەوانییەوە پێناسەی بکەین دواتریش لە ڕووی دەستەواژەوە وەک لە خوارەوەدا هاتووە:

## ١-پێناسەی هەڵبژاردن لە ڕووی زمانەوانییەوە

لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا وشەی هەڵبژاردن لەوشەی کاری (هەڵیبژارد) وەرگیراو، ئەم کارەش پێشگری پێوەلکاوە، لە بنەڕەتدا (نخب) بەواتای هەڵیبژارد دێت، دەگوترێت هەڵبژێردراو هەڵدەبژێردرێت، هەڵیانبژارد ئەو هەڵبژێرەرە، بەواتای بردنی شتە دیارەکان، واتا باشترینەکان و چاکترینەکان هەڵبژێردراو و لێی دیاریکراو[١]. هەڵبژێردراوەکانی کۆمەڵێک هەڵبژێردراوەکانیانن ....[٢]، وەکو دەگوترێت هەڵیبژارد هەڵدەبژێرێت هەڵبژاردنەکە، ئەو هەڵبژێردراو بەرکارەکەشی هەڵبژێردراو. شتێک هەڵبژێردرا واتا هەڵبژێردراو و هەڵێنجراو، ئەو کەسە هەڵبژێردراوە، دەنگی لەبەرژەوندی دراوە[٣]، هەڵبژێردراو بە پێدانی دەنگ لە هەڵبژاردن بە واتای دیاریکردن (هەڵبژێردراو) یان (دەنگدەر) کە لە هەڵبژاردن مافی دەنگدانی هەیە، هەروەها ( هەڵبژێردراو) ئەو کەسەیە کەدەنگی پێدراوە لە هەڵبژاردن، یان ئەوەی زۆرینەی دەنگ لە هەڵبژاردن دەهێنێت ئەو دەبێتە هەڵبژێردراو[٤].

---

(١) جبران مسعود، الرائد، دار علم للملايين، بيروت، ١٩٩٢، ل٧٩٩.

(٢) ابن منظور، لسان العرب، دار المعارف، قاهرة، بلا تاريخ،ل٤٣٧٣.

(٣) احمد مختار عمر، معجم اللغة العربية العاصـرة، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٨، ل٢١٨١.

(٤) معجم الوسيط، مكتبة الشروق، الطبعة الرابعة، القاهرة، ٢٠٠٨، ل٩٠٨.

هەروەها لە فەرهەنگی کوردیدا بەم شـــێوەیە هەڵبژاردن هاتووە، هەڵبژارتن بە واتای ئەوەی کەســـێک هەڵبژێردراوە، وەکو دەگوترێت هەل بژارتی واتا هەڵبژێردراو، یاخود هل بژێر بە واتای ئەوەی کە کەسێ هەڵدەبژێردرێ[1].

## ٢- پێناسەی هەڵبژاردن لەڕووی دەستەواژەوە

زانایان توکو ئێستا کۆک نین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ دەستەواژەی هەڵبژاردن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆشەنیگای هەریەک لەم زانایانە هەروەک لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

هەڵبژاردن شێوازی ویستی دەسەڵاتە، کە تیشک دەخاتە سەر دیاریکردن، کە بەهۆی دەنگدان جێبەجێ دەکرێت[2].

هەڵبژاردن زاراوەیەکە بە کۆمەڵێک ڕێکار دەوترێت کە بەهۆیەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی یاسایی ڕێکخراوی هەڵبژاردن پاڵێوراو دیاری دەکرێت[3].

هەڵبژاردن ئەو ئامرازەیە، کە بەهۆیەوە کەسانێک دیاری دەکرێت، کە چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت بڕیار بە دەست بن و سیاسەتی گشتی دەوڵەت وێنا بکەن، هەروەها ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی پەیوندی نێوان دەستە جیاوازەکانی گەل و چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوانیان بە ڕێگای ئاشتیانە دەکەن، لەهەمان کاتیشدا ئامرازێکە بۆ ڕەواییبوون و ڕەوایی نەبوونی دەسەلات[4].

---

(١) عبدالحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کوردی فارسی، انتشارات سروش، تهران، ١٣٩٦، ل٩٤٨.

(٢) نیشتیمان رشید علي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٣) معجم القانون، الهیئة العامة لشؤون المطابع الأمیریة، القاهرة، ١٩٩٩، ل٩٧.

(٤) د. منصور محمد محمد الواسعی، حقا الانتخاب والترشیح وضماناتها، المکتب الجامعی الحدیث، الاسکندریة، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ل٢٦.

هەڵبژاردن تاکە ئامانجی بنەڕەتییە بۆ پاڵپشـتیکردنی دەسـەڵات لەڕێکخراوە دیموکراتییە نوێ خوازەکان، بۆ هاتنە دی بەشـداریکردن لەژیانی سیاسی لەلایەن تاکەکانی گەل[١].

هەڵبژاردن شێوازێکە بەهۆیەوە پاڵێوراوێک یان زیاتر بۆ کارکردن لە پێگەیەک لە پێگەکانی دەوڵەت دیاری دەکرێت، ئەم کارەش لەلایەن گەلەوە ئەنجام دەدرێت. هەڵبژاردن وا دادەنرێت، کە ڕێگەیەکە وڵاتان بۆ پڕکردنەوەی پۆسـتی فەرمانگە گشـتییەکانی دەوڵەت پەیڕەوی دەکەن، جا چ بۆ کاری سـیاسـی یاخود بۆ کارە خزمەتگوزارییەکان بێت.

لە سـیسـتەمە دیموکراتییەکاندا چەمکی هەڵبژاردن پێگەیەکی تایبەتی هەیە، ئەگەر چی پێناسـەیەک نییە کەوا لەسـەری ڕێککەوتبن لەلایەن ئەو کەسـانەی کە گرنگی بەم چەمکە دەدەن، بەڵام چەند پێوەرێک هەن ئەگەر هاتوو دەسـتەبەر بوون ئەوا دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنی دیموکراتی هەیە.

مافی هەڵبژاردن لەگەڵ دیموکراسـی سـیاسـی هاوتەرییە، پاشـکۆیەتی لە ڕووی لەدایکبوونی و گرشـەسـەندنی، گەرەنتی ڕێزگرتنیشـی دەکات لەژێر ڕۆشـنایی بڵاوبونەوەی هەڵبژاردنی سیاسی[٢].

بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان پاک وبێگەرد و دادپەرورانە بن، پێویستە بەشـێوەی خولی ئەنجام بدرێن، دەسـەڵاتی حکومەت لەسـەر بنەمای ویسـتی خەڵک بەردەوام بێت[٣]، جێی ئاماژە پێدانە کە مەرجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەوری لە چەندین پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامەی

---

(١) د. عبد الغني بسـيوني عبد االله، أنظمة الانتخاب في مصـر والعالم، منشـأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٩٠، ل٧.

(٢) د. داود الباز، حق المشاركة فى الحياة السياسية، دارالفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ل٤٤.

(٣) ياسـين محمودعبابكر، دور الانتخابات البرلمانية في عملية التحول الديمقراطي في العراق بعد ٢٠٠٣، مطبعة الحاج هاشم، اربيل،٢٠١٣، ل٦٤.

نێودەوڵەتی و هەرێمی ئاماژەی پێدراوە، وەکو جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسییەکان[١].

ئامانج لە خولی هەڵبژاردن دورخستنەوەی ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکانە، هەڵبژاردن کە جارێک ئەنجام بدرێت بۆ نمونە لە کاتی سەربەخۆیی بێت یاخود لە قۆناغی گواستنەوە بێت لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تردەبێتە هۆی لە دەستدانی پشتیوانی خەڵک، پێویستە ماوەی خولوکە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر کورت نەبێت کە سەربەخۆیی ئەندامانی پەرلەمان لە بەرامبەر دەنگدەراندا لاواز بکات، یان زۆر درێژ بێت کە پەیوندی نێوان خەڵک و نوێنەر بپچڕێت، ئەوە بەسە بۆ دڵنیابوون لەمانەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران بۆ ڕەنگدانەوەی ویستی خەڵک کە بنەمای ڕەوایەتی حوکمڕانییە[٢].

هەروەها دەبێت ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری بکرێت، مەبەست لێی ئەوەیە ئەنجومەنەکە هەموو دەسەڵاتەکانی لە بەڕێوبردنی کاروباری دەوڵەتدا بۆ ماوەی یاسایی خۆی بە ئازادی پەیڕەو بکات، لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم ماوەیەشدا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت، لەڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە گەل پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات، ماوەی ویلایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە دەستی گەلدا چەکێکی بەهێزە، ئامرازێکی چاودێریکردنە لە دەستی گەلدا

(١) لە جارنامەی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ لە برگەی (٣) ماددەی ٢١ دا هاتووە(-ئیرادەی گەل ،بنچینە و سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە، ئەم ئیرادەیە دەبێ بە شێوەی هەڵبژاردن بێتە ئاراوە، کە بەپێی ڕاستگۆیی و بەشێوەی دەوری پێک بێت، هەڵبژاردن دەبێ گشتی و بە تەبایی بێت و بە دەنگی نەهێنی یان هاوشێوەکانی بەڕێوە بچێت کە ئازادی دەنگدانی تێدا مسۆگەر بوو بێت)هەروەها لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ لە برگەی (ب) ماددەی ٢٥ داهاتووە (مافی دەنگدان و مافی دیاریکردنی پاڵێوراو، لە هەڵبژاردنێکی پاک ودەوری بە دەنگدانی گشتی بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان دەنگدەران بە دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێت، بە جۆرێک کە گەرەنتی گوزارشتکردن لە ئیرادەی دەنگدەران دەکات).

(٢) عبدالغني بسيوني عبدالله، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، بدون مكان نشر، ٢٠٠٤، ل٢١٣.

بەسەر ئەندامەکان، ماوەی ویلایەتی پەرلەمان لە زۆربەی دەوڵەتان لە نێوان سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵ دیاریکراوە(١).

دووەم: پێناسەی هەڵبژاردنی پێش وەختە

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێش وەختە لە کاتێکدا سەرکردەکان بانگەواز بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە دەکەن کاتێک بۆیان ڕوون دەبێتەوە، کە بەشدارییان لە باشکردنی دۆخی داهاتوو کەم دەبێتەوە، یان پێشبینی ئەوە دەکەن، کە لە داهاتوودا ناتوانن باردۆخەکان چاک بکەن، لەم کاتەدا پەنا بۆ بەر هەڵبژاردنی پێش وەختە دەبرێت، هەڵبژاردنی پێش وەختە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە داهاتوودا ناتوانرێت ڕەوشەکە چاک بکرێت، کاتێک بارودۆخی ئابوری و پشتگیری حکومەت کەمدەبێتەوە(٢).

بە واتایەکی تر هەڵبژاردنی پێش وەختە وابەستەی دۆخێکی نائاسایی سیاسییە، کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەر لە تەواو بوونی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان، بەمەش پەرلەمان ماوەی یاسایی خۆی تەواو ناکات و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت.

دەتوانین پێناسەی هەڵبژاردنی پێش وەختە بکەین بەوەی کە هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەو هەڵبژاردنەیە بەهۆی هاتنەکایەی دۆخێکی نائاسایی سیاسی ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەر لە تەواو بوونی ماوەی ویلایەتی دیارکراو بۆ پەرلەمان کە لە دەستوری وڵاتان بە دەق دیاریکراوە، لە دەرئەنجامیشدا کۆمەڵێک لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە کەکاریگەری بەسەر خودی پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشەوە دەبێت.

---

(١) د. سعد عصفور، المبادئ الاساسيةفي القانون الدستوري والنظم السياسية، منشاة المعارف، الاسكندرية، ١٩٨٠، ل١٨٣.

(2) Smith , Alastair, Election timing, Cambridge University press, 2004, p54.

هەروەهــا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی پێش وەختە بریتییە لەو هەڵبژاردنەی کە پێش تەواو بوونی ماوەی یاســـایی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت بەهۆی ڕووبەڕوو بەنەوەی دەخێکی نەخوازراو.

بۆیە لێرەدا بــاس لەو هەڵبژاردنە پێش وەختــانە نــاکەین کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسـتوری ڕوودەدەن، وەک ڕوودانی شـۆڕش یا کودەتا کە زۆرجار هەڵوەشاندنەوەی دەستوری لێ دەکەوێتەوە.

## مەبەستی سێیەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە لە وڵاتانی دوای ململانێ

لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا هەڵبژاردن بوو بە توخمێکی سەرەکی لە زۆربەی ئەو وڵاتـانەی ئـاشـــتی تیایاندا بەرقەرار بوو، هۆکاری ئەوەش ئاشـکرایە، کە هەڵبژاردن ئامرازێکی حەتمییە بۆ دەسـتپێکردنی سـیسـتەمێکی سـیاسـی نوێ دوای ململانێ، بۆ هاندانی پێشـکەوتنی سیاسەتی دیموکراتی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران، بۆ پێکهێنانی حکومەت بە مەبەسـتی ڕەواییەتیدان بە سـیسـتەمی سـیاسـی نوێ، لە لایەکی ترەوە ســـەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان لە بەدیهێنانی ئامانجە فراوانەکان بۆ چەســـپاندنی دیموکراســـی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە حاڵەتێکەوە بۆحاڵەتێکی تر جیاوازە، لە هەندێک وڵاتدا هەڵبژاردن بۆ بونیادنانی وڵات وبەرقەرار بوونی ئاشـــتی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت، لە هەندێک وڵاتی تریشـــدا خودی هەڵبژاردن بوو بەکێشـــە لەوەی، کە چارەســـەری کێشـــەکان بکات، بە تایبەتی لە وڵاتانی دوای ململانێدا، بۆیە لەم لقە دا بــاس لەهەڵبژاردنی پێش وەختــە لە وڵاتــانی دوای ململانێ دەکەین هەروەها بۆچوونی یاساناسانیش لەسەر هەڵبژاردنی پێش وەختە لە قۆناغی دوای شەڕ بەم شێوی خوارەوە دەخەینە ڕوو :

یەکەم/ هەڵبژاردن لە وڵاتانی دوای ململانێ

له نەودەکانی ســـــەدەی ڕابردوو هەوڵی یەکخســـــتنی دوو لایەن دەدرا، کە ئەوانیش دیموکراســـی و دانوســـتاندن بوو لەگەڵ شـــەڕی ناوخۆ، کە بووە هۆی ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی دوای ململانێ بۆجێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئاشـــتی، بنیاتنانی پێکهاتەی ســـیاســـی دیموکراتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، وەک کۆڵەگەیەکی ســـەرەکی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ ســـەیردەکرا[١]. هەڵبژاردن بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئاشـــتی بوو بە بەشـــێکی بنەڕەتی و مۆدێلی بنیاتنانەوەی دیموکراسی[٢].

دەســـــتەواژەی دوای ململانێ post conflict بۆ ئەو وڵات و کۆمەڵگایانە بەکاردێت کە لەدوای ململانێی توندوتیژدان، ئەم ناکۆکیانە کاتێک کۆتایی دێت، کە یەکێک لەلایەنەکانی ململانێکە ســـەردەکەوێت، بە جێبەجێکردنی مەرجەکـانی ڕێککەوتنی ئـاشـــتی، کە لە نێویـانـدا بڕگەکانی پەیوســـــت بەیەکەم هەڵبژاردنی نیشـــتیمانی هەرێمی دوای ململانێ، دانوســـتـانە ســـەرکەوتووەکە دەبێتە هۆی واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی، قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات.

هەروەها لە چەندین کەیســـی شـــەڕی ناوخۆ و هەندێک لایەن بۆ گەرەنتیکردنی ســـیســـتەمی ســـیاســـی کە گرەنتی دەکەن، بەڕێوە دەبردرێت، ماوەی ململانێ دەکەوێتە نێوان وەســـتانی دوژمنایەتی و دامەزراندنی سەقامگیری سیاسی[٣].

دەکرێت پێناسەی هەڵبژاردنی دوای شەڕ بکەین بەوەی، کە یەکەم هەڵبژاردنی نەتەوەیی (لەتەواوی وڵات) یـان هەرێمییە، کە لە دوای

---

(1) Terrence Lyons, Post-conflict elections and the process of demilitarizing politics: the role of electoral administration, research, George Mason University, 2004,p2

(2) Marina Ottaway, Promoting Democracy after Conflict: The Difficult Choices, International Studies Perspectives, Vol.4,No3,p 314.

(٣) ئارام نجم الدين عبدالغفور، ادارة العملية الانتخابية فى دول مابعد النزاع- دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية ، لبنان، ٢٠١٧، ل٨٠

شـــەڕی ناوخۆیی لە ڕێگەی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە بەڕێودەچێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ ســـاتێکی گرنگ کە قۆناغی گواستنەوەیە لە جەنگەوە بۆ دیموکراسی هاوکاتە[١].

تـــایبەتمەنـــدی ســـەرەکی هەڵبژاردنەکـــانی دوای ململانێ لە هەڵبژاردنی ئاســـایی جیاوازە، ئەمەش ئەوەیە کە تەنها ڕێگەیەک نییە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکـان، بەڵکو پێش هەموو شـــتێک ئـامرازێکە بۆکۆتایی پێهێنانی جەنگ[٢] . هەڵبژاردنی دوای ململانێ هەندێک کات وەک ئامرازێک بۆ دابینکردن و دیاریکردنی سـەرکردایەتی سـیاسـەتی نوێ لە دامەزراوەکان ســـەرکەوتوو بووە ئەمانەش وەکو: هەڵبژاردنی کمبودیا سـاڵی(١٩٩٣) و سلفادور سـاڵی(١٩٩٤) موزنبیق سـاڵی(١٩٩٤) بۆسنە وهرسیک ساڵی(١٩٩٦) هەروەها لیبیریا ساڵی(١٩٩٧).

هەڵبژاردن لە دوای ململانێ بووە هۆی کۆتایی پێهێنانی شـــەر لە ڕێگەی ڕێککەوتن بە ڕێگای ئاشـــتیانە بۆ کۆتـایهێنـان بەشـــەڕ[٣]، لەهەندێک حاڵەتیشـــدا هەڵبژاردنی پێش وەختە دەتوانێت دەرئەنجامی پێچەوانە بەرهەم بهێنێت، بە شـــێویەکی گشـــتی هەڵبژاردنی دەســـت بەجێ دوای کۆتـایهـاتنی ململانێ ئەگەری ئـەوەی هەیە، کە دووبـارە

(1) Claudia Almeida," PAN-30 - Impacts of protracted violent conflicts in Angola and Mozambique, The problem of losers' consent in post-war elections: The belligerentto-party transformation in Angola and Mozambique, Autonomous University, Madrid, Spain, Autonomous University, 2012, p3.

(2) Richard Lappin, Why Observe Elections? Reassessing the Importance of Credible Elections to Post-Conflict Peacebuilding" The Canadian Journal of Peace and Conflict Studies, Volume,41,No,2, 2009, p97.

(3) Terrence Lyons, Post conflict Elections: War Termination, Democratization, and Demilitarizing Politics, Institute for Conflict Analysis and Resolution George Mason University, 2002, p12.

هێزەکان بۆ ململانێ بگەڕێنەوە، وەکو هەڵبژاردنی بۆسـنە لە تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ کە زوو دەست بەجێ ئەنجام درا[(١)].

بۆ سیاسەتی دوای ململانێ لە زۆربەی وڵاتاندا سێ پرسیار دێتە ئاراوە، کە پەیوندی بە کاتەوە هەیە، وەک:

یەکەم: ئایا پێویسـتـه بە زووترین کات هەڵبژاردنی دوای ململانێ ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی پرۆسـەی دامەزراندنی سـیسـتەمێکی نوێ خێراتر بکرێت، یاخود دەبێت دوابخرێت تا ئەو کاتەی ڕۆتینی سیاسی ئاشتیخوازانە ومەسەلەکان دەتوانن ئەمە بهێنە پێشەوە.

دووم: میکـانیزمی هەڵبژاردنە، کە کێ هەڵبژاردن بەڕێودەبـات؟ چۆن تۆماری دەنگدەران ئامادە دەکرێت، چ سـیسـتەمێکی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت؟

سـێیەم: پەیوەنـدی بە کـاریگەری هەڵبژاردن لەسـەر پـارتە سـیاسـییەکانەوە هەیە، لایەنە سـیاسـییەکان بە پردی سـەرەکی نێوان جەماوەر و نوێنەران دادەنرێت، لە بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی بەردەوام لەحکومەتدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان دەبێت[(٢)].

لە چوارچێوەی ستراتیژی فراواندا بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیکردنی دیموکراتی لەدوای ململانێ، هەڵبژاردن بەنشـێوەیەکی ئـاسـایی جێگیرترین و پرکۆمەکترین هـاوکـاری کردنە بۆ دروسـتکردنی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ دیموکراسیدا[(٣)].

یەکێک لە ڕەخنە ڕەواکانی هەڵبژاردن لە سـینـاریۆکـانی دوای ململانێدا ئـەوەیـە، ئەگەر هـاتوو هەڵبژاردن زۆر زوو ئەنجام بدرێت

---

(1) Izabela Pereira Watts ،From War to Peace: When Democracy Prevails?, Saint Louis University Public Law Review, Vol,35, No2, 2016, p370.

(2) Benjamin Relly, post-conflict election scenarios: constraints and dangers, International peacekeeping, Vol,9, No2, p119.

(3) Thomas Carothers, The Observers Observed, Journal of Democracy, Vol,8, No,3, 1997, p18.

ئەوا دەتوانرێت سیستەمی دیموکراتی پەیڕەو بکەن، کە ئەوەش بۆ زۆرێک لەو هەڵبژاردنانە کێشەیەکی سەرەکی بوو کە بەزوویی و پێش وەختە زۆر بە خێرایی دوای گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی ئەنجام دەدران(١).

هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئاشتەواییدا زۆر گرنگە، زۆرێک لە شرۆڤەکاران و توێژەران Doyle and Sambanis کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لە دوای ململانێ و لە کۆتایی هێنان بە شەڕ و ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی حوکمی سەربازی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت، ئەمەش دەکرێت بە پێدانی ڕەواییەتی نێودەوڵەتی بە حکومەتەکانی دوای ململانێ، برەودان و پەسەندکردنی دیموکراسی.٢

هەروەها ئاوەدانی لە کۆمەڵگاکاندا کە بۆ ماوەیەکی درێژ ململانێی تێدا بوو، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی ستراتیژی کار بۆ بەڕێوبردن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بکرێت، لەم پێناوەشدا هەڵبژاردنەکان متمانە بە سەرکردایەتی نوێ و دامەزراوە تازەکان دەدات، ململانی لە پێناوی ئاشتی و سەرکردایەتی کردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ ئەنجامدەدرێت(٣).

لە وڵاتانی دوای ململانێ کە شەڕ تێیدا ڕویداوە، کاتێک هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت، پێویستە چەند کردارێک بۆ یارمەتیدانی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، کەگرنگیەکی زۆری بۆ دیزاینی چوارچێوەی دامەزراوەیی و جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن هەیە،

---

(1) Benjamin Reilly ،Elections in Post-Conflict Scenarios: Constraints and Dangers, International Peacekeeping, Vol,9, No,2, 2002, p121.

2 Dawn Brancati and Jack L. Shyder,"Time to Kill: The impact of election Timing on postconflict stability, Jornal of conflict Resolution, vol.57, no.5, 2013, p825.

(3) Obi, Cyril," Introduction: Elections and the challenge of post-conflict Democratization in west Africa, African journal of international Affairs, Vol.10 No,1&2, 2007, p12.

لەو وڵاتانەدا بۆ ئەوەی پرۆسـەی هەڵبژاردن سـەرکەوتوو بێت ڕێگای دیموکراسـی بگرێتە بەر، دەکرێـت لە ڕێگـای چەنـد چـالاکییەکی مەدەنیـانەوە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنی هـاوکـاری هەڵبژاردن بکرێت، وەکو پرۆگرامی پەروەردەیی هۆشـیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە لە بنیاتنانی سـیسـتەمی نوێی وڵاتدا بەشـداری بکەن[1].

لە وڵاتانی دوای ململانێ پێویسـتە تاکەکان بە برەودان بە بەها دیموکراتییەکان هۆشـیار بکرێنەوە، کە تیشـک بخرێتە سـەر مافە سـەرەتاییەکانی مرۆڤ و ڕۆڵ و بەرپرسـیارییەتی و مافی دەنگدان هەروەها پەیوەندی نێوان هەڵبژاردن و دیموکراسی ڕوونبکرێتەوە[2].

دووەم/ بۆچوونی یاسـا ناسـان لەسـەر هەڵبژاردنی پێش وەختە لە قۆناغی دوای شەڕ

لەبارەی هەڵبژاردنی پێش وەختە زانایان بەسـەر دوو بەرەدا دابەش بوونە ، هەندێک لە زانایان لایەنگری هەڵبژاردنی پێش وەختەن، لە بەرامبەردا بەشـێکی تریان نەیاری هەڵبژاردنی پێش وەختە هەن کەبەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

١- لایەنگرانی هەڵبژاردنی پێش وەختە

لایەنگرانی هەڵبژاردنی پێش وەختـە گفتوگۆ دەکەن لەبـارەی ئەوەی کە ڕەنگە هەلی دەوڵەت باشتر بێت لە ڕەخساندنی دیموکراتی بەهۆی پاڵپشـتیکردنی بە یاسـایی بوونی حکومەتەکان دوای کێشـە وململانێ، هەڵبژاردنی پێش وەختە (هەر وەکو زانایان دەڵێن) لەوانەیە بۆ چەسـپاندنی دیموکراتی یارمەتیدەر بێت، چونکە ئەمە وادەکات، کە

(1) Arsène Brice BADO, BUILDING PEACE BY SUPPORTING POST-CONFLICT ELECTORAL PROCESSES, Thèse, Universite Laval, 2016, p50.

(2) Arsène Brice BADO, P50.

سـياسـييەكان و دەنگدەران لە ڕۆتینی دیموکراتی ڕابێن، ڕێگاش بۆهەڵبژاردنی پاکتر لە داهاتوودا خۆش دەکات[١].

سـەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ بونیادنانی ئاشـتی لە وڵاتانی دوای ململانێ، بەڵام گواسـتنەوە لە سـیسـتەمی نادیموکراتی بۆدیموکراتی کارێکی دەگمەنە، لەگەڵ ئەوشـدا لە هەڵبژاردنی دوای ململانێ دەسـتپێکردنی پرۆسـەی ڕاگوزەری دیموکراتی لە ڕێگەی ڕەخسـاندنی دەرفەت بۆ بەشـداریکردنی هاوڵاتیان لە کاروباری وڵاتیان، کارێکی زۆر گرنگە بۆ بەخشـینی ڕەوایەتی بە دام و دەسـتگا هەڵبژێردراوەکـان کە بۆ حوکمڕانیکردن پێویسـتیـان پێیەتی، لە بارودۆخێک کە زۆربەی جار قوڕسە[٢].

ئەو هەڵبژاردنانەی کە بە کاتێکی کورت لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکان ئەنجام دەدرێن، لەوانەیە لە چوارچێوەیەکی زیاتر گونجاوی ئاشـتی و دیموکراتی بێت، چونکە هێزەکانی پاراسـتنی ئاشـتی[٣]، لەوانەیە یـارمەتی چـاودێری هەڵبژاردنەکـان بـدەن هـاوکـاربن بۆ نەهێشـتنی توند وتیژی کە دەنگدەران لەبەشـداریکردن لە دەنگدان بێ بەش دەکەن.

(1) Dawn Brancati and Jack L. Shyder,"Time to Kill: The impact of election Timing on postconflict stability, op.Cit, p825.

(٢) ئارام نجم الدین عبدالغفور، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

(٣) هێزەکانی پاراسـتنی ئاشـتی، ئەو هێزەیە لە کەسـانی مەدەنی و سـەربازی پێکدێت، کە ئاشـتی بڵاودەکەنەوە و یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدەن، کەلەژێر ئاگری شـەڕ و پێکدادان دان، وە ئەم هێزانە جیهانین، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ئەندامن تێیدا، ئەم هێزە ئاشـتی پارێزە سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، هێزەکانی ئاشـتی پارێزی ئەرکیان بریتی دەبێت لەوەی کە ڕێکەوتنی ئاشـتی جێبەجێبکەن، و برەو بە دیموکراسـی بدەن، و ئاسـایش و سـەقامگیری بڵاوبکەنەوە، و سـەروەری یاسـا بەهێز بکەن، هەروەها کار بکەن بۆ بەرەوپێش بردن و پێشـکەوتنی مافەکانی مرۆڤ. د. بلهواری سـمیة، دور قوات حفظ السلام في حفظ السلام والامن الدوليين، المجلة الاكاديمية للبحوث القانونية والسياسية، العدد الرابع، المجلد الاول، ل ١٩٥.

لە ســـاڵی ١٩٩٢ نەتەوەیەکگرتووەکان شـــاندێکی بۆ ئەفریقیای باشـــور نارد، تا چاودێری هەڵبژاردنەکان بکات، کە ئەمەش دوای کۆتایی هاتنی سیستەمی ئەپارتاید ئەنجامدران، چونکە مەترسی ئەوە هەبوو ســـیســـتەمی ئەپارتاید هەڵبژاردنەکان تەزویر بکات، هەر ئەو هەڵبژاردنەش بوو ببووە هۆی ســـەرکەوتنی ماندێلا و بونیادنانی سیستەمی دیموکراتی لە وڵاتدا[١].

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان بتوانن بە شـــێوەیەکی خێرا یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشـــن، چونکە زۆرینەی ڕێکخراوەکانی هاریکاری، دەسەڵاتێک کە ڕەوایەتی گەلی لە پشت بێت باشتر هاوکاری دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەوانەی کە بۆئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە بانگەشـــە دەکەن، دەڵێن پێویســـت ناکات هەڵبژاردن لەســـەر ئاســـتی نیشـــتیمانی بکرێت، (لاری دایمۆند) جەخت دەکات لەســـەر ئەوەی کە هەڵبژاردنی پێش وەختە یەکەمجار لەســـەر ئاســـتی ناوچەیی بکرێت، ڕێچکەی دایمۆند لە هەڵبژاردن هەستی خاوەنداریەتی بە خەڵک دەدات لە کرداری دووبارە بونیادنانەوە، هەروەها دەبێتە هۆی هەمە جۆری و بەیـاســـــاییبوونی ئەوانەی لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ دەکەن، لە بەرامبەردا هەندێک زانای تر پێشـــنیاریان کرد کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە شـێوەیەکی نیشـتیمانی بکرێت، ئەگەر پێویسـتی بە پێش وەختەش نەبێت ئەوا ڕێگایەک بۆ بنیادنانی ســـەرکردە و دەســـتەی دیموکراتی بەهێز لەگەڵ پاراســـتنی مەترســـییەکانی تێکۆشـــان بۆ هەڵبژاردن دابین دەکات[٢].

## ٢- نەیارانی هەڵبژاردنی پێش وەختە

(١) د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەســـتوری ویاســـایی هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ل٥٢٢.

(2) Dawn Brancati and Jack L. Shyder Time to Kill: The impact of election Timing on postconflict stability, op.Cit, p825.

هەرچی نەیارانی هەڵبژاردنی پێش وەختەیە باس لەوە دەکەن، کە هەڵبژاردنی پێش وەختە دیموکراسی بەرەو پاش دەبات و بۆ ڕێچکەی شەڕ دەیانگەڕێنێتەوە، هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی کە تازە پێ دەنێنە نێو دونیای دیموکراتی بە تایبەتیش ئەوانەی کە شەڕی ناوخۆییان تێدا بوو، هەتاوەکو ئەم بارودۆخە چارەسەر نەکرێت، پێویست بە هەڵبژاردنی پێش وەختە ناکات. هەڵبژاردنی پێش وەختە کۆتایی بە قۆناغی گواستنەوە ناهێنێت، چونکە گریمانەی هەڵگەڕانەوە بۆ سیستەمی حوکمڕانی دیکتاتۆری لە ئارادایە، هەڵبژاردن لە خودی خۆیدا گەرەنتی هێنانەدی سیستەمی دیموکراتی ناکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئاماژەیەکە بۆئەوەی بەکردەوەیی سیستەمەکە بەرەو دامەزراوەیی دەڕوات[1].

ئەگەر وڵاتێک سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ و پێکهاتەی بیرۆکراسی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆی نەبێت، ئەوا کێشەیان بۆ دروست دەبێت پێیان وایە لە هەڵبژاردنی سیاسی دەست وەردان ڕوودەدات و پارچە پارچە دەبن، ئەگەر هاتوو وڵاتەکە لیبڕاڵی نەبێت ئەوا بە شێوەی نالیبڕالی سیاسەت وادەکات، لەم حاڵەتەدا وای لێ دێت سیستەمی سیاسی وڵات تێک دەچێت، هەروەها هاوپەیمانی دیموکراتی تێک دەچێت و زیاتر بەرەو شەڕ دەڕۆن.

سەربەخۆیی دادوەری لە هەڵبژاردن پێویستە، کە مەبەست لێی لە توانایدایە حوکم و بڕیار لەسەر مەسەلەکان و یەکلایکردنەوی ناکۆکیەکان دوور لە فشار بە شێوە جیاوازەکانییەوە دەر بکات، هەروەها سەربەخۆیی دەستگای دادوەری بەو سیفەتەی یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت و پێویستە دەست لە کاروباری ناوخۆیی وەرنەدرێت[2].

---

(١) غيورغ سورنسن، الديمقراطية والتحول الديمقراطي،السيرورات والمامول في عالم متغير، المركز العربي للابحاث ودراسات السياسات، ط١، بيروت، ٢٠١٥، ل٩٠-٩١.

(٢) د. عبدالرحمن سليمان زيباري، السلطة القضائية في النظام الفيدرالي-دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية،ط١، بيروت، ٢٠١٥، ل٨٨.

نەیارانی هەڵبژاردنی پێش وەختە گومانیان لە هەڵبژاردنی پێش وەختە هەیە، بە شێویەکی گشتی ڕەنگە زیاتر بەرەو شەڕیان ببات، چونکە ئەوانەی هاتونەتە سەر دەسەڵات لە کۆتاییەکاندا بە ئارەزووی ئەوان دەبێت، هەڵبژاردنی پێش وەختە لە هەموو بارودۆخێکدا نابێتە هۆی تێکدانی بارودۆخی سیاسی[١].

هەڵبژاردنی پێش وەختە و بەپەلە نابێتە هۆی هێنانە کایەی ڕێچکەیەکی سەقامگیر لە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی، بۆیە هەندێک پێیانوایە دەبێت هەڵبژاردن دوابخرێت تا پرۆسەی گۆڕانکاری ریشەیی کۆمەڵگا دێتە کایەوە، واتە سەرەتا گەشەپێدان دواتر دیموکراتی[٢].

هەندێک لە زانایانی تر وەکو Brahimi بە هەمان شێوە هەستیان بەوە کردوە، کە ئەو هەڵبژاردنەی پاش شەڕ دەکرێت واباوە بەغیابی حزبی سیاسی زیرەک، و ڕێکخراوی بەهێز ئەنجام دەدرێت زیاتر بەرەو ئەو دەچن، کە سیستەمی دیموکراتی لاواز بێت[٣].

زۆرێک لەو وڵاتانەی، کە سیستەمی سیاسیان نەبووە، پاش ئەوەی کە شەڕ ڕوویداوە سیستەمی سیاسیان دروست کردووە، بەڵام بە شێویەکی گشتی توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە کەوا چەند کاتی پێویستە تا بتوانن هەڵبژاردن بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی لایەنگری نەیارانی هەڵبژاردنی پێش وەختە لە وڵاتانی دوای ململانێ دەکەین، چونکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن پێویستە زەمینە سازی بکرێت، و دۆخی وڵات ئارام بێت و مەرجەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەبار بن، پێویستە لە سەرەتادا گەشەپێدان

---

(1) Dawn Brancati and Jack L. Snyder ،Rushing to the Polls: The Causes of Premature Post-conflict Elections, The Journal of Conflict Resolution, Vol. 55, No.3, 2011, p 471.

(٢) غیورغ سورنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣-١٣٤ .

(3) Dawn Brancati and Jack L. Snyder،"Rushing to the Polls: The Causes of Premature Post-conflict Elections. Op. Cit. p471.

و وشـــیارکردنەوی تاکەکانی کۆمەڵگە ئینجا دواتر دیموکراتی، چونکە هەڵبژاردنی پێش وەختە بە پەلە نابێتە هۆی هێنانە کایەی ڕێچکەیەکی سەقامگیر بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی.

## مەبەستی چوارەم
## گرنگی هەڵبژاردن و ڕەگەزەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی

لەم لقەدا بـاس لەگرنگی هەڵبژاردن و توخمەکـانی هەڵبژاردنی دیموکراتی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم/ گرنگی هەڵبژاردن

گرنگی هەڵبژاردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕێکخسـتنێکی یاسـاییە لە پرەنســـیپی ڕەوایەتی ودەســـتەبەری پەیرەوکردنی دەســـەڵات و ئاڵوگۆڕی ئاشـــتیانەی دەســـەڵات بە ناوی گەل دەکات، کە ئەمەش بە هەڵبژاردن بەدەســـت دێت دەبێتە ناونیشـــانی دەوڵەتی یاســـایی[1]. بەستنەوەی مافی هەڵبژاردن بە دیموکراسیەت بە شێویەکی ڕاستەوخۆ باوەڕ پێکراو، مافی دەنگدان لە سەدەی نوێدا بە شێویەکی ڕاستەوخۆ بە دیموکراســـیەت دەبەســـترێتەوە، و دەبێتە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەڵات و گرتنە دەستی کاروباری گشتی لە دەوڵەتە دیموکراسیە نوێ خوازەکان، بەم شێوەیە بەشداریکردنی سیاسیانەی هەموو تاکەکانی گەل دەستەبەر دەکات.

دەتوانرێت گرنگی هەڵبژاردن لە چەند خـاڵێکدا کۆبکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە[2]:-

---

(١) د. فیصل شطناوی، النظم السیاسة والقانون الدستوری، ط١، دار الحامد، عمان،٢٠٠٣، ل١٦١.

(٢) د. نظام برکات اخرین، مبادیء علم السیاسة، ط٢، دار الکرمل للنشر والتوزیع، عمان، ١٩٨٧، ل٢٠٩.

١- هەڵبـژاردن بۆ حکومەتی هەڵبـژێردراو بە چەکێکی ڕەوا دادەنرێت، کە ڕەوایەتییەکەی پاســاو بۆ پەیرەوەکردنی ســیاســەت و بەرنامەکانی دەهێنێتەوە، کەهەمووی بە پاڵپشـــتی یاســـاییە، ئەمەش هۆکارێکە کە بەشـــێک لە زانایان وای دەبینن بەوەی کە هەندێک حکومەت لە هەندێک وڵاتی چەوســـێنەرەوە، هەرچەندە بە ڕواڵەتیش بێت دەســـت دەگرن بە هەڵبژاردن، چونکە هەڵبژاردن لە دیدی ئەم حکومەتـانە ڕەوایەتی بە بوونیـان وپەیرەو کردنی زۆردارییەکەیـان دەدات[1].

٢- هەڵبژاردن باشترین ڕێگای کردارییە بۆ دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتی کە پێک دێت لە دەستەی دەنگدەران.

٣- هەڵبژاردن کاریگەری دەبێت لەســـەر فراوانکردنی پانتایی بەشداریکردنی سیاسی، چونکە هەل دەڕەخسێنێت بۆ هەموو کەسێک تابەشدار بین لە کرداری پەیڕەوکردنی سیاسەت و بەشدار بوون لە هەڵبژاردنی ئەوانەی کە بڕیارەکان دەردەکەن، وهەروەها کاریگەری لەوێناکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت دەبێت.

٤- هەڵبژاردن ڕێگایەکە بۆ ئەوەی لێپرسراوان کەسی گونجاو بن بۆ هەڵگرتنی لێپرســـراوییەتی هەوڵی ڕاســـتەقینە بدەن بۆ ڕازیکردنی ئەو ئەندامانەی کە دەنگیان پێداون، ئایندەی سیاسیان لەسەر ڕێزگرتن ودڵســـۆزیان و بەدەنگەوە هاتنیان بەرەو پیری داواکارییەکانەوە بەندە[2].

---

(١) د. عبدالحميد المتولي، نظرات في انظيمة الحكم في الدول النامية، منشـــاة المعارف، ط٢، الاسكندرية، ١٩٩٢، ل١٠٣.

(٢) د. صـــالح حســـين علي عبدالله، الانتخابات كاســـلوب ديموقراطي لتداول الســـلطة، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١٩، ل٣٦

جارنامه و ڕێککەوتننامە نێودەڵەتییەکانیش گرنگی و بایەخێکی زۆریان بە هەڵبژاردن داوە، لەوانە دەقی ماددەی (٢١)ی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ باسی گرنگی هەڵبژاردن دەکات[١].

هەروەها لە دەقی ماددەی(٢٥) ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و سیاسیەکانی ساڵی١٩٦٦ [٢]، دیسان باس لە گرنگی هەڵبژاردن دەکاتەوە[٣].

دووم/ڕەگەزەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی

بۆ ئەوەی هەڵبژاردن خەسڵەتەکانی پاک و بێگەردی تیا دابێت، تاوەکو وەسفی هەڵبژاردنی دیموکراتی لەسەر بچەسپێندرێت، پێویستە

---

(١) ١- هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە، کە لەکاروباری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وڵاتی خۆی ، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چەند نوێنەرێک کە ئازادانە هەڵبژێردراون بەشداری بکات.

٢- هەموو کەسێک بە یەکسانی لەگەڵ ئەوانی تردا مافی وەرگرتنی پۆستە گشتییەکانی لەوڵاتدا هەیە.

٣- ئیرادەی گەل بنچینەی دەسەڵاتی حکومەتە، ئەو ئیرادەیە دەبێ لە هەڵبژاردنی پاک کە بە شێوەیەکی دەوری بەڕێوە دەچن، خۆی دەربخا، هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەری یەکسانی تێیدا ڕەچاوبکرێ، بەدەنگی نهێنی بێ یا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە بچێت کە ئازادی دەنگدان مسۆگەربکات. ماددەی (٢١) لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨.

(٢) ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و سیاسییەکان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا کراوە، کەلەلایەن زیاتر لە ١٦٠ وڵات واژۆکراوە و پەسەندکراوە، لە ١٩٦٩/٢/١٨ عێراق پەیماننامەکەی واژۆکردووە، هەروەها لە ١٩٧١/١/٢٥ پەسەندی کردووە.

(٣) ماددەی (٢٥) ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافە شارستانی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦.

-١مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا لە ڕێگەی نوێنەرەکان کە بە ئازادانە هەڵبژێردراون.

٢- مافی دەنگدان و مافی دیاریکردنی پاڵێوراو، لە هەڵبژاردنێکی پاک و دەوری بە دەنگدانی گشتی بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان دەنگدەران بە دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێت، بە جۆرێک کە گەرەنتی گوزارشتکردن لە ئیرادەی دەنگدەران دەکات.

٣-مافی هەبوونی دەرفەت بە شێوەیەکی یەکسان لە گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە وڵاتەکەی.

چەند توخمێکی تیادا بێت، (ڕۆبرت دال) هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد و دیموکراتی وا پێناسـە دەکات، کە دەبێت چەند مەرجێکی تێدا بێت، پێی وایە کە دەبێت پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەندێک لە ئازادی و مافە دیموکراتییەکان دەسـتەبەر بکرێن، ڕێکخسـتنی ئەم ئازادیانەش بەم شـێوەیە دەبێت کە ئازادی لە بەدەست هێنانی زانیاری لە سـەرچاوەی هەمەلایەن بێت، ئازادی لە ڕێکخسـتن و پێکهێنانی دەزگای سـەربەخۆ و ئازادی ڕادەربڕین دەستەبەر بکرێت، پاشان هەڵبژاردنی ئازاد و پاک و بێگەرد ئەنجام بدرێت[١].

لەو وڵاتـانەی کە هەڵبژاردنی پـاک و بێگەردیـان تێـدا دەکرێـت سـەرنجی ئەوە دراوە، کە گەرەنتی ماف و ئازادییە سـەرەکیەکان و پاراسـتنیشـیان کراوە،[٢]ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا پەیوندی لە نێوان هەڵبژاردن ودیموکراتی هەیە[٣].

دیفد باتلر David Butler و چەند کەسـانێکی تر پێیان وایە کە پێویسـتە شـەش مەرج لەهەڵبژاردنی گشـتی دیموکراتی هەبێت، دەبێت هەموو هاوڵاتییەک کە شـیاوی بەشـداری کردنی هەبێ مافی دەنگدانی هەبێت، هەڵبژاردنەکە بە شێوی دەوری ڕێک و پێک ئەنجام بدرێت، بۆ پۆستە سیاسییەکان پێکهێنانی حزبی سیاسی هەموو کۆمەڵەیەک مافی خۆپاڵاوتنی هەبێت، کێبڕکێکردن لەسـەر کورسـییەکانی ئەنجومەنی یاسـادانان، بەکارنەهێنانی ئامرازی توند و تیژی لە دژی خستنەڕووی بیر و بۆچونەکان و ئازادی هەبێت لەبەڕێوبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شـێوەیەک بێت کە یاسـا ڕێگرییان لێ نەکات، ڕەخسـاندنی کەش وهەوایەکی ئـازاد بۆ دەنگـدانی نهێنی و بوونی شـەفـافیەت لە

---

(١) د. عبدالفتـاح مـاضـي، "مفهوم الانتخـابـات الـديمقراطيـة" بەردەسـتە لە پێگەی، (٢٠٢١/٧/٢٠) https://kitabat.com

(٢) د. منذر الشاوی، الاقتراع السیاسی، المصدر السابق ٢٠٠١، ل١٧-١٨.

(٣) موریس دوفرجیه، المؤسسات السیاسیة والقانون الدستوری، الانظمة السیاسیة الکبری، ترجمة د. جورج سعد ، المؤسسات الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، الطبعة الاولی، ١٩٩٢، ل٨٠.

جیاکردنەوی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، هەروەها ئەو کەسانەی کە لە هەڵبژاردن براوە بوون بتوانن پۆستەکانیان وەربگرن، تاوەکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئایندە پەیڕەو بکەن[١].

هەندێکی تر وا دەڕوانن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن دیموکراتی بێت پێویست دەکات چەند مەرجێک بونیان هەبێت کە ئەمانەن: هەر تاکێک گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن مافی دەنگدانی یەک دەنگی هەبێت، دەبێت ئازادییەکی ڕاستەقینە فەراهەم بکرێت بۆ دەنگدەر بۆ ئەوەی بە شێوەی دەنگدانی نهێنی بتوانێت بیر و بۆچونەکانی دەرببڕێت، نابێت ترس و تۆقاندن و بەرتیل زۆری لێکردن بونیان هەبێت، بەڵکو دەبێت بۆ هەڵبژاردن کات و خشتەیەک دیاری بکرێت ئەوەش بەڕێکخستنی کاتەکان لە سەرەتای کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان تا داخستنیان لە هەموو بازنەکانی وڵاتدا، دەبێت هاوڵاتیان لە خۆ پاڵاوتندا ئازاد بن جا چ لە ڕێگەی حزبە سیاسییەکانەوە بێت یاخود بە شێوەی تاکی بێت، گشت پاڵێوراوەکان بتوانن کۆبونەوەی جەماوەری ڕوماڵی ڕاگەیاندن بکەن، و دەبێت هەڵبژاردن سەرپەرشتی بکرێت بە دامەزراندنی دەستەیەکی پاک و سەربەخۆ لە ڕووی ئیداریی و داراییەوە، کە دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی هەبێت، و پابەند بوونی گشت لایەنەکان و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات بە ئەنجامی هەڵبژاردن و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ئەو لایەنانەی کە براوەی هەڵبژاردنن، تاوەکو ئەو کاتەی کە یاسا بۆی دیاری کردوون[٢].

---

(1)David Butler, Howard R. Penniman and Austin Ranney, eds. Democracy at the Polls: A Comparative Study of Competitive National Elections, American Enterprise Institute for Public Policy Research, Washington and London, 1981, p3.

(٢) د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری ویاسای هەڵبژاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢.

دەتوانین بڵێین کەوا هەڵبژاردنی دیموکراتی لەسەر دوو پێوەری سەرەکی وەستاوە، کە یەکەمیان ئازادی هەڵبژاردنەکانە و دووەمیشیان پاکی و بێگەری پرۆسەی هەڵبژاردنە[1].

کەواتە دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد، ئەو هەڵبژاردنانەن، کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی دەنگدەرانە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە ناوخۆییەکان لە سیستەمی دیموکراتی پراکتیزە دەکرێت، هەندێک پێوەر هەیە پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتان پشتی پێ دەبەستێ، کە نەبوونی دەبێتە هۆی نەبوونی هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە و پاک و بێگەرد، ئەو پێوەرانەش، هەبوونی بژاردە لەبەردەم دەنگدەراندا، هەڵبژاردن بە شێوەی خولی، و قبوڵکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن پەیڕەوکردنی دیموکراتییە، پێویستی بە میکانیزم و پێداویستی و ڕێکاری سەرەکی هەیە، وەکو ئامار، ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، هەروەها دابەشکردنی دەوڵەت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن، کە پاکی و بێگەردی و شەفافیەت دابین دەکات.

## توخمە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی

### ١-دیاریکردنی بازنەی هەڵبژاردن

بازنەی هەڵبژاردن ئەو چوارچێوە جوگرافیی وکارگێڕیەیە، کە یاسای هەڵبژاردن دیار دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لەو شوێنەدا دەنگدەر مافی خۆیەتی ئەو کەسە هەڵبژێرێت لە ئەنجومەنی نوێنەران کە دەیەوێت نوێنەرایەتی بکات[2]، ئەم شێوازەش لە زۆربەی وڵاتانی هاوچەرخ پەیڕەو دەکرێت.

---

(١) احمد الديين، وئەوانی دی، الانتخابات الديمقراطية وواقع الانتخابات في الاقطار العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ل٣٢.

(٢) د. اسامة فوزي بسيوني وهدان، تقسيم الدوائر الانتخابية في النظم السياسية المقارنة، الطبعة الاولى،دار مصر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢١، ل٩.

دابەشـــكردنی دەوڵەت بۆ بـازنەی هەڵبژاردن مەبەســـت لێی دابەشـــكردنی وڵاتە بۆ چەند یەكەیەكی هەڵبژاردنی جیا جیا، كە ئەو هاوڵاتیانەی لە خشـــتەی هەڵبژاردن ناویان تۆماركراوە، نوێنەرێك یان زیاتر هەڵدەبژێرن، جا هەڵبژاردنەكە بە ســیســتەمی هەڵبژاردنی تاكی یاخود بە سیستەمی لیست ئەنجام دەدرێت[1].

دابەشــكردنی وڵات بۆ چەند بازنەیەكی هەڵبژاردن كاری دەنگدەر بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی ئاسانتر دەكات، بەبەراورد بە سیستەمی هەڵبژاردنی یەك بازنەیی كە ئەمەش كارێكی ئاســان نابێت بۆدەنگدەر چونكە ناتوانێت هەموو پاڵێوراوەكانی وڵات بناسێت[2].

ژمـارەی ئەو وڵاتـانەی كە كـار بە یەك بـازنەیی دەكەن كەمن، نمونەی ئەمانەش وەكو پرتوگال بەگوێرەی دەســـتوری ١٩٣٣، وڵاتی بە یەك بـازنەی هەڵبژاردن دیـاری كردبوو، ئیتـاڵیـا لەســـەردەمی مۆســـولینی بەگوێرەی یاســـای هەڵبژاردنی ژمارە ١٧ ســـاڵی ١٩٢٨، دەوڵەتی بە یەك بازنەی هەڵبژاردن دیاری كردبوو، بەڵام ئیتاڵیا ساڵی ١٩٣٨هەمواری ئەم یـاســـایەی كردەوە، هـەروەهـا لە ئیســـرائیل هەڵبژاردنی پەرلەمـانی (كنیســـت) وڵاتی بە یەك بـازنەی هەڵبژاردن دیـاری كرد بوو، كە لەم هەڵبژاردنەش (١٢٠) نوێنەری كنیســـت هەڵـدەبژێردران، هۆكـاری ئەمەش ڕووبەری وڵاتەكە بچووك بوو لەلایەك و لایەنی ئەمنی وسەربازی لەلایەكی تر[3].

زۆربەی وڵاتەكان بە ســیســـتەمی دابەشـــكردنی وڵات بۆچەند بازنەیەكی هەڵبژاردن وەردەگرن، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی كە بازنەكە هەم لەڕووی ژمارەی دانیشـــتوان وهەمیش ڕووبەرەكەی مام

---

(١) د. سعاد الشرقاوي، د. عبدالله ناصيف، نظآم الانتخابي في العالم وفي مصر، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٤، ل٢٢٦.

(٢) د. نعمان احمد الخطيب، الوسـيط في النظام السـياسـية والقانون الدسـتوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، ط١، ٢٠٠٤، ل٣٠٣.

(٣) محمد فرغلي محمد علي، نظم واجراءات انتخاب اعضـــاء المجالس المحلية في ضـــوء القضاء والفقه، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٨، ل٤٨٧-٤٨٨.

ناوند بێت، ئەمەش ئاسـانکارییە بۆ دەنگدەرە، لەلایەکی تریشـەوە ئەو کات پەرلەمان لە ژمارەیەکی گونجاو لە نوێنەر پێک دێت[1].

حکومەتە نـادیموهکراتەکـان بۆدەسـتکاریکردنی ئەنجامەکـانی هەڵبژاردن، وەکو ئامرازێک سـوود لەپرۆسـەی دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن وەردەگرن بەو شێوازەی کە ئەوان دەیانەوێت، یاریکردنیش بە بـازنەکـانی هەڵبژاردن بە شـێوەی جیـاواز دەکرێـت، بۆ نمونە حکوومەت ئەو نـاوچـانەی کە دەنگـدەری زۆرە دابەش دەکـات بۆ ژمـارەیەکی زۆر لە بـازنەی هەڵبژاردن بەمەش ژمـارەیەکی زۆری نوێنەری دەبێت[2].

بۆنمونە ئەگەر دوو بـازنەی هەڵبژاردنمـان هەبێـت، ژمـارەی دانیشتوانی بازنەی یەکەم (١٠،٠٠٠) دە هەزار هاوڵاتی بێت و ژمارەی دانیشـتوانی بازنەی دووەم(٢٠،٠٠٠) بیسـت هەزار هاوڵاتی بێت، و دەبێـت دەنگـدەرانی هەر بـازنەیەک تەنهـا یەک نوێنەر بۆ پەرلەمـان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان بکات، لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت کە هێزی دەنگـدانی بـازنەی یەکەم دوو ئەونـدەی هێزی دەنگـدانی بازنەی دووەمە، لێرەشدا ئەم دەنگدانە دادپەروەر ویەکسان نابێت[3].

دابەشـکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لە عێراق تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بە چەند شـێوازێک گوزەری کردووە بەگوێرەی یاسـای هەڵبژاردنی نوێنەرانی سـاڵی ١٩٢٤ هەر لیوایەکی بەبـازنەیەکی هەڵبژاردن دیـاریکردووە[4]، و یاسـای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمـارە (١١)ی ساڵی ١٩٤٦ ناوچەکانی هەڵبژاردنی بەم شێوەیە دابەشکردبوو کە هەر قەزایەک ژمارەی ئەندامانی ڕەگەزی نێرینەی تۆمارکراو تێیدا

---

(١) د. نعمان احمد الخطیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٤.

(٢) د. حسن محمد هند، منازعات انتخابات البرلمان، دار الکتب القانونیة ودار الشتات للنشر والبرمجیات، مصر، ٢٠١٠. ل٤١٤-٤١٥.

(٣) د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەسـتوری ویاسـایی هەڵبژاردن،سـەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

(٤) ماددەی (٥) لە یاسی هەڵبژاردنی نوێنەران ساڵی ١٩٢٤.

کەمتر نەبێت لە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار هاوڵاتی و زیاتر نەبێت لە (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزار ئەوا بەناوچەیەکی هەڵبژاردن دادەنرێت[١]، لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو ژمارەی تۆمارکراوی پیاوان لە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار کەمتر بوو ئەوا لەگەڵ قەزایەکی دراوسێی خۆی لێکدەدرێت بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی هەڵبژاردن بەمەرجێک ژمارەیان لە (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار کەمتر نەبێت و لە (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزاریش زیاتر نەبێت[٢]، و ئەگەر هاتوو ژمارەی تۆمار کراوانی نێرینە لە (٧٠،٠٠٠) حەفتا هەزار زیاتر بوو ئەوا ناوچەی هەڵبژاردنەکە بۆ دوو ناوچە دابەش دەکرێت[٣]، هەروەها لە مەرسومی هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٥٢ لە ماددەی (٤) و لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە (٥٣)ی ساڵی ١٩٥٦ لە ماددەی (٤) وەکو خۆی هێشتەوە.

بەگوێرەی یاسای ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارە (٥٥)ی عێراقی ساڵی ١٩٨٠ ماددەی (٢٢/بڕگە٢)ی یاساکە پارێزگا بۆ ناوچەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت، بە مەرجی ئەوەی، کە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ژمارەی دانیشتوانی لە پێنج هێندەی ئەو ژمارەی کە هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیان دەکات کەمتر نەبێت[٤]، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر هاتوو ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە لەو ژمارەیە کەمتر بوو ئەوا بە یەک ناوچەی هەڵبژاردن دادەنرێت[٥].

هەروەها لە یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٥ حوکمی ماددەکانی تایبەت بە ناوچەکانی هەڵبژاردن وەک ئەوەی یاسای ژمارە (٥٥)ی عێراقی ساڵی ١٩٨٠ وەک خۆی هێشتەوە.

---

(١) ماددەی (٥) بڕگەی (١) لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٤٦.
(٢) ماددەی (٥) بڕگەی (٢) لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٤٦.
(٣) ماددەی (٥) بڕگەی (٣) لە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٤٦.
(٤) ماددەی (٢٢) یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠.
(٥) ماددەی (٢٢) یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠.

هەرچی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانییە، کە لە (٢٠٠٥/١/٣٠) دا کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بە یەک بازنەی هەڵبژاردن دیاری کرد[١]، کە ئەمەش کاری دەنگدەری لە ناسینەوەی پاڵێوراوان و بەرنامە سیاسییەکانیان قورستر کرد، دواتر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ بە سیستەمی فرە بازنەیی وەرگرت[٢]، کە ئەم دابەشکردنەش بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە(١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ بوو[٣]، پاش ئەوەی دەستور لە ماددەی (٣/٤٩) ڕێکخستنی هەڵبژاردنی بە یاسادانەر سپارد، ئەوە بوو یاسای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان هەڵسا بە دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بە (٢٧٥) ئەندام، کە بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن ژمارەیەک کورسی تەرخانکرا، بۆ دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنیش سوودی لە دابەشکردنی کارگێڕی وەرگرت بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن ژمارەیەک کورسی نوێنەرایەتی دیاریکرا، کە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان[٤]، و بۆ زانینی ژمارەی دەنگدەرانیش لە پارێزگا پشت بە سیستەمی پسوولەی خۆراک دەبەسترێت. بەگوێرەری ماددەی (١٥/یەکەم و دووەم) سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیڕەو کرا.

---

(١) ماددەی (٣/بڕگە٣) لە فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی ژمارە(٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ دا هاتووە ( عێراق دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن، سەرجەمی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە بەسەر قەوارە سیاسیەکاندا دابەش دەکرێت).

(٢) د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری ویاسایی هەڵبژاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٠.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەمە، سەیری بەشی چوارەم مادەکانی(١٥-١٩) بکە لە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥.

(٤) بڕگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوری عێراقی هاتووە " ئەنجومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت بە ڕێژەی یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوانی عێراق، ........".

له یاســـــای هەڵبژاردنی عیراقی ژمارە (٤٥)ی ســــاڵی ٢٠١٣ لە ماددەی (١١) ئەنجومەنی نوێنەرانی بەسەر (٣٢٩) کورسی دابەشکرد، کە (٣٢٠) کورســــی بەپێی ســـنوری ئیداری پارێزگاکان بەســـەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێت ، و (٩) کورســیش بە کۆتا بەســەر کەمە نەتەوایەتییەکان دابەش دەکرێت[1].

بە هەمان شـــێوەش لە یاســـای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە هەڵبژاردنی پێش وەختەی ڕێکخست، لە ماددەی (١٣) دا بە هەمان شـــێوەی یاســـای ژمارە (٤٥)ی ســـاڵی ٢٠١٣ ژمارەی کورسییەکانی دیاری کردووە، بەڵام لە یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٠ دا هەر پارێزگایەکی لە نێوان (٣-٦) بازنە دیاری کردوە جگە لە بەغدا، کە بە (١٧) بازنە و نەینەوای بە (٨) بازنە دیاریکردووە ئەوەش لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەیان.

ئەم خشـــتەیەی خوارەوە بـازنەکـانی هەڵبژاردن و ژمـارەی کورســـییەکان دیاری دەکات لە هەموو پارێزگاکاندا بەبێ ژمارەی کورسی کۆتا بۆ کەمە نەتەوەییەکان و ئاینییەکان کە (٩) کورسییە[2].

| ژ | پارێزگاکان | ژمارەی بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی کورسیەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | بەغداد | ١٧ | ٦٩ |

---

(١) ماددەی (١١) لە یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٤٥)ی ســـاڵی ٢٠١٣ هاتووە ( ئەنجومەنی نوێنەران لە ٣٢٩ کورسی پێکهاتووە، ٣٢٠ کورسی بەپێی سنوری ئیداری بەسەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێت بەپێی خشتەی لکێنراو بە یاساکە، هەروەها ٩ کورســـیش بەســـەر کۆتاکان دابەش دەکرێت بە پێی بەندی دووەم لەم ماددەیە) کە پێکهاتوون لە مسیحی و ئێزیدی و صائبی المندائی و شەبەک.

(٢) جێگای ئاماژە پێدانە بە زیادکردنی کورســـی کۆتا بەســـەر پارێزگاکاندا ژمارەی کورســـیەکان لە هەندێک پارێزگادا گۆڕانکاری بەســـەردا دێت بەم شـــێوەیە، ژمارەی کورســـی پارێزگای بەغداد دەبێت بە (٧١) کورســـی، نەینەوا دەبێت بە (٣٤) کورســـی، دهۆک دەبێت بە (١٢) کورسی، کەرکوک دەبێت بە(١٣) کورسی، هەولێر دەبێت بە (١٦) کورسی، واست دەبێت بە (١٤) کورسی.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | ئەنبار | ٤ | ١٥ |
| ٣ | کەرکوک | ٣ | ١٢ |
| ٤ | نەینەوا | ٨ | ٣١ |
| ٥ | سلێمانی | ٥ | ١٨ |
| ٦ | بەسرە | ٦ | ٢٥ |
| ٧ | زیقار | ٥ | ١٩ |
| ٨ | میسان | ٣ | ١٠ |
| ٩ | بابل | ٤ | ١٧ |
| ١٠ | موسەنا | ٢ | ٧ |
| ١١ | واست | ٣ | ١١ |
| ١٢ | دیوانییە | ٣ | ١١ |
| ١٣ | کەربەلا | ٣ | ١١ |
| ١٤ | نەجف | ٣ | ١٢ |
| ١٥ | دیالە | ٤ | ١٤ |
| ١٦ | سەلاحەدین | ٣ | ١٢ |
| ١٧ | دەهۆک | ٣ | ١١ |
| ١٨ | هەولێر | ٤ | ١٥ |

٢-دیاری کردنی دەستەی دەنگدەران وئامادەکردنی خشتەی هەڵبژاردن:

دەستەی دەنگدەران وەک ڕاگەیاندنی ناوی ئەو کەسانە پێناسە دەکرێت کە شیاوی دەنگدانن، لەم تۆمارەدا ناوی ئەو دەنگدەرانەی تێدایە کە شیاون بۆ دەنگدان لە ڕیفراندۆم یان هەڵبژاردندا[١].

ئامانج لە ئامادەکردنی خشتەی دەنگدەران و ڕاگەیاندنی ناوەکان و دیاریکردنی ناوەکانیان بە ماوەیەکی دیاریکراو پێش ڕۆژی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی لیژنەی سەرپەرشتیکار و دەزگاکانی هەڵبژاردن نەوەستن لەلایەن هەموو دەنگدەرێک و وردبینی بکەن لە مەرجەکانی

(١) وائل منذر البياتي، الاطار القانوني للاجراءات السابقة على انتخابات المجالس النيابية، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١٥، ل٣٤.

دیـاریکراو بۆ هەڵبژاردن[1]، چونکە ڕێکخســـــتنی هەڵبژاردنی پـاک و بێگەرد دەبێـت هەموو هـاونیشـــــتیمـانیـان بگرێتەخۆ کە مەرجەکـانی دەنگـدانیــان هەیە، بۆ ئــەوەی ڕێگــا بگیرێـت لە گزیکردن وخراپ بەکـارهێنـانی مـافی دەنگدان لەلایەن تـاکەکـان، هـەروەهـا لەلایەن ئەو دەســتانەی کە خاوەنی بەرژەوندی تایبەتن یان حیزبە ســیاســییەکان یــان حکومەتەکــان، چونکە هەڵبژاردنی فراوان و پــاک و بێگەرد ڕێگایەکی باوەڕ پێکراوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات[2].

یاسای هەڵبژاردن کۆمەڵێک مەرجی دیاریکراوی داناوە، کە دەبێت لە دەســـــتەی دەنگدەران هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی دەنگدان لە هەڵبژاردندا پەیڕەوی مافی خۆیان بکەن، مەرجەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

---

(١) د. نعمان احمد الخطیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٦.

(٢) جای س. جودوین-جیل، الانتخابات الحرة والنزیهة، ترجمة احمد منیب- فایزة حکیم، الدار الدولیة للاستثمارات الثقافیة، مصر، ٢٠٠٠، ل٨٥.

أ-ڕەگەزنامە

ڕەگەزنامە مەرجێکی سەرەکییە، کە هەموو دەستورەکانی جیهان لەسەری کۆکن، چونکە ڕەگەزنامە بەڵگەیە بۆ دڵسۆزی و ئینتیما بۆ نیشتیمان، هەر لەبەر ئەوەشە هەڵبژاردن بە تەنها بۆ هاونیشتیمانییانە، بیانییەکان مافی دەنگدان و بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی گشتی نییە[1]، هەندێک وڵات جیاوازی لە نێوان هاونیشتیمانییە ڕەسەنەکانیان دەکەن وئەوانەی کە ڕەگەزنامەی وڵاتەکەیان وەرگرتووە، بە جۆرێک مافی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیان نییە لە مافە سیاسییەکان تەنها لە دوای ماوەیەکی دیاریکراو بەسەر وەرگرتنی ڕەگەزنامەکە نەبێت[2].

هەر وەکو لە یاسای هەڵبژاردنی میسری دا هاتووە، کە بە یاسای بەشداری کردنی مافە سیاسییەکان دادەنرێت ژمارە ٧٣ بۆ ساڵی ١٩٥٦ ڕێگە بە هەڵگرانی ڕەگەزنامەی میسری نادات خۆیان تۆمار بکەن لە هەڵبژاردنەکان تاوەکو (٥) پێنج ساڵ بەسەر کاتی وەرگرتنی ڕەگەز نامەکە تێپەڕ نەبێت[3].

لە عێراقدا بێگانە مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی نییە، لەبەر نەبوونی سیفەتی هاونیشتیمانی بوون، کە ئەوەش ڕەگەزنامەی عێراقییە، لە ماددەی (٩/یەکەم)ی یاسای رەگەزنامە عێراقی ژمارە ٢٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٦ دا هاتووە کە ئەو، کەسانەی عێراقی نین و ڕەگەزنامەی عێراقییان بە دەست هێناوە بەپێی ماددەکانی (٤،٥،٦،٧،١١)

---

(١) د. محمد المساري، النظام الانتخابي وبناء عملية اليمقراطية، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٨، ل٢٦.

(٢) محمد رضابن حماد، المبادىء الاساسية للقانون الدستوري والانظمة السياسية، بدون مكان طبع، تونس، ٢٠١٠، ل٣٦٢.

(٣) ماددەی (٤) لە یاسای بەشداریکردنی مافە سیاسییەکانی میسری ژمارە ٧٣ ی ساڵی ١٩٥٦ ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ٤١ بۆ ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٢٥ لە ٢٥ یونیۆی ١٩٧٩.

لەم یاســـایە وەکو هەموو عێراقییەک هەڵســـوکەوت دەکەن مەگەر بە یاسایەکی تایبەت بەدەربکرێن[١].

یاسادانەری عێراقی لە سیاقی گشتی دەرنەچووە، بەڵام دەنگدانی کورت کردۆتەوە لەســەر هەڵگرانی ڕەگەزنامەی عێراقی کە لە ماددەی (٢٠)ی دەســتوری کۆماری عێراقی بۆ ســاڵی ٢٠٠٥ دا هاتوو "هەموو هاوڵاتییەک بە ژن و بە پیاوەوە مافی بەشـــداریکردنی لە کاروباری گشتی و شاد بوون بە مافە سیاسییەکانی هەیە، لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن"[٢]، و هەڵگرانی ڕەگەزنامەی عێراقی دوای ســـوێند خواردنیان بەرامبەر بە بەڕێوبەری ڕەگەزنامەی تایبەتمەند مافی دەنگدانیان دەبێت[٣].

هەڵگرانی ڕەگەزنامەی عێراقی هەموو مافێکیان دەبێت هەر وەکو هاوڵاتیانی ڕەســـەن، جگە لە چەند مافێک کە یاســـادانەر پێدانی ئەو مافەی دواخســـتووە، بۆ ماویەکی دیاریکراو بۆ دڵنیابوون لە ولائی بۆ نیشتیمانە نوێیەکەی[٤]، یان بڕیار دەدرێت لە بێبەشکردنی لەو مافە بە شێوەیەکی یەکجاری، هەڵگری ڕەگەزنامە، کە ڕەگەزنامەکەی ڕەسەن نییە مافی نییە پۆستە سیادییەکان بەڕێوەببات ( سەرۆک کۆمار یان جێگرەکانی یان ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران)[٥]، چونکە وەرگرتنی

---

(١) ماددەی (٩) یاســـای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٢٦ بۆ ســـاڵی ٢٠٠٦، بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی ژمار ە(٤٠١٩) لە ٢٠٠٦/٣/٧.

(٢) ماددەی (٢٠) یاسای دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) بڕوانە ماددەی (٨) لەیاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٢٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٦.

(٤) بڕوانە ماددەی (٢/٢) لە یاســای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٢٦ ســاڵی ٢٠٠٦ هاتووە ( تێپەڕ بوونی ١٠ ساڵ لەسەر هەڵگری ڕەگەزنامە بەپێی مادەکانی (٤،٦،٧،١١) کە مافی دەبێت بۆ خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران یان پلەی وەزیر).

(٥) ماددەی (٦٨/یەکەم) لە دەســـتوری عێراقی دەڵێت "لە عێراق لە دایک بوبێت و دایک و باوکی عێراقی بن" هەروەها ماددەی (٧٧/یەکەم) دەڵێت "ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت هەمان مەرجە پێویســـتییەکانی ســـەرۆک کۆماری تێدابێت لە دایک و باوکی عێراقی بن".

ئەو دەســـەڵاتانە لەســـەر ئەو کەســـانەی کە لە عێراق لە دایک بوون کورتکراوەتەوە.

لە ماددەی (٤/یەکەم) یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٩) بۆ ســـاڵی ٢٠٢٠ دا هاتووە "هەڵبژاردن مافی هەموو عێراقییەکە و هەر کەســـێک ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لەم یاســـایە دیاریکراون دەتوانێت ئەو مافە پیادە بکات بەبێ جیاکاری لەســـەر بنەمای ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان بنەچە یان ڕەنگ یان ئاین یان مەزهەب یان بیرو باوەڕ یاخود لەسـەر بنەمای دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی[١]، هەروەها لە ماددەی (٥) ئاماژە بەوە دەکات کە دەڵێت "پێویســـتە لەســـەر دەنگدەر: یەکەم/ ڕەگەزنامەی عێراقی بێت" بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات ڕەگەزنامەی ڕەســـەن بێت یاخود بەدەســـت هاتوو[٢].

ب- تەمەن

یاسـا و دەسـتورە نوێیەکان تەمەنێکی دیاریکراویان دیاریکردووە، کە هەر هاوڵاتیەک شـــیاوی یاســـایی هەبێت مافی دەنگدانی دەبێت[٣]، دەوڵەتەکان لەســـەر تەمەنێکی دیاریکراو بۆ دەنگدەر ڕێک نەکەوتوون، تەمەنیش لەنێوان (١٨) هەژدە ســـاڵ بۆ (٢٥) بیســـت و پێنج ســـاڵ دیاریکراوە، بە گونجاندنی لەگەڵ یاســـاکان و هەروەها لەگەڵ باری سیاسی و ئابووری ڕۆشنبیرییان، بەڵام زۆربەی وڵاتەکان لە ئێستادا تەمەنی دەنگدەر بە ١٨ ســـاڵ دیاری دەکەن، وەکو پێوەرێک کە بە تەمەنی ئاقڵ بوونی مەدەنی دادەنرێت، هەندێک جار لەوانەیە تەمەنی

---

(١) ماددەی (٤) لە یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٩) بۆ ســـاڵی ٢٠٢٠.

(٢) ماددەی (٥) لە یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٩) بۆ ســـاڵی ٢٠٢٠.

(٣) د. ربیع انور فتح الباب متولی، النظم الســـیاســـیة، منشـــورات الحلبی الحقوقیة، بیروت، ٢٠١٣، ل٣٢٥.

پێگەیشتنی مەدەنی کەم یان زیاد بکات هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ واتێگەیشتن، کە گەنجەکان زیاتر مەیلی پاڵپشتیکردنی دامەزراوە سیاسییەکانیان هەیە، تەمەنی پێگەیشتووتر وا لە مرۆڤ دەکات ئارەزووی پارێزگاری کردن لە جۆری سیستەمی چاکسازی مام ناوند هەبێت[١]. لە زۆربەی وڵاتەکان تەمەنی پێگەیشتنی سیاسی و مەدەنی وەکو یەکە، وەک فەرەنسا و عێراق، وڵاتیش هەیە کە تەمەنی پێگەیشتنی سیاسی و مەدەنی جیاوازی هەیە[٢].

یاسادانەری عێراقی شێوازی مامناوەندی و بە یەکسانی لە نێوان تەمەنی پێگەیشتنی مەدەنی وسیاسی دیاریکردوە، کە بە مەرجی داناوە دەنگدەر دەبێت ١٨ هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، لە تەمەنی لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت، هەروەها لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠دا هەڵبژاردنی عێراقی لە ماددەی (٥) ئاماژەی بە دیاریکردنی تەمەنی دەنگدەر داوە[٣].

---

(١) خامۆش عمر عبدالله ، العلاقة بين الانتخاب واليدمقراطية، مركز بحوث العلاقات، اربيل، ٢٠٠٩، ل ٣٤.

(٢) لە دەستوری لبنانی مافی داوە بە نێر ومێ پێکەوە وە مەرجی داناوە کە تەمەنیان گەیشتبێت بە ٢١ ساڵ لە ماددەی (٢١) دەڵێت "بۆ هەموو هاوڵاتیانی لبنانی کە تەمەنیان گەیشتۆتە بیست و یەک ساڵ، مافی بەشداریکردنی هەیە لە هەڵبژاردن کە مەرجە داواکراوەکانی تێدابێت بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردن". لێرەدا پێگەیشتنی تەمەنی سیاسی جیاوازی هەیە لەگەڵ پێگەیشتنی تەمەنی مەدەنی کە بە هەژدە ساڵ دیاریکراوە، هەروەها لە میسریش دەبینین کە مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە (١٨) هەژدە ساڵی دیاریکراوە، بەڵام تەمەنی پێگەیشتنی مەدەنی بە (٢١) بیست و یەک ساڵ دیاریکراوە، د. محسن خليل، النظم السياسية والدستور اللبناني، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٧٩، ل ٧٠٦.

(٣) ماددەی (٥/ سێیەم) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومونی نوێنەرانی عێراق " پێویستە لەسەر دەنگدەر تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوکردبێت لەو ساڵەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت".

ج- لێهاتوویی عەقڵی (عەقڵی پێگەیشتوو)

لێهــاتوویی لە دوو جۆر خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: لێهاتووی عەقڵی و ڕەوشـــتی، کەیەکەمیان بەو واتایە دێت، کە دەبێت دەنگدەر خاوەنی توانای عەقڵی بێت، هەر لەبەر ئەوەشـــە ئەوانەی ناتەواون یاخود ئەقڵیان لە دەســت داوە لە هەڵبژاردن بێبەش دەکرێن، چونکە ناتوانن هەڵە و ڕاستی لە یەکتری جیا بکەنەوە[١].

زۆربەی یاســای هەڵبژاردنەکان کۆکن لەســەر ئەوەی، کە نەمانی لێهــاتوویی هەڵبژاردن واتــای ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگـدەر مــافی هەڵبژاردن لەدەست دەدات،

یاســـادانەری عێراقی مەرجی داناوە، کە هەر کەســێک لێهاتوویی ئەقڵی تەواو نەبێت، ئەوا ڕێگای پێ نادرێت پەیڕەوی مافی هەڵبژاردن بکات[٢].

ئەوەی کە پەیوندی بە لێهاتوویی ڕەوشـــت هەیە، مەبەســتی لێی ئـەوەیە کە هیچ بڕیـارێک لە دژی کەســـی دەنگدەر نەبێت لەلایەن دادگاوە، بەهۆی تاوانی ئابڕووبەرانە و دەســـت پاکی، یاخود حوکمی مایەپوچ بوونی لەســـەر نەبێت، و ئەم بێبەش کردنەش کاتییە، تاوەکو ئەو کەسەی سزای لەسەر دراوە مافە سیاسییەکانی بۆ دەگەڕێتەوە[٣].

لەم بارەیەشـەوە هەندێک لە یاسـاکان ئەو کەسـانە بێبەش دەکەن لە هەڵبژاردن کەوا لێهاتوویی ڕەوشـــتییان نییە، و ناکرێت دەنگی ئەم جۆرە کەســـانە بە هەند وەرگیرێت لە کاتی دیاریکردنی دەســـەڵات وحوکم لە دەوڵەت[٤].

---

(١) د. نعمان احمد خطیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢-٢٩٣.

(٢) لە یاســـای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە(٩) ســـاڵی ٢٠٢٠ ماددەی (٥/دووەم) دا هاتووە "مەرجە کە دەنگدەر لێهاتوویی تەواوی هەبێت".

(٣) د. محمد المساری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٤) د. عبدالحمید متولي، الوجیز في النظریات والانظمة الســـیســـیة ومبادئها الدســـتوریة، دارالمعارف، الاسکندریة، ١٩٥٨-١٩٥٩، ل٢٥.

یاســـادانەری میســـری ئەو کەســـانەی لە مافی هەڵبژاردن بێ بە شکردووە، کە حوکم دراون بە تاوان یان کەتن، مەگەر بێت و سزادراو پێگەی بۆ بگەڕێتەوە، یان جێبەجێکردنی حکومەکەی وەســـتێنرابێت، هەروەها بە هەمان شێوەش بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن[1].

بەڵام لە عێراق یاســا هیچ دەقێکی نییە، مەگەر بگەڕێینەوە ســەر ڕێسا گشتییەکان لە یاسای سزادانی عێراقی، کە قەدەغەی کردووە کەســەی ســزادراو ببێت بە دەنگدەر و هەروەها ببێت بە پاڵێوراو لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی[2].

د- بێبەشکردنی سەربازەکان:

هەندێک لە یاساکانی هەڵبژاردن سەربازەکان لە مافی سیاسی بێ بەش دەکەن، هەر چەندە ئەم بێ بەشکردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتی نییە، بەڵام ئامانج لێی ئەوەیە ســوپا دووربخرێتەوە لە ســیاســەت و پارێزگاری بکرێت لە ســیســتەمی دڵســۆزی لە نێوان ســەربازەکان و بوونی مەترســـی ئەوەی یەکڕیزی ســـوپا هەڵبوەشـــێتەوە، ئەمەش وادەکات ئەفســەرەکان کاریگەرییان لەســەر ســەربازەکان و گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەبێت، هەروەها ئەم کارە وادەکات کە تەمەنی بەشـــدار بوو زیاتر بێت لەو وڵاتانەی کە کاردەکەن بە سیستەمی بە سەربازیکردنی زۆرە ملێ[3].

ڕەوتی مۆدێرن لەم بارەیەوە ڕای وایە، کە دەبێت سەربازەکان و ئەوانەی کە ســـەرباز نین دەبێت مافی هەڵبژاردن پەیرەو بکەن، هەر لەبەر ئەوەشـــە کە زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکان ڕێگا بە ســـەربازەکان دەدەن بەشـــداری مـافی هەڵبژاردن بکەن، و هەنـدێـک جـار بۆ بەشداریکردنی سەربازەکان لەو کاتانەی کە لە نیشتیمان دوورن کار

---

(١) ماددەی (٢) لە یاسای ڕێکخستنی مافی سیاسی میسری ژمارە(٧٣) بۆ ساڵی ١٩٥٦.
(٢) ماددەی (٩٦) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو.
(٣) د. ثروت بدوی، النظم الســياســية، دارالنهضــة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، ، ١٩٦١، ل٣٦١.

ئاســـانییان بۆ دەکرێت، لەم وڵاتانەش ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا و سویسرا[١].

یاســادانەری میســری لە یاســای بەشــداریکردنی مافی ســیاســی میســری ژمارە (٧٣)ی ســاڵی ١٩٥٦ی هەموارکراو بە یاســای ژمارە (٧٦)ی ســاڵی ١٩٧٦ لە ماددەی (یەکەم/٢) دا هاتووە "ســەربازەکان، و ئەو کەســـانەی کە ئەفســـەرن، یا لە هێزی چەکداریی ســـەرەکی و لاوەکین، هــەروەهــا ئەفســـەرانی پۆلـیس، بە درێژایی مــاوەی خزمەتکردنیان لە هێزی چەکداری و پۆلیس لە بەشــداریکردن لە مافە سیاسییەکان بێ بەش دەبن[٢].

بەگوێرەی ماددەی (٢٠)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هەموو عێراقیەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشــداریکردنی ســیاســییان هەیە[٣]، بەبێ ئـەوەی هیچ کۆت و بەنـدێک هەبێت، هـەروەهـا لە یـاســـــای هەڵبژاردنی عێراقی ژمارە (٩) ســـاڵی ٢٠٢٠ دا هاتووە، کە هەڵبژاردن مـافی هەموو عێراقیەکە بەبێ ئـەوەی کۆت و بەنـد لەســـەر لایەنێک دابنێت و لەمافی دەنگدان بێبەشی بکات[٤].

## ٣- ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و دامەزراندنی حیزبەکان:

یەکێک لە ڕێبازە گرنگەکان کە دیموکراتی لەســـەر بنیاد دەنرێت ئــازادی ڕادەربڕینە، و یەکێـک لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکـانی دیموکراتی لەســـەر بنیاد دەنرێت ویســـتی گشـــتییە، ئەم ویســـتە گشـــتییەش لە ئەنجامی ڕادەربڕینی هاونیشـــتیمانییانە لە بیروڕایەکانیان، هەر وەکو ئەوەی کە لە دەستور و یاسا نیشتیمانییەکان بڕیاری لەسەر دراوە، و

---

(١) سـليمان محمد الطماوي، النظم السـياسـية والقانون الدسـتوري، دار الفكر العربي، بدون مكان طبع، ١٩٨٨، ل٢١٥.

(٢) ماددەی (یەکەم) یاسای بەشداریکردنی مافی سیاسی میسری هەموارکراو ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٧٦.

(٣) ماددەی (٢٠) دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٤) ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (٩) هەڵبژادنی عێراقی ساڵی ٢٠٢٠.

هەروەها لە بەياننامە جيهانييەكان و ڕێككەوتننامە نێودەڵەتييەكانی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێدراوە[1].

هەرچی ئازادی كۆبوونەوەیە مافی تاكەكانە كە ئارەزووی گردبوونەوە بۆ ماوەیەكی درێژ یان كورت لە شوێنێكی دیاریكراو بكەن، بۆ ئەوەی بەشێوەی وتار و كۆنفرانس و گفتوگۆ ڕایان دەرببڕن، هەروەها گۆڕینەوەی ڕاو بەرگریكردن لە ڕایەكی دیاریكراو ڕازیكردنی ئەوانی تر بۆ كاركردن بەم ڕایە، بۆ فێركردن و سوودبینینی گشتییە[2].

هەرچی مەبەست لە حیزبە بە شێوەیەكی گشتی كۆمەڵە كەسێكی یەكگرتوون، بۆ بەدەست هێنان وبردنەوەی دەسەڵات بە ڕێگای جیاوازی دیموكراتی بە مەبەستی جێبەجێكردنی كارنامەی سیاسیی خۆیان كاردەكەن[3].

لەبارەی مافی دروستكردنی حزبەكان لە دەستورەكاندا جیاوازی هەیە، هەندێک لە دەستورەكان بەبێ مەرج دان بە مافی دروستكردنی حیزبەكاندا دەنێن، و هەندێک دەستور دان بە مافی دروستكردنی حیزبەكان دەنێن، بەڵام بە مەرجی دیاریكراو، بەڵام هەندێک دەستوری تریش هەیە كە دان دەنێن بە فرە حزبی و لە بنەڕەتدا قەدەغەی دروست بوونی یەک حزبی دەسەڵاتدار دەكەن، لەبەرئەوەی حزبە سیاسییەكان بە دامەزراوەی سەرەكی دەژمێردرێن لە پێناو بە ئەنجام گەیشتنی مافەكانی مرۆڤ و سەربەستی سیاسیی بە ڕێگای ڕێكخستنی بەشداریكردنی كاریگەری تاكەكان لە ژیانی سیاسی[4].

---

(١) خامۆش عمر عبدالله، تاثیر قوانین الطواری علی الافراد فی الدساتیر، مركز كوردستان للدراسات الاستراتیجیة السلیمانیة، ٢٠١٧، ل١١٩.

(٢) فیصل شطناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦

(٣) سلیمان الطماوي، السلطات الثلاث في دساتیر العربیة المعاصرة وفي الفكر الاسلامي، دارالفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٤، ل٥٤٤.

(٤) خامۆش عمر عبدالله، العلاقة بین الانتخاب والیدمقراطیة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨-٣٩.

بۆ ئەم مەبەستەش دەستوری زۆربەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕوون ئاماژەیان بە پێکهێنانی حزب کردووە، لە ماددەی (٥)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤دا هاتووە "سیستەمی سیاسی لە کۆماری میسری عەرەبی لەسەر بنەمای فرە حزبی دامەزراوە،............. هەر وەک لەو دەستوردا هاتووە"[١]، هەروەها لە ماددەی (٣٩) دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ باس لە پێکهێنان و دامەزراندنی حزبی سیاسی دەکات بەم شێوەیە "یەکەم: ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکان یان پەیوەندی پێوە کردنیان پارێزراوە و بە یاسا ڕێکدەخرێت"[٢]، هەروەها لە یاسای حیزبە سیاسیەکانی عێراقی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠١٥ دا باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان دەکات و مەرجەکانی پێکهێنانی حزبی دیاریکردووە[٣].

٤- یەکسانی لە نێوان پاڵێوراوان لە هەلی ڕیکلامی هەڵبژاردندا:

ئامانج لە ڕیکلامی هەڵبژاردن ئەوەیە کە پاڵێوراوان پرۆگرامی هەڵبژاردنیان ڕوون بکەنەوە و بە مەبەستی بە دەست هێنانی دەنگی دەنگدەران، ئەم کردارەش بە واتای ڕێکلامی هەڵبژاردن دێت، کە دەکەوێتە پێش دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان و بە کاتێکی دیاریکراو بە کاتێکی کەم بەر لە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان کۆتایی دێت بەرنامەی کاریان و پرۆژەکانیان بە دەنگدەر بگەیەنن، یاساکان لە

---

(١) ماددەی (٥) لە دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤.

(٢) ماددەی (٣٩) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) یاسای حزبە سیاسییەکانی عیراقی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠١٥ لە ماددەی (٨)دا هاتووە " پێویستە بۆ دامەزراندنی حزب ئەم خاڵانە هەبێت، یەکەم/ پرەنسیپ و ئامانج وبەرنامەکای حزب لەگەڵ دەستور ناکۆک نەبن، دووەم/ حیزب بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان، سێیەم/ دامەزراندن و کاری حزبی نابێت لە شێوەی سەربازی یان ڕێکخراوی سەربازی بێت، هەروەها نابێت پەیوەندی بە هیچ هێزێکی چەکدارەوە هەبێت". بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٤٣٨٣ لە ١٢ تشرینی یەکەم ٢٠١٥ ساڵی پەنجاو حەوتەمین.

ماوەی دەســـــت پێکردن و کۆتایی هاتنی ڕیکلام کردن جیاوازییان هەیە[١]، ڕیکلام کردنیش بە چەند شێوازێک ئەنجام دەدرێت و قورسە کە لە یەک شــێواز کۆبکرێتەوە، بەڵام بە شــێوەیەکی گشــتی ڕیکلام کردن بە ســێ شــێوازی ســەرەکی دەکرێت کە بریتین لە ڕاگەیاندن و وێنە و هەروەها بە دانانی پۆســتەری ســەر دیوار و بەســتنی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس و ئاهەنگ[٢].

هەندێک جار حزبە دەســەڵاتدارەکان دەســت بە ســەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەگرن، ئەم دەزگایانە دەبن بە ئامێرێک بە دەســـــت حزبی دەســـــەڵاتدار، حیزبە ڕکابەرەکان لە هەلی ڕیکلامی هەڵبژاردن بێبەش دەکرێن، یاخود بەلایەنی کەم بەشــــداریکردنیان لێ بەرتەســــک دەکرێتەوە، ئەم دیاردەیەش لە دەوڵەتە دواکەوتووەکان کە ڕژێمەکانیان دیکتاتۆری و چەوســـێنەرن بەربڵاوە، حکومەتەکان لایەنگرانیان هاندەدەن بەهۆی دەزگاکانی ڕێکلامکردن بەبێ ڕکابەرەکانیان و پابەند نابن بە پرەنســـیپی یەکســـانی نێوان پاڵێوراوان، ئەمەش دەبێتە هۆی پاڵەپەســتۆ خســتنە ســەر ویســتی دەنگدەر و هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی هەڵبژاردن و شـــێواندن و گۆڕینی ویســـتی دەنگدەر[٣]. بە گوێرەی کرداری دیموکراتی و هەڵبژاردن هیچ لایەنێک نابێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێناوی بە دەست هێنانی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی قۆرخ بکات[٤].

لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا هەموو حیزب و پاڵێوراوەکان هەمان مافیان هەیە، لە بەکارهێنانی ئامرازی ڕیکلامکردن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، بۆ ئەوەی بەرنامە و ئامانجەکانیان بخەنە ڕوو، بە جۆرێک

---

(١) د. عكاب احمد محمد العبادي، التنظيم القانوني للحملات الانتخابية من منظور دســـتوري ومالي، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ل١١٠.

(٢) د. عكاب احمد محمد العبادي، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

(٣) د. ابراهيم عبدالعزيز شـــيحا، النظم الســـياســـية الدولة والحكومة، منشـــاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ل٢١٧.

(٤) جای س. جودوين-جيل، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

هیچ حیزبێکی دیاریکراو یاخود پاڵێوراوێک کاریگەری لەسەر ئەوانی تردا نەبێت[1].

لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ دا لە ماددەی (٢٢)دا، بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن خراوەتە ڕوو بەم شێوەیە "بانگەشەی هەڵبژاردنی ئازاد مافێکی دەستەبەرکراوە بۆ هەر پاڵێوراوێک، بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ڕێگە پێدراوە لە ڕۆژی پەسەندکردنی پاڵێوراوەکان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە تا (٢٤) کاتژمێر بەر لە پڕۆسەی دەنگدان"[2].

بۆ ئەوەی هەموو ئەندامان بتوانن بە یەکسانی ڕێکلامی هەڵبژاردن بکەن، پێویستیان بە خەرجی بانگەشەی هەڵبژاردن دەبێت، ئەوەش گومانی تێدا نییە کە جیاوازی نێوان پێگەی دارایی پاڵێوراوان کاریگەری لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە پروپاگندە دەبێت، چونکە لەوانەیە خەڵکانێک هەبن زۆر لێهاتوو بن بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی نەتوانن خۆیان بپاڵێون، بۆیە وڵاتانی دیموکراتی هەڵدەستن بە ڕێکخستنی تەمویلی خەرجی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە، ئەوەش لە ڕێگەی دیاریکردنی دوا ڕاددەی خەرجی خۆپاڵاوتن، هەندێک دەوڵەتیش هەڵدەستێت بە دابینکردنی خەرجی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە سنورێکی دیاریکراودا[3] .

بۆ ئەوەی هەلی پڕوپاگندە بە یەکسانی ئەنجام بدرێت لە نێوان پاڵێوراوان، دەوڵەتەکان دوو ئاڕاستەی گشتیان دیاریکردووە[4]:

---

(١) د. ابراهیم عبدالعزیز شیحا، النظم السیاسیة الدولة والحكومة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧.

(٢) ماددەی(٢٢) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کۆماری عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠.وە هەر لەم یاسایەدا لە ماددەکانی (٢٣تاوەکو ٣٠) تەرخانکراوە بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن.

(٣) د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری و یاسای هەڵبژاردن ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٠.

(٤ ( دونیس کاڤاناک، ململانێی هەڵبژاردن، و. ئەبوبکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧١.

١-بڕیـاردان لەســـەر بنمیچێکی دیـاریکراو بۆ خەرجییەکـانی پڕوپاگندە، بەمەبەستی دروستکردنی هەل و مەرجێکی دادپەروەرانەتر بۆ ئەو کەسانەی کە توانایی دارایی سنورداریان هەیە.

٢-تەرخـانکردنی یـارمەتی حکومی بۆ حزب و پـاڵێوراوەکـان بۆ خەرجکردن لە هەڵبژاردندا، بەمەبەســـتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دارایی حزب و پاڵێوراوەکان و پشـتگیری دارایی لەو پاڵێوراوانەی کە توانای دارایی پێویســـتیان نیە، بۆ دابینکردنی خەرجییە داراییەکانی پڕوپاگندە، بۆ ئەوەی هەموو پاڵێوراوان بتوانن بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پڕوپاگندە ئەنجام بدەن.

٥- نهێنی دەنگدان

یاسـاکان بایەخ بە ئاسـانکردنی کرداری دەنگدان دەدەن و دڵنیایی لە نهێنی و ئـازادی دەنگدان دەدەن، لەڕێگـای ڕێکاری جیـاوازەوە[١]، زۆربەی یاســـاکان پشـــت بە پڕەنســـیپی دەنگدانی نهێنی دەبەســـتن، هەرچەندە هەندێک وای دادەنێن کە دەنگدانی ئاشـــکرا پێویســـتی بە ئازایەتی و ڕاسـتی هەیە کە هەسـتی لێپرسـراوییەتی لەلایەن دەنگدەر پێ دەگەیەنێت[٢].

نهێنی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان دڵنیاییەکی گرنگە بۆ هەڵبژاردن، لەڕاســـتیدا دەبێت هەموو ڕێکارە پێویســـتەکان بۆ دڵنیایی کارپێکردنی ئەو پڕەنســـیپە بەکار بخرێن، دەبێت شـــوێنێکی گونجاو لەلایەن ئیدارە بۆ کرداری دەنگدان دابین بکرێت، هەروەها یەکخســـتنی شـــێوەی

(١) محمد حســين دخيل، القانون الدســتوری والنظم الســياســية المقارنة، منشــورات الحلبی الحقوقی، ط١، بيروت، ٢٠١٦، ل٦٦.

(٢) ســعيد بوالشــعير، القانون الدســتوری والنظم الســياســية المقارنة، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر،بدون سنة طبع، ل ١٤٨-١٤٩.

پەڕاوی هەڵبژاردن و نوشـــتانەوەی کارتی دەنگدان و دیارنەبوونی کارتەکە لە کاتی خستە ناو سندوقی دەنگدان[1].

لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا ڕێز لە پڕەنســـیپی نهێنی هەڵبژاردن دەگیرێت، ئەو وڵاتانەی کە لە دەســـتەبەرکردنی هەموو ڕێکارەکان جەخت لەســـەر دەزگاکانیان دەکەنەوە، تەنها کیشـــەی نەخوێندەواران نەبێت کە نازانن بنوســـن و بخوێنەوە، یاخود کەم ئەندامن، ئەو کات پەنا دەبەنە بەر کەسێکی سەربەخۆ بۆ نوسینی ناوی ئەو پاڵێوراوەی یا ئەو پاڵێوراوانەی کە حەز دەکەن هەڵیانبژێرن[2].

لە یاســـای هەڵبژاردنی ئوردەنیدا جەخت لەســـەر نهێنی دەنگدان کراوەتەوە کە بەم شـێوەیە هاتووە "دەنگدان بە شـێوەیەکی گشـتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ دەبێت"[3].

هەروەها لە عێراق لە ماددەی (٤٩/ یەکەم) لە دەســـتوری ســـاڵی ٢٠٠٥ جەخت لەســـەر نهینی دەنگدان دەکات کەتێیدا هاتووە "......... هەڵبژاردنیشیان بە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنی دەبێت"[4].

هـەروەهـا نهێنی دەنگـدان لە مـاددەی (٤/دووەم)ی یـاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٩)ی ســـاڵی ٢٠٢٠ دا هاتووە "هەموو دەنگدەرێک مافی خۆی پیادە دەکات بە شـــێویەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ بە نهێنی وتاکە کەسی، ........"[5].

دەنگدانی نهێنی دڵنیاییە لە ئازادی دەنگدەر، هەر لەبەر ئەوەشـــە کە دەبینین دەنگدانی نهێنی ئەمڕۆ بۆتە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان کە دەبێت یاســـادانەر ئاماژەی پێبکات لە یاســـای هەڵبژاردنەکان،

---

(١) د. نعمان احمد الخطیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠

(٢) راجع التعليق العام رقم ٢٥ للجنة حقوق انسـان: الفقرة ٢٠ ،المشـاركة في إدارة الشـؤون العامة وحق الاقتراع، صدر عن اللجنة في دورتها السابعة والخمسون. (١٩٩٦)

(٣) ماددەی (٢١) لە یاسای هەڵبژاردنی ئوردنی ساڵی ٢٠٠١.

(٤) ماددەی (٤٩) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٥) ماددەی (٤) لە یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجومونی نوێنەرانی عێراق ژمارە(٩)ی ســـاڵی ٢٠٢٠.

هەروەها پێویستە لەسەر ئەوانەی کە هەڵدەستن بە کارەکە ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بۆ دڵنیایی بوون لە نهێنی دەنگدان.

# باسی دووەم
# هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردن

ئەم مەبەستە بۆ باسکردن لە بەشێک لە سیستەمەکانی هەڵبژاردنی پەیوندیدار بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان تەرخان دەکەین، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، کە لە لقی یەکەم باس لە هەڵبژاردنی پێش وەختە وسیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و ڕێژەیی دەکات، و لقی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردنی بە لیست و تاک، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## مەبەستی یەکەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و ڕێژەیی

لەم لقەدا باس لە هەردوو سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و ڕێژەیی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە

مەبەست لە هەڵبژاردنی زۆرینە ئەوەیە کە پاڵێوراوێک یان چەند پاڵێوراوێک براوە بوونە، بەوەی کە زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنیان بە دەست هێناوە، ئەو پاڵێوراوانەی دوای پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان دێن بە سەرنەکەوتوو ئەژمار دەکرێن[١].

سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە دەتوانرێت لە هەردوو سیستەمی هەڵبژاردنی بە لیست و تاکی ئەنجام بدرێت، ئەگەر بێت و هەڵبژاردنەکە بە سیستەمی لیست بوو ئەوا لیستەکە کۆی کورسییەکانی بازنەی

(١) عبدو سعد وئەوانی دی، النظم الانتخابية، الطبعة الاولى، منشورات حلبى الحقوقية، ٢٠٠٥، ل١٩٣.

هەڵبژاردن بۆ خۆی فەراهەم دەکات، کە زۆرینەی دەنگەکانی تێیدا بە دەســت هێناوە، بەڵام ئەگەر ســیســتەمی هەڵبژاردنەکە تاکی بوو ئەوا ئەو پاڵێوراوە ســـەردەکەوێت کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەســـت هێناوە[1].

سـیسـتەمی زۆرینە دوو شـێواز دەگرێتەوە، ئەوانیش سـیسـتەمی زۆرینەی ڕەها، و سیستەمی زۆرینەی سادە، لە سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینەی ڕەهادا مەرجە بۆ سەرکەوتنی پاڵێوراو کە دەنگەکانی نیوەی دەنگدەران بە دەســـت بهێنێت کە لە هەڵبژاردن بەشـــداریان کردووە، یاخود دەڵێن زیاتر لە (٥٠٪)ی دەنگەکان بە دەســـــت بهێنێت واتە (٥٠٪+١)[2].

ئەگەر هاتوو لیستەکە یاخود پاڵێوراو زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی فەراهەم نەکرد، ئەوا پێویســـت دەکات دووبارە لە نوێ هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشـە بە سـیسـتەمی زۆرینەی ڕەها دەگوترێت سیستەمی دوو خولی، لە خولی دووەم لە وانەیە یاسا ڕێگە بدات بە هەموو پاڵێوراوەکان یان لەوانەشـــە تەنها ڕێگە بدات بە پاڵێوراوی یەکەم ودووەم کە زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست هێناوە لە خولی یەکەم خۆیـان هەڵبژێرنەوە[3]، لە خولی دووم مەرج نییـە پاڵێوراوەکە یاخود لیســـتەکە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەســـت بهێنێت، تەنها ئەوە پێویســـت دەکات کە پاڵێوراوەکە لە خولی دوومی هەڵبژاردنەکە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

ئەو میکانیزمەی لەم ســـیســـتەمەدا بەکاردەهێنرێت وادەکات کە حیزبێـک لە خولی یەکەمـدا نەتوانێـت زۆرینەی ڕەهـای دەنگەکـان بەدەســت بهێنێت، ئەو حیزبانەی لە خولی یەکەمدا ئاگاداری ســەنگ و

(١) د. عصام الدبس، النظم السياسية، الكتاب الاول، اسس التنظيم السياسي الدول- الحكومات- الحقوق و الحريات العامة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠، ل٢٢٧.

(٢) منذر الشاوی، الاقتراع السياسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

(٣) سـلێمان مسـتەفا حسـن، سـیسـتەمەکانی هەڵبژاردن و یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٩.

قورسـايی خۆيان دەبن كە ئەمەش لە خولی دووەمدا حيزبەكان بەرەو هـاوپەيمـانی دەبـات، هـەروەهـا هەڵبژاردن لە خولی دووەمـدا بەپێی زۆرينەيەكی سـادە ئەنجام دەدرێت نەوەك زۆرينەی ڕەها، لێرەدا زۆر جـار هـاوپەيمـانی لەنێوان ئەو لايەنـانەدا ئەنجـام دەدرێت كە بنەمـا و ئـامـانجيـان لە يەكەوە نزيكە، بۆ بردنەوەی زۆرينەی پەرلەمـانی، هەرچەندە يەكێك لە كوتلەكان زۆرينە بەدەســـت دەهێنێت وحكومەت بەتەنيا وەك هاوپەيمان پێكدێنێت، بەڵام ئەم حكومەتە لە ســيســـتەمی دوو حزبيدا حكومەتێكی سروشتی نابێت، چونكە كوتلەكان ژمارەيەك لايەن لە خۆدەگرێت بۆيە پڕۆســـەی پێكهێنانی حكومەت هاوپەيمانی دەبێت و بە لێكتێگەيشتن دەبێت[١].

هەرچی ســيســـتەمی هەڵبژاردنی زۆرينەی ســادەيە، كە هەندێك جـاريش نـاو دەنرێـت بە (ســـيســـتەمی زۆرينەی دەنگەكـان) ئەم ســـيســـتەمەش مـانـای ئەوە دەدات كە ئەو پـاڵێوراوەی زۆرينەی دەنگەكانی بەدەســـت هێناوە بە ســـەركەوتوو دادەنرێت، هەتا ئەگەر هـاتوو كۆی دەنگی پـاڵێوراوەكـانی تر بەيەكەوە زيـاتريش بوو لە ژمارەی دەنگەكانی ئەو پاڵێوراوە[٢]، ئەم ســيســتەمە حكومەتێكی تاك لايەنە دروست دەكات، واتە حيزبێك زۆرينەی كورسييەكانی پەرلەمان بەدەســـت دەهێنێت، ئەمەش دەرفەتی پێدەدات بە تەنيا حكومەت پێك بهێنێت، كەواتە لە سـايەی ئەم سيسـتەمەدا زۆر بە دەگمەن حكومەتی هاوپەيمانی پێكدەهێنرێن[٣]، و لەم ســيســـتەمەدا ئەنجامەكان لە خولی يەكەمەوە يەكلايی دەبێتەوە بەبێ ئـەوەی لەنێوان ڕكـابەرەكـانـدا پێويســـتی بە ئەنجـامـدانی خولی دووەم هەبێت، لەو وڵاتـانەی بەو

---

(١) اندرو رينولدز واخرون، انواع النظم الانتخابية،ترجمة كريستينا خشابا بتو، مطبعة خاني، اربيل، ل ٧٣.

(٢) د.عبدالله اسماعيل البستاني، مساهمة فی اعداد الدستور الدائم وقانون الانتخاب، مطبعة الرابطة، بغداد، ،١٩٦١، ل١١٥.

(٣) د. عصـــام نعمة اســـماعيل، النظم الانتخابية، منشـــورات زين الحقوقية، بيروت، ، ٢٠٠٩، ل٣٦٠.

سـيســتەمەيان وەرگرتووە شــانشــينى يەكگرتووى كەنەدا، ويلايەتە يەكگرتووەكانى ئەمريكا و هيند[1].

كەواتە ئەو حكومەتەى كە بەپێى ئەم جۆرە ســيســـتەمەى هەڵبژاردنەوە پێكهێنراوە حكومەتێكى زۆرينەى خاوەن دەســـەڵاتێكى گەورە و كاريگەر دەبێت، ئەوەش لەگەڵ ئەوە دەگونجێت كە لەلايەن تاكە حزبێكەوە دروست بووە، كە وادەكات ئەندامانى ئەم حكومەتە بە هەماهەنگى كار بكەن، ئەوەش وا لە ئەندامانى حكومەت دەكات كە بە ســياســەتێكى يەكگرتوو كار بكەن و ناكۆكى لە ناو حكومەت دوور بخەنەوە، ئەو كــاريگەرييەش بۆ هەمــاهەنگى نێوان پەرلەمــان و حكوومەت دەگـەڕێتـەوە، كە بەهۆى ئەو پشـــتيوانييـەى حكومەت لە زۆرينەى پەرلەمانى وەريگرتووە، چونكە ئەوان بە ئاڕاســـتەى يەك حزبن، هـاوكـات ئەمەش ئەگەرى هەڵوشــــاندنەوەى پەرلەمـان بۆ حكومەت كەم دەكاتەوە و بەپێچەوانەشەوە.

لەم ســيســتەمەدا هەڵبژاردنى پێش وەختە ئەگەرى ڕوودانى زۆر لاوازە، چونكە ئەو ســيســتەمە، ســيســتەمى دوو حزبيت بۆ بەرهەم دێنێت، كە حيزبێك براوە دەبێت و بە تەنها حكومەت پێكدەهێنێت، بۆيە حكومەت لەم جۆرە سيستەمەدا سەقامگيرە، وەك بەريتانيا و ئەمريكا كە لە هەڵبژاردنەكاندا يەك حزب براوە دەبێت و حكومەت پێكدەهێنێت.

ســـەرەڕاى ئەمەش لە بەريتانيا كە يەك حزب براوە دەبێت و بە تەنيا حكومەت پێك دەهێنێت، بەڵام دەبينين چەند جارێك هەڵبژاردنى پێش وەختە ئەنجامدراوە، لە بەريتانيا زياتر لە (٣٠) سى جار پەرلەمان هەڵوەشـــێنراوەتەوە و هەڵبژاردنى پيش وەختە ئەنجـامـدراوە، كۆتـا جـاريش پەرلەمـانى بەريتـانى لە ٣ مـايوى ٢٠١٧ هەڵوەشـــايەوە و بانگەوازكرا بۆ ئەنجامدانى هەڵبژاردنى پێش وەختە[2].

---

(١) د. عصام نعمة اسماعيل، سەرچاوەى پێشوو، ل٣٣٦.

(٢) لە ٨/٦/ ٢٠١٧ دا هەڵبژاردنى نوێ ئەنجامدرا، ئەنجامەكەش بەم شـــێوەيە بوو، حزى پارێزگاران ٤٢.٣ ٪ دەنگەكانى بەدەســـت هێنابوو كە (٣١٧) كورســـى دەكرد، حزبى كرێكاران ٤٠. ٪ دەنگەكانى بەدەســت هێنا كە (٢٦٢) كورســى كرد، حزبى نيشــتيمانى

دووەم/ سیستەمی ڕێژەیی

سیستەمی ڕێژەیی وا پێناسە دەکرێت کە ژمارەیەک کورسی بە حیزبێک یاخود کۆمەڵێک بدرێت، کە لەگەڵ ژمارەی دەنگەکان بگونجێت[1]، سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پێویست بە دەنگدانی بە لیست دەکات، لەبەرئەوەی هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ژمارەیەک کورسی نوێنەرایەتی لەم هەڵبژاردنەدا بۆ دابینکراوە، کە دواتر کورسییەکان بەگوێرەی ڕێژەی دەنگەکان بەسەر پاڵێوراوان دابەش دەکرێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی تاکی ناوچەیەکی هەڵبژاردن یەک کورسی بۆ دابین دەکرێت، و ئەمەش لەگەڵ سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ناگونجێت، چونکە ناکرێت لە نێوان پاڵێوراوان ئەو کورسییە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەش بەش بکرێت[2].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر بێت و حیزبێک (٤٠٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ، دەبێت ڕێژەیەکی یەکسان بەو ڕێژە سەدییە کورسی بەدەست بهێنێت، کەواتە ئەگەر حیزبێک لە (١٠٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەوا پێویستە (١٠٪)ی کورسییەکان بەدەست بهێنێت، و لەم ڕووەشەوە بەکارهێنانی لیستی حزبی بۆ گەیشتن بە ڕێژەیی ئامرازێکی باشە، چونکە هەر حیزبێک لیستێک لە پاڵێوراوانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی و هەرێمی پێشکەش بە دەنگدەرانی دەکات[3].

---

سکۆتلەندی ٣ ٪ دەنگەکانی بەدەست هێنابوو کە (٣٥) کورسی دەکرد، حزبی دیموکراتی لیبراڵی ٧.٤٪ دەنگەکانی بەدەست هێنابوو کە (١٢) کورسی دەکرد، هەروەها حزبیەکانی تریش ٧.٤٪ دەنگەکانیان بەدەست هێنابوو کە (٢٤) کورسی دەکرد. U.K. Election 2017 والایە لە پێگەی، https://www.bloomberg.com/graphics/2017-uk-election/، (٩/٢٠/ ٢٠٢١).

Richard Kelly, Dissolution of Parliament, House of Commons, 2019, p5-6.

(١) عبدو سعد وئەوانی دی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.

(٢) د. سرهنك حميد البرزنجي، المرجع في الانتخابات تنظيرا وتطبيقا، الكتاب الاول، الاسس النظرية للانتخابات، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ٢٠٢١، ل١٧٢.

(٣) اندرو رينولدز وئەوانی دی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩-٦٠.

ژمـــارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە دیموکراتییە نوێیەکـــان کـــار بەو سیستەمە دەکەن، ئەمەش بۆ لایەنە باشـەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەگەڕێتەوە، بۆیە زیاتر لە (٢٠) دەوڵەتی تازە دروســـــت بوو پەیڕەو دەکرێـت، هــەروەهــا زیــاتر لە نیوەی وڵاتــانی دونیــاش ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکەن[١].

لەم ســیســـتەمەدا هەڵبژاردنی پێش وەختە ڕوودەدات، چونکە ئەم سیستەمە سیستەمی فرە حزبی بەرهەم دێنێت، بەو واتایەی ژمارەی حزبی ســیاســی زۆر دەبێت، ئەو لایەنە ســیاســییانەی کە کورســییان بەدەســـت هێناوە لە حکومەت بەشــدار دەبن، بۆیە لەم ســیســـتەمەدا زۆربەی جــار پەنــا دەبرێتە بەر پێکهێنــانی حکومەتی هــاوپەیمــانی، حکومەتی هاوپەیمانیش دەبێتە هۆی بوونی حکومەتێکی ناسەقامگیر و لەئەنجامیشدا ناسەقامگیری سیاسیی دروست دەبێت[٢].

ئیتــاڵیــا بە یەکێـک لە دیــارترین وڵاتی فرە حزبی دادەنرێـت لە ئەوروپادا، کە زیاتر لە چەندین لایەنی ســـیاســـی دەتوانن کورســـی پەرلەمان بەدەســـــت بهێنن، ئەو فرە حزبییەش لە ئەنجامی فاکتەری کۆمەڵایەتی وسیاسی دروست بووە، هەروەها پەیوەندی بە سیستەمی هەڵبژاردنیشــەوە هەیە، لە پارتە دیارەکانی ئیتاڵیا کە لە دوای لەســاڵی ١٩٤٨ دروســت بوونە، بریتین لە حزبی دیموکراتی مەسـیحی و حزبی شیوعی و سۆسیالست، کە هیچ کام لەم حیزبانە تا ئێستا نەیانتوانیوە بە تەنیا حکومەت پێکبهێنن، حزبی دیموکراتی مەســـیحی کە خاوەن جەماورێکی زۆر بوو نەیتوانی حکومەت بە تەنیا پێک بهێنێت، ئەمەش نــاچــاری کرد لەگەڵ حزبە بچووکەکــان کە زۆربەیــان میــانڕەو و و ڕاســـتڕەون هاوپەیمانی بکات بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتەی لە ســـاڵی ١٩٤٨ تاوەکو ســـــاڵی ١٩٩٤ ســــەرۆکایەتی دەکرد، هەر دوو حزبی

---

(١) عبدو سعد وئەوانی دی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

(٢) د. ســـــرهەنک حمید البرزنجي، الانظیمة الانتخابیة والمعاییر القانونیة الدولیة لنزاهة االنتخابات، منشورات الحلبي الحقوقیة، بیروت، ٢٠١٥، ١٦٥-١٦٦.

گەورەی شیوعی و سۆسیالست نەیانتوانی لەگەڵ حزبی دیموکراتی مەسیحیدا حکومەت پێکبهێنن، لە ئەنجامی ئەو ململانێ فکرییە گەورەی لە نێوانیان هەبوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە حیزبە بچووکەکان دەرفەتیان بۆ دەڕەخسا کە بەردەوام لە حکومەتی هاوپەیمانیدا بەشداربن[1].

ئیتاڵیا لە ژمارەی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی وزاری پێشەنگایەتی جیهان دەکات، کە ماوەی حکومەتەکەی لە دە مانگ تێپەڕی نەکردووە، لە جەنگی جیهانی دووەمەوە تاکو ساڵی ١٩٩٨ نزیکەی پەنجا و پێنج حکومەتی دەست لەکارکێشاوە هەبوو، کە هیچ حکومەتێک ماوەی یاسایی خۆی تەواو نەکردووە[2]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ حزبێک نەیتوانیوە زۆرینە بەدەست بهێنێت، بۆ پێکهێنانی حکومەت و پەنا براوتە بەر پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، لە ئەنجامیشدا حکومەتەکە ناسەقامگیر بووە و بۆتە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی حکومەتەکە وە پەنابردن بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە.

---

(١) صالح جواد الكاظم، علي غالب العاني، الانظيمة السياسية، وزارة التعليم العالي، بغداد، ، ١٩٩٠، ل١٤٥.

(٢) د.حافظ علوان حمادي الدليمي، النظم السياسية في اوروبا الغربية ولاولايات المتحدة الامريكية، دار وائل، عمان، ٢٠٠١، ل١٩٩.

## مەبەستی دووەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە و سیستەمی هەڵبژاردنی بە تاك و لیست

ئەم لقەش بۆ باسکردن لە سیستەمی هەڵبژاردنی بە تاک و لیست تەرخان دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم/ هەڵبژاردنی تاکی

مەبەست لە هەڵبژاردنی تاکی ئەوەیە کە وڵات بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت، لێرەشـــدا ژمارەی بازنەکان و ژمارەی پـاڵێوراوەکـان یەکســـان دەبن، بە واتـای ئـەوەی هەر بـازنەیەکی هەڵبژاردن یەک نوێنەری دەبێت، دەنگدەر بۆی هەیە کە یەک کاندید هەڵبژێرێت[1].

سیستەمی هەڵبژاردنی تاکی دوو شێوەی هەیە، یان بە یەک خول دەکرێت کە تەنها پێویستی بە زۆرینەی سادە یان ڕێژەیی هەیە، یاخود بە دوو خول ئەنجامدەدرێت، لەم حاڵەتەشـــدا بۆ دەرچوونی پاڵێوراو پێویستی بە زۆرینەی ڕەها هەیە بەم شێوەیە:

### ١-هەڵبژاردنی تاکە کەسی یەك خولی

پـاڵێوراو بە براوە دادەنرێـت ئەگەر هـاتوو زۆرترین ژمـارەی دەنگەکانی دەنگدەرانی بازنەی خۆی بەدەست هێنا، بە بەراورد کردنی بە ژمارەی ئەو دەنگانەی کە ڕکابەرەکانی لە هەمان بازنە بەدەسـتیان هێنـاوە، هەتـا ئەگەر کۆی دەنگەکـان کەمتر بێـت لە نیوەی ژمـارەی دەنگە ڕاســـتییەکـان یـان زۆرینەی ڕەهـای دەنگەکـان[2]. لە مـاددەی

(١) د. محمد ســـليم محمد غزوى، الوجيز فى نظام الانتخابات، ط٢، دار وائل، عمان، ٢٠٠٠، ل٤٠.

(٢) د. يحيى محمد على الطيارى، الظمانات الدســـتورية والقانونية للانتخابات العامة، المركز القومى للاصدارات القانونية، ط١، القاهرة، ٢٠١٩، ل٤٥.

(١٥/دووەم)دا لە یاسای هەڵبژارنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ دا بەم سیستەمەی وەرگرتووە[١].

**٢-هەڵبژاردنی تاکە کەسی دوو خولی**

لەم بارەدا پاڵێوراو بە سەرکەوتوو دادەنرێت ئەگەر هاتوو زۆرینەی دەنگە ڕەهاکانی بەدەست هێنا، لە زۆربەی کاتدا پاڵێوراو لە خولی یەکەم زۆرینەی دەنگی ڕەها بەدەست ناهێنێت، بۆیە پێویست دەکات کە هەڵبژاردن دوای ماوەیەک دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش لەنێوان ئەو پاڵێوراوانەی کەزۆرترین ژمارەی دەنگیان بەدەست

(١) مادەی (١٥/دووەم) هاتووە "خۆ پاڵاوتن بە شێوەی تاکە کەسی دەبێت لە ناو بازنەی هەڵبژاردنەکاندا". یاسادانەری عێراقی سەرەڕای ئەوەی لە ماددەی (١٥/دووەم)ی یاساکە دا بە ڕوونی هەڵبژاردنی تاکە کەسی پەسەند کردووە، هەروەها لە هەڵبژاردن دا لە بڕگەکانی تری هەمان ئەم یاسایە ڕێگای بە پاڵاوتنی لیستی کراوە داوە، هەرچەندە لیستی کراوە گونجاوە لەگەڵ سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، کە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی شێوە و میکانیزمی دەنگدانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ناکرێت لەگەڵ سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی چالاک بکرێت، چونکە لە فۆرم و ئەنجامەکانیدا جیاوازە لە سیستەمی زۆرینە و سیستەمی تاکی، وەکو پرەنسیپێکی گشتی، لە یاساکەدا زیاتر لە شوێنێک ئاماژە بە لیستی کراوە دراوە، لە ماددەی (١)دا لە لیستی کراوەدا لەگەڵ سیستەمی ڕێژەیی دەگونجێت و سیستەمێکی دەنگدانە بەشێوازێکی تایبەت وبە سیستەمی زۆرینە کارناکات، هەروەها لیست لە ماددەی(١١) و هەروەها لە ماددەی(١٤) داهاتووە هەر لیستێک پێویستی بە لەبەر چاوگرتنی ناوی ئافرەتێک کردووە دوای هەر سێ پیاوێک، ئەمەش سەرلێشێواوییەکی ڕوونە لە نێو نوسەرانی پێشنیارەکە لە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی کرداری هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن، ئەمەش مانای کەمی هۆشیاری هەڵبژاردنە لە نێوان زۆربەی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتداران، کە زانیاری کەمیان هەیە لەلایەنی تەکنیک و پڕاکتیکییەوە. د.مصدق عادل، الانتخابات النيابية العيراقية المبكرة، دار السنهوري، بيروت، ٢٠٢١، ل١٥٩. و سربست مصطفى،"قانون الانتخابات الجديد خطوة الى الامام خطوتان للوراء"والآيە لە پێگەی https://www.rudaw.net/arabic/opinion/05012020 (٢٠١٩/٧/٢٠)

هێناوه، بەڵام له دووباره کردنەوەیدا پاڵێوراوی سەرکەوتوو زۆرترین ژمارەی دەنگی بەدەست هێناوه[١].

ئەم سیستەمه به سیستەمێکی تری هەڵبژاردنەوه بەستراوەتەوه، که ئەوەش ســــیســـــتەمی زۆرینەیه، کەواته هەڵبژاردنی تاکی به تەنیا ناکرێت، بەڵکو دەبێت ســـیســـتەمی زۆرینەش بوونی هەبێت[٢]، کەواته دەتوانین بڵێین هەر وەکو له ســیســتەمی هەڵبژاردنی زۆرینەدا هاتووه، که هەڵبژاردنی پێش وەخته به ئەگەرێکی لاوازەوه دەکرێت ڕووبدات وەکو ئەوەی له پێشتردا باسمان لێکرد.

دووم/ هەڵبژاردنی به لیست

له ســیســتەمی هەڵبژاردنی به لیســتدا، پێویســته دەوڵەت بەســەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردنی گەوره وبنکه فراوان دابەش بکرێت، له هەر بازنەیەکدا دەنگدەران هەڵدەســـــتن به هەڵبژاردنی ژمارەیەک له پاڵێوراو[٣]، ئەم ژمارانەش یاســــای هەڵبژاردن دیاری دەکات نەک به تەنها یەک پاڵێوراو وەکو ســــیســـــتەمی هەڵبژاردنی تاکه کەســــی، ئەم سیستەمه به سیستەمی هەڵبژاردنی لیست ناو دەنرێت چونکه دەبێت دەنگدەر لیســـتێک پێشـــکەش بکات به ژمارەی داواکراوی پاڵێوراوان، هەروەها ئەم ســـیســـــتەمه ناودەنرێت به ســـــیســـــتەمی جۆراو جۆری ئەنــدامــان به لەبەر چــاوگرتنی زۆری پــاڵێوراوان که داوادەکرێن هەڵبژێردرێن[٤]، لێرەدا دەنگدەر به تەنها بۆ یەک پاڵێوراو دەنگ نادات،

---

(١) د. منصور محمد محمد الواسعي، حقا الانتخابات والترشيح وضماناتها، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٩-٢٠٢٠، ل٦٥-٦٦،

(٢) د. يحيى محمد على الطيارى، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

(٣) د. ابراهيم درويش، النظام السياسى، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٩، ٢٢٣.

(٤) د. ابراهيم عبدالعزيز شـيحا، النظم الســياســية والقانون الدســتورى، منشــاة المعارف، الاسكندرية، ، بدون سنه، ل٢٩٤.

بەڵکو دەبێت لیستێک پێشکەش بکات ئەم لیستەش لیستێکی داخراو دەبێت یاخود لیستێکی تێکەڵ[1].

کەواتە سیستەمی هەڵبژاردنی بە لیست بۆ جێبەجێکردنی چەند شێوازێکی هەیە، کە ئەوانیش شێوازی لیستی داخراو، لەم شێوازەدا دەنگدەر دەبێت دەنگ بدات بەو لیستەی کە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە دیاریکراوە، یاخود شێوازی لیستی کراو، لێرەدا دەنگدەر بە شێوەیەکی ئازاد هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی ئەو کاندیدانەی کە دەنگیان پێ دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی لیستێکی نوێی تایبەت بە خۆی، لە هەمان کاتیشدا شێوازێکی تریش هەیە پێی دەڵێن لیستی نیمچە کراوە، لەم شێوازەشدا دەنگدەر لیستێک هەڵدەبژێرێت لە نێوان لیستە کێبڕکێ کارەکاندا و مافی ئەوەی هەیە کە بەپێی ئارەزوو و ویستی خۆی لە نوێ لیست و زنجیرە و ناوی پاڵێوراوەکان دابڕێژێتەوە بێ ئەوەی ناوی تر لە لیستی ترەوە بهێنێتە ناو لیستەکە[2].

---

(١) محمد جمال مطلق، النظم السياسية والقانون الدستوری، دار العلمية الدولية و دار الثقافة للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٣، ل١٢٦.

(٢) د. علي احمد خليفة، القانون الانتخابي، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٧، ل١٨٨-١٨٩. د. عصام الدبس، النظم السياسية، الكتاب الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

# بەشی یەکەم

# سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی پێشوەختەی دەسەڵاتی یاسادانان

گومانی تێدا نییە هەڵبژاردنی پێش وەختە کاریگەری هەیە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان، لە زۆرێک لەو سیستەمانەی کە پەیرەوی سیستەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی دەکەن پەنا بۆ حکومەتی هاوپەیمانی دەبەن، کە زۆربەی جار تەمەنی کورتە و لێک هەڵدەوەشێتەوە و پەنا بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە دەبەن، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش یەکێکە لە ڕێگە چارەسەرییەکانی ململانێی سیاسییەکان، هەڵوەشانەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ماوەی ویلایەتی پەرلەمان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشە دابەش دەکەین بەسەر دووباسدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم: سیستەمی پەرلەمانی و پێکهێنانی حکومەت

باسی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی یاسادانان

## باسی یەکەم
## سیستەمی پەرلەمانی وپێکهێنانی حکومەت

لەم باسەدا باس لە سیستەمی پەرلەمانی و پێکهێنانی حکومەت دەکەین، بە جۆرێک ئەم باسە دابەش دەکەین بە سەر دوو مەبەست، کە لە مەبەستی یەکەم دا باس لە سیستەمی پەرلەمانی و خەسڵەتەکانی دەکەین، هەرچی مەبەستی دووەمە بۆ پێکهێنانی حکومەت تەرخانی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەبەستی یەکەم: سیستەمی پەرلەمانی و خەسڵەتەکانی

مەبەستی دووم: چەمکی حکومەت و حکومەتی هاوپەیمانی وپێکهێنانی حکومەت

## مەبەستی یەکەم
## سیستەمی پەرلەمانی و خەسڵەتەکانی

سیستەمی پەرلەمانی سروشتێکی تایبەتی هەیە، ئەو سروشتە تایبەتەش لەسەر بنەمای پڕەنسیپی جیاکاری لەنێوان دەسەڵاتەکان بە شێویەکی ڕێژەیی و نەرم بونیاد نراوە، چونکە سیستەمی پەرلەمانی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن سیستەمێکی هاوسەنگە، ئەمەش بە هاوکاری تەواوی نێوان پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەت دەبێت بە ڕێگای وەزارەتی پەیوەندیدار لە بەرامبەر پەرلەماندا، ئەم باسە تایبەتمەند دەکەین بە پێکهێنانی سیستەمی پەرلەمانی و خەسڵەتەکانی سیستەمی پەرلەمانی بەم شێوەیەی خوارەوە لە دوو لقدا باسیان لێوە دەکەین:

لقی یەکەم: پێکهاتەی سیستەمی پەرلەمانی
لقی دووەم خەسڵەتەکانی سیستەمی پەرلەمانی

## لقی یەکەم
## پێکهاتەی سیستەمی پەرلەمانی

ئەم لقە تایبەت دەکرێ بۆ باسکردن لە پێکهاتەی سیستەمی پەرلەمانی، کە ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە گەشەسەندنی مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی پەرلەمانی و پێناسەی سیستەمی پەرلەمانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ گەشە سەندنی مێژوویی سیستەمی پەرلەمانی

دەتوانین بڵێین سیستەمی پەرلەمانی لە سەدە کۆنەکان بە بانگهێشتکردنی پادشا بۆ ژمارەیەک لە نوێنەرانی گەل بۆ پێکهێنانی پەرلەمان دەستی پێکرد، ئەم بیرۆکەیە لە ساڵی ١٢٦٥ لە ئینگلتەرا

سەریهەڵدا، کە بە لانکەی سیستەمی پەرلەمانی لە جیهاندا دادەنرێت، دواتر بە ناو هەموو وڵاتانی تردا بڵاوبویەوە، بە تایبەت لە دەوڵەتەکانی ئەوروپا و لە ئیسپانیا تاوەکو مەجەر، ئەم سیستەمە نوێنەرایەتییە لە ئینگلتەرا لە ئەنجامی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە بەرەوپێش چوو، ئەم سیستەمە پەرلەمانییە دروست بوو، وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی، ئەوەی ئینگلتەرای جیاکردەوە لە دەوڵەتەکانی تر بەرەو پێش چوون و پەرەسەندنی بەردەوام و سەرکەوتنی بوو لە ڕێگای حوکمڕانی پەرلەمانی و بەردەوام بوونی ئەم سەرکەوتنە تاوەکو ئەمڕۆ[1].

سەرهەڵدانی پەرلەمان لە ڕابردوودا بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەگەڕێتەوە، کە بە ویستی پادشا پێک دەهێنرا، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک لەگەڵی بەشداربن، لە ساڵی ١٠٦٦ پادشا کۆمەڵەیەکی پێکهێنا کە لە گەورە پیاوانی چینی باڵا لە ئینگلتەرا پێک هاتبوون، ئەم کۆمەڵەیە بە ئەنجومەنی گەورە ناونرا، کە پادشا دەسەڵاتی بەسەردا هەبوو لە بڕیارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم کۆمەڵەیە تەنیا سیفەتی ڕاوێژکارییان هەبوو، هەموو کاروبارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە ویستی پادشا بوو، بوونە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا دیاریکراو بوو، تەنها لە چینە باڵاکان و پیاوانی ئاینی بوو[2]، هێزی ئەم کۆمەڵەیە پشت بە پادشا و هێزەکەی دەبەستێت، ئەگەر پادشا بەهێز بێت و خاوەنی توانایەکی باش بێت، ئەوا کۆمەڵەکە بەهێز دەبێت، بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵەکە لاواز دەبێت، لەمەشەوە دەردەکەوێت کە ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی ئەرستۆکراتی بوو[3].

---

(١) بهجت صبری ئاکرەیی، تنظیم الاختصاصات الدستورية للسلطة التنفيذية فى النظام البرلمانى-العراق نموذجا، مطبعة منارة، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧-٨.

(٢) بهجت صبری ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(٣) عفيفى كامل عفيفى، الانظمة النيابية الرئيسية، منشاة العارف جلال خيرى وشركاه، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ل١٣٢.

له كۆتایی سـەدەی سـێزدەهەم ئەم سـیسـتەمە پەرەی سـەند، ئەنجومەنی ڕاوێژكاری بە ناوێكی نوێ ناونرا، ئـەوەش ئەنجومەنی گەورە یان پەرلەمان بوو، پێكهاتەی پەرلەمان لە سەرۆكی قەشەكان و پیاو ماقوڵان پێكهاتبوو، كە تایبەتمەندی زۆریان هەبوو، پادشـا جگە لەوەی دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەبوو، دەسـەڵاتی دادوەریشـی گرتە دەست، ئەو ئەنجومەنە گەورە بۆ پێدانی ڕاوبۆچون لە بابەتی یاسایی و سیاسی و دادوەری لە حاڵەتە گرنگەكان و تایبەتەكاندا كۆدەبۆوە[١].

سیستەمی پەرلەمانی لە ئینگلتەرا لەسەدەی نۆزدەهەمەوە بەرەو پێش چوو، ئەم بەرەوپێش چوونەش تەنها قۆناغێك بوو لە قۆناغەكانی بەرەو پێش چوون لە مێژووی دوور و درێژی سـیاسـی، كە لە سیستەمی پادشایەتی ڕەها لە سەدەكانی ناوەڕاست بۆ سیستەمی پەرلەمانی گۆڕا، تا لە سـەدەی نۆزدەهەم شـێوەی تەواوی وەرگرت، پاش ئەوەی كە پادشاكان لە سەدەكانی ناوەڕاست دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو ئەم دەسـەڵاتەش وردە وردە بۆ بەرژەوندی پەرلەمان بچووك بۆتەوە، تاوەكو وایان لێهات تەنها بە شـێوەیەكی ڕواڵەتی مانەوە، ئەمەش لە ئەنجامی بڕیاردانی بەرپرسـیارانەی وەزیرەكان بوو لەبەرامبەر پەرلەمان، كە جاران لە ژێر دەسەڵاتی پادشا بوو[٢].

له مێژووی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی تاكو ئێستا، عێراق لە دوو دەسـتوردا سـیسـتەمی پەرلەمانی وەرگرتووە، سـیسـتەمی پەرلەمانی لە عێراق دەسـتی پێكرد لەگەڵ دانانی دەسـتوری سـاڵی ١٩٢٥، كە ناونرا بە ( یاسای بنەرەتی عێراق)[٣]، ئەمەش یەكەم دەستور بوو لە عێراق دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و گرتنە دەسـتی

(١) ثروت بدوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.
(٢) ثروت بدوی، النظم السیاسیة، دارالنهضة العربیة، الجزءالاول، القاهرة، ١٩٦٤، ل٢٩٣.
(٣) ماددەی (٢) لە یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥.

دەسەڵات لەلایەن مەلیک فەیسەڵ[1]، هەروەها لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا بە سیستەمی پەرلەمانی وەرگرتووە[2].

دووم/ پێناسەی سیستەمی پەرلەمانی

سیستەمی پەرلەمانی جۆرێکە لە جۆرەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی، کە هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی نەرم لە نێوان دەسەڵاتەکان، جیاکردنەوەیەک کە دامەزراوە لەسەر جۆرێک لە هاوسەنگی و هاوکاری و چاودێری ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن[3]، ئەم جۆرە جیاکردنەوەیەی نێوان دەسەڵاتەکان دادەنرێت بە لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ ناواخنی ئەم ڕێبازە، لەبەر ئەوەیە سیستەمی پەرلەمانی نمونەیەکە یاخود وێنەیەکی ڕاستە لە جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان[4].

سەرەڕای ئەوەش سیستەمی پەرلەمانی کار دەکات بۆ نەهێشتنی کۆبونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەستی یەک کەس یاخود دەستەیەک، کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی زۆرداری لە دەسەڵاتدا، لێرەدا ڕۆڵی دەستور دێت بۆ ئەوەی چوارچێوی ئەو هاوسەنگییە دیاری بکات بە دەق لەسەر جیاکردنەوی دەسەڵاتەکان لەنێوان هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوری[5].

---

(١) د. جواد کاظم، د. غالب خضر، د. شفیق عبدالرزاق، النظم الدستوری فی العراق، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی بغداد، ١٩٨١، ل١-٢.

(٢) لە ماددەی یەکەم لە دەستوری عێراقی ساڵی٢٠٠٥دا هاتووە "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، ڕژێمی حکومڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، ئەم دەستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت".

(٣) د. ثامر کامل محمد الخزرجي، النظم السیاسیة الحدیثة والسیاسات العامة، الطبعة الاولی، دار مجدلاوي للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٤، ل٢٥٤.

(٤) د. منذر الشاوی، القانون الدستوری، دارالعاتک لصناعة الکتاب، الجزءالاول، بغداد، الجزءالاول، ط٢، ٢٠٠٧، ل١٧٧.

(٥) حنان ریحان المضحکي، السؤال البرلمانی، ، المکتب الجامعی الحدیث، الاسکندریة،٢٠١٤، ل١٤.

یاساناس (بارتملی) بەمشێوەیە پێناسەی سیستەمی پەرلەمانی کردووە، ئەو سیستەمی حوکمڕانییەیە، کە لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دادەمەزرێت، بە شێوەیەک کە ئاڕاستەکردنی کاروباری گشتی لە ئەنجامی هاوکاری تەواوی نێوان پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەت دەبێت، لە ڕێگەی وەزارەتی بەرپرس لە بەرامبەر پەرلەمان"[١].

(د. طعيمة الجرف)، بەم شێویە پێناسەی سیستەمی پەرلەمانی دەکات، دەڵێت "سیستەمی پەرلەمانی ئەو سیستەمەیە، کە لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن وەستاوە، بە شێوەیەک فەرمانی ئاڕاستەکردنی سیاسی بە هاوکاری ڕاستەقینەی نێوان پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەت دەبێت بۆ کاروباری گشتی"[٢].

هەروەها وا پێناسە دەکرێت کە " ئەم سیستەمەیە کە ئاڕاستەی گشتی بۆ پرسە گشتییەکان لە ئەنجامی هاوکاری پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەت کە بەرپرسیار نییە بەهۆی ئەنجومەنی وەزیران کە بەر پرسیارە"[٣]. هەندێکی تر لە زانایان پێناسەی ئەم سیستەمە دەکەن بەوەی ئەم سیستەمە ئامانجی ئەوەیە کە یەکسانی و هاوکاری لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دروست ببێت، تاوەکو یەکێکیان دەست بەسەر ئەوەیتریاندا نەگرێت[٤].

## لقی دووەم
## خەسڵەتەکانی سیستەمی پەرلەمانی

---

(١) لطيف مصطفى امين، مبدا الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقهما فى الساتير العراقية، مكتب الفكر والتوعية، سليمانية، ٢٠٠٧، ل١٧١.

(٢) عوسمان عەلی وەیسی، سیستەمی پەرلەمانی لە باشوری کوردستاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٥.

(٣) د. پێشەوا حميد عبدالله، المسولية السياسية للسلطة التنفيذية فى النظام البرلماني، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ل١٦.

(٤) د. هاني علي الطهراوي، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ٢٠٠٨، ل٢٤٨.

ئەم لقە تایبەتە بە باســـکردن لە خەســـڵەتەکانی ســـیســـتەمی پەرلەمانی لە سەرەتادا باس لە هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکان دەکەین، دواتر باس لە چاودێری دەسەڵاتەکان دەکەین بەسەر یەکترییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ سیستەمی پەرلەمانی و هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکان

هاوکاری نێوان ئەم دوو دەســـەڵاتە لە چەند ڕوویەکەوە بەدی دەکرێت، کە هاتنەدی ئەم هاوکارییە لە نێوان هەردوو دەســـەڵاتەکە لە ڕێگەی حکومەتەوە دەبێت[1]، کاتێک کە حکومەت دەزانێت فەرمانی دامەزراندنی وەزیرەکان لە دەســـتی ســـەرۆکی دەوڵەتە و متمانە بەخشین و متمانە لێسەندنەوەی حکومەت لە دەستی پەرلەمانە، لە بەر ئەوە حکومەت هەموو کات هەوڵ دەدات کە هاوکاری نێوان هەردوو لا مســـۆگەر بکات و لە یەک کاتدا جێگەی ڕەزامەندی هەردوو لایەن بێت، دروست بوونی هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن بەم شێوەیە دەبێت، بەم کارەش حکومەت وای نیشان دەدات کە ئەڵقەی پێکەوە بەستنی نێوان پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەتە[2].

حکومەت بەشداری لە تایبەتکارییەکانی بواری یاسادانان دەکات، لە هەمان کاتیشدا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، پەرلەمان هاوکاری و یارمەتی حکومەت دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا کە زۆربەی وەزیرەکان لە ئەندامانی حزبی زۆرینەی پەرلەمان بۆ پۆســـتە وزارییەکان هەڵدەبژێردرێت، بەمشـــێوەیەش پەیوندییەکی پتەو لە نێوان هەردوو لایەن دێتە ئاراوە، و دەبێتە هۆی دروســـت بوونی هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوبردنی وڵات[3].

---

(١) د. يزن خلوق محمد ســاجد، الســلطة التشــريعية وصــنع الســياســة العامة في النظام البرلماني، دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، الاردن،٢٠١٩، ل٣٨.

(٢) لطيف مصطفى امين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

(٣) د. حماد صــابر، الوجيز في القانون الدســتوري والمؤســســات الســياســية، مطبعة فاس بريس، ٢٠١٥-٢٠١٦، ل٨٤.

گەرچی ئەرکی یاسادانان تایبەتە بە دەسەڵاتی یاسادانان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک جار هاوکاری لە نێوان هەردوو دەسەڵاتەکە دەردەکەوێت، کە هەندێک کات دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەشداری دەکات لە پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسا بۆ پەرلەمان، بە هەمان شێوەش پەرلەمان مافی پێشکەش کردنی پڕۆژە یاسای هەیە، زۆربەی ئەو یاسایانەی کە دەردەچێت پڕۆژەیاساکانیان لەلایەن حکومەتەوە ئامادە دەکرێن و پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێن[1].

هاوکاری نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە لە ئامادەکردن و بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتیش دەردەکەوێت، کە ئەم هاوکاریەش لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن گرنگە، لەبەر ئەوەی حکومەت لە ڕێگەی گشت دەزگاکانی جێبەجێ کردن ئاگادارە لە هەموو پڕۆژەکان و ئەو بڕە خەرجییەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانیان دیاری دەکات و پێشکەشی بە پەرلەمان دەکات، کە بڕیاردان لەسەر بودجەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی پەرلەمان[2].

دووم/ چاودێری دەسەڵاتەکان بەسەر یەکترەوە

چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر یەکتریەوە بە دوو شێواز دەبێت، کە یەکەمیان چاودێری دەسەڵاتی یاسادانانە بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، و دووەمیشیان چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن

ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی لەسەر کاروباری حکومەت بریتین لە مافی پرسیارکردن و مافی پرساندن و مافی گفتوگۆ

---

(١) د. محمد محمود العمار العجارمة، الوسيط فى القانون الدستوري الاردني، دار الخليج، عمان، ٢٠١٨، ل٣٤.

(٢) محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٥، ل٣٢٤.

ولێپرسراویەتی وزاری ولێکۆڵینەوەی پەرلەمانی خۆی دەبینێتەوە بەم شێویەیە:

## أ- مافی پرسیارکردن

پرســـیارکردن ئامرازێکە کە هەر ئەندام پەرلەمانێک مافی ئەوەی هەیە پرســیارێک یان چەند پرســیارێک ئاڕاســتەی وەزیری بەرپرس یاخود ســەرۆک وەزیران بکات، بۆ ئەوەی ڕونکردنەوە و هەڵوێســتی وەزارەت لەســـــەر بـابەتێکی دیـاریکراو بـدەن(١)، مەبەســـتیش لە پرســیارکردن تاوانبارکردن و ڕەخنەگرتن و لێپرســینەوە لە حکومەت نییە، بەڵکو مەبەســت لێی ڕوونکردنەوە و وەرگرتنی زانیارییە لەســەر بابەتێکی دیاریکراو لە وەزیری تایبەتمەند لەو بوارەدا یاخود لە خودی سەرۆک وەزیران(٢).

پرســیارکردن بەو واتایە دێت کە پەیوەندییەکە کورت دەبێتەوە، و پەیوندی بە هەردوو لایەنەوە هەیە، ئەوانیش ئەو لایەنەی کە پرســیار دەکات کە ئەندام پەرلەمانە، و ئەو لایەنەی کە پرســـیاری ئاڕاســـتە کراوە و وەڵام دەداتەوە کە ئەوەش وەزیری بەرپرسە(٣).

لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٦١/حەوتەم/ا-ب) دا هـاتووە، کە دەڵێت " ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانن پرســـیار ئاڕاســتەی ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکەن، لەهەر بابەتێکدا لە بواری پســـپۆڕی ئەواندا بێت و ئەوانیش هەموویان مافی ئەوەیان هەیە وەڵامی پرســـیارەکانی ئەندامان بدەنەوە، تەنها ئەو کەســەش پرســـیاری کردووە مافی ڕوونکردنەوەی هەیە" (ب) " لانی

---

(١) د. محمد محمود العمار العجارمة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

(٢) د. بســمة عبدالمعطي الحوراني، النظام البرلماني وتطبيقاته، دار وائل للنشـــر والتوزيع، عمان، ٢٠١٦، ل١١٧.

(٣) حنان ريحان المضحكى، السوءال البرلمانى، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٤، ل٣٥.

کەم بیستو پێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بابەتێکی گشتی بخەنە ڕوو بۆ تاوتوێکردن........[1].

سەبارەت بە پرسیارکردن لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەشی دەیەم لە ماددەی (٥٠) باس لە چۆنییەتی پرسیارکردن و ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان، کە هەموو ئەندامێک دەتوانێت پرسیار بە نوسراو ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانی یان وەزیرەکان یاخود سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان و سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەندیدار نین بە حکومەتەوە بکات[2].

## ب- گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی گشتی

یەکێک لە شێوازی چاودێری کردنی پەرلەمانیی، خستنەڕووی بابەتێکی گشتی گرنگە بۆ گفتوگۆکردن لەناو پەرلەماندا، کە هەموو ئەندامەکان بەشداری تێدا دەکەن، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حکومەت لەسەر ئەو بابەتە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەری، ئەم میکانیزمەش بە مانای لێپرسینەوە یاخود تاوانبارکردنی حکومەت نایەت، ئەم شێوازە یەکێکە لە شێوازە نەرم و لەسەرخۆکان، کە ئامانجی گفتوگۆکردنە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت لەسەر بابەتێک کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک لەلایەن هەردوو لایەنەوە، بۆیە ئاڵوگۆڕی بیروڕا هەماهەنگییە لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا لە بەرژەوندی گشتیدا[3].

---

(١) ماددەی (٦١) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری سەیری ماددەی (٥٠) بکە لە بەشی دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، ساڵی ٢٠١٦.

(٣) فيصل شطناوي، وسائل الرقابة البرلمانية على اعمال السلطة التنفيذية في النظام الدستور الاردني خلال فترة(٢٠٠٩،٢٠٠٣) مجلة جامعة النجاح للابحاث العلوم الانسانية، العدد مجلد (٢٥) العدد (٩) ٢٠١١، ل٢٣٤٦.

زۆربەی دەســتورەکان ڕێگە بە ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەندامانی پەرلەمـان دەدەن بـابەتێکی گشـــتی بخەنە بەر بـاس و گفتوگۆ، بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسـەت و ئەدای ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکان، ســەرۆک وەزیران یان وەزیرەکان کاتێک دیاری دەکەن بۆ ئـامـادده بونیـان لە پەرلەمـان بۆ خســـتنەڕووی بـابەتەکە و گفتوگۆکردن لەسەری[1].

لە دەســـتوری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ دا لە بڕگەی (حەوتەم/ب)ی ماددەی(٦١)دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە "لانی کەم بیســـت و پێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێکی گشـــتی بخەنەڕوو بۆ تاوتوێکردن بە مەبەســتی ڕوونکردنەوی ســیاســەت و کاری ئەنجومەنی وەزیران یـان یەکێک لە وەزارەتـەکـان بـابەتەکەش پێشـــکەش بە ســـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت، ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یـان وەزیرەکـان وادەیەک دادەنێن تـا ئـامـادەبن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە"[2].

هـەروەهـا لە پەیڕەوی نـاوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئـەوەی خســـتۆتە ڕوو، کە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە بانگهێشـــتی حکومەت بکات بۆ خستنەڕووی بابەتێک بۆ گفتوگۆکردن لەسەری[3].

**ج-مافی پرساندن**

(١) د. نعمان عطاالله الهيتي، الرقابة على الحكومة، دار رسلان،ط١، دمشق، ٢٠٠٧، ل٦٣

(٢)بڕگەی(حەوتەم/ب) ماددەی (٦١) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) ماددەی (٥٥) لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی "دەکرێت بیســـت و پێنج پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەران بابەتێکی گشـتی بخەنە ڕوو بۆ تاوتوێکردن بە مەبەســـتی ڕوونکردنەوەی ســـیاســـەت و کاری ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکـان، داواکەش پێشـــکەش بە ســـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش وادەیەک دیـاریـدەکـات بۆ ئـامـادەبوونی لەگەڵ دیاریکردنی دوا مۆڵەت بۆ تاوتوێکردنەکە".

لێپرسینەوە لە پرسیارکردن مەترسیدارترە، چونکە تەنها داوای ڕوونکردنەوە لە بابەتێکی دیاریکراو نییە[١]، لێپرسینەوەش لێپرسینەوەیە لە یەکێک لە وەزیرەکان یاخود لە حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، لەسەر ئەرکێک لە ئەرکە گشتییەکانی حکومەت[٢]، لێپرسینەوە کورت ناکرێتەوە بە گفتوگۆ کردنی نێوان ئەو ئەندام پەرلەمانەی کە لێپرسینەوەکەی پێشکەش کردووە، لەگەڵ ئەو وەزیرەی کە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵکو دەگونجێت تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران تێیدا بەشداربن[٣]، لێپرسینەوەش لە کاتێکدا پەنای بۆ دەبردرێت کە حکومەت یاخود یەکێک لە وەزیرەکان تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەباشی ئەنجام نەدانی ئەرکەکان و گەیاندنی زیان بە بەرژەوەندی گشتییان لەلایەن یەکێک لە ئەندام پەرلەمانەکان دەدرێتە پاڵ[٤].

لێپرسینەوە بە مافی پەرلەمان دادەنرێت نەکوەک مافێکی کەسی بۆ ئەو کەسەی پرسیار دەکات بە تەنیا لە حاڵەتی پرسیارکردن، هەر لەبەر ئەمەشە کە لێپرسینەوە بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان دادەنرێت بەدەست دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بۆ چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە لێپرسینەوە گرنگی تایبەتی هەیە دەستوری زۆربەی وڵاتان هەندێک ڕێ وشوێن ومەرجیان بۆ گرتنەبەری لێپرسینەوە داناوە[٥].

---

(١) المحامي وسيم حسام الدين الاحمد، الاستجواب في النظام البرلماني العربي، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت٢٠١١، ل١٢.

(٢) صادق احمد علي يحيى، الاستجواب كوسيلة للرقابة البرلمانية على اعمال الحكومة، دراسة مقارنة، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٨، ل١٩.

(٣) د. بشير علي باز، الاستجواب البرلماني كاداة رقابية فعالة على اعمال الحكومة، دارالفكر العربي، الاسكندرية، ٢٠١٥، ل٣١.

(٤) د. عوض الليمون، الوجيز في النظم السياسية ومباديء القانون الدستورى، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٦، ل٢٣٤.

(٥) د. بشير علي باز، الاستجواب البرلماني كاداة رقابية فعالة على اعمال الحكومة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

که ئەمەش لە دەستوری عێراقی سالّی ٢٠٠٥ لە بڕگەی (حەوتەم/ج)ی ماددەی(٦١) دا هاتووە دەڵێت "ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگهێشتنامەیەک ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کاروبارانەی پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوانەوە هەیە......"[1].

هەروەها لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کە لە ماددەی (٥٦)دا ئاماژە بە لێپرسینەوە دەکات کە بەڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام پەرلەمان دەتوانرێت لێپرسینەوە ئەنجامبدرێت[2].

## د- لێکۆڵینەوەی پەرلەمان

لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئامرازێکە بە دەستی دەسەڵاتی یاسادانان، بۆ چاودێری کردن و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن[3]، مافێکی ڕەوای پەرلەمانە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی پەرلەمانییە، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە سیستەمی سەرۆکایەتیش دەگرنە بەر[4]، کاتێک پەرلەمان بیەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بکات چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی دەگرێتە بەر، ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەنجام دەدرێت کاتێک پەرلەمان گومانی لا دروست دەبێت لەسەر نیەت پاکی و ڕاستگۆیی

(١) ماددەی (٦١) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٢)ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ" ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام دەتوانێت لێپرسینەوە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان یەکێک لە جێگرەکانی یاخود وەزیرەکان بکات بۆ هەڵسەنگاندنیان لەو کاروبارانەی کە پەیوەندیدارە پێیانەوە، بانگهێشتەکەش ئەنجام نادرێت پاش تیپەڕبوونی حەوت ڕۆژ نەبێت بە لانی کەمەوە پاش پێشکەشکردنی".

(٣) د. کاوە ياسين سليم، التنظيم القانونى لضمانات حقوق الانسان وحرياته، دراسة مقارنة، المكتب الجامعى الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٨، ل١٢٢.

(٤) د. مدحت احمد يوسف غنايم، وسائل الرقابة البرلمانية على اعمال الحكومة في النظام البرلماني، دار النهضة العربية، ١٩٩٨، ل٣٠٢.

حکومەت لە ڕاســـتی و دروســـتی ئەو داتا و زانیارییانەی دەیخاتە بەردەم پەرلەمان[١].

بە واتـای ئـەوەی پەرلـەمـان لێکۆڵینـەوە لە ئەرکەکـانی حکومەتدا دەکات، لەسـەر چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکانی لە گشت بوارەکاندا جا بواری خزمەتگوزاری بێـت یـا گەشــــەکردنی دارایی و ئـابووری و کارگێڕی بێت، یا سەرجەم ئەو بوارانەی کە لە بەرژەوندی گشتیدان[٢]، پەرلەمان پشت بەو داتا و زانیارییانە نابەستێت کە لەلایەن حکومەتەوە پێی دەدرێت، بەڵکو بە شـێوەیەکی ڕاســتەوخۆ لە ڕێگەی پەیوندیکردن بە خەڵک و کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕ زانیارییەکان وەردەگرێت و بە دوای بەڵگەنامە و نوسراوە فەرمییەکاندا دەگەڕێت[٣].

بە گەڕانەوە بۆ دەســـتوری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ تێبینی ئەوە دەکەین، کە لە دەســـتور بۆ پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە هیچ دەقێک ڕاســـتەوخۆ مافی بە ئەنجومەنی نوێنەران نەداوە، بەڵام نەبوونی ئەم مافە ئەنجومەن بێ بەش ناکات، چونکە ئەم مافە لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەران دەستەبەر کراوە[٤].

## ە- لێپرسـراوییەتی وزاری ( بەرپرسـیاری وەزارەت لە بەرامبەر پەرلەمان):

مەبەستمان ئەو بەرپرسیارێتیەیە لەبەردەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو وە ئەم بەرپرسـیارێیتیە پێچەوانەی بەرپرسـیارێتی یاسـاییە Legal responsibility کە ناتواندرێت لەڕێگەی دادگاوە بســـەپێنرێت، هەر

---

(١) ناصر علي ناصر الشبلاوي، التحقيق البرلماني لجنة تقصى الحقائق، دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠٢٠، ل٢٠

(٢) صادق احمد علي يحيى، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٣) محمد رضـابن حماد، المبادىء الاسـاسـية للقانون الدسـتوري والانظمة السـياسـية، بدون نشر، تونس، ٢٠١٠، ل٤٤٩.

(٤) مـاددەی (٨٣) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران "پێکهێنـانی لیژنەی کـاتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی یان پەنجا ئەندام".

لەبەر ئەوەشـــە بە ســـیاســـەت وەســـفکراوە Political چونکە دەرئەنجامەکانی ســـیاســـین[1]، لێپرســـراوییەتی وزاری بە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزی پێکهێنەری سیستەمی پەرلەمانی دادەنرێت، ئەگەر هاتوو ئەم ڕەگەزە بوونی نەما ئەوا ناکرێت سیستەمەکە بە پەرلەمانی دابنرێت[2]، مەبەســتیش لە بەرپرســیارەتی ئەوەیە، کە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە کە بابەتی متمانە لێ ســەندنەوە لە حکومەت بخاتە ڕوو، لەو کاتەی پەرلەمان پێداگری دەکات لەســـەر ئەوەی کە حکومەت شـــایەنی لێپرســـینەوەیە، لە ئەنجامی ئەمەشـــدا متمانەی لێ دەسەندرێتەوە، و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووخانی کابینەی حکومەت[3].

بەرپرســـیاریەتیش لەوانەیە بە کۆمەڵ بێت، هەموو وەزیرەکانی حکومەت لەخۆ دەگرێت بە یەکەوە هەموویان بەرپرســـیار دەبن، کە ئەمەش بەهۆی سیاسەتی گشتی و بەرنامەی بە کۆمەڵی حکومەتەوە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا[4]، لەوانەشـــە بەرپرســـیارەتی وەزیرێک بێت بە تەنیا بەبێ ئەوەی وەزیرەکانی تر بگرێتەوە، کە لە حکومەتەکەدا لەگەڵیدا بەشدارن، ئەمەش لەو کاتەوە، دروست دەبێت کە یەکێک لە وەزیرە تایبەتمەندەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی و ڕانەپەڕاندنی کارەکانی لە بەڕێوبردنی وەزارەتەکەیدا، دواجار دەبێتە هۆی لەســـەر کار لابردنی وەزیرەکە بەبێ ئەوەی زیان بەوانیتر بگەیەنێت[5].

بەرپرســـیارییەتیش لە ســـیســـتەمی پەرلەمانیدا ڕۆڵی ئەنجومەنی وەزیران دەردەخات، کە ئەنجومەنی وەزیران نەخشـــە و داڕشـــتنی

1 Bradly and Ewing, Constitutional and Administrative law, Pearsom Education 2018, P111.

(٢) محمد كامل ليلة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢٩.

(٣) د. حسان محمد شفيق العانى، الانظمة السياسية والدستورية المقارنة، مطبعة جامعة بغداد، غداد، ١٩٨٦، ل٣٩.

(٤) محمد كامل ليلة، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢٩.

(٥) د. محمد كاظم المشهداني، القانون الدستوری، مؤسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠١١، ل١٦٥.

سیاسەتی گشتی و سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی دەکات لە ڕێگەی هەموو دام و دەزگاکانی بواری جێبەجێ کردن، لە دەستوری عێراقیش لە بڕگەی (هەشتەم)ی ماددەی (٦١)دا، باس لە متمانە سەندنەوە لە یەکێک لە وەزیرەکان بە زۆرینەی ڕەها دەکات، و باس لەو ڕێ و شوێنانە دەکات کە دەتوانرێت بگیرێتەبەر بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر یاخود لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزیرەکان بەیەکەوە[١].

بەرپرسیارییەتی بە کۆمەڵیش دەبێتە هۆی لە کار لادانی هەموو وەزیرەکان، ئەمەش لە ئەنجامی متمانە لێسەندنەوەیان ڕوودەدات، چونکە ئەم بەرپرسیارێیەتییەی دروست بوو یان لە ئەنجامی سیاسەتی گشتی حکومەتەوەیە، یان پەیوەندی بە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، کە ئەوەش ڕەمزی سیاسەتی گشتی حکومەتە، کە لە هەردوو باریشدا بەرپرسیارێیەتییەکە هەموویان دەگرێتەوە[٢].

٢-چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان

سەبارەت بە چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ سەر دەسەڵاتی یاسادانان، سێ ماف بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدات، کە ئەوانیش بریتیین لە مافی بانگهێشکردنی پەرلەمان، مافی پێشنیارکردنی پڕۆژە یاساکان، ومافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، بەم شێوەیە:

## أ-مافی بانگهێشتکردنی پەرلەمان

---

(١) ماددەی (٦١) دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨٩.

دەســـــەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێـت بە مەبەســـتی کۆبونەوە بانگهێشــتی پەرلەمان بکات[1]، ســەبارەت بەمەش دەســتوری زۆربەی وڵاتان ئەو مافەی داوە بە ســــەرۆکی دەوڵەت بۆ ئەوەی بتوانێت لە خولی ئاســـایی و نائاســـاییدا بە مەبەســـتی کۆبونەوە بانگهێشـــتی پەرلەمان بکات.

ســـەرۆکی دەوڵەت لە هەموو کاتێک و لە هەموو بارێکدا ناتوانێت بانگهێشــتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبونەوە، چونکە ئەم مافەی ســەرۆکی دەوڵەت مافێکی ڕەها نییە، هەر لەبەر ئەوەشــە ئەم مافە چەندین کۆت و مەرجی لەســـەرە لە هەردوو باری ئاســـایی ونائاســـاییدا، کە دەبێت ڕەچاو بکرێن، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم مافە بەکاربهێنێت[2].

پێویســـــتە چەند مەرجێک هەبێت و ڕەچاو بکرێت بۆ ئەوەی دەســـــەڵاتی جێبەجێکردن بتوانێـت کۆبونەوەکـانی پەرلەمـان هەڵبوەشـێنێتەوە یاخود دوای بخات، بۆ نموونە نابێت هەڵوەشـانەوەی کۆبونەوەکـانی پەرلەمـان ڕاســـــتەوخۆ بکەوێتە پێش کۆبونەوەی پەرلەمان، کە لە کۆبونەوەکەدا بڕیار لەسـەر بودجەی گشـتی دەدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم دواخســـتنە و هەڵوەشـــاندنەوەیە نەبێتە هۆی لە کار کەوتنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و زیان گەیاندن بە بەرژەوندی گشتی[3].

دواخســـتنی کۆبونەوەی پەرلەمان مەرجی ئەوەی هەیە، کە نابێت ئەم دواخســـــتنە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بێت، هەروەها نابێت لە هەمان خولی ئاساییدا دووبارە ببێتەوە[4].

---

(١) د. مروج هادي الجزائري، استقلال السلطة التشريعية، دراسة مقارنة، منشورات الحلبي الحقوقي، لبنان، ٢٠١٨، ل ٩٢. د. حسان محمد شفيق العاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٢) پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

(٣) محمد رفعت عبدالوهاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠

(٤) د. محمد كاظم المشهداني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

## ب-مافی پێشنیارکردنی پرۆژە یاساکان

دەسەڵاتی جێبەجێکردن زۆربەی جار لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان بە هاوبەشـــی بەشـــداری لە ئەرکی ســـەرەکی پەرلەمان دەکات، کە ئەوەش بریتییە لە یاســـادانان، کە ئەمەش لە ڕێگەی پێشـــنیارکردنی پرۆژەیاســـاکان دێتە دی[1]، گەرچی دەســـەڵاتی یاســـادانان ئەرکی ســـەرەکی دارشـــتنی پرۆژە یاســـاکان و بڕیاردانە لەســـەری، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشـــکەشـــکردن و پێشـــنیارکردنی پرۆژە یاســـاکان بە هاوبەشی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە وەک هاوبەشـــییەکی لێدێت، هەر لەبەر ئەوەشـــە کە ئەو ئامرازە بە یەکێک لە هۆیەکانی هاوکاری نێوان دوو دەسەڵاتەکە دادەنرێت[2].

ســـەبارەت بە پێشـــنیارکردنی پرۆژە یاســـاکان لەلایەن دەســـەڵاتی جێبەجێ کردن لە دەســـتوری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ دا لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٨٠)دا، باس لەوە دەکات کە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە پرۆژە یاسا پێشنیاربکات[3].

لە ســـیســـتەمی پەرلەمانی زۆربەی ئەو یاســـایانەی لە پەرلەمان دەردەچن و بڕیاریان لەســـەر دەدرێت، ئەوانە زۆربەیان لەلایەن حکومەتەوە پرۆژەکانیان پێشنیار دەکرێت، ئەمەش بۆ شێوە و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن لەم ســـیســـتەمەدا دەگەڕێتەوە[4]. لەبەر ئەوەی حکومەت پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی لەگەڵ گەل هەیە، بەم هۆیە دەزانێت کە جۆرە یاســـاییەک بۆ ڕێکخســـتنی

---

(١) د. محمد نصر مهنا، في النظام الدستوری والسياسي، دراسة تطبيقية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٥، ل٣٢٦.

(٢) د. محمد كامل ليلة، المبادئ الدستورية العامة و النظام السياسية، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، ١٩٥٩ ، ل٩٤٨.

(٣) ماددەی (٨٠) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٤) وەرگیراوە لە پێشـــەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

کارەکانی کۆمەڵگە پێویستە بۆیە زۆربەی لەلایەن حکومەتەوە پێشنیار دەکرێن.

## ج-مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە، لە کاتێکدا کە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە متمانە لە حکومەت وەربگرێتەوە و لەسەر کاری لابدات، بە هەمان شێوەش دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرامبەر بە پەرلەمان چەکێکی بەدەستەوەیە، کە ئەوەش بریتییە لەوەی کە مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە[1].

هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە واتای کۆتایی هاتنی ماوەی نوێنەرایەتی کردنی ئەندامانی پەرلەمانە، پێش ئەوەی ماوەی یاسایی نوێنەرایەتی کردنیان تەواو ببێت، بە واتای ئەوەی پێش ئەوەی ماوەی ویلایەتی یاسادانانی پەرلەمان کۆتایی بێت[2]. زانایانی دەستوری وای دادەنێن کە بۆ یەکسان بوونی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە سیستەمی پەرلەمانی مافی هەڵوەشاندنەوە هێزێکی پێویستە[3].

هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن خۆی لە دوو شێوازدا دەبینێتەوە کە بریتیین لە:

یەکەم/ هەڵوەشاندنەوەی وەزاری: سەرۆکی دەوڵەت هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، کە ئەوەش لەسەر داواکاری ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، وەکو ئامرازێکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان پەرلەمان و حکومەت[4]. لە دەستوری عێراقی لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٦٤)دا، باس لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەکات لەسەر

(١) سعيد بوالشعير، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.
(٢) د. محمد نصر مهنا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧.
(٣) د. عوض الليمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.
(٤) لطيف مصطفى امين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

داوای ئەنجومەنی وەزیران و بە ڕەزامەندی ســــەرۆک کۆمار، بەڵام مەرجی ئەوەی داناوە کە نابێت ئەنجومەن  لە کاتی لێپرســــینەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبوەشێتەوە[1].

دووەم/ هەڵوەشـاندنەوەی سـەرۆکایەتیی: لێرەدا پەرلەمان لەلایەن سـەرۆکی دەوڵەت هەڵدەوەشـێندرێتەوە، ئەم هەڵوەشـانەوەش لەلایەن ســــەرۆکی دەوڵەتەوە لە حاڵەتی ناکۆکی لە نێوان خۆی و پەرلەماندا پەنای بۆ دەبردرێت، زۆربەی دەسـتورەکان ئەم مافەیان بە سـەرۆکی دەوڵەت بەخشیوە، کە ئەوەش بە چەند کۆت و مەرج دەبێت کە دەبێت لە کاتی زۆر پێویســت پەنای بۆ ببرێت و پێویســتی بە ڕازی بوونی گەل دەبێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە[2].

---

(١)  ماددەی (٦٤/یەکەم) لە دەســتوری عێراقی ســاڵی ٢٠٠٥ دەڵێت " ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەوەشــێتەوە لەســــەر  داوای ســـێیەکی ئەندامانی یان لەســــەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و بە ڕەزامەندی ســــەرۆک کۆمار، نابێت ئەنجومەن هەڵبوەشێتەوە لە کاتی لێپرسینەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا".

(٢) د. علي عبدالمعطي حمدان، النظام البرلماني دراســـة بعض الدســـاتير البرلمانية، مجلة العلومالسياسية والقانون، العدد٣، المجلد ١٥، ٢٠١٩، ل٢٨.

## مەبەستی دووەم
## پێکهێنانی حکومەت

بۆ تیشک خستنە سەر چەمکی حکومەت و حکومەتی هاوپەیمانی ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، کە لە لقی یەکەمدا باس لە چەمکی حکومەت و حکومەتی هاوپەیمانی دەکەین، هەرچی لقی دووەمە بۆ لایەنگران و نەیارانی حکومەتی هاوپەیمانی تەرخانی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم
### چەمکی حکومەت و حکومەتی هاوپەیمانی

لەم لقەدا باس لە چەمکی حکومەت و حکومەتی هاوپەیمانی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ چەمکی حکومەت

دەکرێت بەم شێویە پێناسەی زاراوەیی بۆ حکومەت بکەین : وشەی حکومەت وەکو زاراوە دەخرێتە پاڵ حکومەتی گشتی، وەکو دەوڵەت یان ویلایەت، یان پارێزگا یاخود شار و گوند.

زۆربەی فەرهەنگەکان لەسەر پێناسەی نزیکراوەیی دەربارەی تێگەیشتنی حکومەت کۆکن، پێناسە دەکرێت بەوەی کە "ئەو دەستەیەیە کە هێزی یاسایی بۆ سەپاندنی ڕێکخستنەکان و یاسا و ڕێسای پێویست بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایش و ئارامی لە کۆمەڵگە و ڕێکخستنی ژیانی پێکەوەیی تاکەکان هەیە"، و هەندێکیان پێناسەی دەکەن بەوەی کە شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیڕەو کردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگاکان[1].

---

(١) عبدالغنی ابو العزم، معجم الغنی، بدون دار النشر، القاهرة، ٢٠١١، ل١١١.

حکومەت ئەو پێگە ســـەندیکایەتییەیە کە مافی لەپەیڕەو کردن و بەڕێوبردنی کــاروبــاری وڵات هەیە، و دەســـەڵاتی لەگەڵ کرداره سیاسییەکان و یاساییەکان و جێبەجێکارییەکان و دادوەرییەکان هەیە، لەگەڵ هاوکارانی لە ســەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان و تەواوی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکردن[1].

ئەگەر ڕەگەزەکانی دەوڵەت لە گەل و خاک و دەسەڵات پێک بێت، ئەوا حکومەت دەســـەڵاتی جێبەجێکردنە، و هەڵدەســـتێت بە کۆمەڵێک ڕێکاری بنەڕەتی کە پێویســـتە جێبەجێی بکات، و ئەمەش هاوبەشـــە لەنێوان هەموو حکومەتەکــان، کە ئــەوەش خۆی دەبینێتەوە لە ڕێکخستنی ڕێسای ڕەفتاری تاکەکانی گەل و پاراستنی شکۆ و بوونی یاسایی حکومەت و تایبەتمەندی دادوەری[2].

هــەروەهــا زاراوەی حکومەت چوار پێوەری هەیە کە پلە بەنـد دەکرێت لە فراوانەوە بۆ تەســـکی، ئەگەر زانایان زاراوەی حکومەت بەکــاربهێنن وەکو دەربڕین لە دەســـتەی دەســـەڵات لە دەوڵەت و دەربڕینەکە بەکار دێت لە ســێ کۆمەڵەی دەســتەی باڵا (یاســادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) کە ڕەنگە وشەی حکومەت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن کورت بکرێتەوە[3].

ئەگەر بە کورتی باســـی پێکهاتەی حکومەت لە ســـیســـتەمە ســـیاســـییەکاندا بکەین، کە خۆی دەبینێتەوە لە حکومەتی بە کۆمەڵ و سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی.

لە ســیســتەمی ســیاســی حکومەتی بە کۆمەڵدا، لەم ســیســتەمەدا نایەکســانی لەنێوان دوو دەســەڵاتەکەدا هەیە، بە جۆرێک کە مەرکەزی دەســەڵاتی یاســادانان لە دەســەڵاتی جێبەجێکردن بەرزترە، دەســەڵاتی جێبەجێکردن ملکەچی فەرمــانەکــانی پەرلەمــانە وە بە تەواوی لێی

(١) یاقوت الحموی، معجم الادباء، جلدالسادس، دارالفکر، بیروت، ١٩٨٠، ١٥١.

(٢) علی القاسی، علم اللغة وصناعة المعجم، جامعة الملك سعود، ط٢، الریاض، ١٩٩٢، ل٤٩.

(٣) د. ســمیر داود ســلیمان وئەوانی دی، "الحکومي الائیلافیة واثرها فی النظام الســیاســی، مجلة کلیة الاداب، مجلد٢، العدد، ١٠٢ ، ٢٠١٢، ل ٣٦.

بەرپرســـیارە، بە واتایەکی تر ئەم ســـیســـتەمە کاری یاســـادانان و جێبەجێکردن بە پەرلەمان دەســـپێرێت، ئەو پەرلەمانەی کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، دەســـت بە ســـەر دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردندا دەگرێت، بەو پێیەش پەرلەمان وەزیرەکان و ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکات، بۆ ئەوەی کاروباری جێبەجێکردن لە دەوڵەت بەڕێوەببەن، هەرچەندە پەرلەمان ئەم دوو دەســـەڵاتەی دەبێت، بەڵام خۆی ئەرکی یاســـادانان دەکات، کاری جێبەجێکردن بە لێژنەیەکی تایبەتمەند دەســـپێرێت، کە بە ناوی پەرلەمان و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی پەرلەمان بەردەوام دەبێت[١].

هەرچی پێکهێنانی حکومەتە لە ســـیســـتەمی پەرلەمانیدا، کە ئەم ســـیســـتەمە پرەنســـیپی جیاکردنەوی نەرمی دەســـەڵاتەکان لەســـەر کۆمەڵێک توخم و پێکهاتە دەگرێتەبەر، کە گرنگترینیان پاراســـتنی پرەنسیپی هاوسەنگی و یەکسانییە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەلایەک، و هەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری نێوانیان لەلایەکی ترەوە، ســـیســـتەمی پەرلەمانی لە ســـیســـتەمەکانی تر جیا دەکرێتەوە بە دووانەیی دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن، و هەبوونی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکە[٢].

---

(١) د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ل٢٠٤.

(٢) یەکێک لە خاسیەتەکانی سیستەمی پەرلەمانی دوانەیی دەسەڵاتەکانە، کە سەرۆکی دەوڵەت لە کردەوەکانی بەرپرسیار نیە، وە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە لەبەرامبەر پەرلەمان، لەبەرامبەر دوانەیی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن، ســـیســـتەمی پەرلەمانیش بە دوانەیی جیا دەکرێتەوە، کە پەرلەمان لەم ســـیســـتەمەدا لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، ئەنجومەنی خواروو، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشـــتی ڕاســـتەوخۆدا لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەنجومەنی ســـەروو، کە بە هەڵبژاردنێکی گشـــتی ناڕاســـتەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، و دەســـەڵاتی ئەم دوو ئەنجومەنە بە تەواوی وەکو یەک نیە، دوانەیی دەسەڵاتی یاسادانان لە سیستەمی پەرلەمانیدا هێنانەدی هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتەکەدا، هەروەها مەبەست لە هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا، هەر یەکە لە دەسەڵاتەکان کۆمەڵێک میکانیزمی هەیە، کەکاردەکاتە سەر کارەکانی دەسەڵاتی تر،

به پێچەوانەی سـیسـتەمی پەرلەمـانی کە نەرمی لە نێوان دەسـەڵاتەکاندا و هاوسـەنگی و هاوکاری لەنێوانیاندا هەیە، سیستەمی سـەرۆکایەتی لەسـەر بنەمای لێکترازانی توند و تەواو لە ڕووی تیۆرییەوە لە نێوان دەسـەڵاتەکان بنیاتنراوە، کە دەسـەڵاتی یاسـادانان کاری یاسـادانان دەکات، هەروەها دەسـەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسـە لە جێبەجێکردنی، ئەوەی ئەم سـیسـتەمە لە سـیسـتەمی پەرلەمانی جیادەکاتەوە ئەوەیە، دەسـەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسـەڵاتی سـەرۆک کۆماردا چڕ دەبێتەوە، هـەروەهـا جیاکردنەوەی دەسـەڵاتەکانە لە یەکتریەوە[1].

جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی چاودێری لە نێوانیاندا هەیە، کەهەر دەسـەڵاتێک لە ڕێگەیەوە کار بۆ ڕاگرتنی زیادەڕۆیی ولادانی دەسەڵاتەکانی تر دەکات، حکومەت لەبەرامبەر پەرلەمان بەرپرسـیار دەبێت، جا چ بە شـێوەی تاکی یان بە شـێوەی کۆمەڵ بێت، دەسـەڵاتی یاسـادانـان مـافی پێکهێنـانی لیژنەی هەیە، بۆ ڕوون بوونی کـارەکـانی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها مافی پرسـیارکردن و پرسـاندنی هەیە، لەبەرامبەر ئەمانەشـدا، دەسـەڵاتی جێبەجێکردن مافی بانگهێشـتکردنی پەرلەمانی هەیە بۆ کۆبونەوە و کۆتایی پێهێنانی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان بە هەڵوەشـاندنەوە، کە سـەرۆکی دەوڵەت مافی ئەو هەڵوەشـاندنەوەی هەیە و بـانگەواز بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ دەکات، لە ئاکامی گرتنەبەری سـیسـتەمی پەرلەمانی لەسـەر بنەمای جیاکاری نەرمی دەسـەڵاتەکان، زنجیرەیەک هـاوکـاری لە نێوان دەسـەڵاتەکان دەردەکەوێت، ئەو هاوکاریەش لە بەشداریکردنی هەر دەسەڵاتێک لەکارو و کردەوەکانی دەسـەڵاتیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن مافی پێشـکەشـکردنی پڕۆژەیاسـا و ئەندام بوونیان لە پەرلەمان هەیە، هەروەها مافی پەسـەندکردن یاسـا و دەرکردنی هەیە، بەهەمان شـێوەش پەرلەمان بەشـداری لەکارەکانی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوە و پەسـەندکردنی پەیماننامە، هەروەها پەسـەندکردنی بودجەی گشـتی سـاڵانە کە حکومەت ئامادەی دەکات، بۆ زانیاری زیاتر سـەیری: د. احمد مفيد، النظرية العامة للقانون الدستوري والمؤسسات السياسية،الطبعة الثانية، ٢٠١٥، ١٤٨-١٥١، د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية والقانون الدستوري، بدون مكان نشر. ١٩٩٧، ل٢٧١-٢٧٧.

(١) د. احمد مفيد، النظرية العامة للقانون الدستوري والمؤسسات السياسية، سـەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

دووەم/ چەمکی حکومەتی هاوپەیمانی ( حکومەتی ئیتلافی)

هەر وەک پێشـــتر باســـمان کرد زۆربەی جار لە ســـیســـتەمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی، هیچ کامێک لە حزبەکان ناتوانن بەتەنها زۆرینە بەدەست بهێنن، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، زۆرێک لە پسـپۆڕەکان لەو باوڕەدان، کە سـیسـتەمی ڕێژەیی یارمەتی دروسـت بوونی فرە حزبی دەدات. جا ئەم فرە حزبییە لە ڕاددە بەدەر یان مامناوەند دەبێت، بەمەش ئەم ســـیســـتەمە ژمارەیەک کورســـی بەلایەنە ڕکـابەرەکـان دەدات، لەگەڵ ژمـارەی ئەو دەنگـانەی کە بەدەســـتیان هێناوە، کەواتە نوێنەرایەتی ڕێژەیی هێزی دەنگدان بە حزبە بچووکەکان دەدات[1].

ئەگەر بمانەوێت بە ڕوونی پێناسـەی حکومەتی هاوپەیمانی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو حکومەتەیە کەچەندین حزب تێیدا بەشـدار دەبن، کاتێک حزبێک بەتەنها ناتوانێت زۆرینەی ڕەهای کورســـیەکانی پەرلەمان بە دەســـت بهێنێت، حکومەتی هاوپەیمانی لە کاتی جەنگ و قەیرانی نەتەوەییدا دەتوانرێت پێکبهێنرێت، بۆ ئەوەی پلەیەکی بـاڵای ڕەوایەتی ســـیاســـی بە حکومەت بدات، کە ڕۆڵیان لە کەمکردنەوەی ململانێی سـیاسـی ناوخۆییدا هەیە، عادەتەن هاوپەیمانی ئەم حکومەتە کاتییە و هۆکارەکەشی نامێنێت[2].

حکومەتی هـاوپەیمـانی بەو مـانـایە دێت، کە کـابینەی حکومەت لە چەنـد حزبێک پێکدێت، و هیچ حزبێک بە تەنیـا نـاتوانێت زۆرینە لە پەرلەماندا بەدەســـت بهێنێت[3]. بە واتای ئەوەی حکومەتی هاوپەیمانی ئەو حکومەتەیە کە ئەندامەکانی نوێنەری گروپ و لایەنە ســـیاســـییە

(١) حيدر عبد جســـاس، "الحكومات الائتلافية في النظم البرلمانية واثرها في الســـتقرار السياسي، دراسة مقارنة هند والعراق"، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، ٢٠٢٠، ل ٣٩.

(٢) عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، دار الهدى للنشر والتوزيع، الجزء الثاني، بيروت، بدون سنة، ل٥٦٨.

(٣) د. صـادق الاسـود، علم الاجتماع السـياسـية اسـسـه وابعاده، دارالحكم للطباعة، بغداد، دارالحكم للطباعة، ١٩٩١، ل٨٢.

جیاوازەکانن، ئەم حکومەتەش لەلایەن چەند لایەنێک و بە ئاڕاســــتەی جیاواز و بەرژەوەندییە تەوافوقیەکان نوێنەرایەتی دەکرێت، گرنگ نییە فرە ڕەوتی لە حکومەتە هاوپەیمانییەکان لەســــەر بنچینەی ئایدۆلۆژیا بێت، هێندەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بێت[١].

حکومەتی یەکگرتوو دەبێتە هۆی ڕێککەوتنی سیاسی زیاتر، واتە وەزارەتی پێکهاتوو لە چەند حزبێک پێکدێت و زۆربەی جارەکان ئایدۆلۆژیایان جیاوازە، دەبێت ڕێکبکەون لەســــەر ئەو شــــتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ســیاســـەتەکانی حکومەتی هاوپەیمانی و حکومەتی هاوپەیمانی بەشێوەیەکی باشتر ڕەنگدانەوەی ڕای بنکەی هەڵبژاردنە لە وڵاتدا[٢].

دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەســەرهەڵدانی حکومەتی هاوپەیمانی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا زیاتر باو بوو، کە قەڵای ســیســـتەمی پەرلەمــانی بــوو، چــونکە زۆربەی وڵاتەکــان لەلایەن حکــومەتــی هاوپەیمانییەوە بەڕێوە دەبران، بە تایبەتی لەســــەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە ســــاڵی ١٩٤٥ەو نزیکەی ٦٢٪ ی حکومەتەکان لە وڵاتـانی ئەوروپـای ڕۆژئـاوا هـاوپەیمـانی بوون کە پێکدەهـاتن، وەکو نەمســــا، فەرەنســــا، ئیتاڵیا، بەلجیکا، ئینگلتەرا، هەندێک لە توێژەران پێیـانوایە کە دامەزرانـدنی ئەم جۆرە حکومەتە بۆ مـاویەکی گرنـگ پێویست بوو[٣].

بۆیە حکومەتی هاوپەیمانی تەنیا لەبەر ئەوەی حزبێک نەیتوانیوە زۆرینەی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە بە دەســت بهێنێت پێکناهێنرێت، زۆرێک لە دەوڵەتان لە کاتی هەلومەرجی ناســروشــتی

---

(١) عبدالوهاب الكيالي، الموسـوعة السـياسـية، المجلد السـابع، دار الهدى للنشـر والتوزيع، بيروت، بدون سنة، ل٢٨٨.

(٢) د. عادل ثابت، النظم السياسية، دار الجامعة الجديدة للنشر، ط١، الاسكندرية١٩٩٩، ل٣٣.

(3) Daniela Giannetti, Kenneth Benoit, Intra-Party Politics and Coalition Governments, Routledge, London, 2009, p22.

وەکو کاتی جەنگ و قەیرانی ســـیاســـی نەتەوەی کە کاریگەری جدی لەسەر ئایندەی وڵات هەبێت، لەم ڕووەوە ڕەنگە زۆرێک لە وڵاتان پەنا بۆ حکومەتی هاوپەیمانی ببەن، بۆ ئەوەی هەموو لایەنە ســیاســیەکان لەم کاتەدا بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتی وڵات و بەرپرسیارییەتی بکەن، ئەمەش بۆ ئـەوەیـە، کە ڕەوایەتی بەهێز بە حکومەت بـدات و ململانێی ســـیـاســـی نـاوخۆیی کەمبکـاتەوە، بە تـایبەتی ئەگەر هەڕەشـــەیەکی جـدی هەبێـت، بۆ ئـەوەی بتوانرێـت بەســـەر ئەو هەلومەجـانەدا زاڵبێت، نموونەی ئەمەش وەکو حکومەتی هـاوپەیمـانی نێوان حزبی پارێزگاران و حزبی کرێکاران لە بەریتانیا بەسەرۆکایەتی چەرچڵ لە کاتی جەنگی دووەم جیهانییدا، کاتێک کە جەنگەکە تەواو بوو حکومەتی هـاوپەیمانی کۆتایی پێهات، لە هەڵبژاردنەکانی ســـاڵی ١٩٤٥ دا پارتی کرێکاران توانی زۆرینەی پەرلەمان بە دەست بهێنن و بەتەنیا کاروباری دەوڵەت بگرنەدەست و بەڕێوەی ببەن(١).

هەرچەنـدە لە بەریتـانیـا تـایبەتمەنـدی دوو حزبی زاڵە، بەڵام لە زۆربەی کاتدا حکومەتی هاوپەیمانی لە ئەنجامی باردۆخی نائاســـایی پێکدەهێنرێت، ڕەنگە حکومەتە هـاوپەیمـانییەکان لە ئەنجامی گۆڕینی دەرئەنجـامی هەڵبژاردنەکـان و لە کـاتە جیـاوازەکـان پێکبهێنرێت، لە ماوەی سالانی (١٩٢٣-١٩٣٥)و لەنیوەی یەکەمی حەفتاکاندا لە سالانی (١٩٧٤-١٩٧٦) هیچ کام لەحزبە ســـەرەکییەکانی (حزبی کرێکاران و پارێزگاران) نەیانتوانی بەتەنیا زۆرینەی ڕەها لە پەرلەمان بە دەســـت بهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی زۆرینەی دوور لە هەڕەشـــە و متمانە نەکردن پێکبهێنن، هەرچەندە بردنەوەی هەڵبژاردن پێویستی بە زۆرینەی ســـادە بوو، ئەم دۆخەش حزبی براوەی نـاچـاردەکرد کە هـاوپەیمانی لەگەڵ حزبێکی تر لە ناو پەرلەماندا دروســـت بکات، بۆ ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانی و متمانە بەدەســـت بهێنێت، هەروەها لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سـاڵی ٢٠١٠ دا ئەمە ڕوویدا، کاتێک هیچ کام لە

---

(١) عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسية، الجزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٨..

حزبە براوەکان نەیانتوانی زۆرینەی ڕەها لە ئەنجومەنی ئەنجومەنی گشـــتیەکـان ببەنەوە، پـادشـــــان حزبی کرێکـاران و حزبی ئـازادی هاوپەیمانیان ئەنجامدا بۆ بەدەستهێنانی زۆرینە و پێکهێنانی حکومەت، ئەو هاوپەیمانییەتیەش لە ئەنجامی بەدەســـت نەهێنانی زۆرینەی ڕەها بوو بۆ پەرلەمان، کە هیچ کام لەحزبەکان بە تەنیا نەیتوانی هەڵبژاردن بباتەوە و بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت[١].

## لقی دووەم
## لایەنگران و نەیارانی حکومەتی هاوپەیمانی

حکومەتی هـاوپەیمـانی لە هەنـدێـک حـاڵەتـدا ڕەنگە حکومەتی چـارەســــەرکردنی کێشــــەکـان بێـت، چونکە تـاڕادەیەک حکومەتی هـاوپەیمـانی ململانێی نێوان لایەنە ســــیاســــیەکـان کەم دەکـاتەوە، بۆچوونەکان لەسـەر حکومەتی هاوپەیمانی بەسـەر دوو بەشـدا دابەش بوون، بۆ ئەم مەبەســــتەش لەم لقەدا ڕای لایەنگران و نەیـارانی حکومەتی هاوپەیمانی دەخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

(١) حیدر عبد جساس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

یەکەم/ لایەنگرانی حکومەتی هاوپەیمانی

لایەنگرانی حکومەتی هاوپەیمانی ئەوە دەخەنە ڕوو کە حکومەتی هاوپەیمانی ڕەنگدانەوەی باشــتری ڕای گشــتی دەنگدەرانی ناو وڵات دەبێـت، چونکە زۆرینەی هـاوڵاتیـان دەنگیـان بەو حزبـانە داوە کە حکومەتە هــاوپەیمــانییــەتیەکــەیــان پێکهێنــاوە، بۆیە بۆچوون و بەرژەوندییەکانیان لە بڕیاردانی ســـیاســـی نوێنەرایەتی دەکرێت، لەبەرئـەوەیـە حکومەتی هـاوپەیمـانی دیموکراتی تر و دادپەروەرانەترە، چونکە نوێنەرایەتی پانتایەکی زۆر فراوانتری ڕای گشـــتی دەکات بە بەراورد بە حکومەتێکی تاک حزبی بەجیا[1].

حکومەتی هاوپەیمانی دەبێتە هۆی کۆ دەنگی زیاتری ســـیاســـی، بەو واتایەی کە ســـەرەڕای ئەوەی وەزارەتەکان لە چەند حزبێک پێک هاتوون و زۆرجار لە ڕووی ئایدۆلۆژیا لە یەک جیاوازن، بەڵام دەبێت پابەندی سیاسەتەکانی حکومەتی هاوپەیمانی بن[2].

لایەنگرانی ئەم حکومەتە ئەوەش دەخەنە ڕوو، کە حکومەتی هاوپەیمانی چانسی باشتری هەیە بۆ برەودان بە کێشە ڕاستەقینەکان و چـارەســـەرکردنی کێشـــەکـان، چونکە بە ڕاســـتی نوێنەرایەتی خواســتەکانی خەڵک دەکات، لایەنگرانی ئەم حکومەتەش پێیان وایە کە ئەو جۆرە حکومەتە دەبێتە هۆی زیــاتر بوونی یەکێتی نەتەوەیی، چونکە ئەندامەکان لە باگراوند و ئایدۆلۆژیای جیاوازدا کۆدەکاتەوە، هەروەها لەو باوەڕەدان کە ئەو حکومەتانەی تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەی کە بەسەر چەند مەزهەب و نەتەوە و ئاڕاستەیەک دابەشبوون دەتوانن تەمەنیان درێژبێت، بە تایبەتی ئەو حکومەتانەی کە لە کاتی قۆناغی گواســـتنەوەی ســـیاســـی و گۆڕانی ڕژێم یان قەیرانی نەتەوەیی دادەمەزرێن، لە عێراق وەک دەبینرێت لە هەوڵی یەکخســـتنی وڵات لە

---

(1) : C. P. Barthwal, Coalition Government in India, The Indian Journal of Political Science, Vol. 73, No. 1, 2012, p14.

(٢) شـــداد التميمي، الحكومة الائتلافية في ظل دســـتور العراق لعام ٢٠٠٥، منشـــورات زين الحقوقية، لبنان، ٢٠١٧، ل٣٥.

دوای ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکهات، کە ئەم حکومەتە هەموو لایەنە ئاینییە جیاوازەکانی لە خۆگرتبوو بۆ بەدیهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا[١].

دووەم/ نەیارانی حکومەتی هاوپەیمانی

نەیارانی حکومەتی هاوپەیمانی دەڵێن حکومەتی هاوپەیمانی حکومەتێکی لاواز دەبێت، چونکە لە چەند حیزبێک پێکدێت، دواتر پێکهێنانی ئەم حکومەتە پێویستی بە ڕەزامەندی لەلایەن زۆربەی لایەنەکانی بەشداربوو لەم حکومەتە هەیە، پادشان هیچ لایەنێک ناتوانێت پلاتفۆڕمی سیاسی خۆی جێبەجێ بکات کە بە دەنگدەرکانی ڕاگەیاندبوو، کەواتە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی حکومەت ناسەقامگیر دەبێت بەهۆی لادانی حزبەکان لە بەرنامە و سیاسەتەکانیان کە ئومێد دەکرێت لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانیەتییە هاوئاهەنگەدا ئامانجەکان بۆ دەستکەوتەکان لە ئاستی حزبیدا دەچڕێن نەک لە ئاستی حکومەتی نیشتیمانی، جیاواز لە وڵاتانی دوو حزبی کە لایەنێک دەتوانێت زۆرینەی ڕەها بەدەست بهێنێت، کە بە تەنها دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت بە ئاسانی ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە حکومییە جێبەجێ بکات کە لە کاتی هەڵبژاردن بەڵێنی بە دەنگدەران دابوو بەدەستی بهێنێت[٢].

سیاسەتکردن لە لایەن حکومەتی هاوپەیمانییەوە کێشەی بنەڕەتی دروست دەکات، وەکو ئاشکرایە کە ئەم حکومەتە هاوپەیمانە لە حزبی جیاواز و دژ بە یەکتر پێکهاتووە، کە ناچارە دەسەڵاتە سیاسییە گرنگەکان بۆ وەزیرەکانی ئەم حکومەتە ببەزێنێت، کە بێگومان ئەمانە سەر بە چەند حزبێکن بۆیە زیاتر ئەو سیاسەتانە پەیڕەو دەکەن کە

---

(١) حیدر عبد جساس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(2) Judi Atkins, Conflict, Co-operation and the Rhetoric of Coalition Government, Springer Nature, London, 2018, p7.

حزبەکەیان پێیان باشە، لەسەر حیسابی ئەو سیاسەت و پڕۆگرامەی کە حکومەتی هاوپەیمانی دایانناوە بیگرنەبەر، بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن حکومەتەوە کراوە، ئەو پێشنیارانە لە لایەن حکومەتی هاوپەیمانییەوە خراونەتە پێش و جێگای مشتومڕن و ڕازی نیین لە ناو پەرلەماندا پەسند بکرێن، چونکە پەرلەمان خۆی ناتەواوە[1].

هەروەها ڕەخنە لە حکومەتە هاوپەیمانییەکان گیراوە کە لە کاتی ململانێ لە ڕێککەوتن لەسەر کێشەکان بەردەوام دەبن، سەرکردە دەسەڵاتدارەکانی حزبە هاوپەیمانەتییەکان دەتوانن بێدەنگ بن لەبارەی بۆچونە جیاوازەکانیان، ئەوەش لە پێناو یەکخستنی هاوپەیمانی دژی ئۆپۆزسیۆن، هاوبەشەکانی حزبە هاوپەیمانییەکان دەتوانن زۆرینەی پەرلەمان کۆنترۆڵ بکەن لەمەشەوە زۆربەی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان لە بەژەوەندی حکومەتی هاوپەیمانی دەبێت، دژ بە پێشنیازەکان و بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەنگ دەدەن تەنانەت ئەگەر هاتوو لەسەر ئەو پرسە ناکۆکیش لەنێوان حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەبێت[2].

ئەوانەی دژی بیرۆکەی حکومەتی هاوپەیمانین پێیان وایە کە ئەم جۆرە حکومەتانە بەرەو دابەش بوون و لاواز بوون دەڕۆن و لە ناتەواویدان، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هاوپەیمانیەتییەکان لەنێوان حزبی جیاواز و ئاڕاستەی جیاواز پێکدەهێنرێت و ڕەنگە هەمیشە لەسەر ڕێگای ڕاست بۆ بەڕێوبردنی سیاسەتی حکومەت ڕێکنەکەون[3].

لە ئیسرائیل بە هۆی ئەوەی هیچ کام لە حزبە سیاسیەکان ناتوانن بە تەنیا زۆرینە پێک بهێنن، بۆیە بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، وە بە هۆی ئەو ناکۆکیەی لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا هەیە، تاکو ئێستا هیچ کابینەیەکی حکومەت ماوەی

(1) Lanny W. Martin and Georg vanberg," policing the bargain: coalition Government and parliamentary Scrutiny, American Journal of political science, Vol.48, No1,2004, p13.

(2) C. P. Barthwal, op. Cit, p14.

(٣) شداد التميمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

یاســایی خۆی تەواو نەکردووە، کە لە بنەڕەتدا  بە چوار ســاڵ دیاری کراوە، بەڵکو مــاوەی تەمەنی حکومەتە یەک لە دوایی یەکەکــانی ئیســرایل لە نێوان چوار مانگ بۆ دوو ســاڵ زیاتری تێپەر نەکردووە، ئەوەش بە هۆی ئەو ناکۆکی و ململانێییە ســیاســییەی لە نێوان حزبە هـاوپەیمـانەکاندا هەیە، ئەم ململانێییەش دەبێتە هۆی نا ســـــەقامگیەی سیاسیی و حکومەتەکە ناتوانێت بەردەوام بێت(١).

لایەنگری نەیــارانی حکومەتی هــاوپەیمــانی دەکەین، چونکە حکومەتی هـاوپەیمـانی حکومەتێکی لاواز دەبێت، و لە کاتی پێکهێنـانی حکومەت دەبێت هەموو لایەنەکان ڕەزامەند بن بۆ ئەوەی بەرنامەکانی خۆیــان جێبەجێبکەن، هەروەهــا حکومەتی هــاوپەیمــانی حکومەتێکی ناســــەقامگیر دەبێت لەبەر هەبوونی فرە حزبی ڕای جیاواز  لە نـاو حکومەتەکەدا، چونکە لە ئـاینـدە دا لە ئەگەری ڕازی نەبوونی هەموو لایەنەکــان لەوانەیە بەرەو دابەش بوون بڕۆن، بەهۆی ئەو نــاکۆکیە ئایدۆلۆژیا جیاوازەی لە نێوانیاندا هەیە.

(١) د. حيدر المولى، التضامن الوزاري والحكومة الائتلافية، دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١١، ل٣٤٩.

## باسی دووەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی یاسادانان

کاتێک هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت کاریگەری دەبێت لەسەر ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە بەسەر سێ مەبەستدا دابەش دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەبەستی یەکەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

مەبەستی دووەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار

مەبەستی سێیەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ئەنجومەنەکانی پەرلەمان

### مەبەستی یەکەم
### لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

کاتێک بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێش وەختە دەدرێت، واتە بە شێوەیەکی گشتی پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە یاخود هەڵوەشاوەتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین باس لە چەمکی هەڵوەشاندنەوە و جۆرەکانی، هەروەها کاریگەرییەکانی بکەین، لە دوو لقدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم: چەمکی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و جۆرەکانی

لقی دووەم: کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوە پەرلەمان

#### لقی یەکەم
#### چەمکی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و جۆرەکانی

یەکەم: چەمکی هەڵوەشاندنەوە

مەبەســت لە هەڵوەشــاندنەوە کۆتایی پێهێنانی ماوەی پەرلەمانییە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دەســـتوری خۆی، واتا پێش کۆتایی هاتنی خولی یــاســـــادانـانی ئەنجومەن[1]، دەســـــەڵاتی جێبەجێکردن مـافی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان یان یەکێک لە دوو ئەنجومەنەکەی هەیە بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی دەســـەڵاتی یاســـادانان، و داواش لە گەڵ بکات ئەنجومەنێکی نوێی پەرلەمان هەڵبژێرێت[2].

هەروەها پێناســـە دەکرێت بەوەی کە: کارێکی یاســـاییە لە لایەن دەســـــەڵاتی جێبەجێکردنەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی ئەنجوومەنی یاســادانان پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەی کە بۆی هەڵبژێردراوە، بۆ ئەوەی لە بابەتێکی تایبەتدا ڕاپرســـــی خەڵک بکرێت لە ماوەی ژیانی سیاسی وڵاتدا بڕیارەکە گرنگیەکی زۆری هەیە[3].

کەواتە هەڵوەشـــاندنەوە ئەوکارەیە کە دەســـەڵاتی جێبەجێکردن پێش کۆتایی هاتنی ماوەی یاســایی کۆتایی بە دەســەڵاتی یاســادانان دەهێنێت، لە ئەنجامیشـــدا هەڵبژاردنی پێش وەختەی لێ دێتە ئاراوە[4]، بەوەش بە هەڵوەشــاندنەوە پەرلەمان ماوەی ویلایەتی یاســایی خۆی تەواو ناکات و بەر لەوادەی خۆی کۆتایی بە کارەکانی دێت.

دووەم/ جۆرەکانی هەڵوەشاندنەوە

هەڵوەشـــــاندنەوە یەک جۆری نییە، بەڵکو چەند جۆرێکە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنەی کە دەســـتور دیاریکردووە بۆ بڕیاردان لە

(١) د. ابراهيم عبدالعزيز شـــيحا، وضـــع الســـلطة التنفيذية(رئيس الدولة، الوزارة)، منشـــاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ل٧٥.

(٢) د. وحيد رافت و د.وايت ابراهيم، القانون الدســتوري، القاهرة، المطبعة العصــرية، ١٩٣٧، ل٤٧٢.

(٣) حســن مصــطفى البحري، الرقابة المتبادلة بين الســلطتين التشــريعية والتنفيذية كضــمان لنفاذ القاعدة الدستورية، جامعة عين شمس، اطروحه دكتوراه، ٢٠٠٥-٢٠٠٦، ل ٣١٩.

(٤) د. ســاجد محمد الزاملي، مبادئ القانون الدســتوري والنظام الدســتوري في العراق، دار نيوز للطباعة والنشر والتوزيع، الديوانة، ٢٠١٤، ل٤٧٩.

هەڵوەشاندنەوە کە ئەمەش لە کارە گرنگەکانە، یاسادانەری دەستوری بەهۆی گرنگی هەڵوەشاندنەوە بە لایەنێکی لێهاتووی دەدات، بەوپێیەی کە نوێنەری ئیرادەی گەلە، بە گشتی هەڵوەشاندنەوە یان سەرۆکایەتییە بە ویستی سەرۆکی دەوڵەت دەبێت بە تایبەتی لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لەنێوان سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەماندایە و ناکۆکیش لەگەڵ وەزارەت لە لایەکی ترەوە، یاخود هەڵوەشاندنەوەکە وەزاری دەبێت لەسەر داوای وەزارەت لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان وەزارەت و پەرلەمان، یاخود هەڵوەشاندنەوە بە ئۆتۆماتیکی دەبێت، یاخود هەڵوەشاندنەوەی خودی دەبێت، یاخود لە ڕێگەی گەلەوە دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین:-

یەکەم/ هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی

هەندێک دەستور بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە سەرۆکی دەوڵەت دەدەن، ئینجا دەکرێت سەرۆک یان پادشا یاخود سەرۆک کۆمار بێت، واتە سەرۆک بە تەنیا بەبێ ئەوەی کەسی تری لەگەڵ دابێت وهاوبەشی بکات پەیڕەوی ئەم مافە دەکات[1]، سەرۆکیش بڕیاری هەڵوەشاندنەوە بە تەنیا دەدات، چونکە دەسەڵاتی سەرۆک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئامرازێکە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی سەرۆک لە بۆچوون و بیر و باوەڕەکانی کە پێی وایە خەڵک پێشوازی لێدەکات، سەرۆکی دەوڵەت پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەبات بەشێوەیەکی ئاسایی پاش ئەوەی پەرلەمان متمانە لە حکومەت یاخود وەزارەتێک دەسەنێتەوە[2].

نمونەش بۆ ئەم جۆرە هەڵوەشانەوەیە لە ماددەی (١٠٧)ی دەستوری کوەیتی هاتووە " ئەمیر بۆی هەیە ئەنجومەنی نیشتیمانی بە

(1) Elliot Bulmer, Dissolution of parliament, international IDEA, Stockholm, 2016,p14-15.

(٢) حسين نعمة خشان الزاملي، محمد عودة محسن الدراجي،سلطة رئيس الدولة في حل البرلمان، مجلة مركز دراسات الكوفة، مجلد ١، العدد ٢٥، ٢٠١٢. ل ١١٨.

مەرسومێک هەڵبوەشێنێتەوە و هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەکەش دیاری بکات،......"[١]، هەروەها لە مادەی (٣٤)ی دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ ئاماژەی پێدراوە[٢].

دووەم/ هەڵوەشاندنەوەی وەزاری

ئەم جۆرە هەڵوەشادنەوەیە لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت لەسەر سیاسەتی گشتی دەوڵەت لە لایەن حکومەتەوە دەکرێت، و هەڵوەشاندنەوەکە ڕێگایەکی یاساییە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پەنای بۆ دەبات لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە دەستورەکان بڕیاری لەسەر دراوە، هەڵوەشاندنەوە لەم حاڵەتەدا لە ناکۆکی نێوان پەرلەمان و حکومەتدا دروست دەبێت کە پەرلەمان بڕیاری متمانە لێسەندنەوە دەدات لە بەرامبەر حکومەت[٣]، کاتێکیش، کە حکومەت پێی وایە کارەکانی دروستە و زۆرینەی ئەنجومەن ڕایان جیاوازە، داوا لەسەرۆکی دەوڵەت دەکات کە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە[٤]، لەسەر داوای سەرۆکی حکومەت سەرۆکی دەوڵەت بڕیاری هەڵوەشاندنەوە دەردەکات لەگەڵ داواکردن لە دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی زۆرینەی پەرلەمانی پێشوودا بێت لەوانەیە لە بەرژەوەندی پەرلەمانی هەڵوەشاوە بێت، بەڵام ئەگەر جارێکی تر زۆرینە براوە نەبێت ئەوا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەلایەن

---

((١ مادەی (١٠٧)ی دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢.

(٢) لە بڕگەی (٣)ی مادەی ٣٤ دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ هاتووە" پادشا بۆی هەیە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنێتەوە".

(٣) د. محمد عدنان ناجي، تاثير رئيس الدولة على البرلمان بين النص القانوني والواقع العملي على ضوء اهم التعديلات الدستورية المستحدثة، المركز القومي للصدارات القانونية، الكتاب الاول، القاهرة، ٢٠٢٠، ل١٣٠-١٣١.

(٤) د. ماهر ابراهيم عبد امام،"حل البرلمان (السلطة التشريعية) بين النظرية والتطبيق" والآيه لە پێگەی، Sudanile https://sudanile.com/ ٢٠٢١/٩/١.

حکومەتەوە کـاریٚکی دروســـــت بووە[1]، نمونەی ئەوەش وەکو بڕگەی(١)ی مادەی ٦٤ لە دەســــتوری عێراق ســـاڵی ٢٠٠٥ هاتووە" ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهـای دەنگی ئەنـدامەکـانی هەڵدەوەشـێتەوە لەسـەر داوای سـێیەکی ئەندامانی یان لەسـەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و بە ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار........"[2].

سێیەم/ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆماتیکی

ئەم جۆرە هەڵوەشـــاندنەوەیە بە دوو شـــێوە ڕوودەدات، یەکەم هەڵوەشـاندنەوەی بە زۆرەملێ، و دووەمیان هەڵوەشـاندنەوە بەهێزی یاسا، بەم شێوەیە:

**أ-هەڵوەشاندنەوەی بە زۆرەملێ**

ئەم هەڵوەشـــــاندنەوەیە بەبێ ویســـتی لایەنی پەیوەنـدیـدار هەڵـدەوەشــــێندرێتەوە، نـاتوانرێـت دژایەتی و بەرەنگـاری کـاری یاسادانەری دەستوری ببێت کە ناچارکراوە بە کرداری هەڵوەشانەوەی پەرلەمـان ئەگەر هەنـدێک بـارودۆخ بێتەدی کە دەقنووس کراوە لە دەستور[3]، یاسـادانەری دەستوری چەند مەرج و ڕێوشـوێنێکی داناوە کە:

یەکەمیان: بریتییە لە هەڵوەشـاندنەوەی مەرجدار بە پەسـندکردنی بەرپرسـیارییەتی سـیاسـی، کە ڕێکاری ئەم هەڵوەشـاندنەوەیە تەنها لە دەقی دەســـتور دایە، بەبێ ئەوەی لە لایەن ســــەرۆکی دەوڵەتەوە بۆ هەڵوەشــــاندنەوە پێویســــتی بە بڕیارێک بێت، دووەمیان بریتییە لە هەڵوەشـاندنەوەی مەرجدار بەوەی کە ئەسـتەمە حکومەت پێکبهێنرێت، لە هەندێک لە دەسـتورەکان ئاماژەکراوە ئەگەر هەڵبژاردنی سـەرۆکی

(١) د. علي مجيد العكيلي،" الاثار القانونية على حل البرلمان، مجلة معالم للدراســات القانونية والسياسية، مجلد ٥، العدد١، ٢٠١٢، ل١٤٦.
(٢) مادەی(٦٤)ی دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
(٣) د. سمير داود سلمان، المعوقات الدستورية العملية لحل البرلمان، دار السنهوري، بيروت، ٢٠١٧، ل١٤٩.

دەوڵەت یان ســــەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجام نەدرێت، کە یەکێک لەم حاڵەتانە هاتەدی پەرلەمان بە ئۆتۆماتیکی و بەهێزی دەســــتور هەڵدەوەشــــێتەوە[1]، نمونەی ئەم جۆرەش لە مادەی ٩٩ی دەســــتوری ئیســــپانی ســــاڵی ١٩٧٨ دا هاتووە" ئەگەر هەر کاندیدێک لەوادەی دوو مــانگـدا لە مــاوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران متمانەی کۆنگرێس بەدەســــت نەهێنێت، پادشــــا فەرمان دەکات بە هەڵوەشــانەوەی ئەنجومەنەکە و فەرمان بە هەڵبژاردنێکی نوێ دەکات، ..."[2].

## ب-هەڵوەشاندنەوە بەهێزی یاسا

ئەم هەڵوەشــــاندنەوەیە بەهێزی یاســــا دەکرێت، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەرچوونی چەند ڕێکارێک یان بڕیارێک یاخود مەرســومێک بکات، کە بە بوون و نەبوونی پەیوەســــتە بە شــتێکی دیاریکراو، ئەم جۆرە هەڵوەشــاندنەوەیەش ڕێکار و ڕێکخســتن و ڕێکاری هەڵبژاردن پێشتر لە دەستوردا ڕوونکراوەتەوە[3]، نمونەی ئەم جۆرەش لە مادەی ١٨١ی دەســــتوری یوغســــلافیای ســــاڵی ١٩٦٣ دا هاتووە" ئەگەر نەتوانرێت هەردوو ئەنجومەی فیدڕاڵی و ئەنجومەنەکەی تر ڕێکبکەون بۆ پەســــەند کردنی پلان و بودجەی فیدڕاڵی تاکو وادەی دیاریکراو بۆیــان نەتـوانـرا کــاریــان پـێ بـکـرێـت هەردوو ئەنـجـومەنەکە هەڵدەوەشێنەوە،....."[4].

چوارەم/ هەڵوەشاندنەوەی خودی

ئەم هەڵوەشــــاندنەوەیە بە واتای ئەوە دێت، کە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە خۆی هەڵبوەشــێنێتەوە، ئەمەش کارێکی ئاســاییە تا ئەو

---

(١) د. علي مجيد العكيلي، القيود الدســـتورية على حل البرلمان، المركز العربي للدراســـات والبحوث العلمية، القاهرة، ٢٠١٨، ٨٥-٨٨.
(٢) مادەی ٩٩ی دەستوری ئیسپانی ساڵی ١٩٧٨.
(٣) د. سمير داود سلمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.
(٤ ) مادەی ١٨١ی دەستوری یوغسلافی ساڵی ١٩٦٣.

کاتەی پەرلەمانی هەڵبژێردراو بەشـــێک لە ســـەروەری پیادە دەکات، پـــادشـــــان مــافی خۆیەتی واز لەو ســـەروەرییە بهێنێــت، ئەم هەڵوەشــاندنەوەیەش بە پلەی یەکەم و بە تایبەتی کاریگەری لەســەر خودی پەرلەمـان دەبێت[1]، ئەمەش بە بڕیـارێک دەبێت کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووبێت، واتە پەرلەمان لەم حاڵەتەدا دەستپێشخەری بڕیاری هەڵوەشــاندنەوە دەدات، و مەرجە لە دەقە دەســتورییەکاندا ئاماژەی بەم جۆرە هەڵوەشــاندنەوەیە دابێت، نابێت پەرلەمان خۆی هەڵبوەشــێنێتەوە بەبێ ئەوەی لە دەســتور یان لەیاســا بنەڕەتییەکان دەقی ڕاشــکاوانەی لەســەر بێت[2]، ئەمەش لە بڕگەی یەکەمی مادەی (٦٤)ی دەســتوری عێراقی ســاڵی ٢٠٠٥ هاتووە" ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەوەشێتەوە لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی،..."[3].

پێنجەم/ هەڵوەشاندنەوەی میللی

هەندێک لە دەســتورەکان ســیســتەمی هەڵوەشــاندنەوەی میللی یاخود ریفراندۆمی پەســەند دەکەن، وادەکات کە هەڵوەشــاندنەوەی پەرلەمـان بە ویســتی دەنگدەران بســپێردرێت ئەوانەی کە مـافی داواکردنی ئەم هەڵوەشـاندنەوەییان هەیە، ئەم سـیسـتەمەش بە یەکێک لە فۆڕمەکانی نیمچە دیموکراسی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، کەوا لە خەڵک دەکـات هەموو کـات لە بەڕێوەبردنی کـاروبـاری وڵاتدا بەشـــداری هەمیشـەییان هەبێت، دەبێت دەسـتور ژمارەیەکی دیاریکراوی دەنگدەر دیاریبکات کە داوای هەڵوەشــاندنەوەی پەرلەمان بکەن، پادشـــان ئەم

(١) میثم منفي کاظم، ومیثم منظل شـــریف،" الحل الذاتي للبرلمان في بعض الانظمة الدستورية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسة مجلد٨، العدد٣، ٢٠١٦، ل٥٤٣.
د. محمد عدنان ناجي، الكتاب الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.
(2)Elliot Bulmer, op, Cit, p21.
(٣) مادەی ٦٤ ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

فەرمانە لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەخرێتە بەردەم خەڵک[١]، ئەم جۆرەش لە مادەی (١٣٦)ی دەســـتوری میســـری ســـاڵی ١٩٧١ ی ڕەتکراوە ئاماژەی پێکرابوو کە تێیدا هاتبوو" ســەرۆک کۆمار ناتوانێت ئەنجومەنی گەل هەڵبوەشێنێتەوە لە کاتی پێویست نەبێت، وە دەبێت بە ڕیفراندۆمی گەل بێت، .......[٢].

ئەگەر هـاتوو زۆرینەی دەنگدەران یـان زۆرینەی ســـەرجەمی دەنگدەران بەو پێشنیارە ڕازی ببن، ئەوا ئەنجومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە و بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نوێ، دەبێت هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر گەل هەڵوەشـــاندنەوەکە ڕەتبکاتەوە و زۆرینەی پێویســـت بۆ هەڵبژاردن بە دەســـت نەهێنێت، ئەوا داواکردنی هەڵوەشـاندنەوە کۆتایی پێ دێت، پەرلەمانەکە لە کاری خۆی بەردەوام دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گێڕانەوەی متمانە بۆ پەرلەمان[٣].

---

(١) مصطفى غازي حسن علي،"اختلال التوازن بين السلطتين التشريعية والتنفيذية في النظام البرلماني، الجامعة المستنصرية، ماجستير، ٢٠١٧، ل١٦٨.

٢ ( مادەی ١٣٦ ی دەستوری مسری ساڵی ١٩٧١.

(٣) د. علي ســـعد عمران، الحدود الدســـتورية لحل البرلمان، دار الضـــوان للنشـــر والتوزيع، عمان، ٢٠١٦، ل٨١.

## لقی دووەم
## کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

بە شێوەیەکی گشتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لێکەوتەی گرنگی بۆ هەموو دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەت هەیە، لێرەدا پرسیار لەسەر چارەنووسی ئەنجوومەنی یاسادانان و کارەکانی لە ماوەی هەڵوەشاندنەوە دروست دەبێت، بۆ ئەوەی بگەین بە ناوەڕۆکی بابەتەکە پرسیاری ئەوە دەخەینەڕوو، ئایا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان کاری یاسادانان و چاودێریکردنی پەرلەمان رادەگرێت، یاخود پەرلەمان دەتوانێت تاکو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ درێژە بە کارەکانی بدات، کە ئەمەش بۆ مسۆگەرکردن و بەردەوام بوونی کاری پەرلەمانییە بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر بۆشاییەکی یاسادانان، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لقە بەسەر دوو ئاڕاستەدا دابەش دەکەین بەمشێوەیە:

### ئاڕاستەی یەکەم: کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە لایەن ئاڕاستەی کلاسیکی

ڕەوتی کلاسیکی وای دادەنێت، کە هەموو کارەکانی پەرلەمان بە دەرچوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە کۆتایی پێدێت، و ئەنجوومەنە هەڵوەشاوەکە پێگەی پەرلەمانی کە بریتیین لە گرێدانی کۆبونەوەکان و پەیڕەوکردنی کاری یاسادان و چاودێریکردن لەدەست دەدات، بەمەش ئەندامانی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە پارێزبەندی و ئیمتیازاتەکانیان کە لە کاتی ژیانی پەرلەمانیدا سوودیان لێوەردەگرت لە دەست دەدەن، لەم ڕوانگەوە ئەندامانی پەرلەمان دەبنەوە بە تاکێکی ئاسایی[١].

ئەم ئاڕاستەیە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی بە گیان لە دەستدانی مەدەنی چواندووە، کە باری یاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی

---

١ د. احمد عبداللطيف ابراهيم السيد، حل البرلمان، دراسة مقارنة، ط١، مكتبة القانونية والاقتصاد، الرياض، ٢٠١٤، ل٢٥.

هەڵوەشـــاوە بە تیۆری مردنی مەدەنی ناو دەبرێت، ئارگیومێنتەکەی ئەوەیە کە ئەم بیردۆزەی مردنی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە پادشا دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە و پێکهێنان و کۆکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان مافی پادشا بووە، بە واتایەکی تر پادشا بە تەنیا مافی کۆکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەبووە (من یملك العقد یملك الحل)[1]. لەهەمان کاتدا وا دەبینرێت کە تیۆری مردنی مەدەنی پێچەوانەی پرێنسیپە هاوچەرخەکانی دیموکراسییە، بەپێی لۆژیکی ئەم تیۆرە پەرلەمانی هەڵوەشاوە ناتوانێت تایبەتکارییەکانی پیادەبکات، و لەسیستەمە دیموکراتییەکاندا سەرۆکی دەوڵەت ناتوانێت ئەم بۆشاییە پربکاتەوە، بە پێچەوانەی رژێمە ڕەهاکان کە هەموو تایبەتکارییەکان لە ناویشیاندا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بۆ پادشا دەگەرێتەوە[2].

ئەم بیردۆزە هەندێک بەکارهێنانی لە ژێر تایبەتمەندی ڕەهادا دۆزیوەتەوە، کە یەکێک لەو جێبەجێکردنانەدا ئەوەیە، کە لە ئینگلتەرا لە نێوان پادشایەتی ڕەها و دامەزراندنی پادشایەتی دەستوریدا ڕوویدا، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی فەرەنسی لە سایەی کۆماری سێیەمدا (١٨٧٠-١٩٤٠) لە ساڵی ١٨٧٧ لەو کاتەی مکماهون سەرۆکی وڵات بوو، هەروەها لە کۆماری چوارەمدا (١٩٤٠-١٩٥٨) بۆ هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٥٥، لە کۆماری پێنجەمدا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ساڵی (١٩٦١-١٩٦٨)، ئەمەش هەرچەندە دەستوری ١٩٤٦ و ١٩٥٨ هیچ دەقیک دەربارەی باری یاسایی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە نەهاتووە، بەڵام ڕاستییە پراکتیکییەکان دەریانخست کە

---

(١)د. خلیل عبدالمنعم خلیل مرعي، حل البرلمان بین النظریة والتطبیق، الهیئة المصریة العامة لكاتب، ٢٠١٣، ل١٢٣.

(٢) د. سمیر داود سلمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨..

سـيسـتەمی دەسـتوری فەڕەنسـی بیردۆزی مردنی مەدەنی لە ئامێزگرتووە[1].

ئەگەر سەیری دەستوری میسری بکەین بە تیۆری مردنی مەدەنی وەرگرتووە، کە هێشـتا لە ژێر کاریگەری بیری کلاسـیکی لەو کاتەی بڕیاری هەڵوەشـاندنەوە دەدرێت پەرلەمان کۆتایی بەکارەکانی دێت، کە ئەمەش بە ڕوونی لە ماددەی (٥٤)ی یاسـای ژمارە (١٤١)ی سـاڵی ٢٠٢٠ سەبارەت بە ئەنجوومەنی پیران هاتووە " لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پیران، سـەرۆکی ئەنجومونی نوێنەران کارە کارگێڕی و داراییەکـان بەڕێوەدەبـات، هەروەهـا لە مـاوەی هەڵوەشـاندنەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکە، سەرۆک وەزیران هەموو تایبەتمەندییە دارایی و کـارگێڕییەکـان کە دراوە بە نوسـینگەی ئەنجومەنەکـان و سەرۆکەکانیان بەڕێوەدەبات"[2].

## ١-دۆخی یاسایی کارەکانی پەرلەمان پێش هەڵوەشاندنەوە

ئەو پڕۆژە یاسا و پێشنیار و پرسیار و لێپێچینەوانەی پێشکەشی پەرلەمان کراون لە جێگای خۆیان دەمێننەوە تاوەکو بڕیاریان لەسـەر دەدرێـت، تەنهـا بە ئیرادەی خـاوەنەکەی لە کـاتی کشـانەوەی داواکـارییەکەی نـامێنێـت، ئەمەش لە کـاتی کۆتـایی هـاتنی مـاوەی پەرلەمان یاخود هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان ڕوو دەدات[3]، ئەمەش بە واتای ئەوەدێت کە ئەو کارانەی پێشکەشی پەرلەمان کراون و یەکلایی نەکراونەتەوە وەک ئەوە دادەنرێت کە نەبووە.

کەوتنی ئەو کارانەی بەردەم ئەنجومەن تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێک لە ئەنجامە سـەرەتاییەکانی بەرجەسـتەکردنی تیۆری مەدەنی

(١) دانا عبدالكريم سـعيد، حل البرلمان واثاره القانونية على مبدا اسـتمرارية اعمال الدولة، المؤسسة المدينة للكتاب بيروت، ٢٠١٠، ل١٤٥.

(٢) یاسـای ئەنجوومەنی پیرانی میسـری ژمارە (١٤١)ی سـاڵی ٢٠٢٠، بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٢٦ لە ١ یولیوی ٢٠٢٠.

(٣) فؤاد كمال، الاوضاع البرلمانية، دارالكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٧. ٧٥

دەبێت، ئەگەر هاتوو دووبارە داوای ئەوکارانە بکرێتەوە، ئەوا دەبێت ڕێکاری نوێی بۆ بگیرێتەبەر، ئەمەش لە لایەن حکومەت یاخود لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەبێت، کەواتە هەموو ئەو پرۆژە یاسا و پێشنیار و پرسیار و لێپێچینەوانەی پێشکەشی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە کراون وەک ئەوە دەبێت کە نەبووە[1].

لە ئینگلتەرادا هەموو ئەو پرۆژانەی پێشکەشی یەکێک لە دوو ئەنجومەنەکە دەکرێت، کاتێک ئەنجومەنەکە ڕۆڵی تەواو دەبێت ئەوا ئەو پرۆژانەش کۆتاییان پێدێت، ناتواندرێت زیندووبکرێنەوە تەنها بە دووبارە پێشکەش کردنەوەیان نەبێت، کەواتە پرۆژەکان لە حاڵەتی نوێبونەوە و هەڵوەشاندنەوەدا وا دادەنرێت کە نەبوون، واتە پرۆژەکان تەنیا لە حاڵەتی نویێ بوونەوەی ئەنجومەن و هەڵوەشاندنەوەدا وا دادەنرێن کە نەبوون، و کەوتنی کارە هەڵپەسێردراوەکان تەنها بە کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی نابێت، بەڵکو هەرکاتێک ئەنجومەنەکان دانیشتەکانیشیان دواخست ئەمە ڕوودەدات، لە ئینگلتەرا هۆکاری ئەم یاسایە ئەوەیە، کە پەرلەمانی ئینگلیزی لە ڕووی تیۆرییەوە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە دەسەڵاتی نەتەوە وەرناگرێت[2].

سیستەمی دەستوری میسریش هێشتا لە ژێر ئەو کاریگەریەی ئاراستەی فقهی کلاسیکی دایە، یاسادانەری میسری باری یاسایی کارە هەڵپەسێردراوەکان دیاریدەکات، بەپێی دەستوری ساڵەکانی (١٩٥٦-١٩٥٨-١٩٦٢) کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەوەیە کە هەموو ئەو پرۆژە یاسا و پێشنیارانەی کرابوون بۆ پەرلەمان و یەکلایی نەکرابوونەوە پێش هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەوا کۆتاییان پێدێت[3].

---

(1) Lauvax Philippe, la Dissolution des assembles parlementires, Economica, paris, 1983, p310.

(٢) د. فؤاد کمال، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

(٣) دانا عبدالکریم سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

## ٢-بەردەوام بوونی ئەنجومەنە باڵاکان لەبەڕێوەبردنی تایبەتکارییەکانیان

پێکهێنانی پەرلەمانێکی دوو ئەنجوومەنی شێوازێکی جیاوازی پەرلەمان پێکهێنانە، بەپێی زۆربەی دەستورەکانی جیهان ئەنجوومەنی دووەمیان لە هەڵوەشاندنەوە دورخستۆتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی یەکەم کاریگەری لەسەر ئەنجوومەنی دووەم نابێت، بەڵکو لە کاتی بڕیاردانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی یەکەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دانیشتەکانی ئەنجوومەنی دووەم دوادەخرێت[١].

بۆ نمونە لە ئینگلتەرا ئەنجوومەنی لۆردەکان بۆ هەڵوەشاندنەوە ملکەچ نابن، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی لۆردەکان دوابخرێت، سیستەمی ئینگلیزی هەوڵیداوە ئەگەر ئەنجوومەنی خواروو هەڵبوەشێتەوە ئەو کاریگەریەی کە ڕوو دەدات لە نێوان هەردوو ئەنجومەنەکە سنورداربکات[٢].

هەروەها لە دەستوری فەڕەنسی لە کۆماری سێیەم و چوارەمدا ئەنجوومەنی پیران هەڵنەدەوەشایەوە، بەڵکو کۆبونەوەکانی دوا دەخرا هەتاوەکو ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ کۆدەبویەوە،[٣]هەروەها لە دەستوری میسری ساڵی ١٩٢٣دا هاتبوو ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشایەوە، ئەوا کۆبونەوەی ئەنجوومەنی پیران دوا دەخرێت.[٤]

---

(١) مرزوقي عبدالحليم، حق الحل في ظل النظام النيابي البرلماني بين النظرية والتطبيق، مقدمة لنيل شهادة دكتوراه جامعة الحاج لخضر- باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠١٣-٢٠١٤، ل ٢٨٤.

(2) Lauvax Philippe, op, Cit, p308-309.

(٣) د. خالد عباس مسلم، حق الحل في النظام النيابي البرلماني، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ١٩٩٧، ل١٤٣-١٤٤.

(٤) ماددەی (٨٠)ی دەستوری میسری ساڵی ١٩٢٣.

به گەڕانەوە بۆ دەستوری میسری بە هۆی سروشتی تایبەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی گەل کاریگەری لەسەر تایبەتکارییەکانی ئەنجوومەنی پیران نابێت، و واقعی دەستوری میسر ئەوەی پشت ڕاستکردەوە لە هەڵوەشاندنەوەی ساڵی ١٩٨٧ وساڵی ١٩٩٠ سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی گەل ئەنجوومەنی پیران لە کارکردنی بەردەوام بوو[١].

جێگای ئاماژەپێدانە دەستوری ساڵی ٢٠١٢ی میسری چارەسەرێکی بۆ کێشەی تایبەتکارییەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دۆزیوەتەوە، ئەمەش بە دەق ڕوونکراوەتەوە کە ئەنجوومەنی پیران لە پەیڕەوکردنی تایبەتکارییە یاساییە هاوبەشەکان بەردەوام دەبێت[٢].

## ٣-کۆبونەوەی ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا

هەندێک لە دەستورەکان بە تایبەتیش کۆنەکان، ڕێگا بە پەرلەمانی هەڵوەشاوە دەدات لە چەند حاڵەتێکدا کۆببێتەوە، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی تیۆری مردنی مەدەنییە، یەکێک لە حاڵەتەکان مردنی پادشایە لە ناکاو، بۆ نموونە لە یاسای بەڕێوەبردنی پەرلەمانی ئینگلیزی ساڵی ١٧٩٧ هاتبوو پەرلەمانی هەڵوەشاوە لە کاتی مردنی پادشا لە ناکاو کۆدەبێتەوە[٣].

هەروەها بەگوێرەی ماددەی (٧٧)ی دەستوری ئیتاڵی ساڵی ١٩٤٧ حاڵەتێکی تر نیشاندەدات کە پێویستە پەرلەمانی هەڵوەشاوە کۆببێتەوە، ئەویش حاڵەتی لە ناکاو و بەپەلەیە، کە حکومەت

---

(١) مەرزوقي عبدالحليم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

(٢) ماددەی(١٣١)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٢.

(٣) د. علاء عبدالمتعال، حل البرلمان في الانظمة الدستورية المقارنة، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٤، ل ٣١١.

ناچاردەکات بۆ ئەوەی مەترسـی دروسـت نەبێت کۆمەڵێک ڕێوشـوێن بگرێتەبەر، بۆ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێوشـــوێنانە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا پەرلەمانی هەڵوەشاوە دەبێت کۆببێتەوە[1].

هەروەها لە چەند دەستوری تردا حاڵەتی وازهێنان لە دەسەڵات و چۆڵبوونی تەخت و نە توانینی فەرمانڕەوایکردن بە هۆی نەخۆشـــی درێژخایەن ئاماژەی پێکراوە، ئەمەش لە دەســـتوری یۆنانی ســـاڵی ١٩٥٢ ئـامـاژەی پێکراوە، هەروەهـا لە مـاددەی (٧٩)ی دەســـتوری بەلجیکی ساڵی ١٨٣١ ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە بە هێزی یاسا لە کاتی مردنی پادشـادا کۆدەبێتەوە، جارێکی تر دەسـەڵاتەکانی بۆ دەگەڕێتەوە تاوەکو ئەنجوومەنی نوێ کۆدەبێتەوە[2].

تێبینی ئەوە کراوە، کە ئەو ڕێنمـاییـانەی لە هەردوو یـاســـای ئینگلیزی ســـاڵی ١٧١٩ و دەســـتوری بەلجیکی هـاتووە جێبەجێیان نەکردووە، بە پێچەوانەی دەســـتوری یۆنـانی ســـاڵی ١٩١١ی هەموارکراوی ســـاڵی ١٩٥٢، کە ئەنجومەنەکە هەڵوەشـــابویەوە لە ١٩٢٠/٩/٨، داوا لە ئەنجومەنە هەڵوەشـاوەکە کرا بەهۆی مردنی پادشـا ئەلیکســـانـدەر Alexander کۆببێتەوە، دواتر لە ١٩٢٠/١٠/١٥ ئەنجومەنەکە کۆبویەوە[3].

هەروەها بەگوێرەی بڕگە (م) لە ماددەی (٢٨)ی دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ کە تێیدا هاتووە، ئەگەر هاتوو پادشا بە هۆکاری نەخۆشی عەقڵی نەیتوانی کـارەکـانی ڕابپەڕێنێـت، دوای پەســـەنـدکردنی نەخۆشـــییەکە دەســـتبەجێ دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران بانگهێشـــتی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات بۆ کۆبونەوە، ئەگەر ئەم نەخۆشـــییە بە تەواوی سەلمێنرا، ئەنجوومەنی نیشتیمانی بڕیاردەدات کۆتایی بەخولی

(١) ماددەی (٧٧) لە دەســـتوری ئیتاڵی ســـاڵی ١٩٤٧، دەرچوو لە ڕۆما لە ٢٧ دیســـمبری ١٩٤٧.

(٢) مرزوقي عبدالحليم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩.

(3) Lauvax Philippe, op. Cit, p 307.

پادشایی خۆی بهێنێت، دواتر بەگوێرەی بەندەکانی دەستور پادشایەتی بۆ خاوەن ماف دەگوازرێتەوە[١].

ئاراســـتەی دووەم/ کاریگەرییەکانی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان لە دەســـتوری هاوچەرخدا:

لە هەندێک ســـیســـتەمی دەســـتوریدا هەوڵ بۆ ســـنوردارکردنی کـــاریگەرییەکـــانی تیۆری مردنی مەدەنی دەدرێـــت، کە پەرلەمـــان پەکدەخات، باری یاســـایی پەرلەمانی هەڵوەشـــێنراوە لەم تیۆرەدا لە ژێردەقە دەســـتورییە مۆدێرنەکاندا قاڵبێکی جیاوازی وەرگرتووە، ئەم ڕژێمانە تامەزرۆی ئەوەبوون لە دەســـتورەکانیاندا دەقەکانیان بۆ پاراستنی ژیانی پەرلەمانی بە بێ پچڕان گرەنتی کراوبێت، بۆ خۆلادان لە بۆشـایی یاسـادانان و چاودێریکردن، سـەرەڕای هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان[٢].

بۆ نمونە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٦٤)ی دەســـتوری هۆڵەندی ســـاڵی ٢٠١٢ داهاتووە، پەرلەمانی هەڵوەشـــاوە کاریگەری دەبێت تا وەکو ئەو ڕۆژەی ئـەنجوومـەنی هەڵبژێردراوی نوێ کۆدەبێتەوە، بەو واتـاییەی کە بڕیـاری هەڵوەشـــانـدنەوە هیچ کـاریگەرییەکی بۆ ئەنجوومەنە هەڵوەشـــاوەکان نابێت، هەتا وەکو کۆبونەوەی پەرلەمانی نوێ ئەنجامدەدرێت، بەمەش کاری پەرلەمانی ئەنجومەنەکە بەردەوام دەبێت لە جێبەجێکردنی کارەکانیان بە درێژایی ماوەی هەڵوەشاندنەوە تا وەکو ئەنجوومەنی نوێ کۆدەبێتەوە[٣].

هەندێک دەستور بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتوون کە کاری پەرلەمانی بەردەوام دەبێت، ســـەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنەکە هەڵوەشـــاوەتەوە، بەڵام لە هەموو تـــایبەتکـــارییەکـــانی بەردەوام دەبێـــت، هەریەکە لە دەســـتوری دانیمارکی و ســـویدی بەم شـــێوەیە وەریانگرتووە، کە لە

---

(١) ماددەی (٢٨)ی دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢.

(٢) مرزوقي عبدالحليم، سەرچاوەی پشوو، ل ٢٩٨.

(3) Article ( 64) Netherland Constitution (2008).

ماددەی (٣٢)ی دەستوری ساڵی ١٩٥٣ی دانیمارکی هاتووە "پادشا بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا بێت بڕیاربدات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ، لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کۆتایی بە کارەکانی پەرلەمانی پێشووتر دێت، پەرلەمانیش بە هیچ شێوەیەک کۆتایی بە کارەکانی نایەت جگە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ[1].

لە بەشی سێیەمی ماددەی (٥)ی دەستوری سویدی ساڵی ١٩٧٤ داهاتووە "لە هەر حاڵەتێکدا کە هەڵبژاردنی یاسادانان ئەنجام دەدرێت ماوەی نێوان بڕیاردانی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە تاکو کۆبونەوەی ئەنجوومەنی نوێ، ئەوا ماوەکەی وا ئەژماردەکرێت کە لەخولی یاسادانانی ئەنجوومەنی پێشوودایە[2].

لەم دەستورانەی کە ئاماژەمان پێیاندا، ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە پەیڕەویی هەموو تایبەتکارییەکانی خۆی دەکات، جگە لە پیادەکردنی کرداری یاسادانان، هەروەها چاودێریکردنی حکومەتیش دەکات، کە لە ڕاستیدا چەند شێواز هەیە کە لە لایەن دەستورە جیاوازەکانەوە بۆ خۆلادان لە بۆشایی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لە ماوەی هەڵوەشاندنەوەدا بەکاردێت، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

## یەکەم/ شێوازی لیژنەی هەمیشەیی

ئامانجی ئەم شێوازە مسۆگەرکردنی بەردەوامی چاودێری پەرلەمانییە بۆ سەر دەسەڵاتی جیبەجێکردن، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە لە ماوەی ئامادەنەبوونی پەرلەمان لەکارەکانیدا بەردەوام بێت، ئینجا چ بە هەڵوەشاندنەوە یان دواخستن یاخود کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان بە شێوەیەکی سروشتی بێت[3].

(1)Article ( 32) Denmark constitution (1953).
(2) Chapter (3) Sweden constitution (1974).
(٣) د. خالد عباس مسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦، د. علاء عبدالمتعال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٤.

یەکێک لەو دەستورانەی ئەم شێوەیەی وەرگرتووە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٧٨)ی دەستوری ١٩٧٨ی ئیسپانیایە کەتێیدا هاتووە "چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە دوو لیژنەیی هەمیشەیی دەسپێردرێت، لە هەریەک لە ئەنجومەنەکانی پەرلەمان، ئەم لیژنانەش لە ژێر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی (٨٦، ١١٦)ی دەستوردا کارەکانیان دەکەن[1].

هەروەها لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٥)ی دەستوری نەمسای ساڵی ١٩٢٠ ئەم سیستەمەی گرتۆتەبەر کەتێیدا هاتووە "لیژنەیەکی هەمیشەیی لە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێن، کە ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە لایەن سەرۆکی فیدراڵییەوە هەڵبوەشێتەوە بەپێی ماددەی (١/٢٩) ئەوا لەم کاتەدا مافی چاودێریکردن بۆ ئەم لیژنەیە دەگوازرێتەوە[2].

جێگای ئاماژەپێدانە کە بڕگەی (١)ی ماددەی (٢٩) لە هەمان دەستوردا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەبێت، لەو جۆرە هەڵوەشاندنەوەیە مافی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ لیژنەی هەمیشەیی دەگوازرێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی خودی کە لەبڕگەی (٢)ی هەمان ماددە ڕێکخراوە، ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکە تاکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ بە هەموو تایبەتکارییەکانی خۆی دەمێنێتەوە[3].

هەروەها لە ماددەی (٣٥)ی دەستوری وایمەر Weimarی ئەڵمانی ساڵی ١٩١٩ هاتووە "کە پەرلەمان دوو لیژنە لە ئەندامانی پەرلەمان پێکدەهێنێت، ئەوانیش لیژنەی کاروباری دەرەوە، و لیژنەی داکۆکی لە مافی نوێنەرایەتی نەتەوە بەرامبەر بە حکومەت، ئەرکی

---

(١) دانا عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

(٢) ماددەی (٥)ی دەستوری نەمسای ساڵی ١٩٢٠، هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٣.

(٣) دانا عبدالکریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

چاودێریکردنی حکومەتە لە حاڵەتێکدا کە پەرلەمان بوونی نییە، و ئەم حاڵەتە هەڵوەشاندنەوەش دەگرێتەوە[1].

## دووەم/دەست بەکاربونەوەی پەرلەمانی هەڵوەشاوە ئەگەر هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێت.

زۆرێک لە دەستورەکان ڕێگە بە گەڕانەوەی هەموو تایبەتکارییە دەستورییەکانی پەرلەمان دەدەن، ئەگەر پەرلەمانی نوێ لە ماوەی دەستوریدا هەڵنەبژێردرێت، وا دادەنرێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە نەبووە، ئینجا بڕیارەکە لە هەر لایەنێکەوە دەرچووبێت، ئەمەش وەک سزادانی سیاسی بۆ سەر دەسەلاتی حکومەت دەبێت[2].

لە دەستوری چەند ولاتێکدا ئەم شێوەیە خراوەتەڕوو، وەک دەستوری ئوردەنی ساڵی ١٩٦٢ دا، هەروەها لە دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢ ئاماژە بەوەکراوە ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن لە ماوەی دیاریکراودا ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکە هەموو دەسەلاتە دەستوورییەکانی بۆدەگەڕێتەوە، وا دادەنرێت کە هەڵوەشاندنەوەکە بوونی نەبووە، وە بەردەوام دەبێت لە کارەکانی خۆی تاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ ئەنجام دەدرێت[3].

---

(1) Lauvax Philippe, op. Cit, p 314.

(٢) د. خالد عباس مسلم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٣) لە بڕگەی (٢) ماددەی (٧٣)ی دەستوری ئوردەنی ساڵی ١٩٥٢ دا هاتووە "ئەگەر بە کۆتایی هاتنی چوار مانگ هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا، ئەوا ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە تەواوی دەسەلاتی دەستوری خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، و دەستبەجێ کۆدەبێتەوە، وە هەڵوەشاندنەوەکە وادادەنرێت کە نەبووە، و لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەنجوومەنێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت"، هەروەها لە دەستوری کوەیتی لە ماددەی (١٠٧)ی ساڵی ١٩٦٢ بەم شێوازەی وەرگرتووە، کە تێیدا هاتووە "ئەگەر لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا، ئەوا ئەنجوومەنی هەڵوەشاوە هەموو دەسەلاتە دەستورییەکانی بۆ دەگەڕێتەوە و دەستبەجێ کۆدەبێتەوە، و هەڵوەشاندنەوەکە وا دادەنرێت کە نەبووە، لە کارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت،هەتاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ".

هەروەها لە ماددەی (١٠٧)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٢ دا هاتووە "ئەگەر لە کاتی خۆیدا ڕیفراندۆم یان هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، ئەنجومەنەکە بە ئۆتۆماتیکی، ڕۆژێک دوای کۆتایی پێهاتنی ماوەی دیاریکراو لە وادەی خۆی دەگەڕێتەوە[1].

جێگای سەرەنجە کە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ماددەیەکی لەو شێوەیە ناگرێتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری دەستوری عێراقی هەرچەند لە ماددەی (٦٤)دا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەماوەی (٦٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران دیاریکردوە، بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن لە ماوەی دیاریکراودا ئەنجام نەدرا، ئەوا دووبارە ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەتکاریی و دەسەڵاتەکانی بۆ دەگەڕێتەوە[2].

پشتگیری ئەوە دەکەین بەوەی کە لەکاتی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان کۆتایی بە کارەکانی پەرلەمان بێت، بەڵام لەکاتی پێویست و حاڵەتی لەناکاو دا پەرلەمان بتوانێت کۆببێتەوە ئینجا لە ڕێگەی لیژنە بێت یاخود پەرلەمانی هەڵوەشاوە دەست بەکاربێتەوە لە ئەگەریئەنجام نەدانی هەڵنژاردن.

(١) ماددەی (١٠٧)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٢.

(٢) دانا عبدالكريم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

## مەبەستی دووەم
## لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار

ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان لە دەستورەکان ئاماژەی پێدراوە، بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوە یاسایەی کە دیاریکراوە، هەڵبژاردنێکی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت، بۆ باسکردنی ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان و ئەرک و مافی پەرلەمانتار دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم: ماوەی ویلایەتی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پیش وەختە

لقی دووەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ئەرک و مافی پەرلەمانتار

### لقی یەکەم
### ماوەی ویلایەتی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێش وەختە

ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان واتا، پەرلەمان پەیڕەوی هەموو دەسەڵاتێکی خۆی دەکات، بەشێوەیەکی تەواو لەو ماوە یاساییەی بۆی دیاریکراوە، بە کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام دەدرێت، هەندێک جار بەر لە تەواو بوونی ئەو ماوەیە، کۆتای بە دەسەڵاتی یاسا دانان دێت، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی دەکەین:

یەکەم: ماوەی ویلایەتی پەرلەمان

ماوەی پەرلەمانەکان و پیادەکردنی دەسەڵات لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە و دوای تەواو بوونی پێویستە هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ ئەنجومەنێکی نوێ ئەنجام بدرێت، لێرەدا ماوەی

ویلایەتی پەرلەمانەکان بەردەوامە لەگەڵ دیاریکردنی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان، مەبەستیش لە ماوەی ویلایەتی پەرلەمان واتە ماوەی پەرلەمانەکان لە خولی دەستوریدا دەست پێ دەکات، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانەوە تاوەکو کۆتایی هاتنی کارەکانی[1].

ماوەی ویلایەتی ئەنجومەنەکانی پەرلەمان بەو مانایە دێت، کە ئەنجومەنەکە هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بە ئازادی لە ماوەی یاسایی خۆی پەیڕەودەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت و لە ڕێگەی ئەم هەڵبژاردنەوە گەل هێزی خۆی پیادە دەکات، ئەگەر هاتوو گەل لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەنجومەنەکە ڕازی نەبێت ئەوا بە لۆژیکی ئەندامانی تر لە شوێنی ئەو ئەندامانە هەڵدەبژێرێت، وە ئەگەر گەل ڕازی بێت بە سیاسەتەکانی ئەنجومەنەکە، ئەوا لەوانەیە دووبارە هەمان ئەندام یاخود زۆربەیان هەڵبژێردرێنەوە، ماوەی پەرلەمان چەکێکە بە دەستی گەلەوە وە ئامرازێکی چاودێریە لەسەر ئەندامەکان، هەروەها سزایەکە بۆ سەرنەکەوتنی ئەندامەکان بۆ پێشێلکردنی پابەندیەکانیان بەرامبەر بە گەل[2].

لە یاسا دەستورییەکاندا ئاماژەکراوە کە پێویستە ئەم ئەنجومەنانە لە ژێر بەندی دەستوریدا ماوەیەکی جێگیریان هەبێت، بەڵام هەندێک جار دەستور ماوەی پەرلەمان دیاری ناکات، بەڵکو دیاریکردنی ماوەکەی بۆ یاسای هەڵبژاردن جێدەهێڵێت وەک دەستوری فەڕەنسی[3]، کە لە دەستوری فەڕەنسی هاتووە ماوەی هەردوو ئەنجومونی پەرلەمان و ژمارەی ئەندامەکانیان و پاداشتیان و مەرج

---

(١) د.محسن خليل، النظم السياسية والدستور اللبناني، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٥، ل٧٦٠.

(٢) د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا، النظام الدستور اللبناني، دار الجامعية، بيروت، بدون مكان، ل٣٦٨.

(٣) شالاو صباح عبدالرحمن، مدى شرعية تمديد المجالس النيابية في النظام الديمقراطي، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢، ل٣١.

وســـــەرپێچیەکانی کانـدیـدکردن و نـاکۆکی لەگەڵ ئەنـدامیەتیدا بە یاسـایەکی بنەڕەتی دیاری دەکرێت[1]، و شـێوازی دیاریکردنی ماوەی پەرلەمان لە لایەن یاســـا ئاســـاییەکانەوە ڕەخنەی لێگیرا، چونکە دیـاریکردنی مـاوەی ئەنجومەنەکـان بە تـایبەتیش پەرلەمـان بۆ ڕێکخســـتنی دەســـەڵات لە کارە هەرە گرنگەکانە، ئەگەر دیاریکردنی ماوەی ئەنجومەن بدرێت بە خۆی ئەوا پەرلەمان زیاتر ئارەزووی درێژکردنەوەی ئەو ماوەیان دەبێت بۆ ماوەییەکی زۆر تا دەتوانن[2].

لە عێراق ســـەبـارەت بە کۆتـایی هـاتنی وادەی یەکەم خولی ئەنجومەنی نوێنەران، ســـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران نوســـراوێکی ئاڕاســـتەی دادگای باڵای فیدراڵی کرد، بۆ ڕوونکردنەوەی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥٦) لە دەســتور، بە مەبەســتی دیاریکردنی وادەی کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی یەکەم و وادەی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ، داواکە لە دانیشتنێکی دادگای فیدراڵی لە ٢٠٠٩/٥/١٣ بەڕێوە چوو[3].

---

(١) ماددەی (٢٥) لە دەستوری فەرەنسی بەرواری ١٩٥٨/١٠/٤.

(٢) د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا، النظام الدستور اللبناني، دار الجامعية، بيروت، بدون سنة،، ل٤٤٠.

(٣) دادگا گەیشـتە ئەو ئەنجامە، ١- بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٥٦)ی دەسـتورری کۆماری عێراقی ســاڵی ٢٠٠٥ ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە چوار ســاڵی ڕۆژمێری دیاریکردووە، ٢-ئەو چوار ســاڵەی لە ماددەی دەســـتور دا هاتووە لەگەڵ یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەن کە لەلایەن بە تەمەنترین ئەندامەوە سەرۆکایەتی دەکرێت دەست پێدەکات، لەسەر بانگهێشتکردنی بڕیاری کۆماری بۆ کۆبونەوە، ٣-دانیشتنەکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٣/١٦ ئەنجامـدراوە، دوای بانگهێشـتکردنی یەکەم دانیشـتن کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥٦)ی دەسـتوردا هاتووە، ٤-بڕگەی (دووەم) لە ماددەی(٥٦) ی دەستور باس لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات چل و پێنج ڕۆژ پێش ڕێککەوتی کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردن، ٥- مانای ساڵی ڕۆژمێری کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٥٦) لە دەستوردا هاتووە، وەکو ســاڵی میلادی وایە کە ماوەکەی (٣٦٥) ڕۆژە لەســـەر ئەوەش کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ لە (٢٠١٠/٣/١٥) دەبێت،ڕێککەوتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ لە (٢٠١٠/١/٣٠) دەبێت.

له بڕیارێکی تردا[1]، دادگا بە شێوەیەکی ڕوون ماوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە چوار ساڵی ڕۆژمێری دیاریکردووە، وە بە کۆتایی هاتنی ســـاڵی چوارەمی خولەکە کۆتایی پێ دێت، بڕیارەکە ئاماژەی کرد بە".........، ئەم ماوەیە ماوەی خولی هەڵبژاردنە بۆ پیادەکردنی ئەو کارانەی لە دەســـتوردا هاتووە، بە کۆتایی هاتنی خولەکە ماوەکە کۆتایی دێت، هەموو ئەو کارانەی لە دەرەوەی دەســـتور ئەنجام دەدرێت بێ بنچینە دەبێت، چونکە کاتێک دەنگدەرەکە دەنگی خۆی بەو کەســـە دەدات لە ئەنجومەنی نوێنەران وەک نوێنەری خۆی هەڵیدەبژێرێت، ماوەکەی دیاریکراوە، ئەو ماوەیەش لە کۆتایی خولی دیاریکراو لە دەســتوردا کۆتایی پێ دێت، کە چوار ســاڵی ڕۆژمێرییە، وە ڕێگە نادرێت هیچ لایەنێک پێشـێلی ئەوە بکات، چونکە پێشـێلکردنی مانای پێشـێلکردنی ئیرادەی گەلە، کە ئەو ماوەیەش دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی دیاریکراوە، کاتێک ماددەکانی دەســـتور لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی پەسەندکرا، لەوانەش بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٥٦)ە، گەل ســـەرچاوەی دەســـەڵات ورەوایی خۆیەتی کە لە ماددەی (٥)ی دەستور دا هاتووە، وەناکرێت ســەرپێچی دەستوری بکرێت، بڕیاری دادگا ئاماژەی بەوەش داوە" ناکرێت ئەو ماوەیە پێشـــێل بکرێت و بگەڕێنەوە سەر هیچ دەقێکی تر لە یاسا، چونکە ئەوە دژ دەبێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ماددەی (١٣)ی دەستور، کە لەو ماددەیە هاتووە" یەکەم: ئەم دەســـتورە بە یاســـای باڵاو هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقدا، و پێویســتە لە هەموو شــوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی، دووەم: نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستورە بێت: بەوەی کە پێشـــکەش کرا کۆمیســـیۆنی باڵای ســـەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ئەنجومەنی نوێنەران ناچارن ئەحکامەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٥٦) لە دەســـتور جێبەجێبکەن، هەڵبژاردن بە پێی ماوەی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، وەناکرێت ئەو ماوەیە پێشێل بکرێت بۆ ئەوەی کاتێکی

(١)بڕیاری ژمارە (٨/اتحادية/٢٠١٨) بڵاوکراوە لە  لە ٢٠١٨/١/٢١.

تر بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن دیاری بکرێت، چونکە ئەوە وادادەنرێت کە هەمواری ئەحکامەکانی ماددەی (٥٦)ی دەستور کراوە، وە هەموارەکەش بە ڕێگای ماددەی (١٢٦)ی دەستور نەکراوە.

دەستورەکان جیاوازیان لە دیاریکردنی ماوەی پەرلەماندا هەیە، ئەوەی کە ڕەزامەندی لەسەرە نابێت ئەو ماوەیە زۆر درێژ بێت بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران نوێنەرایەتی ویستی دەنگدەرانی بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان خەڵک و نوێنەرەکانیان بپچرێت، هەروەها نابێت ئەو ماوەیە زۆر کورت بێت بە جۆرێک کە ڕێگری لە ئەندامانی ئەنجومەن بکات لە ئەنجامدانی کارەکانیان کە ببێتە هۆی لاوازکردنی سەربەخۆیی ئەندامانی پەرلەمان لە بەرامبەر دەنگدەرانیدا[1]. ماوەی پەرلەمان لە زۆربەی دەوڵەتەکان لە نێوان سێ ساڵ بۆ پێنج ساڵ دیاریکراوە، جگە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە دوو ساڵ جارێک نوێ دەبێتەوە، ئەنجومەنی پیرانیشی بە شەش ساڵ دیاریکردووە[2].

ماوەی پەرلەمانیش جیاوازە ئەگەر پەرلەمان لە دوو ئەنجومەن پێک هاتبوو، ماوەی پەرلەمانی هەڵبژێردراو بە بەراورد بە ماوەی ئەنجومەنەکەی تر ماوەکەی کەمترە، بۆ نمونە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی لە پەرلەمانی بەریتانیا بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن، لە کاتێکدا ئەندامانی ئەنجوومەنی لۆردەکان تاوەکو لە ژیاندا ماون دیاری دەکرێن، هەروەها پەرلەمانی ئیتاڵیا ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێنج ساڵە، بەڵام چەند سیناتۆرێک و سەرۆکی کۆماری پێشوو و ئەو ئەندامانەی لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە دەست نیشانکراون تاوەکو لە ژیاندا ماون، لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا ماوەی ئەندامیەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تەنیا دوو ساڵە، بەڵام ماوەی ئەنجوومەنی

(١) د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية والقانون الدستوري، بدون مكان و ناشر، ١٩٩٧، ل١٩٩.

(٢)د. محمد كاظم المشهداني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٩.

پیران شەش ساڵە و سێییەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەر دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێنەوە[1].

بە گەڕانەوە بۆ دەقە دەستورییەکان لە وڵاتان بۆ دیاریکردنی ماوەی پەرلەمان بۆمان دەردەکەوێت کە هەر وڵاتە و بە شێوازێک ئاماژەی پێداوە، بە هۆی ئەم جیاوازیەش کە لە نێوان دەستورە بەراوورکارییەکاندا هەیە دەقی چەند دەستورێک دەخەینە ڕوو کە ماوەیەکی دیارریکراوی بۆ پەرلەمان دیاریکردووە، لە دەستوری میسری دا هاتووە "ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەران پێنج ساڵی زایینییە، کە لە بەرواری یەکەم کۆبونەوە دەست پێدەکات، و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ ئەنجام دەدرێت لە ماوەی شەست ڕۆژ پێش کۆتایی هاتنی ماوەکەی[2].

کەواتە دەستوری میسری ماوەی پەرلەمانی میسری بە پێنج ساڵی زایینی دیاریکردووە، هەروەها ماوەی شەست ڕۆژی دیاریکردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ پێش ئەوەی ئەنجومەنەکە ماوەکەی کۆتایی پێ بێت،

هەروەها لە دەستوری ئوردنی دا هاتووە کە "١- ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەران چوار ساڵە، کە دەست پێدەکات لە وادەی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی دەنگدانی گشتی لە ڕۆژنامەی فەرمی، پادشا دەتوانێت ماوەی ئەنجومەنەکە بە ویستی شاهانە درێژبکاتەوە بۆ ماوەییەک کە لە یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- پێویستە لە ماوەی چوارمانگدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت پێش ئەوەی ماوەی ئەنجومەنەکە کۆتایی بێت، ئەگەر لە کۆتایی خولی ئەنجومەنەکە هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت یان بە هۆی چەند هۆکارێکەوە

---

(١) شالاو صباح عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢) ماددەی (١٠٦) لە دەستوری میسری هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٣/٢٣.

دواکەوتبێـت، ئەوا ئەنجومەنەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە تـاوەکو ئەنجوومەنی نویێ هەڵدەبژێردرێت[1].

لە دەستوری ئوردنیشدا بە هەمان ئاراستەی دەستوری میسری ڕۆیشـــتووە لەســـەر دیاریکردنی ماوەی هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی پەرلەمان، بەڵام لە دەسـتوری ئوردنیدا دەرگای ماوەی درێژکرنەوەی پەرلەمانی کردۆتەوە کە درێژکرنەوەکە بە هەر هۆکارێک بێت.

هەروەهـا لە بڕگەی (١)ی مـاددەی (٥٦)ی دەســـتوری عێراقی داهـاتووە " یەکەم: مـاوەی خولی هەڵبژاردنی ئـەنجوومـەنی نوێنەران چوار ســاڵی ڕۆژمێری دەبێت، ماوەکە لە یەکەم دانیشــتنەوە دەســت پێدەکات و بە کۆتـایی هـاتنی ســـاڵی چوارەم کۆتـایی دێت. دووەم: هەڵبژاردنی ئــەنجوومــەنی نوێنەرانی نویێ چــل و پێنج ڕۆژ پێش بەرواری کۆتـایی هـاتن بە خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن دەســـــت پێدەکات"[2].

دەتوانین بڵێین دانـانی ئەم مـاوەیە بۆ ئەنجـامـدانی هەڵبژاردن گەرەنتییەکی دەســـــتوورییە بۆ بنەمــای دەوری هەڵبـژاردن و جەختکردنەوەیە لەسەر ماوەی ئەنجومەن لە ماوەی یاسایی خۆیدا.

پێمان باشە ماوەی ویلایەتی پەرلەمان لەنێوان چوار بۆ پێنج ساڵ بێت، وەکو ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پیادە دەکرێت.

دووەم: درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان

لە پێشـتردا باسـمان لە پێگەی دەسـتورە بەراورکارەکان کردووە لەســـەر دیاریکردنی ماوەی پەرلەمان، کە زۆربەی دەســـتورەکان لە ڕێگەی دەســـتورەکـانیـانەوە بنەمـای دیـاریکردنی مـاوەی ویلایەتی پەرلەمـانیـان دیاریکردووە، ئەمەش بە دیـاریکردنی مـاوەکەی بە چەند

---

(١) ماددەی (٦٨) لە دەســـتوری ئوردنی هەموارکراو کە بڵاوکراوەیە لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٥١١٧ لە ٢٠١١/١٠/١.

(٢) ماددەی (٥٦) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

ساڵێک، بەڵام دەستورەکان جیاوازیان هەبووە لەسەر چارەسەرکردنی بۆشـــایی دەســـتوری کە لەوانەیە ســـەرهەڵبدات دوای کۆتایی هاتنی ماوەکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ کاتێکی تر، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵوێستی دەستورەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١-ڕێگەنەدانی دەســـــتور بە درێژکردنەوەی مـــاوەی ویلایەتی پەرلەمان

لەپێشتردا باسمانکردن کە زۆربەی وڵاتەکان لە دەستورەکانیاندا مـــاوەی ئەنجومەنەکـــانیـــان بۆ مـــاوەیەکی جیـــاواز ســـــنوردار و دیاریکردووە، وەک لە بنەڕەتدا ئەوەیە هەموو وڵاتان لەســــــەر ماوەی پەرلەمان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێککەوتوون، ئەگەر دەســــتور بە ماددەیەکی دەستوری ئاماژەی بە درێژکردنەوەی ماوەکەی نەکردبێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە لە هیچ حاڵەتیکدا ماوەکەی درێژناکرێتەوە، هەر درێژکردنەوەیەک لە غیابی دەقی دەســـتوریدا یان لە نەبوونی مۆڵەتی دەستوریدا واتە پێشێلکردنی دەستور، وە بەرپرسان بەرپرس دەبن لە ئەنجامدانی و زۆربەی دەســــتورەکان ڕێگەیان بە درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە نەداوە[١].

٢-حاڵەتی ڕێگەدانی دەســـتور بە دێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی پەرلەمان

هەندێک لە دەســتورەکان بۆ دروســت نەبوونی بۆشــایی یاســایی وەک چارەســـەرێک پەنایان بردۆتەبەر درێژکرنەوەی ماوەی ویلایەتی ئەنجومەن، بۆ ڕێگەگرتن لەم دۆخەش دەســــتورەکان درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان وەک چارەســــەرێک لەم حاڵەتەدا ئاماژە پێداوە، هەروەها لە حاڵەتی پێویستیشدا ئاماژە بە درێژکرنەوەی ئەو ماوەیە دراوە، هەر دەســـتورە و بە شـــێوەیەکی جیاواز ئاماژەی

(١) شالاو صباح عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

پێدراوه، هەندێک له دەســـــتورەکان درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی پەرلەمـانیـان ئـامـاژه پێـداوه لەگەڵ دیـاریکردنی ئەو مـاوەیەی که ویلایەتەکەی بۆ درێژدەکرێتەوه، و به کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیه دەبێت هەڵبژاردنێکی گشـــتی بۆ نویێ کردنەوەی ویلایەتەکه ئەنجام بدرێت، ئەوەش له دەســـتوری ئوردنی ســـاڵی ١٩٥٢ ئـاماژەی پێدراوه[1]، دەســـتوری ئوردنی لەم ماددەیەدا ڕێگای به پادشـــا داوه ماوەی ویلایەتی ئــەنجوومــەنی نوێنەران درێژبکـاتەوه به بێ ئەوەی بۆ درێژکردنەوه ئاماژه به هیچ حاڵەتێکی له ناکاو و پێویســت بکات و به شـــێوەیەکی ڕەها ئاماژەی پێداوه، بەڵام له کاتی پێویســـتدا هەندێک دەســـتور ئـامـاژه به درێژکردنەوەی مـاوەی ئەنجوومـەنی نوێنەران دەدەن، بەڵام بەبێ ئەوەی ئـامـاژه به درێژکردنەوەی مـاوەکەی بکـات، لەم دەســتورانەش دەســتوری کوەیتی ســاڵی ١٩٦٢[2]، و دەســتوری ئیتاڵی ســـاڵی ١٩٤٨[3]، بەم شـــێوەیه ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنیان درێژ کردۆتەوه.

له ڕێگەی دەقی دەســـتوره بەراوردکارییەکانی پێشـــوو بۆمان دەردەکەوێت که دەســـتوری وڵاتەکان له دیاریکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردەکـان بۆ نویێ کردنەوەی مـاوەی ئەنجومەنەکـان له یەکەوه نزیکن.

هەروەهـا پێش کۆتـایی هـاتنی مـاوەی ویلایەتی ئـەنجوومـەن له وڵاتدا، به مەبەســـتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن له کاتی خۆیدا دەســـت

(١)له بڕگەی (١)ی ماددەی(٦٨) دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ هاتووه "ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەران چوار ســـاڵی ڕۆژمێرییه، که له کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان له ڕۆژنامەی فەرمی دەســـت پێدەکات، پادشـــا بۆی هەیه مـاوەی ئـەنجوومـەنـەکـان درێژبکاتەوه بۆ ماوەیەک که لەساڵێک کەمتر نەبێت و له دوو ساڵیش زیاتر نەبێت".

(٢) ماددەی (٨٣)ی دەســـتوری کوەیتی ســـاڵی ١٩٦٢ هاتووه "ناکرێت ماوەی ئەنجوومەن درێژبکرێتەوه، تەنها له کاتی پێویســـت و حاڵەتی جەنگ نەبێت، ئەمەش به یاســـا ڕێکدەخرێت".

(٣) ماددەی (٦٠)ی دەســـتوری ئیتاڵی ســـاڵی ١٩٤٨ هاتووه "ماوەی پەرلەمان پێنج ســـاڵه، ناکرێت درێژ بکرێتەوه، بەیاسا و تەنها  له کاتی جەنگ نەبێ"(.

بەكـاربوو، وە گەڕانەوە بۆ گەل بۆ ئەوەی جـارێكی تر ڕای خۆیـان لەســـــەر كاری ئەندامانی ئەنجومەنەكە دەرببڕن، دەبینین كە ماوەی ئەنجومەنەكان لە نێوان چوار تا پێنج ســـــاڵدایە، هەروەها تێبینی ئەوە دەكەین كە زۆربەی هەرە زۆری دەســتورەكان ماوەی پەرلەمانیان بە دەقی دەســـــتوری ئاماژە پێداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ناكرێت پەرلەمان ماوەی خۆی كورت بكاتەوە یاخود ماوەكەی درێژ بكاتەوە.

ڕامان وایە كە بە كۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان ماوەكەی درێژ نەكرێتەوە، تەنها لە چەند حاڵەتێكی پێویســت نەبێت، كە باردۆخەكە وا بخوازێت كە هەڵبژاردن لەكاتی خۆیدا نەتوانرێت ئەنجام بدرێت.

## لقی دووەم
## لێكەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر ئەرك ومافی پەرلەمانتار

ئەندام پەرلەمان لە ڕێگەی ئەندامیەتی پەرلەمانەوە ســـــوود لە كۆمەڵێك مافی بە دەســـــتهێنراو وەردەگرێت، كە بۆ ئەنجامدانی كاری پەرلەمانی خۆی بە شـێوەیەكی بابەتیانە و سـەربەخۆ یارمەتی دەدات، كە گرنگترین مافەكان بریتین لە مافی پارێزبەندی پەرلەمان و بەدەست هێنانی پاداشتی پەرلەمانی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم لقە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكەین:

### یەكەم/ چەمكی پەرلەمانتار و ئەرك و مافەكانی

دەتوانین پێناســـــەی ئەندامی پەرلەمان بكەین بەوەی كە ئەندام پەرلەمان كەسێكی سروشتییە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپیشـەكانی بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە بری گەل و لە ڕێگای دامەزراوەی یاسادانانەوە

پیادەی بەشــێک لە دەســەڵات دەکات  کە دەســەڵاتی یاســادانانە بە تەنها[1].

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بە چەند ئەرکێک پابەندە کە دەبێت بەپێی ئەو ئەرکانە هەڵســوکەوت و بکات پەیڕەویان بکات، کە لە ڕاســتیدا چوارچێوەی گشــتی بۆ کاری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران نیشــان دەدات، بۆیە دەبێت بەو ئەرکانەوە پابەند بێت، چونکە ئەو ئەرکانە کاریگەریان لەسەر کاری ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە، ئەو ئەرکانەش بریتین لە: ســوێند خواردنی دەســتوری ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئامادەبوون لە دانیشــتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و بەشــداری کردن لە لیژنەکان، تەرخانکردنی کارەکانی بۆ ئــەنجوومــەنی نوێنەران، هەروەهــا مــامەڵە نەکردنی دارایی لەگەڵ دەوڵەتدا[2].

---

(١) هیوا حامد، چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار لە یاســا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل١١.

(٢) ١-ســوێند خواردن و پەیوەســت بوون بە ســوێندی دەســتوری: هەندێک لە دەســتورە جیهانییەکان دەقیان لەســەر ســوێند خواردنی دەســتوری نوسـیوە، لەو دەســتورانەش دەستوری کۆماری عێراق و دەستوری ئوردنییە، کە هەر کەسێک لە دەوڵەتدا پۆستی هەبێت، دەبێت سوێندی دەستوری بخوات، لە بەردەم شوێنی مەبەست کە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت، بۆ نمونە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران  ســوێندی یاســای دەخۆن، لە ماددەی (٥٠)ی دەســتوری عێراقی هاتووە "ئەندامی ئـەنجوومـەنی نوێنەران پێش دەســت بەکاربوون لە بەردەم ئـەنجوومـەندا ســوێندی دەســتوری دەخوات"، هەروەهـا لە مـاددەی (١٤)ی پەیڕەوی نـاوخۆیی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عێراقیش هـاتووە "پاڵێوراو بە ئەندامی ئـەنجوومـەنی نوێنەران دادەنرێت و ســەرجەم مافەکانی ئەندامێتی لە ڕێککەوتی پەســەندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیە، لەدوای سوێندی یاسایش دەست بەکاردەبن"، هەروەها لە ماددەی (٨٠)ی دەســتوری ئوردنیش هـاتووە "هەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران پێش ئەوەی دەســت بە کارەکانی بکات، دەبێت لە بەردەم ئەنجوومەنەکەیدا ســوێند بخوات".

٢-ئامادده بوونی ئەندام لە دانیشــتنەکانی ئەنجوومـەنی نوێنەران و بەشــداریکردن لە لیژنەکان: زۆربەی دەســتورەکان ئاماژەیان داوە کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران نـاچـارە ئـامـادەی دانیشــتنەکـانی ئەنجوومەنی نوێنەران ببێت، بۆ ئەوەی ئەنـدامی

ئەنجوومەنی نوێنەران ڕۆڵی یاســـادانان و چاودێری ببینێت و دەبێت ئامادەی دانیشـــتنەکانی ئـەنجوومـەنی نوێنەران بێت، لە مـاددەی (١٦)ی پەیڕەوی نـاوخۆیی ئەنجوومـەنی نوێنەرانی عێراقی هـاتووە "ئەندامی ئەنجوومـەنی نوێنەران پابەند دەبێت بە: یەکەم: ئامادەبوون لەکۆبونەوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران وئەو لیژنانەی ئەندامە تێیدا، .....". کاتێک ئەندامی ئەنجوومەن لە دانیشـــتنەکاندا ئامادە نەبێت، ئەندام ســـزا دەدرێت، ئەم ســـزایەش بە غەرامە یـان دەرکردنی ئەنـدامەکە دەبێت، ئەگەر هـاتوو ئامادەنەبوونی ئەندامەکە لە ڕێژەیی یاســـای دیاریکراو تێبپەڕێت، ئەمەش لە بڕگەی (٣)ی مـاددەی (١٨)ی پەیرەوی نـاوخۆی ئـەنجوومـەنی نوێنەران هـاتووە "ئەگەر لە بارێکدا ئەندام لە دانیشـــتنێکی ئەنجوومەندا ئامادە نەبوو ، ڕێژەیەکی دیاریکراو کە ئەنجوومەن دیاری دەکات لە دەرماڵەکەی دەبڕدرێت".

٣-ئەندامی ئـەنجوومـەنی نوێنەران ئازادە بۆ ئەوەی وەک ئەندامی ئەنجوومـەن کاربکات: ئەمەش بەواتـای ئەوە دێت کە کاتێک هەڵبژێردراو دەبێت بە ئەندام لە ئـەنجوومـەنی نوێنەران، دەبێت یەکێک لە کارەکانی هەڵبژێرێت، ئایا لە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران بەردەوام دەبێت، یاخود لە کارەکەی پێشـــووی یان ئەو کارەی کە دەیکرد بەردەوام دەبێت، دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەو واتایەی کە نابێت ئەندامی ئەنجوومەن دوو کار بەیەکەوە ئەنجام بدات، ئەمەش لە بڕگەی (٦)ی ماددەی (٤٩)ی دســـتوری عێراقی هاتووە "نابێت لەیەک کاتدا کەســـێک ئەندام بێت لەئەنجوومەنی نوێنەران و هەرکارێک یان پۆستێکی فەرمی دیکەی هەبێت"، هەروەها لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٩)ی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجوومەنی نوێنەران هاتووە "ناکرێت کە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران و کارێکی تر یان پۆســـتێکی فەرمی بەیەکەوە کۆبکرێتەوە"، هەروەها لە ماددەی (٧٦)ی دەستوری ئوردنیدا ئاماژەی پێداوە "ناکرێت لە یەک کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران بن و هەروەها لە وەزیفەی گشتی بەردەوام بن".

٤-نـاکرێـت ئەنـدامی ئـەنجوومـەنی نوێنەران مـامەڵەی دارایی لەگەڵ دەوڵەتـدا بکـات: لەبەرئەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەر بەرژەوەندی گشتی هەڵدەبژێردرێت، بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیەش ڕێگرە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە مامەڵەی دارایی لەگەڵ دەوڵەتدا، بۆ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی ئەو ئەندامە لەو کارەدا نەکرێت، چونکە ئەو بۆ بەرژەوەندی گشـــتی نەک تـایبەتی هەڵبژێردراوە، لە مـاددەی (١٢٧)ی دەســـتوری عێراق هـاتووە "...... ســـەرۆکی ئـەنجوومـەنی نوێنەران ودوو جێگرەکەیی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و....... بۆیان نییە دەســـەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ کڕین یان بەکرێ گرتنی هیچ موڵکێکی دەوڵەت، یان موڵکی خۆیان پێ بفرۆشـــن یان بە کرێ بیدەنێ و یان بیگۆڕنەوە یان گرێبەســـت لەگەڵ دەوڵەتدا ئەنجام بدەن......"، هەروەها لە بڕگەی (٢)ی دەســـتوری ئوردنی هاتووە "قەدەغەیە لە هەموو ئەندامێکی ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران لە کاتی ماوەی ئەندامیەتی گرێبەســت لەگەڵ حکومەت یان دەستگای فەرمی گشتی یان کۆمپانیاکان بکەن........"، شاکر محمود شاکر

ئەندام پەرلەمان بە ئەنجوومەنی نوێنەران دەگات، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی گەل بکات، و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی بکات، ئەم ئەرکە پێویستی بە ئازایەتی و بوێری ئەندامە بۆ بەرگریکردن لە ماف وئازادییەکانی گەلەکەی و دابینکردنی گەرەنتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، ئەندامییەتی پێویستی بە جۆرێک لە پارێزبەندییە، کە ڕێگری لە لێپێچینەوە و گرتنەبەری چەند ڕێکارێکی تاوانکاری لە بەرامبەری بکات، و پارێز بەندیەکەشی لەسەر هەڵناگیرێت تاکو ئەوکاتەی پەسەند دەکرێت، جگەلەمەش ئەندام پێویستی بە پاداشتێکی ماددییە کە پێی ببەخشرێت بۆ ئەوەی کاری پەرلەمانی خۆی پێ ئەنجامبدات، بە تایبەتی دوای ئەوەی خۆی بۆ کاری پەرلەمانی تەرخان دەکات، و کاری ئەندامییەتی لەگەڵ هیچ کارێکی تر تێکەڵ نەکات، بۆیە دەکرێت پاداشتی پەرلەمانی بۆ کارەکانی پێبدرێت و خەرجیەکانی ژیان و پەرلەمانیشی بۆ دابین بکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەندام پەرلەمان دوو مافی هەیە کە بریتین لە:

١-پارێزبەندی: مافێکی دەستوری ویاسایی بڕیار لێدراوە بۆ ئەندامی پەرلەمان، بە سیفەتی ئەندامێتیەکەی نەک بە سیفەتی کەسییێتی، کە ئەوەش لە لایەن زۆربەی دەستورە جیهانییەکانەوە دەقی لەبارەوە هاتووە(1)، پارێزبەندی یەکێک لە گرنگترین ئەو گەرەنتییانەی کە دەستور بە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران دەدات، بۆ ئەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کارەکانی ئەندامییەتی جێبەجێ بکات، کاری پەرلەمانی و بیروڕا و بۆچوونەکانی دەربڕێت، ئەمەش پێویستی بە پارێزبەندی هەیە، کە ڕێگری لە لێپرسینەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تاوانکاری دەکات، پارێزبەندی پەرلەمانی ئازادی و

---

الجبوري، المسؤولية المدنية لعضو مجلس النواب، دار مصر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٩، ل٣٠-٣٤. د. افين خالد عبدالرحمن، المركز القانوني لعضو البرلمان، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٧، ل٣٣٩-٣٥٩.

(١) د. حسينة شرون، الحصانة البرلمانية، مجلة المفكر، المجلد ٥، العدد ١، ٢٠٠٦، ل ١٥٠.

سـەربەخۆیی بە ئەندام دەبەخشـێت و دەیپارێزێت لەبەرامبەر هەموو جۆرە پێشـێلکارییەک و هەرەشـەیەک کە لەلایەنی دەسـەڵاتی دەوڵەت وتاکەکانەوە لێی دەکرێت[١].

پارێزبەندیش دوو جۆرە:

أ-پـارێزبەنـدی بـابەتی: ئیمتیـازێکی دەســـتورییە، بۆ ئەنـدامـانی پەرلەمان بڕیاری لێدراوە، بە سـیفەتی ئەندامیەتی نەوەک بە سـیفەتی کەســـی، کە هەڵبژێرداون یـان دەســـتنیشـــان کراون[٢]. ئەنـدامی ئـەنجوومـەنی نوێنەران لەســـەر بیر و بۆچوونەکـانی کە لە کـاتی ئەنجامدانی کاری یاســـادانان دەربیبڕیوە بەرپرس نییە و لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، و ئەمجۆرە پارێزبەندییە گرەنتییەکی دەســـتورییە بۆ ئەندامی پەرلەمان دانراوە، بە مەبەستی پاراستنی ئەندامی پەرلەمان بە لەبەرچـاوگرتنییـان بە هۆی ئەو بیر و بۆچوونـانەی لە کـاتی کـاری پەرلەمانیدا دەریان دەبڕی، کە ئەمەش لە ماددەی (٦٣)ی دەســـتوری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ ئاماژەی پێدراوە[٣]، هەروەها لە ماددەی (٢٠)ی پەیڕەوی نـاوخۆیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئـاماژەی پێداوە،[٤] کە دەڵێت ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران پارێز بەندییان هەیە لەسەر دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیان.

ب-پـارێزبەنـدی ســـزا: ئەوەش بە واتـای ئەوە دێت کە بەر لە وەرگرتنی مۆڵەت لە ئـەنجوومـەنی نوێنەران ڕێگەپێـدراو نییە، پارێزبەندی لەســـەر ئەندامی ئەنجومەن هەڵبگیرێت و ڕێوشـــوێنی

---

(١) شاكر محمود شاكر الجبوري، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(٢) د. لاطراش اسماعيل، الحصانة البرلمانين وتطبيقاتها في التشريع الجزائري، مجلة المفكر للدراسات القانونية السياسية، المجلد٤، العدد٣، ٢٠٢٠، ل٢٢٢.

(٣) بڕگەی (دووەم/ا) ماددەی (٦٣)ی دەســـتوری عێراقی "ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەبارەی ئەو بۆچوونـانەی , کەدەریدەبڕێت لە کاتی کۆبونەوەکاندا پارێزراوی هەیە, چونکە لەو بارەیەوە ڕووبەڕووی دادگایی نابێتەوە".

(٤) بڕگەی (١) ماددەی (٢٠)ی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی "ئەندامی پەرلەمـان دەربـارەی بۆچوونەکـانی و دەربڕینەکـانی، لە کـاتی پەیڕەوکردنی کـاری پەرلەمانی لە ئەنجوومەندا لێپێچینەوەی لێ ناکرێت".

تاوانکاری بەرامبەر ئەندامی ئەنجومەن بگیرێتەبەر[1]، کە ئەمەش تەنها ڕێکارەکان لەخۆ دەگرێت، نەوەک پاراستن و لێخۆشبوون لە ئەنجامەکانی ئەو تاوانەی کە ئەندام ئەنجامی دەدات، واتە ئەنجومەن پێویستی بە مۆڵەتە بۆ گرتنەبەری ئەم کارانە، جگە لە حاڵەتی تاوانی بینراو، بەبێ ئەوەی پێویستی بە مۆڵەت هەبێت، ڕێکاری تاوان دژ بە ئەندامەکە دەگیرێتەبەر، کە ئەوەش لە ماددەی (٦٣)ی دەستوری عێراق ئاماژەی پێدراوە[2]، هەروەها لە ماددەی (٢٠)ی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی پێدراوە[3]، بە هەمان شێوەش لە ماددەی (٨٦)ی دەستوری ئوردنی دەقی لەبارەوە هاتووە[4].

---

(١) د. احمد سليمان عبدالراضي محمد، الحصانة البرلمانية، دراسة مقارنة، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٦، ل٣٥.

(٢) برگەی (دووەم/ب،ج) لە ماددەی (٦٣)ی دەستوری عێراق "ب-نابێت ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ماوەی وەرزی یاسادانانادا دەستگیر بکرێت, مەگەر بە تۆمەتێک تاوانبار کرابێت یان لە تاوانێکەوە گلابێت، دوای ڕەزامەندی ئەندامان بە هەڵگرتنی پاریزراویەتییەکەی بە زۆرینەی ڕەها، ج-نابێت ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران دوای ماوەی وەرزی یاسادانان دەستگیر بکرێت, مەگەر بە ئەنجامدانی تاوانێک تۆمەتبارکرابێت یان لە تاوانێکەوە گلابێت، بە ڕەزامەنی سەرۆکی ئەنجومونی نوێنەران بۆ لابردنی پارێزراویەکەی".

(٣) برگەی (٢)ماددەی (٢٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق( نابێت ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەماوەی وەرزی یاسادانانەدا دەستگیر بکرێت ، مەگەر تاوانبار کرابێت، ئەوەش دوای ڕەزامەندی ئەندام بە هەڵگرتنی پارێزبەندی بەزۆرینەی ڕەها دەبێت، یاخود بگیرێت لەوکاتەی کە تاوانەکە ئەنجام دەدات)،

(٤) برگەی (١)ی ماددەی (٨٦)ی دەستوری ئوردن ساڵی ١٩٥٢ "هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران لەماوەی کۆبەنەوەی ئەنجوومەن دەستگیر ناکرێت، مەگەر بڕیارەکە لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەنجوومەنەوە دەربکرێت، و هۆکاری پێویست بۆ دەستگیر کردن یان دادگایی کردنیان هەیە، مەگەر لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا دەستگیر بکرێت، لەم حاڵەتەشدا دەبێت ڕاستەوخۆ ئەنجوومەنی لێ ئاگادار بکرێتەوە).

٢- پاداشـــتی پەرلەمانی: پاداشـــتی پەرلەمانی یەکێکە لەو مافانەی کە لە زۆربەی دەســــتورە جیهانییەکاندا ئاماژەی پێدراوە[١]، چونکە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ئەرکی یاســـادانان و چاودێری کردن جێبەجێدەکات، و ئەندامی ئەنجوومەن چەندین بەرپرســیارییەتی هەیە، هەموو ئەوانە پێویســـتی بەوەیە ئەو ئەندامە کاتێکی زۆر بۆ کاری پەرلەمانی تەرخان بکات، بۆیە پێویســـتە بڕیار بدرێت کە ئەندام پەرلەمان پاداشـــتی پەرلەمانی هەبێت، و ئەندامییەتی لە ئەنجوومەنی نوێنەران پیشە یان سەرچاوەی بژێوی نییە[٢]، مەبەستیش لە پاداشت ئەو بڕە پارەیەیە، کە مانگانە بە ئەندام پەرلەمان دەدرێت، وەک قەرەبووی خەرجی ئەندامییەتی، چونکە زۆر لە ئەندامان پشـــت بە کارەکەیان دەبەســـتن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن، ئەنجامدانی بارگرانی ئەندامێتی پەرلەمان ڕێگرە لەوەی ئەندامەکە کاری خۆی بکات[٣]، ئەمەش لە ماددەی (١٠٥)ی دەســتوری میســری ساڵی ٢٠١٤ ئاماژەی پێداوە کە ئەندام پاداشتێک وەردەگرێت کە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت[٤]، هەروەها لە ماددە (٤)ی یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٥٠)ی ســـاڵی ٢٠٠٧ هاتووە، کە ئەندامی ئەنجومەن وەک وەزیر هەموو ماف و ئیمتیازێکی ماددی و مەعنەوی دەبێت[٥].

ڕامان وایە کە ئەندامی پەرلەمان هەر وەکو سـیسـتەمی زۆربەی وڵاتانی تر پاداشتی پەرلەمانی وەربگرێت نەوەک ببێت بە فەرمانبەر.

---

(١) د. محمد علي سـويلم، الاصـلاح التشـريعي، الطبعة الثانية، المصـرية للنشـر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٨، ل١٢٣.

(٢) شاكر محمود شاكر الجبوري، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨

(٣) د. افين  خالد عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣.

(٤) ماددەی (١٠٥)ی دستوری میسری ساڵی ٢٠١٤.

(٥) ماددەی (٤)ی یاســای ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارە (٥٠)ی ســاڵی ٢٠٠٧ "ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران وەکو وەزیر هەموو ماف و ئیمتیازێکی ماددی و مەعنەوی دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایەش بە پرۆتۆکۆڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

## دووەم/ لێکەوتەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەسەر ئەرک و مافی پەرلەمانتاران

ئەنـدامێتی بۆ دروســـــت بوون و نەمـانی هۆکـاری هەیە، ئەم هۆکـارانەش دەبنە هۆی نەمـانی ئەنـدامییێتی یەکێـک لە ئەنـدامـانی ئەنجومەنەکە بە شێوەی تاکە کەسی، و هەندێک هۆکاریش دەبنە هۆی نەمانی ئەندامییێتی سـەرجەم ئەندامانی پەرلەمان، سـەبارەت بە نەمانی ئەندامێتی سـەرجەم ئەندامانی پەرلەمان، نەمانی ئەندامییێتی سـەرجەم ئەندامانیش بە دوو شێوە دەبێت، کە یەکەمیان ئەگەر ماوەی ئەندامییێتی تەواو ببێـت، و دووەمیـان ئەنـدامییێتی نـامینێـت لە لایەن هەموو ئەندامەکانەوە ، ئەویش ئەگەر هاتوو پەرلەمان هەڵبوەشـێندرێتەوە[1]، ئەوەی کە مەبەســتمانە لێرە باســی بکەین نەمانی ئەندامییێتی ئەندام پەرلەمانە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان.

یەکێک لە یاساناسەکان وای دەبینێت، کە لێکەوتەی یاسایی، کە لە ئەنجامی هەڵوەشـــانەوەی پەرلەمان ڕوودەدات ئەوەیە، کە ئەنجومەنە هەڵوەشـــاوەکە خەســـڵەتی پەرلەمانی لە دەســـت دەدات، ئەمەش لە سایەی پادشـاگەردانی ڕەها ڕوویداوە، پاشـان ئەندامەکان پارێزبەندی و ئیمتیازاتەکانیان لە دەست دەدەن[2].

هەروەک باسمان کرد کە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەبێتە هۆی نەمـانی ئەنـدامییێتی، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەنـدام پەرلەمـان مـاف و ئیمتیازەکانی لەدەســـت دەدات، کە بریتیین لە پارێزبەندی و پاداشـــت، کاتێک کە پەرلەمان هەڵدەوەشــێتەوە جگە لە لە دەســـتدانی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامییێتی کە لە بەندەکانی دەســـتوردا هاتووە، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەنجومەن دەســـت لە کار دەکێشـــێتەوە،

(١) د. حميد عبد حمادي ضـاحي الدليمي، نظرية النائب الفعلي، دراسـة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠١٩، ل٨٧.

(٢)د. علي مجيد العكيلي، الاثار القانونية على حل البرلمان، مجلة معالم للدراســات القانونية والسياسية، المجلد ٥، العدد١، ٢٠٢١، ل١٥٠.

هەروەها ئەندامێتی کۆتایی پێ دێت کاتێک پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا پاریزبەندی لەسەر نامێنێت[1].

## مەبەستی سێیەم
## لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەسەر ئەنجومەنەکانی پەرلەمان

لە شێوە جیاوازەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی، ئینجا سیستەمەکە سەرۆکایەتیی یان پەرلەمانی بێت، دەستەیەکی هەڵبژێردراو هەیە لەبری گەل پەیڕەوی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات، کە بە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی (پەرلەمان) ناودەنرێت، لە ڕاستیدا ئەم ئەنجومەنە لە مۆدێلە سیاسییەکاندا کە لە جیهاندا هەیە بە یەک شێوە دەرناکەوێت، سیستەمی سیاسی هەیە پەرلەمانەکەی لە یەک ئەنجوومەن پێکدێت، و هەندێک سیستەمی سیاسی تر هەیە، کە پەرلەمانەکەی لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، بەهۆی گرنگی ئەم بابەتەوە ئەم مەبەستە بە سەر دوو لقدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم: لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر پەرلەمانی یەک ئەنجومەن.

لقی دووەم:  لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر پەرلەمانی دوو ئەنجومەن.

---

(١) سلام صالح خميس، الحصانة النيابية في ظل الانظمة الدستورية المعاصرة، ، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٨، ل١٤٦.

## لقی یەکەم
## لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر پەرلەمانی یەک ئەنجومەن

سیستەمی یەک ئەنجومەن مەبەست لێی ئەوەیە ئەنجوومەنی یاسادانانی دەوڵەت لە یەک ئەنجومەن پێک دێت و بەڕێوە دەبردرێت[١]، لایەنگرانی ئەم سیستەمە پشتیوانی لە سیستەمی یەک ئەنجومونی دەکەن، بەوەی سەروەری نەتەوەیەک یەک یەکەی دابەشنەکراوە، ئەم سەروەرییە دەبێت لەلایەن پەرلەمانێکی یەک ئەنجومەنی نوێنەرایەتی بکرێت، کە ئەندامەکانی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی لەبری ئەوان پەیڕەوی دەسەڵات بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمی دوو ئەنجومەنی دژی یەک پارچەیی وسەروەری میللەتە[٢]، زۆربەی کات دەنگدەران نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن، کە ئەم نوێنەرانەش ئەنجومەنێک پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی پەیڕەوی ئەو تایبەتکارییانە بکەن کە لەدەستور بۆیان دیارکراوە، کە گرنگترینیان دانانی یاسایە و هەروەها چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە چەند سیستەمێکی دەستوریدا[٣].

زۆربەی دەوڵەتە سادە و نافیدراڵییەکان سیستەمی یەک ئەنجوومەنیان هەیە، ئەمەش بۆ نەبوونی ویلایەت و هەرێم و فرە نەتەوە دەگەڕێتەوە، کە پێویستی بە فرە نوێنەرایەتیکردن هەیە، سیستەمی یەک ئەنجوومەنی زیاتر لە وڵاتە سادەکاندا پەیڕەودەکرێت[٤]، سیستەمی یەک ئەنجومەنی سادەیە ئاڵۆز نییە، هەر

---

(١) د. عصام علي الدبس، النظم السياسية، الكتاب الثالث السلطة التشريعية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١، ل٨٣.

(2) Pierr pactet, institution politqueset droit constitutionnel, Paris, 1978, p 383.

(٣) د. سليمان محمد الطماوي، السلطات الثلاث في الساتير العربية المعاصرة وفي الفكر السياسي الاسلامي، دارالفكر العربي، ط٦، ١٩٩٦، ل٩٨.

(٤) زهير شكر، الوسيط في القانون الدستورى الجزء الاول القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، لبنان، ، ١٩٩٤، ل١٩٨.

لەبەر ئەوەشــە زۆربەی وڵاتە تازە دروسـت بووەکان بەم سـیسـتەمە وەریانگرتووە[1].

هەندێک وڵات هەبوون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سـیسـتەمی دوو ئەنجومەنییان پەیڕەو دەکرد، بەڵام لە دواتردا وازیان لە سـیسـتەمی دوو ئەنجومەنی هێنا و بۆ سـیسـتەمی یەک ئەنجوومەنی گەڕانەوە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێک و بارودۆخێک بوو کەپێیان دەناڵاند، کە نوخبە سـیاسـییەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە دەسـەڵاتی یاسـادانانیان لەگەڵ سـیسـتەمی یەک ئەنجومەن گونجاوترە، نمونەش وەک فیلەندا ونەرویج وئایسلەندا[2].

---

(١) زۆر لە وڵاتان لە سەرەتایی پێکهێنانی دەسەڵاتی یاسادانانی خۆیانەوە سیستەمی یەک ئـەنجوومـەنیـان گرتۆتەبەر، بەزۆریش ئەو وڵاتـانەی کە بۆ دیموکراسـی نوێن و سـیسـتەمێکی سـادە دوور لە ئاڵۆزی یان پێ گونجاوتر و باشـترە، ئەو وڵاتانەی کە سـیسـتەمی یەک ئەنجومەنیان وەرگرتووە، لوبنان، کە بە ئەنجوومـەنی نوێنەران ناونراوە، هەروەها کوەیت بە ئەنجوومەنی نیشـتیمانی ناوی ناوە، هەروەها قەتەر بە ئەنجوومەنی شـورا و فەڵەسـتینیش بە ئەنجوومەنی یاسـادانان ناویان ناوە، هەروەها یەمەن بە ئەنجوومەنی شورا ناوی ناوە، یۆنانیش بە ئەنجوومەنی نوێنەران ناوی ناوە، پرتوگالیش بە ئەنجوومەنی کۆماری ناوی ناوە، طارق بشـیر عبدالمجید قفە، نظام المجلس الواحد للسلطة التشريعية ومدى فعالية في النظام الدستوري الفلسطيني، الجامعة الاسلامية-غزة، ماجستير، ٢٠١٤، ل١٨.

(٢) لەبەر چەند هۆکارێکی تر چەند وڵات وازیان لە سـیسـتەمی دوو ئەنجوومەنی هێنا، کە لە چەند قۆناغێکدا پەیڕەوی سیستەمی دوو ئەنجوومەنییان دەکرد، نیوزلەندا پێی وابوو ئەو سـیسـتەمەی لە نەریتی بەریتانیاوە بۆ ماوەتەوە، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ کارە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکەیان ناگونجێت، لەبەرئەوە لە سـاڵی ١٩٥٠ وازی لە سـیسـتەمی دووئەنجوومەنی هێنا، هەروەها هەریەکە لە دانیمارک لە سـاڵی ١٩٥٣ و سـویدیش لە سـاڵی ١٩٦٩ وازیان لە سیسـتەمی دوو ئەنجوومەنی هێناوە، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە سـیسـتەمی دوو ئەنجوومەنی هەیبەتی خۆی لەدەسـت داوە، عزیز کاید، السلطة التشريعية بين النظام المجلس الواحد ونظام المجلسين، هيئة رامه الله، رام الله، ٢٠٠١، ل٣٩.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە سیستەمی پەرلەمانییەکەی بە یەک ئەنجومەن وەریگرتووە وڵاتی لوبنانە[1]، دەستوری ساڵی ١٩٢٦ ی لوبنانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی وەک ئامرازێک بۆ بەرپەرچدانەوەی بەرپرسیاریێتی وزاری دیاریکردووە، بۆ مسۆگەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، ئەگەر پەرلەمانی لوبنانی مافی چاودێریکردنی و ڕووخاندنی هەبێت، ئەوا لە بەرامبەردا دەبێت ڕێگایەک بۆ ڕێگریکردن لەو مافە هەبێت، ئەو ڕێگایەش مافی سەرۆکی دەوڵەتە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، لە ماددەی (٥٥)ی دەستوری لوبنانی پێش هەموارکردنەوە هاتووە، "سەرۆک کۆمار مافی ئەوەی هەیە بڕیارێکی بە هۆکار بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران پێش ئەوەی ماوەی نوێنەرایەتییەکەی کۆتایی پێبێت[2].

دوای هەموارکردنەوەی دەستوری لوبنانی لە ساڵی ١٩٩٠، ئەم هەموارکردنەوە بەپێی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٠ بە هەموارکردنی چەند بڕگەیەک لە دەستوردا دەرچوو، کە دەقی ماددەی (٥٥) بەم شێوەیەی لێهات "سەرۆکی کۆمار بۆی هەیە، لەو حاڵەتانەی کە لە ماددەی (٦٥، ٧٧)ی ئەم دەستورەدا هاتووە، داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکات پێش کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر ئەوەدا، لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە، و سەرۆک کۆمار بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەردەکات، لەم حاڵەتەشدا دەستەی هەڵبژاردنەکان بەپێی ماددەی (٢٥)ی دەستور کۆدەبێتەوە،

---

(١) لە ماددەی (١٦)ی دەستوری ١٩٢٧/١٠/١٧ ی هەموارکراو هاتووە "ئەنجوومەنی یاسادانان لەلایەن یەک دەستەوە بەڕێوەدەبردرێت ئەویش ئەنجوومەنی نوێنەرانە".

(٢) ماددەی (٥٥)ی دەستوری لوبنانی ساڵی ١٩٢٦.

ئەنجوومەنی نویٚ بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە دوای ڕاگەیاندنی هەڵبژاردن کۆببێتەوە[١].

لە ماددەی (٢٥)ی هەمان دەستوریشدا هاتووە "ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێتەوە، دەبێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە داوای هەڵبژاردنی نویٚ بکات، کە بەپێی ماددەی (٢٤) ئەنجام دەدرێت و نابێت ئەو ماوەیە لە سیٚ مانگ زیاتر بێت[٢].

کەواتە دەتوانین بڵێین کاتێک پەرلەمانی لوبنانی هەڵدەوەشێندرێتەوە، ئەوا پەرلەمانەکە کۆتایی پێدێت، لێکەوتەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە، بەپێی بڕگە و ماددەکانی دەستور.

هەروەها یەکێکی تر لەو وڵاتانەی کە بە سیستەمی یەک ئەنجوومەنی وەریگرتووە وڵاتی کوەیتە، کە دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن ئەمیر وئەنجوومەنی نیشتیمانی بە هاوبەشی بەڕێوە دەبردرێت[٣]، دەستوری کوەیتی مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی داوە بە ئەمیر[٤]،

---

(١) ماددەی (٥٥)ی دەستوری لوبنانی ساڵی ١٩٩٠.

(٢) وڵاتی لوبنان چەند جارێک هەڵوەشاوەتەوە بەم شێوەیە دەیخەینەڕوو ( هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٣ ینایری ساڵی ١٩٢٥، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١١ نوڤنبری ساڵی ١٩٤٣، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٤٧، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ٣ مایو ١٩٥٣، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ماوەی ١٩٥٧ و ١٩٦٠، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە نوفمبری ساڵی ١٩٨٩، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مجدي الشارف محمد الشبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدستورية المعاصرة، دار الايام للنشر والتوزيع، الجزء الثاني، عمان، ٢٠١٧، ٩٤-١٠٦.

(٣) ماددەی (٥١)ی دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢ "ئەنجوومەنی یاسادانان لەلایەن شازادە و ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەڕێوە دەبردرێت بە پێی دەستور".

(٤) ماددەی (١٠٧)ی دەستوری ساڵی ١٩٦٢ کەتێیدا هاتووە دەڵێت "ئەمیر بۆی هەیە ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە مەرسومێک هەڵبوەشێنێتەوە، کە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەکەی تێدا ڕوون کرابێتەوە، و ناکرێت ئەنجومەنەکە بۆ جارێکی تر بەهەمان هۆکار هەڵبوەشێندرێتەوە، هەروەها ئەگەر ئەنجومەنەکە هەڵوەشێنرایەوە، ئەوا

هەروەها ماددەی (١٠٢)ی هەمان دەستور بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ڕێکخستووە، ئەمەش لەبارەی ئەو حکومەتەوەیە، کە متمانەی لێسەندراوەتەوە و ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەست دەکات ناتوانێت هاوکاری بێت، فەرمانەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکی دەوڵەت بۆ هەڵبژاردن لە نێوان کشانەوەی متمانە لە وەزارەت یان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، ئەگەر هاتوو بە بڕیاری ئەمیر پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە، ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بە هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی دادەنرێت[(١)]. مێژووی کوەیت پڕە لە داواکاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوەیتیش چەند جارێک هەڵوەشێنراوەتەوە[(٢)]، ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوەیتی چەند جارێک هەڵوەشێنراوەتەوە بەم شێوەیە (ساڵی ١٩٧٦، ساڵی ١٩٨٦، ساڵی ١٩٩٩، ساڵی ٢٠٠٦، ساڵی ٢٠٠٨، ساڵی ٢٠١١،ساڵی٢٠١٢،)، کۆتا جاریش لە ساڵی ٢٠١٦ ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە مەرسومی ژمارە ٢٧٦ی ساڵی ٢٠١٦ هەڵوەشێنراوەتەوە.

لە عێراقیش پێش تەواو بوونی ماوی دیاریکراو، پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە، ئەویش بە بڕیاری ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٢١، کە ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ژمارە (٤٦) لە بەرواری ٢٠٢١/٣/٣١، لەسەر ئەو داواکارییەی لەلایەن (١٧٢) ئەندام پێشکەش کرابوو، و بەگوێرەی ئەحکامی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٦٤)ی دەستور،

---

پێویستە هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێ ئەنجام بدرێت، بۆ ماوەیەک کە تێپەڕنەکات لە دوو مانگ لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەکە، ئەگەر هاتوو هەڵبژاردن لەو ماوەیە ئەنجام نەدرا کە بۆی دیاریکرابوو، ئەنجومەنی هەڵوەشاوە هەموو دەسەڵاتە دەستورییەکانی دەگەڕێتەوە، و بەپەلە کۆدەبێتەوە وەک ئەوەی کە هەڵوەشاندنەوەکە ڕووینەدابێت، لە کارەکانی بەردەوام دەبێت تاوەک ئەنجومەنێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت".

(١) ماددەی (١٠٢) دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. خليل عبدالمنعم خليل مرعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١-٢٩٨.

ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا بە، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/٧، کە هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتدا لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/١٠ دا ئەنجامدرا، ئەوەش لەسەر داوای سەرۆک کۆمار دەبێت بە گوێرەی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٦٤)ی دەستور[١].

کەواتە دەتوانین بڵێین بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەڵبژاردنێکی نوێی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت، بەر لە تەواو بوونی ماوەی یاسایی خۆی کە لە دەستورەکاندا ئاماژەی پێدراوە، لەم ڕوەشەوە ئەندامانی پەرلەمان سیفەتی ئەندام بوون لە دەست دەدەن، بەمەش پارێزبەندی و هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانە لە دەست دەدەن کە لە کاتی ئەندام بوونیاندا سوودیان لێ وەردەگرت.

## لقی دووەم
## لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەسەر پەرلەمانی دوو ئەنجومەن

مەبەست لە سیستەمی دوو ئەنجوومەنی ئەوەیە[٢]، پەرلەمان لە دوو ئەنجوومەن یان دوو ژوور پێک دێت، کە پەیڕەوی دەسەڵاتی یاسادانان دەکەن، ئەوەش بە دابەشکردنی تایبەتکارییەکان لە نێوانیاندا،

(١) بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٣٢) لە بەرواری ٢٠٢١/٣/٣١ دەرچووە. لە بنەڕەتدا بە پێی دەستور دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراق لە دوو ئەنجومەن پێک دێت، بەڵام تاوەکو ئێستا لە عێراقدا ئەنجومەنی دووەم پێک نەهێنراوە.

(٢) توێژەرانی یاسایی چەندین وشەیان بۆ ئەم ئەنجوومەنە بەکارهێناوە، وەکو (ئەنجوومەنی باڵا، ژووری دووەمی پەرلەمان، ئەنجوومەنی یاسادانانی دووەم، ئەنجوومەنی دووەم)، هەروەها لە وڵاتانی بیانیش ئەم شێوازەی فرەیی لە ئەنجوومەنی دووەمدا بەدی دەکرێت کە لەزمانی ئینگلیزیدا بە ( Upper House, second chamber ) ناونراوە، هەروەها لە زمانی فەرەنسی ( second chamber, Haute chamber ) بەکاردێت، و زۆر لە وڵاتان بە (ئەنجوومەنی پیران ) ناویاننناوە، و هەندێک ناوی تریش هەیە وەک (ئەنجوومەنی لۆردەکان، ئەنجوومەنی سەرەوە، ئەنجوومەنی فیدراڵی، ئەنجوومەنی نیشتیمانی) وچەند ناوێکی تر، سەیری: عابد خالد رسول، المجلس التشريعي الثاني في الدولة الفيدرالية، اطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة في الجامعة السليمانية، ٢٠١٢، ل٣٠.

یاخود بە هاوکاری لە نێوانیاندا، لە دەستوری وڵاتدا هەردوو ئەنجومەنەکە دیاری دەکرێن، بە زۆریش ئەم دوو ئەنجومەنە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراتییدا هەڵدەبژێردرێن، لە کاتێکدا ئەنجوومەنی خوارەوە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەنجوومەنی باڵاش لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێن، لەو وڵاتانەی کە تائێستا لەسەرەتای ڕێڕەوی دیموکراتی دان[١].

سیستەمی دوو ئەنجوومەنی زیاتر بە سروشتی سیستەمی سیاسی وڵاتێکەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتیش فۆڕم و پێکهاتەی دەوڵەتەکە، هەروەها هەندێک وڵاتی سادە یان یەکگرتوو بە سیستەمی دوو ئەنجوومەنی وەردەگرن، ئەمەش لەبەر هۆکاری مێژوویی یان سروشتی کۆمەڵگاکەی دەبێت، وەک بەریتانیا، بەڵام هەبوونی سیستەمی دوو ئەنجومەن لە دەوڵەتە فیدڕاڵ و تێکەڵەکان زیاتر پێویستتر و گرنگترە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سویسرا[٢].

پەرلەمانی فیدڕاڵی واباوە لە دوو ئەنجومەن پێکدێت،[٣]نەوەک یەک ئەنجومەن، کە ئەمەش سروشتی سیستەمی فیدڕاڵییە، کە ویلایەت لە ئەنجوومەنی یاسادانانی فیدڕاڵی پێویستی بە نوێنەری ئەنجومەن

---

(١) د. غانم عبد دهش عطية الكرعاوي، تنظيم الاختصاصات الدستورية في نظام الثنائية البرلمانية، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٧، ل٧٩. د. عصام علي الدبس، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٢) رزگار عبدال محمود، نظام المجلسين، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ل١٨.

(٣) کۆمەڵێک دەوڵەت هەبوونە کە ئەجوومەنەکەیان لە دوو ئەنجوومەن زیاتر پێکهاتووە وەک، (Polycameralism) یوغوسلافیای یەکگتوو لە نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٨) بە پێنج ئەنجوومەن وەری گرتبوو، (Tetracameralism) لە فیلەندا لە نێوان ساڵانی (١٩٠٦-١٩١٩) بە چوار ئەنجوومەن وەری گرتبوو، (Tricameralism) وەکو جنوبی ئەفریقیا لە نێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٩٤) بە سێ ئەنجوومەن وەری گرتبوو، بەڵام لە کاتی ئێستادا پەرلەمانی زۆربەی وڵاتان لە دوو ئەنجوومەن یاخود لە یەک ئەنجوومەن پێکدێت، Andrew Heywood, politics, 2nd ed, palgrave Macmillan, New York and Hampshire, 2020, p320.

هەیە، بۆ ئەوەی ویلایەتەکان ڕۆڵیان هەبێت بۆ دروستکردنی یاسای فیدراڵی کە لە ناو هەموو دەوڵەتەکەدا جێبەجێ دەکرێت[1].

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سیستەمی دوو ئەنجوومەنی لە ویلایەتە فیدراڵییەکان یان یەکگرتووەکان پێویست بێت، وەک ئەمریکا و کەنەدا و هیند و دەوڵەتانی تر، بەڵام هەندێک حاڵەتدا (استثنائات) هەیە کەدەکرێت دەوڵەت فیدراڵی بێت، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانانەکەی بە سیستەمی دوو ئەنجوومەنی وەرنەگرتبێت، وەک کۆماری یەکگرتووی جزر القمر، هەروەها دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو[2].

سەرەڕای ئەوەش هەندێک وڵات هەیە کە لە دەستورەکەیدا ئاماژەی بە سیستەمی دوو ئەنجوومەنی کردووە، بەڵام تاکو ئێستا جێبەجێیان نەکردووە، ئەوانیش هەر یەکە لە وڵاتی کامیرۆن کە ئەنجوومەنی یاسادانانی دووەمی بە ئەنجوومەنی پیران ناو ناوە[3]، هەروەها لە دەستوری عێراقی بە ئەنجوومەنی فیدراڵی ناونراوە[4].

جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ئەنجومەنەدا هەیە، لە ڕووی شێوازی پێکهاتن و ژمارەی ئەندامان و ماوەی ئەندامیەتی و مەرجەکانی ئەندامیەتی، هەروەها جیاوازیش لە تایبەتکارییەکانیاندا هەیە، ڕەنگە

---

(١) د. محمد رفعت عبدالوهاب، الانظيمة السياسية، منشورات الحلبي الحقوقي، لبنان، ٢٠٠٥، ل٦٤.

(٢) رزگار عبدال محمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

(٣) دەقی ماددەی ١٤ی دەستوری کامیرۆن ساڵی ١٩٩٦ بە زمانی فەرەنسی، Art. 14.-
(1) le pouvoir législatif est exercé par le Parlement qui comprend deux (2) chambres : • l'Assemblée Nationale ; • Le Sénat
(ئەنجوومەنی یاسادانان لە دوو ژوور پێک دێت، ئەنجوومەنی نیشتیمانی، ئەنجوومەنی پیران).

(٤) لە عێراق لە دوو دەستوردا ئاماژە بە سیستەمی دوو ئەنجوومەنی کراوە، لە یاسای بنەڕەتی عێراقی ساڵی ١٩٢٥ لە ماددەی (٢٨) ، هەروەها لە ماددەی (٤٨)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت "دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لە ئەنجوومەنی نوێنەران وئەنجوومەنی فیدراڵی پێک دێت".

دەســـەڵاتی هەردوو ئەنجومەنەکە یەکســـان بێت[١]، کەواتە لە بەردەم دوو ئـەنجوومـەنی یەکســـــان دادەبین، لەوانەشـــــە یەکێک لەو دوو ئەنـجـومـەنە دەســـــەڵاتـی فـراوانـتـربێ و دەورێـکـی گـرنـگـتـری لە ئەنجومەنەکەی تر هەبێت، لێرەدا لە بەردەم دوو ئەنجوومەنی یەکسان نابین[٢].

ئەنجوومـەنی دووەم لە ڕووی پێکهێنانەوە بە چەند شـــێوازێکی جیاواز پێکدەهێنرێت، کە زیاتر لە ڕێگایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دووەم هەیە، لەوانەیە ئەندامێتی ئەنجومەن بە شـێوەی میراتگری بێت، وەک ئینگلتەرا، کە ئـەنجوومـەنی لۆردەکان پیکدەهێندرێت[٣]، یاخود دەکرێــت هەڵبژاردنی ئەنــدامــانی ئــەنجوومــەنی دووەم لەلایەن پەرلەمـانەوە بێـت کە هەموو ویلایەت و هەرێمەکـان دەگرێتەوە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن، و پێش کۆتایی هاتنی ماوەکەی ناتوانرێت هەڵبوەشـــێنرێتەوە، یاخود دەکرێت لەلایەن دەســـەڵاتی جێبەجێکردنەوە دابمەزرێن وەک ئوردن[٤]، یاخود دەکرێت بە یەکەوە لە ڕێگەی دامەزراندن و هەڵبژاردنەوە دابمەزرێن، وەک ئـەنجوومـەنی

(1) National democratic Institute for international affairs, One chamber or two? Deciding between a Unicameral and bicameral legislature, legislative research series paper, 1996, p2.

(٢) دوو ئەنجوومەنی یەکســـان: ئەمەش کاتێک بەدی دەکرێت، کە هەردوو ئەنجوومەنەکە لایەنی کەم دەسـەڵاتی یەکسـانیان لە دەسـەڵاتی یاسـادانان هەبێت، کە هیچ یاسـایەک بەبێ ڕەزامەندی دوو ئەنجوومەنەکە پەســـەند ناکرێت، ، بەڵام دوو ئـەنجوومـەنی نایەکسـان، کاتێک بەدی دێت ئەگەر یەکێک لەدوو ئەنجوومەنەکە دەسـەڵاتی فراوانتر و دەورێکی گرنگتری لە ئەنجوومەنەکەی تردا هەبێت، کە ئەمەش زیاتر بۆ بەرژەوەندی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی جەماوەری و دیموکراتیانەیە، محمد شــــهاب محمدامین، البرلمان بين الاحادي والثنائي، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠١٤، ل٨٨-٨٩.

(٣) د. رعد ناجي الجدة، دراســات في الشـؤون الدسـتورية العراقية، مطبعة الخيرات، بغداد، ٢٠٠١، ل٢٠٩.

(٤) ماددەی (٣٦)ی دەسـتوری ئوردنی "پادشـا ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران دیاری دەکات و ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پیران دیاری دەکات و دەســت لەکارکێشــانەوەکەیان قبوڵ دەکات".

پیرانی میسری ساڵی١٩٢٣ و ١٩٣٠[١]، یاخود ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەم لە ڕێگەی هەڵبژاردنیکی گشـــتی و ڕاســـتەوخۆ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن[٢].

لە ڕووی ژمـارە و تەمەنی ئەنـدامـانی ئـەنجوومـەنی دووەم، دەســـتوری ئەو وڵاتانەی کە ســـیســـتەمی دوو ئەنجوومەنی پەیڕەو دەکەن، دەبینین کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی یەکەم لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەم زیاترە[٣]، چونکە ئەنجوومەنی نوێنەران زیاتر بە نوێنەری نەتەوە و ئیرادەی گەل دادەنرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێن[٤]، هەروەها زۆربەی دەســـتورەکان مەرجەکانی ئەندامیەتی ئەنجوومەنی یەکەم لە مەرجەکانی ئەنجوومەنی دووەم ســوکتر و ئاســانتر دەکەن، کە دیـارترینیـان ئەو مەرجـانەی کە پەیوەنـدی بە تەمەنەوە هەیە، بە

(١) د. غانم عبد دهش عطية الكرعاوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(٢) د. معمر مهدي صـالح الكبيسـي، توزيع الاختصـاصـات الدسـتورية في الدولة الفيدرالية، منشورات الحلبي الحقوقية لبنان، ٢٠١٠، ل٣٨٤

(٣) لە ماددەی (٦٣)ی دەســـتوری ئوردنی داهـاتووە "ئـەنجوومـەنی پیران لە ژمـارەیەک پێکدێت کە زیاتر نەبێت لە نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران"، هەروەها لە دەسـتوری ئەڵمانی سـاڵی ١٩٤٩ پەرلەمان لە دوو ئەنجوومەن پێکدێت، کە یەکەمیان ناوی (بندستاغ)ە، کە لە ٦٢٢ ئەندام پێکدێت، و ئەنجوومەنی دووەم بەناوی (بندسرات)ە، کە لە ٦٨ ئەندام پێک دێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەکان دادەمەزرێن، هەروەها لە یاســـای بنەڕەتی عێراقی ســـاڵی ١٩٢٥ ئەگەر چی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەمی دیاری نەکردبوو، بەڵام لە بڕگە (١)ی ماددەی (٣١) دا هاتبوو "ئەنجوومەنی دووەم لە ژمارەیەک پێکدێت کە زیاتر نەبێت لە چارەکی کۆی ئەنجوومەنی یەکەم، بەڵام لە دەسـتوری عێراقی سـاڵی ٢٠٠٥ بابەتی ئەنجوومەنی دووەمی ڕێکنەخسـتووە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەمەوە هەیە، بەڵام لە پرۆژە یاسـای ئەنجوومەنی دووەم کە پێشـکەش کراوە بە ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشـتنی ژمارە (١٨) و لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٢ خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە لە ماددەی (٢) دا هـاتووە: هەر پـارێزگـایەک لە ئـەنجوومـەنی دوومـدا چوار ئەنـدامی هەڵبژێردراوی دەبێت.

(٤) طارق بشير عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

زۆری تەمەنی ئەندامانی ئەنجوومەنی دووەم لە ئەندامانی ئەنجوومەنی یەکەم زیاترە[1]، ســــەبارەت بە ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنی دووەم، زۆر جار ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنی دووەم لە ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنی یەکەم درێژترە[2]، هۆکاری درێژبوونەوەی ئەندامیەتی ئەنجوومەنی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەگەڵ خواستی پاراستنی کارامەیی پەرلەمانەکان و لەگەڵ ئارامی و سەقامگیری ئەم ئەنجومەنە بگونجێت[3].

کەواتە دەتوانینی بڵێین لێکەوتەی هەڵوەشــــانەوی ئەنجوومەنی دووەم لەلایەن پەیڕەوانیی سیستەمە دەستورییەکان بە سیستەمی پەرلەمانی کلاســـیکیشـــەوە، دەرخەری ئەوەن کە ئەوان ئەنجومەنە

(١) لە برگەی (٣/٣)ی ماددەی یەکەم لە دەستوری ئەمریکی داهاتووە، سەبارەت بە تەمەنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران کە: هیچ کەســێک نابێتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران ئەگەر سی ساڵی تەواو نەکردبێت، هەروەها لە برگەی (٢)ی ماددەی (٣٠)ی یاسای بنەڕەتی عێراقیدا هاتووە: بە ئەندامی هەردوو ئەنجوومەنەکە دانانرێت ئەگەر تەمەنی سی ساڵی تەواو نەکردبێت لە ئەنجوومەنی یەکەم، وە تەمەنی چل ســــاڵی تەواو نەکردبێت لە ئەنجوومەنی دووەم، بەڵام لە پێشــنیاری یاســای ئەنجوومەنی دووەم هەمان مەرجی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بۆ دانراوە ، ئەمەش لە برگە (٢)ی ماددەی (٢) دا هاتووە: مەرجە کاندیدی ئەنجوومەنی دووەم، ب-دەبێت هەمان مەرجی کاندیدی ئەنجوومەنی یەکەمی هەبێت کە لە یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیدا هاتووە.

(٢) لە برگەی (١/٣) لەماددەی (١) لە دەســـتوری ئەمریکی هاتووە، ئەنجوومەنی پیران لە دوو پیری هەر ولایەتێک پێک دێت، ......... بۆ ماوەی شـــەش ســـاڵ)، بەڵام لە ماددەی (٢٣)ی یاســـای بنەڕەتی عێراقی هاتووە، ماوەی ئەندامیەتی لە ئەنجوومەنی دووەم هەشــت ســاڵە، لە بەرواری دامەزراندنیانەوە، دەکرێت ئەندامی خولی پێشــوو دووبارە دابمەزرێنەوە، بەڵام لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هیچ دەقێک نەهاتووە، لەبارەی ڕێکخســـتنی ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنی دووەم، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستور ئەحکامەکانی ئەنجوومەنی دووەم بە شێوەیەکی گشتی ڕێک نەخستووە، بەڵام لە پرۆژە یاســـای ئەنجوومەنی دووەم بۆ ســـاڵی ٢٠١٤ لە برگەی (١)ی ماددەی (٩) هاتووە: ماوەی ویلایەتی ئەنجوومەنی دووەم چوار ســـاڵی ڕۆژمێرییە، کە لە یەکەم دانیشـــتنەوە دەســـت پێدەکات کۆتایی پێ دێت بە کۆتایی هاتنی ســـاڵی چوارەم لە دەورەی گرێداندا.

(٣) د. نعمان احمد الخطیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٦.

بالاكانیان بەتەواوی لە مافی هەڵوەشـــاندنەوە پاراســـتووە، بە هیچ شـــێوەیەک هەڵناوەشـــێنرێنەوە، بەڵام هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجومەنی خواروو بە زۆری کاریگەری لەسەر دەوری ئەنجومەنە بالاکان دەبێت، بەشـێوەیەک کۆبونەوەکانیان لە کاتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی خواروو دوا دەخرێت، و هەندێک لە دەســتورەکانیش مافی بە ردەوام بوونیان پێدەدەن بەڵام بەچەند کۆت ومەرجێک دەبێت.

بۆ نمونە لە ئینگلتەرا ئەنجومەنی بالا ملکەچی هەڵوەشـــاندنەوە نابێت، بەڵکو کۆبونەوەکانی بە هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجومەنی گشـــتی دوا دەخرێت، و دەبێت پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی ئەنجومەنی گشـــتی بە چەند ڕۆژێک دەســـەڵات ئەم دواخســـتنە ڕابگەیەنێت، ســـیســـتەمی ئینگلیزی هەوڵیداوە کـاریگەرییەکـان لە نێوان دوو ئەنجومەنەکە سنوردار بکات، بەوەی ئەگەر هاتوو ئەنجوومەنی یەکەم هەڵبوەشـــێتەوە، بەشـــی دادوەری لە ئـەنجوومـەنی دووەم مـافی کۆبونەوەی هەبێت، و ســـەرەڕای دواخســـتنی ئەو داوایانە ببینێت کە لەو ماوەییەی پێشکەشی دەکرێت[1].

لە ماددەی (٤)ی دەســتوری کۆماری ســێیەمی فەڕەنســی ســاڵی ١٨٧٥ هاتووە "بەهێزی یاســا کۆبونەوەی هەر یەک لە ئەنجومەنەکان نـادروســـتە، ئەگەر کۆبونەوەکان بە هـاوبەشـــی لە نێوان هەردوو ئەنجومەنەکە نەبێت،" ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پیران لە ســـاڵی ١٨٧٧ دووپاتی کردەوە و ڕایگەیـاند، ئـەنجوومـەنی پیران دوادەخرێت تـاکو ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ هەڵدەبژێدرێت[2]، بەڵام لە ماددەی (٤)دا بەدەری کردووە، ئەویش لە حـاڵەتی چۆڵ بوونی پێگەی ســـەرۆکی کۆمار لەو ماوەی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەماندا، کە دەڵیت، "دەســـت بەجێ پەیوەندی بە دەســـتەی دەنگدەرانەوە دەکرێت، ئـەنجوومـەنی

(١) مرزوقي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤.

(٢) د. مجدي الشارف محمد الشبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدستورية المعاصرة، دار الايام للنشر والتوزيع، الجزء الاول، عمان، ٢٠١٧، ل٣٨٣.

پیران بە هێزی یاسـا کۆدەبێتەوە" بەڵام زانایانی فەڕەنسـی وایان بینی ئەنجوومەنی پیران لەم حاڵەتەدا پەیڕەوی تایبەتکاری یاسـادانان ناکەن[1]، هەروەها لە دەسـتوری کۆماری چوارەمیش لە سـاڵی ١٩٤٦ دا دەرچووە بە هەمـان شـێوە وەریگرتووە، کە دەبێـت هەردوو ئەنجومەنەکە بە یەکەوە کۆببنەوە.

هەروەهـا هەنـدێک لە دەسـتورە نوێیەکـان ئەم شـێوازەیـان وەرگرتووە، کە بەهەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی یەکەم، کارەکانی ئەنجوومەنی دووەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوا دەخرێت، نموونەی ئەمەش دەستوری یابانی ساڵی ١٩٤٦ لە ماددەی (٥٤) هاتووە "کاتێک ئـەنجوومـەنی نوێنەران هەڵـدەوەشـێتەوە، ئەوا دەبێت هەڵبژاردنی ئەنـدامـانی ئەنجـومەنەکە لە مـاوەی (٤٠) چـل ڕۆژدا لە ڕۆژی هەڵوەشـاندنەوەکە ئەنجام بدرێت، و بانگهێشـتی ئەنجوومەنی دایت دەکرێت بۆ کۆبونەوە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە کاتی هەڵبژاردندا، کاتێک ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەوەشـێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەنجوومەنی شـوراش دادەخرێـت، ئـەنجوومـەنی وەزیران بۆی هەیە لە کـاتی فریاگوزاری داوا لە ئەنجوومەنی شـورا بکات بۆ ئەوەی لە دانشـتنێکی فریـا گوزاری کۆببێتەوە، ئەو ڕێو شـوێنـانەی لەو کۆبونەوەیە دەگیرێنەبەر کـاتین، بەتـاڵ دەبێتەوە (لاغیـة وبـاطلـة) مەگەر لەلایەن ئـەنجوومـەنی نوێنەرانەوە لەمـاوەی (١٠) دە ڕۆژ دوای کردنەوەی دانشتنی دایت پەسەند بکرێت، ئاڕاستەی یاسادانەری یابانی ڕوونە، بە پێدانی دەسـەڵاتی نا ئاسـایی بە ئەنجوومەنی شـورا بۆ یاسـادانان و چاودێری، و ئەمەش لە کاتی نەبوونی پەرلەمان بە چارەسـەرێک

(1) Eugene Pierrw, Traile de droit politique electrorol et parlementare, Martinet, paris, 1919 , p358.

دادەنرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەری نەرێنی لەســـەر بەردەوام بوونی کارەکانی دەوڵەت[1].

لە مـاددەی (٧٧)ی دەســـتوری لیبیـا ســـاڵی ٢٠١٦ هـاتووە "ئەنجوومەنی شـورا لە دوو ژوور پێک دێت، ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیران، وە لەماددەی (١٠٧)ی هەمان دەســـتوردا هاتووە "ئەگەر یەکێک لە ئەنجومەنەکە هەڵبوەشـێتەوە، هەتاوەکو ئەنجوومەنی جێگرەوە هەڵدەبژێردرێت، لەو کاتەدا دەســـەڵاتەکانی ئەنجوومـەنی هەڵوەشـــاوە بۆ ئەنجومەنە هەڵنەوەشـــاوەکە دەگوازرێتەوە بەپێی ماددەکانی (١٠٣،١٠٤)[2].

هەروەها لە ماددەی (١٣١)ی دەســتوری میســری ســاڵی ٢٠١٢ ئاماژەی بەوە داوە ئەنجوومەنی پیران هەموو دەسـەڵاتێکی یاسـادانان و چاودێری کردنی هەیە، بە شـــێوەیەکی ڕوون ئاماژە بەوە دراوە، ئەگەر هاتوو ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشـــێنرێتەوە، ئەنجوومەنی شورا هەموو دەسەڵاتەکانی وەردەگرێت[3].

لە چیک لە ماددەی (٣٣)ی دەســتوری ســاڵی ١٩٩٣ بڕیاردراوە، ئـەنجوومـەنی پیران ئەرکی بەیاســـای کردنی ئەو بابەتانە دەگرێتە دەســـت، لەو کـاتـانەی کە نـاکرێـت دوابخرێـت ئەگەر پەرلەمـان هەڵبوەشـــێتەوە، بەم شـــێوەیە، "ئەگەر ئـەنجوومـەنی نوێنەران هەڵوەشـێنرایەوە، ئەنجوومەنی پیران بەرپرسـیارە لە گرتنەبەری ڕێو شـــوێنی یاســـادانان لەو بابەتانەی کە ناتواندرێت دوابخرێن، کە بە پێچەوانەوە پێویســـتی بە جێبەجێکردنی یاســـایەک هەیە"، لە بڕگەی

(١)د. مجدي المشـــارف، حق حل البرلمان في النظم الدســـتورية المعاصـــرة، جزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤-٣٨٥.

(٢) ماددەی (٧٧،١٠٧) دەستوری لیبیا ساڵی ٢٠١٦.

(٣) ماددەی (١٣٠)ی دەسـتوری میسـری سـاڵی ٢٠١٢، هاتووە "لە کاتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی شورا لە تایبەتکارییە یاساییە هاوبەشـەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، و ئەو یاســایانەی ئەنجوومەنی شــورا لە ماوەی هەڵوەشـانەوەیدا پەسندکراون پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت".

دووەمی هەمان ماددەدا، هەندێک کاروباری یاسادانانی لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پیران بەدەر کردووە بەم شێوەیە، "ئەنجوومەنی پیران لە هەموو کات وباردۆخێکدا ناتوانێت ڕێوشوێنی یاسادانان لە کاروباری دەستووریدا بگرێتەبەر، لە بودجەی دەوڵەت، و هەژماری ساڵانەی دەوڵەت، ویاسای هەڵبژاردن، هەروەها پەیماننامە نێودەڵەتییەکان بەپێی ماددەی (١٠)[١].

ئوردەن یەکێکە لە وڵاتانەی سیستەمی دوو ئەنجومەنی پەیڕەو دەکات، لە ئوردن مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە ماددەی (٣٤)ی دەستووری ساڵی ١٩٥٢ بە پادشا دراوە، کە پادشا دەتوانێت ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیران هەڵبوەشێنێتەوە[٢].

هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان مەترسی هەیە، لەبەر ئەوەشە دەستوری ئوردن چەند کۆت وبەندێکی لەسەر داناوە، لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٧٣) بڕیار لەسەر کۆت و بەندی کات کراوە، دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت[٣]، هەروەها لە ماددەی (٦٦) کۆتی داناوە کە، کارەکانی ئەنجوومەنی پیران هەڵدەپەسێردرێت ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێندرێتەوە[٤].

---

(١) ماددەی (٣٣)ی دەستوری چیک ساڵی ١٩٩٣.

(٢) لە ماددەی (٣٤) دەستوری ئوردەنی هاتووە " ١- بەپێی بڕگە یاساییەکان پادشا فەرمانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەردەکات. ٢- بەپێی بەندەکانی دەستور پادشا بانگهێشتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی دەکات بۆ کۆبونەوە و کردنەوە ودواخستنی. ٣- پادشا بۆی هەیە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنێتەوە، پادشا بۆی هەیە ئەنجوومەنی پیران هەڵبوەشێنێتەوە، یان لە یەکێک لە ئەندامەکانی خۆش ببێت".

(٣) بڕگەی (١)ی ماددە ی(٧٣)ی دەستوری ئوردن ١٩٥٢ هاتووە "ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشێنرایەوە، دەبێت هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت، ئەنجوومەنی نوێ لە دەورەیەکی نائاسایی لە پاش هەڵوەشاندنەوە بە چوار مانگ کۆدەبێتەوە".

(٤) لە ماددەی (٦٦) هاتووە " ١-ئەنجوومەنی پیران لە کۆبونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆدەبێتەوە، وە دانیشتنەکانی هەردوو ئەنجوومەنەکە لە یەک کاتدا دەبێت. ٢-ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێتەوە، کارەکانی ئەنجوومەنی پیران دەوەستێت".

کەواتە دەتوانین بڵێین کە لێکەوتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە لەو وڵاتانەی کە بە سیستەمی دوو ئەنجوومەنییان وەرگرتووە، بەپێی دەستوری وڵاتەکانیان ئەنجوومەنی دووەم هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو تەنها کۆبونەوەکانیان تاوەکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ دوادەخرێت، پاش ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ ئەنجامدرا، ئەنجوومەنی دووەم بەردەوام دەبێت، لە هەندێک دەستوری وڵاتاندا لە حاڵەتی نا ئاسایی ئەنجوومەنی دووەم بەردەوام دەبێت، تاوەکو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی یەکەم نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی دووەم، تەنها لەو وڵاتانە نەبێت کە سەرۆکی دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە هەردوو ئەنجومەنەکە بەیەکەوە هەڵبوەشێنێتەوە.

# بەشی دووەم

# هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن

هەڵبژاردنی پیش وەختە تەنها وابەستەی دەسەڵاتی یاسادانان و هەڵوەشاندەوەی ئەو دەسەڵاتە نیە، بەڵكو پەیوەندییەكی قوڵ هەیە لە نێوان هەڵبژاردنی پێش وەختە و دەسەڵاتی جێبەجێكردن.

بە گوێرەی بنەما گشتییەكانی سیستەمی پەرلەمانی، دەسەڵاتی جێبەجێكردن دوانەیە، واتە لە سەرۆك و سەرۆكی ئەنجومەنی وزیران پێكدێت.

هیچ گومانیشی تێدا نییە كە ئەگەری چۆڵبوونی پۆستی سەرۆكی دەوڵەت گریمانە بكەین ئەگەری ڕوودانی هەیە، بۆیە بۆ پڕكردنەوەی ئەو پۆستە پەنا بۆ هەڵبژاردنی پیش وەختە دەبردرێت.

هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕەنگە بە هۆی لەدەستدانی متمانە یان دەست لە كار كێشانەوە، یا لەدەستدانی زۆرینەی پەرلەمانی نەتوانێت بەردەوام بێت و ناچار هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام بدرێت.

# باسی یەكەم
# هەڵبژاردنی پێش وەختە و سەرۆكی دەوڵەت

لە ماوەی سەرۆكایەتی كۆمار، ڕەنگە سەرۆك كۆمار بەر لە تەواوكردنی ماوەی ویلایەتەكەی شوێنەكەی چۆڵ بێت، یا بۆ ماوەیەكی كاتی شوێنەكەی چۆڵ دەبێت، ئەمەش حاڵەتی جیاجیای هەیە كە دەستورەكان ڕێكیان خستووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین حاڵەتەكانی چۆڵبوون، ئامادە نەبوون ئەژمار بكەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حاڵەتانە دیاری بكەین كە پێویست بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پیش وەختە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم باسە بەسەر دوو مەبەستدا دابەش دەكەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەبەستی یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆک و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر پەرلەمان
مەبەستی دووەم: هەڵبژاردنی پێش وەختە و چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت

## مەبەستی یەکەم
## هەڵبژاردنی سەرۆک و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر پەرلەمان

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بە چەند شێوازێک ئەنجام دەدرێت، کە لە ڕێگەیەوە سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت، ئەم شێوازانەش لە دەستورەکان ئاماژەی پێ دەکرێت، بەڵام لەو دەوڵەتە کۆمارییانەی پەیڕەوی سیستەمی پەرلەمانی دەکەن جیاوازن لەبارەی ڕێگاکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارەوە، لەو سیستەمەدا سەرۆک کۆمار بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بە پەرلەمان، بۆ ئەو مەبەستەش ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:
لقی یەکەم: شێوازەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتەکانی
لقی دووەم: بەر پرسیاریەتی بەرامبەر پەرلەمان

### لقی یەکەم
### شێوازەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتەکانی

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە سیستەمی پەرلەمانیدا بە چەند شێوازێک ئەنجام دەدرێت، یان ئەوەتە سەرۆک بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، یاخود سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، یاخود بە شێوەی تێکەڵاو هەڵدەبژێردرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە**

ئەم شـێوازە لەسـەر بنەمای هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە بە شـێوەی دەنگدانی گشـتی دەبێت، و ئەمەش بە دوو شـێوە دەکرێت، شـێوەی یەکەم ڕاسـتەخۆ و بە یەک قۆناغ یان بە شـێوەی دووەم بە ناڕاسـتەوخۆ بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدرێت، لە شـێوازی یەکەمیاندا دەنگدەر ڕاسـتەوخۆ سـەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت، بەبێ ئەوەی هیچ نێوەندێک لە نێوانیاندا هەبێت، لە شـێوازی دووەمدا دەنگدەر دەسـتەیەک هەڵدەبژێرێت، کە ئەرکی هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمارە[1].

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بە یەک قۆناغ

لە شـێوازی یەکەمدا، کە سـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە بە یەک قۆناغ هەڵدەبژێرێت، دەسـت نیشـانکردن و ناوی کاندیدەکانیش پێشـکەش بە گەل دەکرێت، ئەو کاندیدەی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست بهێنێت بە سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێت، چەندین دەستوور ئەم شێوازەیان گرتۆتەبەر، وەکو ماددەی (٤٣)ی دەستووری فایمەری ئەڵمانی سـاڵی ١٩١٩، دەسـتووری فەڕەنسـا سـاڵی ١٩٥٨، ماددەی (٧٢)ی دەستووری پرتوگالی ساڵی ١٩٣٣، و چەندین دەستووری تر[2].

---

(١) د. كاظم علي الجنابي، السـؤولية السـياسـية لرئيس الدولة في النظام البرلماني، دراسة مقارنة، المركز القومي للاصدارات القانونية، ط١، ٢٠١٥، ل١٨٩.

(٢) هەروەها ماددەی (٦)ی دەسـتوری ئەندۆنیسـیای سـاڵی ١٩٥٦ هەموارکراوی سـاڵی ٢٠٠٢ تێیدا هاتووە "سـەرۆک کۆمار و جێگرەکەی بە یەکەوە بە ڕێگای ڕاستەوخۆ وهەڵبژاردنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، بەپێی یاسا و بۆ ماوەی چوار سـاڵ"، هەروەها لە ماددەی (٤٠)ی دەسـتوری تونسـی سـاڵی ١٩٥٩ هاتووە "سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت بە هەڵبژاردنێکی گشتی و ڕاسـتەوخۆ بەتایبەتی لەلایەن دەنگدەرانەوە". د. كاظم علي عباس الجنابي، مصـادر قوة رئيس الجمهورية في الانظمة السـياسـية، مجلة كلية تربية واسـط، العدد الثاني عشر، ٢٠١٢، ل٣٧٦.

ئەم ڕێگایەش بەوە جیادەکرێتەوە کە زامنکردنی ســـەربەخۆیی ســـەرۆک کۆمار دیاری دەکات، لەکاریگەرییەکانی پەرلەمان ڕزگاری دەبێت، ئەم شـــێوازەش پەروەردەیەکی ســـیاســـی بەرز بەتاکەکانی دەدات، وا دەکات گرنگی بە بابەتە سـیاسـییە گشـتییەکان بدەن، ئەم شـێوازەش بەکارهێنانی گونجاوی دیموکراسـی ڕاسـتوخۆیە[1]، چونکە سـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئەم پۆسـتە وەردەگرێت، ســـەرەڕای ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆمارێک کە متمانەی بە توانا و لێهاتووی خۆی هەیە.

ســـەرەڕای ئەوەش هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە گەرەنتی ســـەربەخۆیی دەدات لەبەرامبەر پەرلەمـانـدا خۆی لە کۆنترۆڵکردنی ئـەنجوومـەنی یـاســـادانـان لادەدا، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەمە یەکێکە لە باشـترین ڕێگاکان بۆ هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمار، بە تایبەتی لە پیادەکردنی دیموکراســـی ڕاســـتەقینە و حوکم کردنی گەل بۆ خۆی[2].

دووەم: هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بەدوو قۆناغ

هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە ناڕاسـتەوخۆ بە دوو قۆناغ هەڵدەبژێردرێت و هەڵبژاردنەکەی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ، لە قۆناغی یەکەمدا گەل نوێنەرەکانییان هەڵدەبژێرن، پادشـــان لە قۆناغی دووەمدا ئەو نوێنەرانە ســـەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرن، و ئەو کەســـە دەبێت بە سەرۆک کۆمار ئەگەر زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی دەنگەران بە دەست بهێنێت، وەکو دەستووری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای سـالّی ١٧٧٨، دەسـتووری فیلەندی سـالّی ١٩١٩، و دەسـتووری کوبا و

(١) د. کاظم علي الجنابي، السـؤولية السـياسـية لرئيس الدولة في النظام البرلماني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩-١٩٠.

(٢) د. عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤولية رئيس الدولة في النظام البرلماني، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥، ل١١٠.

ئەرجەنتین و پاراگوای[1]. ئەوەی تێبینیمان کرد بەرچاومان نەکەت لەو وڵاتانەی سیستەمی پەرلەمانی جێبەجێدەکەن بەم شێوەیەی وەرگرتبێت، تەنها لە سیستەمی سەرۆکایەتی نەبێت[2].

دەکرێت بڵێین، کە ئەم شێوازە لە پیادەکردنی دیموکراسی دوور دەخاتەوە، هەر وەک چۆن لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەقۆناغی یەکەمدا دەرکەوتبوو، چونکە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە، گەل مافی ئەوەی هەیە پەیڕەوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و پێویست  بە بوونی ئەڵقەی بەیەک گەیاندن ناکات.

## ٢-هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە باوترین ڕێگایە لەو کۆمارانەی کە سیستەمی پەرلەمانیان گرتۆتەبەر، ئەوەش بە مانای ئەوە دێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سەرۆکی کۆمار هەڵدەبژێردرێت و چەند میکانیزمێکیشی بۆ دیاریکراوە، دەستووری کۆماری سێیەمی فەڕەنسی ساڵی ١٨٧٠ یەکەم دەستووری پەرلەمانییە کە سیستەمی کۆماری وەرگرتووە، ئەم دەستوورە وای کردووە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە بێت،

(١) د. عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤولية رئيس الدولة في النظام البرلماني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

(٢) نموونەی ئەمەش دەستووری ئەمریکای ساڵی ١٧٧٨ وەردەگرین، کە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدوو قۆناغ ئەنجامدەدرێت، دەنگدەران لە قۆناغی یەکەمدا نوێنەری سەرۆکایەتی یان دەنگدەران هەڵدەبژێرن، ئینجا ئەوان لە قۆناغی دووەمدا سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرن، ئەوەش لەماددەی (٢) دەستووری ئەمریکادا هاتووە "هەر ویلایەتێك ژمارەیەك لە نوێنەر دیاری دەکات بەو شێوەیەی کە دەسەڵاتی یاسادانان پێی دەستنیشان دەکرێت، و یەکسانە بەکۆی ژمارەی سیناتۆرەکان و نوێنەران کە مافی ویلایەتەکانە لە کۆنگرێس نوێنەرایەتی بکرێت، و ناکرێت ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران وەکو نوێنەر هەڵبژێردرێن، ئەو نوێنەرانەی دەستنیشان کراون و هەڵبژێردراون کۆ دەبنەوە و بەدەنگانی نهێنی هەڵبژاردن بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆك دەکرێت، کەبەلایەنی کەمەوە دەبێت یەکسان بێت بە دانیشتوانی هەمان ویلایەتی پێشوو، ماددەی (٢)ی دەستوری ئەمریکی ساڵی ١٧٧٨.

ئەمەش بە هۆی کاریگەرییە خراپەکانی ئەزموونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن خەڵکەوە بەپێی دەستووری کۆماری ساڵی ١٨٤٨[١]، هەروەها مادده (٢٩) دەستووری چوارەمی فەڕەنسی ساڵی ١٩٤٦ بە هەمان ڕێگە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دیاریکردووە، کە دەڵێت "سەرۆک کۆمار بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە زۆرینەی ڕەها لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێت"[٢] کە دەستەکە لە ڤێرسای کۆدەبێتەوە.

دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە پەیڕەو دەکات، کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری داوەتە دەست ئەنجوومەنی نوێنەران[٣].

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەنجوومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە سەرۆکی کۆمار بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن دیاری بکات، هەر بەربژێرێک زۆرینە بە دەست بهێنێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو هیچ کام لە بەربژێرەکان زۆرینەی داواکراوییان بە دەست نەهێنا، ئەو کەسانەی زۆرترین دەنگیان بە دەست هێناوە لە جاری دووەم دووبارە هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێت، هەروەها ئەو کەسە بە براوە دادەنرێت کە زۆربەی دەنگەکانی ئەنجوومەن بە دەست دەهێنێت، سەرەڕای ئەوانەش چەند مەرجێک

---

(١) د. کاظم علي الجنابي، المسؤولية السياسية لرئيس الدولة في النظام البرلماني،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥-١٨٦.

(٢) ماددەی (٢٩)ی دەستوری فەڕەنسی ساڵی ١٩٤٦.

(٣) لەبڕگەی (١)ی ماددەی (٧٠) ی دەستووردا هاتووە "ئەنجوومەنی نوێنەران لەنێوان پاڵێوراواندا سەرۆک کۆمار بە زۆرینەی دوو لەسەر سێیی دەنگی ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ، و لەبڕگەی دووەمی هەمان مادده هاتووە "ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوان دەنگی زۆرینەی بە دەست نەهێنا، ئەوا کێبڕکێ لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوە ئەنجام دەدرێت، کە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، ئەو کەسەش زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێ لە دەنگانی دوومدا دەبێت بەسەرۆک کۆمار".

هەیە کە دەبێت لە کاندیدی سەرۆک کۆماردا هەبێت، کە لە ماددەی (٦٨)ی دەستووردا ئاماژەی پێداوە[١]، هەروەها لە یاسای ئەحکامی خۆپالاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٢) دیاریکراوە[٢].

سەبارەت بە زۆرینەی ئەندامان، سەرۆک کۆمار (د. بەرهەم سالح) داوای ڕونکردنەوی برگەی (یەکەم) لە مادده (٧٠)ی دەستور لە دادگای بالای فیدراڵی کرد، دادگای بالای فیدراڵی بڕیاری دەرکرد، کە لە بڕیارەکەدا هاتووە" ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆک کۆمار لەنێو کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆمار هەڵدەبژێرێت، وە بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران نیساب بەدەست دێت"[٣]، ژمارەی ئەنداماى ئەنجومەنی نوێنەران (٣٢٩) ئەندامە، دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەکاتە (٢٢٠) ئەندام.

شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە بەبێ سوود و زیان نییە، سەبارەت بە سوودەکانی ئەم شێوازە هەندێک پێیان وایە، ئامانجی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، لە چڕکردنەوەی دەسەلاتە گشتییەکان ڕێگری دەکات، لایەنگرانی ئەم شێوازە هەوڵیان داوە پاساو بدۆزنەوە بۆ پەسەند کردنی ئەم شێوازە دەڵێن هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە لە بنچینەدا هەڵبژاردنێکی جەماوەرییە و بە دوو قۆناغ ئەنجامدەدرێت، لەم ڕوانگەیەوە هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ سەرۆک کۆمار بەرجەستەکردنی ڕاستگۆیانەی هەستی جەماوەرییە[٤].

---

(١) سەیری ماددەی (٦٨)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.
(٢) یاسای ئەحکامی خۆپالاوتن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٢.
(٣) بڕیاری ژمارە ١٦/ اتحادية/٢٠٢٢، لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٣ دەرچووە.
(٤) د. عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤولية رئيس الدولة في النظام البرلماني، سەچاوەی پێشوو، ل١٩.

سەرەڕای هەبوونی سوود ئەم شێوازە زیانیشی هەیە، کە هەندێک لە یاساناسان پێیان وایە، سەرۆک کۆمار بۆ پەرلەمان ملکەچ دەبێت، ئەمەش وادەکات پێگەی لە ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی نوێنەران لاواز بێت، چونکە هەست دەکات پەرلەمان سەرۆک کۆماری دیاریکردووە[1].

بە شێوەیەکی ئاسایی پەرلەمان سەرۆکی بێهێز و بێ توانا دیاری دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە ئەو دەستەیە پەیڕەوەی تایبەتکارییەکانی خۆی لە ڕوبەڕوبونەوەی بەکار بهێنێت، و لە سەرۆکە بەهێزەکان دوردەکەوێتەوە کە تایبەتکارییەکانی پەرلەمان پشت گوێ دەخات[2].

## ٣-هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بە شێوازی تێکەڵاو

هەندێک لە دەستوورەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا ڕێبازێکی جیایان گرتۆتەبەر، ئەم شێوازەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەڵام ئەو بەشەی کە کۆیان دەکاتەوە بەشداری پێکردنی پەرلەمانە، ئینجا یەک ئەنجومەن یا دوو ئەنجوومەن بێت، لە دەوڵەتێکی سادە یاخود دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بێت، لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا بە نوێنەرایەتی خەڵک، یان ئەندامانی ئەنجوومەنی هەرێمەکان لە دەوڵەتی سادە یان لە ئەنجوومەنی یاسادانانی دەوڵەت لە دەوڵەتی فیدڕاڵی[3].

---

(١) د. حازم صادق، سلطة رئيس الدولة بين النظامين البرلماني والرئاسي، دراسة مقارنة، الهيئة المصرية العامة للكتب، ٢٠١٣، ل١٥١.

(٢) د. سليمان محمد الطماوي، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٨، ل٢١١.

(٣) چەند دەستورێک ئەم شێوازەیان وەرگرتووە، دەستوری ئیسپانیا ساڵی ١٩٣١، دەستوری نەمسا ساڵی ١٩٤٧، دەستوری ئەڵمانیای یەکگرتوو ساڵی ١٩٤٩، دەستوری کۆماری هیندی ساڵی ١٩٤٩، دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٠٩، د. عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤولية رئيس الدولة في النظام البرلماني، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

له مادده‌ی (٨٣)ی ده‌ستوری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٧ به‌ ڕێگای تێکه‌ڵاوی وه‌رگرتووه‌، که‌ ئه‌مه‌ش ڕێگایه‌کی جیاوازه‌ بۆ هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆک کۆمار، به‌ به‌شداری په‌رله‌مان به‌ هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نه‌که‌یه‌وه‌، له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ک له‌ نوێنه‌رانی هه‌رێمه‌کان، که‌ له‌ هه‌ر هه‌رێمێک سێ نوێنه‌ر له‌ لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی هه‌رێمه‌وه‌ هه‌ڵده‌بژێرێت بۆ ئه‌وه‌ی ده‌نگ به‌ کاندیدی سه‌رۆک کۆمار بدات، سه‌رۆک کۆماریش له‌ دانشتنێکی هاوبه‌شدا به‌ ده‌نگی دوو له‌سه‌ر سێی ده‌نگدانی نهێنی ئه‌نجومه‌نه‌که‌ هه‌ڵده‌بژێردرێت، وه‌ له‌دوای ده‌نگدانی سێیه‌م زۆرینه‌ی ڕه‌ها به‌سه‌[1].

به‌ گشتی شێوازی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆک کۆمار کاریگه‌ریيه‌کی ڕوونی له‌سه‌ر پێگه‌ی هه‌یه‌، له‌ ڕووی هێز و لاوازییه‌وه‌، ئه‌گه‌ر بێت و دانه‌رانی ده‌ستوور سه‌رۆکێکی لاوازیان بوێت، ئه‌وا هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆک له‌ لایه‌ن په‌رله‌مانه‌وه‌ په‌سه‌ند ده‌که‌ن، هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر سه‌رۆکێکی به‌هێزیان بوێت ئه‌وا له‌لایه‌ن گه‌له‌وه‌ هه‌ڵیده‌بژێرن، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش چه‌ند فاکته‌رێک هه‌ن که‌ ڕۆڵی به‌رچاویان له‌لاوازی و به‌هێزی سه‌رۆکدا هه‌یه‌.

ڕامان وایه‌ ئه‌گه‌ر سه‌رۆک کۆمار ڕاسته‌وخۆ له‌لایه‌ن گه‌له‌وه‌ بێت ئه‌وا پێویسته‌ به‌رپرسیارێتیشی هه‌بێت، نه‌ک پارێزراو بێت له‌ به‌رپرسیاریه‌تی، بۆیه‌ پێمان باشه‌ له‌لایه‌ن په‌رله‌مانه‌وه‌ هه‌ڵبژێردرێت و له‌ به‌رده‌م په‌رله‌مانیش به‌رپرس بێت، ده‌سه‌ڵاته‌کانیشی ته‌شریفاتی و ڕه‌مزی بێت، بۆ ئه‌وه‌ی ته‌نها له‌ ڕووی تاوانکاری به‌رپرس بێت.

## لقی دووه‌م
## به‌رپرسیارێتییه‌تی له‌ به‌رامبه‌ر په‌رله‌مان

یه‌کێک له‌ هۆکاره‌کانی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی په‌رله‌مان، بریتییه‌ له‌ ململانێ و ناکۆکی نێوان سه‌رۆکی ده‌وڵه‌ت و په‌رله‌مان، ڕۆڵی سه‌رۆکی ده‌وڵه‌ت له‌ سیسته‌می په‌رله‌مانیدا وه‌ک ناوبژیوانێک وایه‌،

---

(١) مادده‌ی(٨٣)ی ده‌ستوری ئیتاڵی ساڵی ١٩٤٧.

چونکە ململانێکە لەنێوان حکومەت و پەرلەماندایە، ئەمەش لە پراکتیکدا باوترین شـــێوەیە، لێرەدا ڕۆلی ســـەرۆکی دەوڵەت ئەوەیە، کە بڕیار لەســـەر ناکۆکی نێوان پەرلەمان و حکومەت دەدات، هەروەها لە نێوان حزبە ســـیاســـییەکان دەبێتە فاکتەرێکی هێورکەرەوە، و دەبێت دادپەروەرانە و ســـەربەخۆ بێت و لە حزبەکان دوور بێت، لەگەڵ حکومەتدا لەســـەر ڕای خۆیانن و پشـــت بە زۆرینەی پەرلەمانی دەبەســـتن، ســـەرۆکی دەوڵەت بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی میللەت دەکات، بەرژەوەندی تاکە کەسی جێبەجێ ناکات لە ڕوانگەی کەسیەوە ڕەفتار ناکات، بەڵکو بەپێی ڕای زۆرینەی گەل هەڵســـوکەوت دەکات، دەسەلاتەکانی دەوڵەت ناچار دەکات ڕێزیان لێ بگرێت[1].

زۆر جار ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ســـەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمان ڕاســـتەوخۆ ڕوونادات، بەڵکو لەســـەر بنەمای زۆرینەی پەرلەمانی ناکۆکی لە نێوان ســـەرۆکی دەوڵەت و حکومەتدا هەیە، ئەمەش وا لە ســـەرۆکی دەوڵەت دەکات هەوڵ بدات ئاســـتەنگ بخاتە بەردەم حکومەت بۆ ئەوەی ناچاری بکات دەست لەکار بکێشێتەوە، لە هەندێک ســـیســـتەمی دەســـتووریدا لادانی حکومەت لە دەســـەلاتی ســـەرۆکی دەوڵەتە، ســـەرۆکی دەوڵەت کەســـێکی تر ڕادەســـپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ کە بتوانێ بۆچوون و ســـیاســـەتەکانی جێبەجێ بکات[2].

ناکۆکی لە نێوان سەرۆک کۆمار و پەرلەمان ڕوودەدات، بێگومان پەرلەمان هێشتا متمانەی بە حکومەتی پێشوو هەیە کە دەستی لە کار کێشـــاوەتەوە یان لابراوە، زۆرینەی پەرلەمانی ناچار دەبێت متمانە بەحکومەتی نوێ بدات، سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمی پەرلەمانیدا بە تەنیا ناتوانێت حوکم بکات، لەلایەن حکومەتێکەوە ســـەرکردایەتی

---

(١) د. علاء عبدالمتعال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

(٢) د. محمد عبدالحميد ابوزيد، توازن السلطات ورقابتها، دار النضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٣، ل ١٦٧.

دەکرێت، کە متمانەی پەرلەمانی هەیە، لێرەدا دوو بژاردە دێتە ئاراوە، یـان ســـەرۆکی دەوڵەت ملکەچ دەبێـت بۆ زۆرینەی پەرلەمـانی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکی دەوڵەت، یان پەنا بردنە بەر هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمـان، هەروەهـا گەل لە چـارەســـەر کردنی ئەم نـاکۆکییە ناوبژیوان دەبێت[1].

ئەگەر سەرۆکی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، ســـەرۆکی دەوڵەت پێی وایە لەگەڵ پەرلەمـان یەکســـانە و لە یەک ئاســـتدان، لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە و نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل دەکـات، کە لە نێوان حکومەتی نوێ و زۆرینەی پەرلەمـانی لە جێبەجێکردنی سـیاسـەتەکەی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆیە زۆربەی کات هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان چارەسەرە، بەڵام ئەگەر سەرۆکی دەوڵەت لەلایەن پەرلەمانەوە بە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێت، ئەوا لە زۆربەی کاتدا دەست لە کار دەکیشێتەوە[2].

یەکێک لەو دەســـتوورانەی مـافی بە پەرلەمـان داوە متمـانە لە سـەرۆکی دەوڵەت بسـەنێتەوە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی میللی، دەستووری میسری ساڵی ٢٠١٤یە، سەرەڕای ئەوەی سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، و دەسەڵاتی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمانی لە کاتی پێویســـت و بەچەند مەرجێک پێدراوە[3]، بە هەمان شـــێوەش ڕێگە بە ئەنجوومەنی نوێنەران دراوە پێشـــنیاری متمانە لێســـەندنەوە لە ســـەرۆک کۆمار بکات، ئەمەش لە

(١) د. جهاد زهير ديب الحرازين، حق حل البرلمان في النظم الدســـتورية، دراســـة مقارنة، مكتبة الوفاء القانونية، الاسكندرية، ٢٠١٣، ل ١٥٣-١٥٤.

(٢) د. محمد كامل ليلة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٥.

(٣) ماددەی(١٣٧)ی دەسـتوری میسـری سـاڵی ٢٠١٤ هاتووە" ناکرێت سـەرۆکی کۆمار ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشـــێنێتەوە تەنها لە کاتی پێویســـت نەبێت، هەروەها دەبێت بڕیارەکە هۆکاری هەبێت، دوای ڕیفراندۆمی گەلی بێت، ناکرێت ئەنجومەن بەهەمان هۆکاری پێشووتر هەڵبوەشێنرێتەوە".

ماددەی (١٦١)ی هەمان دەســـــتووردا هاتووە[١]، وە لە هەمان ماددەدا هاتووە[٢].

لە میســـر چەند جارێک ناکۆکی لە نێوان دەســـەڵاتی یاســـادان و ســـــەرۆک کۆمـار ڕوویـداوە، بەوەش ســـــەرۆکی کۆمـار لە ڕێگەی ڕیفرانـدۆمەوە پەنـای بردۆتە بەر هەڵوەشـــــاندنەوەی پەرلەمـان، کە ئەوەش لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی ساڵی ١٩٧٩، ١٩٨٧ دا ڕوویدا، لەژێر ڕۆشنایی دەستوری ساڵی ١٩٧١ی هەڵوەشاوە[٣].

---

(١) لەماددەی (١٦١) هاتووە." ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێت پێشـــــنیاری متمانە لێسەندنەوە لە سەرۆکی کۆمار بکات، و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتی پێش وەختە ئەنجام بدرێت، لایەنی کەم لەســـــەر داوای زۆرینەی ئەندامانی ئـــەنجوومـــەنی نوێنەران هۆکـارەکەی دیـاریکراو بێـت، و واژۆ کرابێـت و بەڕەزامەندی ســـێیەکی ئەندامانی بێت، ناکرێت ئەم داوایە بە هەمان هۆکار لە جارێک زیاتر پێشکەش بکرێت، تەنها یەک جارە".

(٢) لە ماددەی (١٦١) دا هاتووە، " بە پەســـەندکردنی متمانە لێســـەندنەوە، فەرمانی متمانە لێســەندنەوە لە ســەرۆک کۆمار و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختەی سەرۆکایەتی لە ڕیفراندۆمێکی گشتی، کە لەسەر بانگهێشتی سەرۆک وەزیران دەکرێت، ئەگەر هاتوو زۆرینەی گەل لەگەڵ متمانە لێسەندنەوە بوون، سەرۆک کۆمـار لە پۆســـــتەکەی لادەبرێت و شـــــوێنەکەی چۆڵ دەبێت، تـا ئـاوکـاتەی هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ سەرۆک کۆمار دەکرێت، لەماوەی شەست ڕۆژ لە بەرواری ڕاگەیـانـدنی ئەنجـامی ڕیفرانـدۆمەکە، ئەگەر ئەنجـامی ڕیفرانـدۆمەکە ڕەتکرایەوە، ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەوەشـــێتەوە، ســـــەرۆک کۆمار داوای هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات لە ماوەی ســـــێ ڕۆژ لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەکە".

(٣) پەرلەمـان لە ســـــاڵی ١٩٧٩ لەلایەن ســـــەرۆکی میســـــر (ئەنوەر ســــادات )هەڵوەشێنرایەوە، دوای ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانی لە ئەنجوومەنی گەلی میسر ڕێککەوتننامەی (کامب دیفید ی) ڕەتکردەوە، ســـەرۆک کۆمار ئەنجومەنی گەلی هەڵوەشـــــاندەوە دوای ڕیفراندۆم، بەپێی ئەو مەرجانەی لە ماددەی (١٢٧)ی دەســـتوری ســـاڵی ١٩٧١دا هات بوو، ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە ٩٩.٩٩٪ بوو، کە ئەوەش زۆرینەی ڕەهایە کە لەگەڵ ســەرۆکی کۆمار بوو بۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی گەل، هەڵوەشـــــاندنەوەی دووەم لە ســـــاڵی ١٩٨٧ بوو، لە کاتی

له ئۆکرانیاش به هۆی ململانێی نێوان سەرۆکی دەوڵەت له لایەک و سەرۆکی حکومەتی پاڵپشتکراوی پەرلەمانی له لایەکی تر، له دوو ماوەدا پەرلەمان هەڵوەشێنراوەتەوە، له ساڵی ٢٠١٤ هەروەها ساڵی ٢٠١٩، له ٢٥ ئابی ٢٠١٤ دا سەرۆکی ئۆکرانی (بیترو بوروشینکو) که لەساڵی ٢٠١١ هەڵبژێردرابوو، هەڵسا به هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان پێش ئەوەی ماوەی دەسەڵاتی یاسادانانی تەواو ببێت، داوای هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێی کرد، له ٢٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٤، سەرۆک ئەوەی ڕوونکردۆتەوە پاساوی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەوە بوو که بەپێی ماددەی (٩٠)ی دەستووری ئۆکرانی مافی خۆی بەکارهێناوە[1]، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە که زۆرینەی

---

سەرۆکایەتی حوسنی موبارەک، ئەوەش پێش بڕیاڕدان لەسەر نا دەستوری بوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەل له بەردەم دادگای دەستوریدا، که هیچ ناکۆکیەک له نێوان سەرۆک کۆمار وئەنجوومەنی گەلدا نەبوو، بەڵکو زۆرینەی پەرلەمانی له حزبی نەتەوەی دەسەڵاتدار بوو، حکومەت لەگەڵ پەرلەماندا تەوا ڕێککەوتبوو، ئەوەبوو ڕیفراندۆمی گەلی ئەنجامدراو ئەنجامەکەی ٩٩.٩٩٪ بوو، حکومەت یاسای هەڵبژاردنی دەرچواند که لەگەڵ دەقەکانی دەستور هاوتەریب بوو، ڕاگەیاندن بۆ هەڵبژاردنێکی نوێکرا، د. بشير علي باز، حق حل مجلس النيابي في الدساتير العاصرة، دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعي، ٢٠١٥، ل٣١٨ و دواتر.

(١) له ماددەی (٩٠)ی دەستوری ئۆکرانی ساڵی ١٩٩٦دا هاتووە" کۆتایی به دەسەڵاتی پەرلەمان دێت، له ڕۆژی کردنەوەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێ، سەرۆک کۆمار دەتوانێت کۆتایی به دەسەڵاتی پەرلەمانی ئۆکرانی بهێنێت، پێش کۆتای هاتنی ماوەی ویلایەتەکەی، له حاڵەتی :١- له ماوەی مانگێکدا هاوپەیمانییەتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەپێی ماددەی ٨٣ ی ئەم دەستورە پیکنەهێنریت. ٢- له ماوەی مانگێک له دەست لەکارکیشانەوەی پەرلەمانی پێشوودا، کابینەیەکی نوێ دانەمەزرابیت. ٣-دانیشتنه گشتییەکان دەستی پێ نەکردبێت له ماوەی سی ڕۆژ له خولی ئاسایی، سەرۆکی ئۆکرانیا بڕیار دەدات کۆتایی به دەسەڵاتی پەرلەمان بهێنێت، دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ناکرێت کۆتایی به

پەرلەمانی هێشتا دڵسۆزی سەرۆکی پێشوون، کە لە هەڵبژاردنێکی پێش وەختە لە ساڵی ٢٠١١ هەڵوەشێنراوەتەوە، پاساوی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان هاوکاری نەکردنی زۆرینەی پەرلەمان بوو لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت، بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکی لە نێوانیاندا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، بۆ ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانی نوێ بە دەست بهێنێت و هاوکاری بکات، لەگەڵ سیاسەت و ڕای سەرۆک بگونجێت، هەروەها جەختیشی کردەوە کە گەل خواستی ئەوەی هەیە هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێت[١]. ئەگەر چی بە شێوەیەکی ڕوون لەو ماددەیەدا ئاماژەی بە ناکۆکی نەکردووە لە نێوان سەرۆک و پەرلەمان کە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان.

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩دا پەرلەمانی ئۆکرانیا لەلایەن (فلادیمیر زیلینسکی) هەڵوەشێنرایەوە، هۆکارەکەش لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە پێشنیارکرابوون لەسەر یاسای هەڵبژاردن، هەروەها ئەو بەڵێنانەی کە لە کاتی هەڵبژاردن بە گەلی دابوو، بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی گەندەڵی[٢]، ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان سەرۆک و پەرلەمان، دواتر لەلایەن چەند کەسێک داوا پێسکەشکرا بە دەستووری نەبوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەلایەن سەرۆک، دوای

دەسەڵاتی پەرلەمان بهێنرێت کە هەڵبژێردراوە لە هەڵبژاردنیکی تایبەتدا، دوای ئەوەی سەرۆک کۆمار هەڵی وەشاندۆتەوە پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لە بەرواری هەڵبژاردنی، ناکریت کۆتایی بە دەسەڵاتی پەرلەمانی ئۆکرانی بهێنرێت پێش تەواو بوونی ویلایەتی سەرۆک کۆمار بە شەش مانگ.

(١) الرئيس الاوكراني يحل البرلمان ويدعو الى انتخابات مبكرة، والایە لە پێگەی، https://www.bbc.com/arabic/worldnews/2014/08/140825_ukraine_dissolution_parliament ، (٢٠٢١/١١/٢٠).

(2) Ukraine’s New President Dissolves Parliament and Calls a Snap Election, https://www.nytimes.com/2019/05/20/world/europe/ukraine-zelensky-parliament-election.html ,(22/11/2021).

پێشــــکەشــــکردنی داواکە بە دادگای دەســــتووری ئۆکرانی، لە کۆتایی مــانگی پێنج دادگــای بــاڵای ئۆکرانی داواکەی ڕەتکردەوە، و ڕەتی کردەوە ڕەوانەی دادگـای دەســــتووری بکرێت، دوای ئەوەی دادگـا بڕیاری دا بڕیارەکەی ســــەرۆک ســــەبارەت بە هەڵوەشــــاندنەوەی پەرلەمان لەگەڵ بەندەکانی دەســــتوور ناکۆک نین، ســــەرۆکی وڵات بڕیاری دا لە ٢٠١٩/٧/٢١ هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام بدرێت[١].

لە ڕوسـیاش لە سـاڵی ١٩٩٣ پەرلەمانی ڕوسـی هەڵوەشـێنرایەوە، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لە نێوان سـەرۆکی ڕوسـی (بوریس یلتسـن) و پەرلەمان دروسـت بوو، ناکۆکییەکەش لەسـەر ئەو چاکسـازییانە بوو، کە دەیان ویسـت هەلومەرجی سـیاسـی و ئابوری وڵات باشـتر بکەن، کە ئەم چاکســــازییە دەســــتوورییانەش لەلایەن گەلی ڕوســــییەوە پشــــتیوانی فراوانی لێکرا، بەڵام پەرلەمان دژی ئەو چاکســــازییانە وەســــتایەوە، دواتر ســــەرۆکی ڕوســــیا پەرلەمانی هەڵوەشــــاندەوە بۆ کۆتـایی هێنـان بەو نـاکۆکییەی لە نێوان خۆیی و پەرلەمـانـدا هەبوو، ڕۆژی ١١،١٢، دیســــێمبری ســــاڵی ١٩٩٣ دیاریکرا، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی یاسادانانی نوێ[٢].

## مەبەستی دووەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە و چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت

(1) REF/RE, Ukrainian Constitutional Court OKs Parliament's Dissolution, Early Elections, https://www.rferl.org/a/ukrainian-constitutional-court-oks-parliament-s-dissolution-early-poll/30010735.html , (24/11/2021).

(٢) د. مجدی الشــــارف، ســــەرچاوەی پێشــــوو، ل ١٩٢. دانا عبدالکریم ســــعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

له زۆربەی سیستەمە دەستوورییەکاندا، پۆستی سەرۆکی دەوڵەت لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز چۆڵ دەبێت، لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەتدا کێ پەیڕەوی تایبەتکارییەکانی سەرۆکی دەوڵەت دەکات؟ بۆ چۆڵبوونی ئەم پۆستە چەند هۆکارێک هەیە، ئینجا ئەو هۆکاراکانە هەمیشەیی یان کاتی بن، ئەوەش بە پێی سیستەمی دەستووری هەر وڵاتێک دیاریکراوە، بۆ ئەوەی هیچ بۆشاییەک لە سەرۆکایەتی دەوڵەتدا دروست نەبێت، بۆ باسکردنی ئەم بابەتە، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم: حاڵەتەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت

لقی دووەم: پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی چۆڵبوونیدا

## لقی یەکەم
## حاڵەتەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت

پۆستی سەرۆکی دەوڵەت لە هەموو سیستەمە دەستوورییەکاندا، لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو و لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز چۆڵ دەبێت، ڕەنگە ئەم پۆستە لە حاڵەتی ئاساییدا چۆڵ ببێت، ئەم حاڵەتانەش بە ئیرادەی سەرۆک دەبێت، وەک پەککەوتن، ئامادە نەبوون، و تاوانبارکردن دەگرێتەوە، هەندێک حاڵەتی نائاساییش هەیە دەبێتە هۆی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، حاڵەتەکانیش بریتین لە لابردنی سەرۆک لە دەسەڵاتەکەی، دەست لە کار کێشانەوەی، پەککەوتنی هەمیشەیی، یان مردن، هەموو ئەو حاڵەتانەش دەبێتە هۆی چۆڵبوونی دەسەڵات بە شێوەی هەمیشەیی، بۆیە ئەم لقە تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی هۆکارە کاتییەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، هەروەها هۆکارە هەمیشەییەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی وڵات دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: حاڵەتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت بە شێوەی کاتی

لە هەموو سیستەمە دەستوورییەکاندا، سەرۆکی کاتی سەرۆکایەتی دەوڵەت دەکات لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا، دەستوورەکان جیاوازییان هەیە لە دەربڕینی ئەو حاڵەتە ئاساییانەی کە سەرۆکی دەوڵەت بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتەکەی چۆڵ دەبێت، لەم حاڵەتەشدا سەرۆک بۆ ماوەیەکی کاتی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی پەیڕەو ناکات، و پۆستی سەرۆکی دەوڵەت چۆڵ دەبێت، ئەو هۆکارانەش بریتیین لە، پەککەوتنی کاتی، ئامادە نەبوونی سەرۆک بە هۆکاری گەشتکردن بۆ دەرەوە، یان لەحاڵەتی تاوانبارکردنی، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

**١- پەککەوتنی کاتی سەرۆکی دەوڵەت (العجز المؤقت لرئيس الدولة)**

پەککەوتنی کاتی سـەرۆکی دەوڵەت حاڵەتێکە، سـەرۆکی دەوڵەت ناتوانێت لە کارەکەی بەردەوام بێت، هۆکارەکەشی لەوانەیە نەخۆشی بێت، بەمەش سـەرۆک ناتوانێت لە کارەکەی بەردەوام بێت[1]، مەبەستمان ئەو نەخۆشیە جەستەییەیە کە کار دەکاتە سەر سەرۆک بە ڕێکەوت، ئەگەر هاتوو نەخۆشییەکە درێژە بکێشێت، ئەوا دەبێتە هۆی پەککەوتنی هەمیشەیی، لەوانەشە ئەم حاڵەتە ببێتە هۆی چۆڵبوونی هەمیشەیی بۆ پۆستی سـەرۆکی دەوڵەت[2]، لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی کاتی تاکو گەڕانەوەی سەرۆک کاروبارەکانی دەوڵەت ڕادەپەڕێنێت، زۆربەی دەستوورەکان ئەحکامەکانی ئەو بارودۆخەیان ڕێکخستووە، کە سـەرۆک ناتوانێت کاروبارەکانی خۆیی ڕایی بکات، چونکە پەککەوتنی کاتی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی سەرۆک ڕادەگرێت.

جێگای ئاماژەیە کە چەند دەستوورێک هەن ئاماژەیان بە پەککەوتنی کاتی داوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە نەخۆشی بکرێت، ئەم دەقە دەستووریانەش بە شێوەیەکی ڕەهان، لەسەر بەربەستی کاتی کورتکراونەتەوە، لەو دەستوورانەش دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٥)دا هاتووە، "یەکێک لە جێگرەکان جێی سـەرۆک کۆمار دەگرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونیدا"[3]، لەو ماددەیەدا بە شێوەیەکی ڕەها باسی کرد کە لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکدا جێگرێک جێگای سەرۆک دەگرێتەوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ هۆکارێک بکات بە شێوەیەکی ڕوون، دەبوایە یاسادانەری

---

(١) د. اردلان نورالدين محمود، المسؤولية الجزائية لرئيس الدولة في التشريعات الداخلية، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠١٤، ل١٣٨.

(٢) زين بدر فراج، خلو منصب رئيس الدولة في الانظمة السياسية المعاصرة، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩١، ل٥٥.

(٣) ماددەی (٧٥)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

دەســـــتووری عێراقی بە شـــێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بە هۆکارەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەۆکی کۆمار بەشێوەیەکی کاتی باسکردبا.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە کاتی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی دەوڵەت بەشـــێوەی کاتی، نابێتە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێش وەختە، چونکە پاش پەککەوتنەکەی دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە ســـەر کارەکەی، تا ئەو کاتەی سەرۆک دەگەڕێتەوە جێگرەکەی بەشێوەیەکی کاتی پۆستەکە بەڕێوەدبات.

**٢-ئامادده نەبوونی سەرۆکی دەوڵەت**

ئامادده نەبوون یان گەشـــتکردنی ســـەرۆکی دەوڵەت ڕێگرییەکی کاتییە، لەم حاڵەتەشدا سەرۆکی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کاتی پەیڕەوی دەســـەڵاتە دەســـتوورییەکانی ناکات، و ســـەرۆکی دەوڵەت لە پەیوەندییەکانی دەرەوە بەرزترین ئەندامی دەوڵەتە، کە دەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئامادە نەبێت، چونکە هەلومەرجی نێودەوڵەتی پێویســـتی بە کۆنفرانس و کۆبونەوەی نێودەوڵەتی هەیە، بەمەش ســـەرۆک لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تردا بە نوێنەری وڵاتەکەی دادەنرێت، ئەم حاڵەتەش وا دەکات کە ســـەرۆک بۆ ماوەیەکی کاتی لە وڵاتدا ئامادده نەبێت، بەمەش ســـەرۆکی کاتی بە شـــێوەیەکی کاتی جێگای ســـەرۆک دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی ســـەرۆک دەگەڕێتەوە پەیڕەوی کارەکانی دەکات و کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات[١].

ئامادده نەبوونی ســـەرۆکی دەوڵەت بەهۆی گەشـــتکردن بۆ دەرەوەی وڵات ڕێگرییەکی کاتییە، لە ســـیســـتەمە پەرلەمانییەکاندا،

(١) د. مازن ليلو، د، علي مجيد العكيلي، حالات تولية رئيس الدولة المؤقت، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية والسياسية، المجلد٤، العدد٢ ،٢٠١٩، ل٢٠٠٤.

هەندێک لە دەستوورەکان حاڵەتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی دەوڵەتیان بە هۆی ئەوەی لەدەرەوەی وڵاتە ئاماژەیان پێداوە[١].

بە هۆی ئامادە نەبوونی ســـەرۆکی دەوڵەت بە شـــێوەیەکی کاتی نـابێتە هۆی ئەوەی پەنـا ببرێـت بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە، چونکە دوای تەواو بوونی کاروبارەکانی ســـــەرۆک دەگەڕێتەوە و پەیڕەوی دەسەڵاتە دەستورییەکانی دەکات.

### ٣-تاوانبارکردنی سەرۆکی دەوڵەت

ســـــەرۆک کۆمـار وەک تـاکەکـانی تر بەرپرســـــیارە لە کردەوە تاوانکارییەکانی کە لەیاســـای ســزادان هاتووە، ســـەرەڕای ئەوەش لە کاتی بەڕێوەبردنی کارەکانی بەرپرســــیار دەبێت لەو تـاوانانەی کە ئەنجـامی دەدات، هەروەکو لە حـاڵەتی نـاپـاکی گەورە[٢]، هەروەهـا ســــەرۆکی دەوڵەت دەکەوێتە بەر تۆمەت و دادگـایی کردن، نەوەک دەرچوون لە پڕەنســـــیپی یەکســــانی کە لەدەســــتور دا هـاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی باری دەستوری کە لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە هەیە، بۆ ئەوەی لە هەر جۆرە تۆمەتێکی خراپ کە بۆی دروســــت بکرێت دوور بکەوێتەوە[٣].

زۆربەی جـار دەقەکـانی دەســــتور ڕێکـارەکـانی تۆمەتبـارکردنی ســـەرۆکی ڕێکخســـتووە، کە پەرلەمان و دەســـەڵاتی دادوەری ڕۆڵی دەبێت لە جێبەجێکردنی یاســاکانی بەرپرســیارییەتی[٤]، چونکە بە پێی

(١) د. علي يوســـف الشـــكرى،"نائب رئيس الدولة"، العدد الاول، مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، ٢٠٠٩، ل٨٦.

(٢) د. سحر محمد حسنين، المحاكمة السياسية لرئيس الدولة في النظم المقارنة، دار العادل للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢١، ل١٦٧.

(٣) د. يوســف علي الشــكري، التناســب بين ســلطة رئيس الدولة ومســؤوليته في الدساتير العربية، منشورات الحلبي الحقوقي، بيروت، ٢٠١٢، ل٢١١.

(٤) د. رافع خضــــر صــــالح شـــبر، اجراءات اتهام ومحاكمة رئيس الدولة، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٣، ل١٠.

دەقە دەسـتورییەکان هاونیشـتیمانیان هەموویان لە بەردەم یاسـادا یەکسـانن، نابێت بەندەکانی دەسـتور جیاکاری لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگادا بکات[١]، بەڵام لە دەسـتورە پادشـاییەکان دەقی تێدا نییە تاوانبارکردن و دادگایی کردنی سەرۆکی دەوڵەت لەخۆ بگرێت[٢].

هەندێک لە دەسـتورەکان مافی ئەوەیان داوە لە کاتی ئەنجامدانی ناپاکی گەورە یان تاوانکاری و پێشێلکردنی دەستور، سەرۆک کۆمار تاوانبار بکرێت، لەوانەش دەسـتوری عێراقی[٣]، هەروەها دەسـتوری

---

(١) لە ماددەی (١٤)ی دەستوری عیراقیدا هاتووە" عێراقیەکان یەکسانن لە بەردەم یاسـادا بەبێ جیاوازی ڕەگەز یا نەژاد یا بنەچە یا ڕەنگ یا ئاین یا ئایینزا یا بیروباوەڕ یا بۆچوون یا بارودۆخی ئابوری یا کۆمەڵایەتی" هەروەها لە بڕگەی (شەشەم) ماددەی (١٩) دا هاتووە " هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە کاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی دادگایی و کارگێڕی لەگەڵیدا".

(٢) جێگای ئاماژە پێدانە، دەسـتورە پادشـاییەکان دەقی تێدا نییە تاوانبارکردن و دادگایی کردنی سـەرۆکی دەوڵەت لەخۆ بگرێت، هۆکارەکەشـی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بنەماییە لە پادشـاییەتیدا ناسـراوە (پادشـا لە هەموو بەرپرسـیارەتییەک پارێزراوە) ئەم بنەمایەش لەلایەن سـیسـتەمی ئینگلیزیەوە گیراوەتە بەر، هەروەها دەڵێت ( پادشـا هەڵەناکات) ئەو بنەمایە یەکێکە لەو بنەمایانەی سیستەمی ئینگلیزی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام لە سیستەمی کۆماریدا، سـەرۆک لە تاوانەکانی خۆی بەرپرسیار دەبێت، ئینجا ئەگەر تاوانەکە ئاسایی، یا پەیوەندی بە کارەکەیەوە یان تۆمەتێکی تایبەتی بێت، وە بە زۆریش لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت، وە دادگاییکردنی لەدوای تاوانبارکردنی، بە ڕێکاری تایبەت و لەبەردەم دادگاییەک دەبێت کە دەسـتورەکان دەقیان لەسـەر هێناون د. مازن لیلو، د، علي مجيد العكيلي، حالات تولية رئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١١-٢٠١٢.

(٣) لە برگەی (شەشەم)ی ماددەی ٦١ دەستوری عێراق هاتووە" أ- لێپرسینەوەی سـەرۆک کۆمار بە پشـت بەسـتن بە داوایەک کە تێیدا هۆکاری لێپرسـینەوەکە ڕونکرابێتەوە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، ب- بەخشـینی سـەرۆک کۆمار بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی، دوای سـەرکۆنەکردنی لەلایەن دادگای

میسری[1]، وه چەند دەستوری تریش، لە هەموو بارەکاندا سەرۆکایەتی کاتی دەسەڵاتەکانی سەرۆک دەگریتە ئەستۆ کاتێک سەرۆکی دەوڵەت تۆمەتبار دەکرێت بە یەکێک لەو تاوانانە.

ئەگەر سەرۆک کۆمار بێتاوان بوو لەو تاوانانەی کە درابویە پاڵی، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بەڵام ئەگەر دادگا بە تاوانباری دانا، لەو کاتەدا سەرۆکی کاتی بە دەقی دەستور جێگای دەگرێتەوە، بەهۆی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، ئەم جێگا گرتنەوەش بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت کە لە دەستورەکان ئاماژەی پێداوە، تاکو هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ سەرۆکێکی نوێ دەکرێت.

دووەم/چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت بە شێوەی هەمیشەیی

مەبەستمان لە چۆڵبوونی هەمیشەیی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت ئەوەیە، کە سەرۆک ناگەڕێتەوە سەر کارەکەی و پۆستەکەی بە شێوەیەکی کۆتایی چۆڵ دەبێت، کە تێیدا سەرۆکی کاتی پەیڕەوی کاروبارەکانی سەرۆکی دەوڵەت دەکات، بۆ ئەوەی کاروباری دەوڵەت بەڕێوە ببات و هیچ بۆشاییەک لە سەرۆکایەتی دروست نەبێت، دروست بوونی ئەم بۆشاییە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەشێوێنێت، چونکە ئەم پۆستە یەکێکە لە پۆستە گرنگەکانی وڵات و لوتکەی هەرەمە، دەستوورەکان چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەتیان بە شێوەی هەمیشەیی ڕیکخستووە، دیارترین ئەو حاڵەتانەش بریتیین لە، لادانی یان دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک، پەککەوتنی هەمیشەیی، یان مردن، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، سەرۆکی کاتی کاروباری

---

باڵای فیدراڵیەوە لە یەکێک لەم بارانەی خوارەوە، ١- سوێند خواردنی دەستوری بە درۆ، ٢- پێشێلکردنی دەستور، ٣- ناپاکی گەورە."

(١) لە مادەی (١٥٩)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە" سەرۆک کۆمار تۆمەتبار بکرێت بە پێشێلکردنی دەستور، یان ناپاکی گەورە، یان هەرتاوانێکی تر، .........."

سەرۆک بەڕێوەدەبات، ئەم حاڵەتانەش بەم شێوەیەی خوارەوە باس دەکەین:

### ١- لادانی سەرۆک

لە ڕاستیدا چارەسەرکردنی پرسی لادانی سەرۆکی دەوڵەت پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیەی کە لەدەستووردا دیاریکراوە، تەنیا لە ژێر سایەی ڕژێمە کۆمارییەکاندا هەیە، لە سیستەمی پادشاییەتیدا بوونی نییە، چونکە لابردنی سەرۆکی دەوڵەت یەکێکە لە توندترین سزاکان کە واژۆی لەسەر دەکرێت[١].

ئەم لە کار لابردنەش کاتێک دەکرێت کە دەبینرێت هەڵەی گەورە هەیە، کە دامەزراوەکانی دەوڵەت ناتوانن ڕەتی بکەنەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە سەرۆکی دەوڵەت دەکرێت، ئەگەر دەرکەوت هەڵەیەکی گەورە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە کراوە، وەکو پێشێلکاری یاسایی بە ئاشکرا، یان ئەنجامدانی هەڵەیەکی سیاسی کە پەیوەندی بە ناپاکی گەورەی دەوڵەتەوە لە یەکێک لە توخمەکانی سەروەری وڵاتدا هەبێت، هەرچەندە سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا وەک تاکێکی ئاسایی داوا ناکرێت، بۆ هەموو تاوانێک لە ژێر یاساکانی تاوانیدا، بەڵکو تەنها لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەستوورەکان بە دەق ئاماژەیان پێداوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لابردنی سەرۆکی دەوڵەت و چۆڵبوونی دەسەڵاتەکەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی، و جارێکی تر ناتوانێت بگەڕێتەوە سەرکارەکەی[٢].

لەبەر پێگەی سەرۆکی دەوڵەت هەستیاری بڕیاری لە کار لابردن و دەرئەنجامەکانی، یاسادانەری دەستووری لە زۆربەی وڵاتاندا،

---

(١) د. علي مجيد العكيلي، النظام القانوني لرئيس الدولة المؤقت، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢١، ل٧٦.

(٢) د. مازن ليلو، د، علي مجيد العكيلي، حالات تولية رئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١٣،٢٠١٤.

تاوانبارکردن و له کار لابردنی ســــەرۆکی دەوڵەتیان له تایبەتمەندی دەستەی دەستووری باڵا له وڵات دیاری کردووه[1].

دەســـت له کار کێشـــانەوەش یەکێکه لەو ڕێگایانەی، که ماوەی ویلایەتی سەرۆک کۆتایی پێ دێت، و یەکێکه له حاڵەتەکانی چۆڵبوونی پۆستی ســەرۆکی وڵات، پێشـکەشـکردنی دەسـت له کار کێشـانەوه لەلایەن ســەرۆک و پەســەند کردنی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار، واتا کۆتـایی هـاتنی مـاوەی ســـەرۆکی دەوڵەت پێش کۆتـایی هـاتنی ئەو ماوەیەی که له دەستوور بۆی دیاریکراوه[2].

هەر وەکو له ماددەی (١٦٠)ی دەستووری میسری ساڵی٢٠١٤ دا هاتووه[3]، هەروەها له بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٥)ی دەســـتووری عێراقی ســاڵی٢٠٠٥ ئاماژەی به دەســت له کار کێشــانەوی ســەرۆک کۆمار کردووه[4]، دەســـت له کار کێشـــانەوەش دوو جۆری هەیه، که یەکەمیان دەســت له کار کێشــانەوەی ئارەزوو مەندانەیه، به ویســتی خۆیی دەیکات، ئەم دەســـــت له کـار کێشـــــانەوەیەش لەبەر چەنـد هۆکارێکی جیاوازە، لەوانەیه هۆکارەکان تەندروسـتی بن، که سـەرۆک نەتوانێت پەیڕەوی دەســــەڵاتەکانی بکات، دووەمیان دەســـت له کار کێشـــانەوەی بەزۆرییه، له ئەنجامی ڕوودانی قەیرانێکی ســـەخت له نێوان گەل و ســەرۆکدا، نمونەی ئەوەش دەســت له کار کێشــانەوەی

(١) د. سحر محمد حسنين، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣.

(٢) د. رافع خضــر صــالح شــبر، وضــع الســلطة التنفيذية في النظام البرلماني، منشورات زين الحقوقية، بيروت، منشورات زين الحقوقية، ٢٠٢٠، ل٥٩-٦٠.

(٣) له ماددەی (١٦٠)ی دەستوری میسـری سـالی٢٠١٤ دا هاتووه "کاتێک پۆسـتی سەرۆک بەهۆی دەست لەکارکێشانەوه چۆل دەبێت، ..... ئەنجوومەنی نوێنەران چۆڵبوونی ئەم پۆسته ڕادەگەیەنێت، ....."

(٤) له ماددەی (٧٥)ی دەســـتوری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ دا هاتووه "که بۆی هەیه دەست لەکارکێشانەوه به نووسراو پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات، له ماوەی حەوت ڕۆژ دوای پێشـکەشـکردنی دەسـت لەکارکێشـانەوەکەی پەسـەند دەکرێت"

سەرۆکی میسر (حوسنی موبارەک) لە ساڵی ٢٠١١ دا زۆری لێکرا دەست لە کار بکێشێتەوە، شۆرشی (٢٥)ی ینایری ساڵی ٢٠١١ لە مەیدانی تەحریر و شوێنەکانی تر، کۆڵەگەکانی ڕژێمی هەژاند، و پۆلیس بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند هێزەکانی کێشاوە و سوپا شوێنی گرتەوە، کەوا لە سەرۆکی دەوڵەت کرا لیوا (عومەر ئەلیمان) بکات بە جێگری سەرۆک کۆمار و پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، کە چەند مانگێک پێش ئەم ڕووداوانە هەڵبژێردرا بوو[1]، ئەم لەسەر کار لادانەش پێش ئەوەی ماوەی ویلایەتی تەواو ببێت، چونکە هەڵبژاردنی میسر لە ساڵی ٢٠١٠ دا ئەنجامدرابوو، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی (٢٥)ی ینایری ساڵی ٢٠١١ ئەنجومەنی باڵای هێزە چەکدارەکان دەست بەکار بوو، دەستوری ساڵی ٢٠١١ پەسەند کرد، کە هەمواری ڕێگاکانی هەڵبژاردنی یاساداناني کردووە، لە دواتریشدا هەڵبژاردنی سەرۆک، ئەنجومەنی باڵای هێزە چەکدارەکان ٢٠١١/١١/٢٨ دیاریکرد بۆ قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل، کە بە سێ قۆناغدا بەڕێوە دەچێت، بە سیستەمی دوو لەسەر سێی کورسیەکان، وە بەسیستەمی تاکی بۆ سێیەکی ماوە[2]، هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە بوە هۆی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکی وڵات و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێش وەختە.

دوای هەڵبژاردنی پێش وەختەی میسری ساڵی ٢٠١١ کە بە سێ قۆناغ بەڕێوچوو، کە بیست حزب توانی کورسی ئەنجومەنی گەل بە دەست بهێنیت، لە کۆی پەنجاو شەش حزب کە بەشداری هەڵبژاردنی کردبوو، هاوپەیمانی دیموکراتی توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت کە حزبی ئازادی و دادپەروەری سەرۆکایەتی دەکرد، لە ٤٧.٢٪

(١) التقرير النهائي لجنة مركز كارتر لمتابعة الانتخابات البرلمانية في مصر، ٢٠١١-٢٠١٢.

(٢) باسم القاسم، ربيع الدنان، مصر بين عهدين مرسى و السيسي، دراسة مقارنة، مركز الزيتونن للدراسات والاستشارت، بيروت، ٢٠١٦، ل٦١.

کورسییەکانی ئەنجومەنی گەل و ٦٠ ٪ ئەنجومەنی شورای بە دەست هێنا، کە ٢٣٥ کورسی دەکرد، حزبی نوری سەلەفی ٢٤٪ کورسییەکانی بە دەست هێنابوو کە ١٢٣ کورسی دەکرد، حزبی الوفد ٩٪ کورسییەکانی بە دەست هێنابوو کە ٣٨ کورسی دەکرد، کوتلەی میسریش ٣٥ کورسی بەدەست هێنابوو(١).

لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل لە ٢٣-٢٤/ ٢٠١٢/٥، هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی دەوڵەت کرا، کە (١٣) کاندید هەبوو، دوانیان توانیان لە قۆناغی یەکەمدا زۆرترین دەنگ بە دەست بهێنن، لە قۆناغی دووەم لە ١٦-٢٠١٢/٦/١٧ لە نێوان (مەحەمەد مورسی) و (ئەحمەد شەفیق) ئەنجامدرا، لە ٢٠١٢/٦/٢٤ لێژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕاگەیاند، مەحەمەد مورسی ٥١.٧٪ دەنگەکانی بە دەست هێنا. هەروەها دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکی جەزائیر (عبدولعزیز بوتفلیقة) و دەست بە کار بوونی سەرۆکی کاتی (عبدولقادر بن سالح) لە ٢٠١٩/٤/٢دا(٢).

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەدەین، لە هەردوو حاڵەتی لە کار لابردن و دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک، دەبێتە هۆی چۆڵبوونی پۆستەکەی، پێش ئەوەی سەرۆک ئەو ماوە یاساییەی کە لە دەستووردا هاتووە تەواو بکات، پاش پەسەندکردنی لەسەر کار لابردنی و دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک ناتوانێت لە کارەکانی بەردەوام بێت، بەمەش دەبێت هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ پۆستی سەرۆکی نوێ ئەنجام بدرێت، تاکو ئەم هەڵبژاردنەش ئەنجام دەدرێت، زۆربەی دەستوورەکان ڕاپەڕاندنی کارەکانیان سپاردووە بە جێگر بەشێوەیەکی کاتی، تا ئەوکاتەی هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت.

---

(١) باسم القاسم، ربيع الدنان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٢) د. مازن ليلو، د، علي مجيد العكيلي،حالات تولية رئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١٥.

## ٢-پەککەوتنی هەمیشەیی سەرۆکی دەوڵەت

ڕەنگە سەرۆک لە جێبەجێکردنی ئەرک و دەسەڵاتەکانی لە ماوەی سەرۆکایەتیدا پەکی بکەوێت بە هەر هۆکارێک بێت، بەهۆی نەخۆشی جەستەیی یان دەروونی بێت، کە وای لێدەکات نەتوانێت ئەرک و دەسەڵاتەکانی بە تەواوی ڕابپەڕێنێت، و بە شێوەیەکی هەمیشەیی پەککەوتەی دەکات[١]، پەککەوتنی هەمیشەیی یەکێکە لە هۆکارەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت بە شێوەیەکی هەمیشەیی، و سەرۆکی کاتی بە پێی دەقی دەستوور هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی[٢]، دەستوورەکان لە بەکارهێنانی چەمکی پەککەوتنی هەمیشەیی جیاوازییان هەبووە[٣].

لەو دەستوورانەی بە پەککەوتنی هەمیشەیی وەرگرتووە، ماددەی (١٦٠)ی دەستووری میسری ساڵی ٢٠١٤ یە[٤].

---

(١) د. علي مجيد العكيلي، د.لمى علي الظاهري، نائب رئيس الدولة في الانظيمة الدستورية المعاصرة، المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية، القاهرة، ٢٠١٨، ل٨٦

(٢) د. علي مجيد العكيلي، النظام القانوني لرئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

(٣) دەستورەکان سەبارەت بەو چەمکەی بەکاردێت بۆ حاڵەتی لە دەستدانی شیاوی یان پەککەوتنی هەمیشەیی جیاوازیان هەبووە، هەندێک لە دەستورەکان زاراوەی جێبەجێ نەبوونی ڕەها، پەککەوتنی هەمیشەیی، هەبوونی بەربەستێکی کۆتایی، یان بەربەستێکی ڕەها وەرگرتووە، وە هەندێک لە دەستورەکان بە زاراوەی نەخۆش، نەبوونی توانای جەستەیی وەرگرتووە، د. زین بدر فراج، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣،٧٤.

(٤) ماددەی (١٦٠)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە "... لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی کۆمار بەهۆی دەست لەکارکێشانەوە، مردن، پەککەوتنی هەمیشەیی لەکارەکەی، ئەنجوومەنی نوێنەران چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک ڕادەگەیەنێت،...... بەمەش ئەنجوومەنی نوێنەران دەستەی نیشتیمانی هەڵبژاردن ئاگادار دەکاتەوە"

هەرچی دەســـتووری عێراقییە بە شـــێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بە پەککەوتنی هەمیشـەیی سـەرۆک کۆماری نەکردووە، بەڵام هەندێک لە یاساناسـان پێیان وایە بڕگەی (سـێیەم)ی ماددەی (٧٥)ی دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥ کە دەڵێت "لە کاتی نەبوونی سـەرۆک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک، جێگر جێگـای دەگرێتەوە، ئـەنجوومـەنی نوێنەران دەبێـت سـەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت،.......)[١]، کە ئەم بڕگەیە ئـامـاژەی بە پەککەوتنی هەمیشـەیی داوە نەوەک کـاتی، چونکە ئەو بڕگەیە ئەنجوومەنی نوێنەرانی دیاریکردووە سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت[٢].

نمونەی پەککەوتنی هەمیشەیی سەرۆک کۆماری جەزائیر (هواری بومدین) پاش نەخۆش بوونی و وەرگرتنی چارەسـەر لە دیسـیمبری سـاڵی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کرد[٣]، لەم کاتەدا بە پێی ئەحکامەکانی بڕگەی (٥)ی ماددەی (١١٧) دەسـتوری ١٩٧٦ سـەرۆکی ئەنجومەنی گەلی نیشـتیمانی سـەرۆکایەتی دەوڵەتی بە شـێوەی کاتی بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ گرتە دەسـت، لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنێکی پێش وەختە بۆ سـەرۆکایەتی کۆمار ڕێکخرا، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پێش وەختە کاندیدی بەرەی رزگاری (الشاذلي بن حديد) بوو بە سەرۆک کۆماری جەزائیر[٤].

کەواتە بە گوێرەی دەقە دەسـتوورییەکـانی وڵاتـان لە کـاتی پەککەوتنی سـەرۆکی وڵات بە شـێوەی هەمیشـەی پۆسـتی سـەرۆک

---

(١) ماددەی (٧٥)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) د. علي مجيد العكيلي، النظام القانوني لرئيس الدولة المؤقت، سـەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٣) منيرة بلورغي، المركز القانوني لرئيس الجمهورية في الجزائير بعد التعديل الدستوري لسنة ١٩٩٦ واثره على النظام السياسي، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في الحقوق، جامعة محمد خضيرة- بسكرة، سنة ٢٠١٣-٢٠١٤، ل ٩٢.

(٤) مزيان حميد، اشكالية شغور منصب رئيس الجمهورية في الجزائير (بين النص والتطبيق) المجلة الاكاديمية للبحث القانوني، المجلد ١١، العدد٣، ٢٠٢٠، ل٤٣٩.

چۆڵ دەبێت، بە چۆڵبوونی ئەم پۆســـتەش پێش تەواوکردنی ماوەی دەستووری، دەبێت هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ پۆستی سەرۆکی وڵات ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی لە وڵاتدا دروست نەبێت.

**٣-مردنی سەرۆکی دەوڵەت**

مردن یەکێکە لەو حاڵەتانەی، کە دەبێتە هۆی نەمان و چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی دەوڵەت، بەگشـــتی مردنی ســـەرۆکی دەوڵەت ڕووداوێکی یاسایی و سروشتییە، کۆتایی بە ماوەی سەرۆکی دەوڵەت دەهێنێت[١]، ئینجا مردنەکە ڕاســـتی یان حوکم دراو بێت[٢]، وە چەند هۆکاری تریش هەیە بۆ مردن[٣]، ئەوەی مەبەســـتمانە لێرە مردنی ڕاســـتییە، کە دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتی ســـەرۆکی دەوڵەت بە شـێوەیەکی ڕاســتەوخۆ پێش ئەوەی ماوەی دەســتووری تەواو بکات.

---

(١) د. محمد عدنان ناجي، تاثير البرلمان على رئيس الدولة بين النص القانوني والواقع العملي على ضـوء اهم التعديلات الدسـتورية المسـتحدثة، الكتاب الثاني، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة، ٢٠٢٠، ل١١٠.

(٢) مردن وا پێناســـە دەکرێت ( کۆتایی هاتن وڕاوەســـتانی ئەندامە زیندووەکانی جەستەیە، وەکو سیستەمی دەمار و سیستەمی سوڕی و سیستەمی هەناسەدان لەکار بکەوێت)، مردنی ڕاســـتەقینە مانای ئەوەیە کەســـەکە لەســـەرە مەرگە و ڕۆحی ڕادەســـتی خالقەکەی دەکات، یان ڕۆحی لە جەســـتەی دەرچووە، بەڵام مردنی حوکم دراو لە کاتێکدا دەبێت، کە دادوەر حوکم بە مردن دەدات لەگەڵ ئەگەری ژیان. د. مازن ليلو، د، علي مجيد العكيلي،حالات تولية رئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢١.

(٣) مەرج نیە مردن تەنها بە هۆکاری سـروشـتی بێت، بەڵکو بە هۆکاری تیرۆرکردنیش ڕوودەدات، لەم حاڵەتەشـــدا دەبێتە هۆی کۆتایی پێهاتنی ماوەی ســـەرۆکایەتییەکەی بە هۆکاری مردن، نموونەی ئەوەش کاتێک ســـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جون کەنەدی) لە ســـاڵی ١٩٦٣ دا تیرۆر کرا، ســـەرۆکی نوێ (جونســـون) بوو بە ســـەرۆک، ئەوەش لێکەوتەی تیرۆرکردنی ســـەرۆک بوو، د. علي يوسـف الشـكري، رئيس الدولة في الاتحاد الفيدرالي، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقي، ٢٠١٤، ل٨٩،٩٠.

ئەم جۆرە کۆتایی هاتنە زۆر مەترسی هەڵدەگرێت، دەبێتە هۆی چۆڵبوونی لەناکاو لە پۆستی سەرۆکایەتیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی لە دام و دەستگا گشتییەکانی دەوڵەتدا، بۆیە زۆرێک لە دەستوورەکان ئاماژەیان بەوەداوە، مردن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەبێتە هۆی کۆتایی ناسروشتی ماوەی سەرۆکایەتی[١].

لە بەشی (٨٤)ی دەستووری تونسی ساڵی ٢٠١٤ دا باسی حاڵەتی مردنی سەرۆکی کردووە بەم شێوەیە "..... لە حاڵەتی مردن، یان لە حاڵەتی پەککەوتنی هەمیشەیی، یان هەر هۆکارێکی تر، ببێتە هۆی چۆڵبوونی کۆتایی، دادگای دەستووری بەپەلە کۆدەبێتەوە، بڕیار لە چۆڵبوونی کۆتایی دەدات، ئاگاداری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکاتەوە، بە شێوەیەکی کاتی پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار بکات"[٢]، نموونەی ئەوەش مردنی سەرۆکی تونسی (الباجي قايد السبسي) و سەۆکی کاتی (محمد الناصر) کە بەشێوەی کاتی شوێنی گرتەوە لە ٢٠١٩/٧/٢٥دا.

لە دەستووری میسریش لە ماددەی (١٦٠)ی دەستووری ساڵی ٢٠١٤دا، باسی حاڵەتی مردنی سەرۆک کۆمار کراوە بەم شێوەیە "لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار،.....یان مردن، ......، ئەنجوومەنی نوێنەران چۆڵبوونی پۆستەکەی ڕادەگەیەنێت"[٣]، کەواتە لە دەستووری میسریشدا مردن دەبێتە یەکیک لە حاڵەتەکانی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار.

لە هەمان کاتدا لە هەندێک دەستووردا، هیچ دەقێک بە شێوەیەکی ڕوون دەربارەی مردنی سەرۆکی دەوڵەت نەهاتووە، بەڵکو بە شێوەیەکی لاوەکی باسی کردووە، نموونەی ئەم دەستوورانەش،

---

(١) د. علي مجيد العكيلي، النظام القانوني لرئيس الدولة المؤقت، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٢) بەشی (٨٤)ی دەستوری تونسی ساڵی ٢٠١٤.

(٣) ماددەی (١٦٠)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤.

دەســـتووری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٧٥) بەم شـــێوەیە هاتووە، "لە کاتی نەبوونی ســـەرۆک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک،........)[١]، تێبینی ئەوە دەکەین، کە دەســـتووری عێراقی ســـاڵی ٢٠٠٥ بەشـــێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بە مردنی ســـەرۆک کۆمار نەکردووە، بەڵکو بەشێوەی ڕەها ئاماژەی پێداوە.

لێرەشـــەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەمردنی ســـەرۆکی دەوڵەت، چۆڵبوونی پۆستەکەی ڕادەگەیندرێت، بەمەش دەبێت هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ پۆســـتی ســـەرۆکی وڵات ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی هیچ بۆشایەکی یاسایی دروست نەبێت و سەرۆکی نوێ کار و بارەکانی وڵات بەڕێوە ببات.

## لقی دووەم
## پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی چۆڵبوونیدا

ســـیســـتەمە دەســـتوورییەکان چەند میکانزمێکی گونجاویان دامەزراندووە، بۆ ئامانج و مسۆگەرکردنی ئەوەی بۆشایی یاسایی لە لوتکەی هەرەمی دەســـەڵات دروســـت نەبێت، بۆ ئەم مەبەســـتە چەند چارەسەرێکی گونجاو دانراوە، بەڵام ئەو چارەسەرانە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر جیاوازن، کە لەهەندێکیاندا کەموکوڕی یاسادانان هەیە، ئەو سیستەمانە بەڕێگەی جیاواز چارەسەری کێشەی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکیان کردووە ، هەندێکیان ئەرکەکانی ســـەرۆکی دەوڵەتیان بە دەســـەڵاتی چێبەجێکردن (جێگری ســـەرۆک و ســـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران) ســـپاردووە، و هەندێکی تر دەســـەڵاتەکانی بە دەسەڵاتی یاسادانان (سەرۆکی یەکێک لە ئەنجوومەنەکان) سپاردووە، بۆ ئەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی لە کارکردن بەردەوام بێت، و

---

(١) ماددەی (٧٥)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

بۆشـــایی یاســـای دروســـت نەبێت، بۆ ئەم مەبەســـتە ئەم لقە بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

## یەکەم: دیاریکردنی شوێنگرەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرۆکایەتی کاتی

زۆربەی دەستوورەکان شوێنگرەوەیان دەست نیشان کردووە کە شوێنی سـەرۆکی دەوڵەت دەگرێتەوە، لەو کاتەی کە پۆستی سـەرۆکی دەوڵەت چۆڵدەبێت، و دەســـت نیشـــانکردنی ئەو کەســـەی ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات[1]، هەندێک لە دەســـــتوورەکان لە کاتی چۆڵبوونی پۆســـــتی ســـــەرۆکی دەوڵەت، بە شـــێوەیەکی کاتی و هەمیشـــــەیی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆک بە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن دەدەن، و هەندێک دەســـــتووری تریش بە دەســـــەڵاتی یاســـــادانان دەدات، و هەندێک دەســـــتوور مەرجی داناوە لە کاتی چۆڵبوونی هەمیشـــــەیی دەبێت هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت[2].

لە زۆربەی وڵاتان لە کاتی چۆڵبوونی پۆسـتی سـەرۆکی دەوڵەت بە شێوەی کاتی یان بە شێوەی هەمیشەیی، جێگری سەرۆکی دەوڵەت کارەکان و دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆکی دەوڵەت بەڕێوەدەبات، دەکرێت ئەو کەســـەی جێگای ســـەرۆک دەگرێتەوە کەســـێکی تربێت، و دەقە دەســـتوورییەکان بەرپرســـیارن لە دەســـتنیشـــانکردنی ئەو کەســـەی پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی چۆڵبوون دەکات[3].

---

(١) د. كايد يوسف محمود قرعوش، طرق انتهاء ولاية الحكام في الشريعة الاسلامية والنظم الدستورية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٧، ل٣٩١.

(٢) د. زين بدر فراج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

(٣) د. رافع خضـــير صـــالح، اســـاليب معالجة حالة خلو منصـــب رئيس الدولة،العدد الاول، الســـنة العاشـــرة، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والســـياســـية، ٢٠١٨، ل١٤.

لە ماددەی (٩٤)ی دەستووری جەزائیری ساڵی ٢٠٢٠ دا بڕیاری داوە لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت، دەسەڵاتی یاسادانان ئەو شوێنەیە کە ئەرکەکانی سەرۆکی دەوڵەت بە هەردوو شێوەکەیەوە بەڕێوە دەبات[1].

هەروەها لە ماددەی (١٦٠)ی دەستووری میسری ساڵی ٢٠١٤ دا[2]، یاسادانەری میسری لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار، دەسەڵاتەکانی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدرێت، ئەگەر ئەویش ئامادده نەبوو، دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتەکانی بە شێوەی کاتی وەردەگرێت، ئەگەر ئەویش ئامادده نەبوو سەرۆکی دەستەی گشتی دادگای دەستووری باڵا دەسەڵاتەکان وەردەگرێت، کەواتە

(١) لە ماددەی (٩٤)ی دەستوری جەزائیری ساڵی ٢٠٢٠ دا هاتووە "ئەگەر سەرۆک کۆمار نەیتوانی ئەرکەکانی بەهۆی نەخۆشی مەترسیدار و درێژخایەنەوە جێبەجێ بکات،......سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە (٤٥) ڕۆژ بە وەکالەت سەرۆکایەتی پێ دەسپێردرێت،........، لە حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی کۆمار یاخود مردنی، ........، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کارەکانی سەرۆک کۆمار بەڕێوەدەبات، بۆ ماوەیەک لە (٩٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، دەبێت لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت

(٢) لە ماددەی (١٦٠)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە "ئەگەر بەربەستێکی کاتی هەبێت ڕێگری لە سەرۆکی کۆمار بکات دەسەڵاتەکانی جێبەجێ بکات، جێگری سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جێگەی دەگرێتەوە، ئەگەر سەرۆک کۆمار جێگری نەبێت یاخود نەیتوانی جێگەی بگرێتەوە، ........، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار وەردەگرێت، لە کاتی ئامادە نەبوونی ئەنجوومەنی نوێنەران، سەرۆکی دەستەی گشتی دادگای دەستووری باڵا شوێنی دەگرێتەوە، لە هەموو باردۆخێکدا دەبێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت، لە ماوەیەک کە لە (٩٠) ڕۆژ لە ماوەی چۆڵبوونی ئەم پۆستە تێپەڕ نەکات،....."

دەسەڵاتەکان بە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەدرێت، تاوەکو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام دەدرێت[1].

لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٥)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا باسی ئەم بارودۆخەی کردووە، کە لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆک کێ پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات بەم شێوەیە، "یەکێک لە جێگرەکان جێی سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە لە کاتی ئامادە نەبوونیدا"، هەروەها لە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددە دا ئاماژە بە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار دەدات بە هەر هۆکارێک بێت، بەم شێوەیە "لە کاتی نەبوونی سەرۆک کۆمار لەبەر هەر هۆیەک، جێگر جێگای دەگرێتەوە، ئەنجوومەنی نوێنەرانیش دەبێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت لە ماوەیەکی دیاریکراو پاش چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار، بە مەرجێک لە سی ڕۆژ تێپەر نەکات[2].

لە پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی یاسای جێگرانی سەرۆک کۆمار، جیاوازی کردووە لەوەی لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک کۆمار بە شێوەی کاتی کام جێگر شوێنی دەگرێتەوە، هەروەها لە کاتی چۆڵبوونی هەمیشەیی کام جێگر شوێنی دەگرێتەوە، لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٥) دا هاتووە، " سەرۆک کۆمار بۆی هەیە هەر یەکێک لە جێگرەکانی ڕابسپێرت و شوێنی سەرۆک بگرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونیدا بە هەر هۆکارێک" وە لە بڕگەی (٤)ی هەمان ماددە هاتووە " جێگری یەکەم شوێنی سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە، لە کاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆک، تاکو

---

(١) د. وليد سالم النمر، القانون الدستوري، المبادى الدستورية العامة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠١٤، ل٥١٠.

(٢) ماددەی (٧٥)ی دستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

ســەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت لە ماوەیەکدا کە لە ســی ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە بەرواری چۆڵبوون"[1].

## دووەم/ ڕێوشوێنی دەستووری بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی بۆشایی لە سەرۆکایەتیدا

زۆربەی دەســتوورەکان بڕیاریان لەســەر ئەو ڕێوشــوێنانە داوە، کە ئامانج لێی دروســت نەبوونی بۆشــایی یاســاییە لە دەســەڵاتدا، لە کاتی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی کۆمار و چۆڵبوونی پۆســـتی جێگرەکەی کە جێگای دەگرێتەوە، ڕاســـتەوخۆ لە حاڵەتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت کێ پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات، هەندێک لە دەســـتوورەکان بڕیاریانداوە چەند کەســـایەتیەکی فەرمی لە کاتی چۆڵبوونی ئەو پۆستە بە شێوەیەکی کاتی ئەو پۆستە بەڕێوە ببەن، بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی لە وڵاتدا دروست نەبێت[2].

هەندێک لە دەســـتوورەکان بڕیاریانداوە، کە لایەنی تایبەتمەند حاڵەتی چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت ڕابگەیەنێت، لە فەڕەنسا لە ماددەی (٧)ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ بڕیاردراوە کێ بڕیار لەسەر چۆڵبوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت دەدات، هەروەها بڕیاری ئەوەی داوە لە کاتی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی دەوڵەت کێ دەبێت بە ســـەرۆکی دەوڵەت، لە دەســـتووری فەڕەنســـی هاتووە، ئەو لایەنەی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی وڵات ڕادەگەیەنێت، ئـەنجوومـەنی دەســـتووری فەڕەنســـییە لەســـەر داوای حکومەت، هەروەها لە کاتی چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆک، ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پیران بە شـــێوەیەکی کـاتی جێگـای دەگرێتەوە، ئەگەر هـاتوو ســـەرۆکی

---

(١) ماددەی (٥)ی النظام رقم (١) لســـنة ٢٠١٤ لتســـهيل تنفيذ احكام قانون نواب رئيس الجمهورية، منشور من وقائع العراقية، عدد ٤٣٣٦، ٢٢ ايلول ٢٠١٤.

(٢) د. علي الباز، نائب رئيس الدولة في الانظمة الدســـتورية العربية وفي الولايات المتحدة"، مجلة الحقوق، كلية الحقوق، جامعة الكويت، العدد٤، سنة ١٩٨٨، ل٤٤.

ئەنجوومەنەی پیران شـــایســـتەی ئەوە نەبوو، حکومەت پەیڕەوی ئەم پۆســــتە دەکـات، لە ئەگەری چۆڵبوون یـان ئەگەر ئـەنجوومـەنی دەستووری ڕاییگەیەنێت کە نەبوونی سەرۆک کێشەیەکی هەمیشەییە، ئەوا دەبێت هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێت[1].

لە بڕگەی (٤)ی ماددەی (٧٥)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا، چارەسەری ئەوەی کردووە ئەگەر هاتوو سەرۆک و جێگری سەرۆک نەبوون کێ دەســـەڵاتەکانی بە ڕێوە دەبات بەمشـــێوەیە " لە کاتی نەبوونی ســـەرۆک کۆماردا، ســـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران جێگای دەگرێتەوە، ئەگەر ســـەرۆک کۆمار جێگری نەبوو، دەبێت ســـەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بە مەرجێک لە ســی ڕۆژ تێپەر نەکـات لە ڕێککەوتی چۆڵبوونی ئەو پۆســـــتە و بەگوێرەی بڕگەکانی ئەم دەستوورە"[2].

لە دەســتوری عێراقی ســاڵی ٢٠٠٥ دا هیچ دەقێک لەبارەی لایەنی پەیوەندیدار بە ڕاگەیاندنی حاڵەتی چۆڵبوونی پۆسـتی سـەرۆک کۆمار ڕابگەیەنێـت، نمونەی ڕووداوی ئەوەش لە کـاتی نەخۆش بوونی ســـــەرۆک کۆماری خولی دووەم خوا لێ خۆش بوو ســـــەرۆک (مام جەلال) بەهۆی نەخۆش بوونی بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ، لێرەش ئەنجومەنی نوێنەران هـاتەدەنگ بۆ ئەوەی بڕیـاربدات چۆڵ بوونەکە هەمیشـــــەییە یان کاتییە، ســـــەرۆک کۆمار برایە دەرەوەی وڵات بۆ چارەســـەر و دڵنیا بوون لەباری تەندروســتی، لەو کاتەشـدا هەرســێ ســـــەرۆکایەتیەکە ڕایی جیاوازیان هەبوو، بۆ شـــــیکردنەوەی دۆخی یاســـایی بەهۆی چۆڵبوونی پۆســتی ســەرۆک کۆمار، لەو ماوەیەشــدا جێگری ســـــەرۆک جێگەی گرتەوە و کـارەکانی ڕایی دەکرد، بەهۆی ئامادە نەبوونی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، سەرۆکی داواکاری گشتی

---

(١) ماددەی (٧)ی دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨.

(٢) ماددەی (٧٥)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

نوسراوێکی ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد[١]، کە تێیدا داواکرابوو ڕێو شوێنی دەستوری بگرێتەبەر بەهۆی چۆڵ بوونی پۆستی سەرۆکی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەهۆی نەخۆشی، بە جێبەجێکردنی بڕگەی (ج/ دووەم) لە ماددەی ٧٢ دەستوری عێراق[٢]، داواکاری گشتی ئەم داوایەی پێشکەش کرد لەسەر بنەمای ڕێگە پێدانی یاسای بە دەزگای داواکاری گشتی، کە دەسەلاتی پێداون بۆ پاراستنی و هێنانەدی بەرقەراری لە ئاسایشی دەوڵەت و دام و دەزگاکان مسۆگەر بکات، و گرنگی بە دیموکراسی و بەرژەوەندییە بالاکانی گەل بدات، و سەرمایەکانی دەوڵەت بپارێزن، هەروەها ڕۆڵیان لە پشتگیریکردنی سیستەمی فیدڕاڵی دیموکراسی هەبێت، وە پارێزگاری لە بناغە و جومگەکانی لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە شەرعیەتدانیدا بکات، و گەرەنتی لە ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی یاسا هەبێت، بەگوێرەی یاسای داواکاری گشتی[٣]، بەلام ئەنجومەنی نوێنەران داواکەی ڕەتکردەوە، بەوەی کە مەرجەکانی چۆڵ بوونی لەسەر جێبەجێ نابێت بۆ ئەوەی سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت، ئەوەش بەهۆی ئەوە بوو ڕاپۆرتە پزیشکیەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە بەردەوامی سەرۆکی کۆمار تەندروستی بەرەو باشتر دەڕوات، ئەوەش وادەکات کە پەککەوتنی هەمیشەیی لەسەر جێبەجێ نەبێت، و تەنها حاڵەتی ئامادە نەبوونی لەسەر جێبەجێ ببێت[٤].

(١) نوسراوی ژمارە(٢٧٣/ مکتب /٢٠١٣) لە ڕێککەوتی ٢٠١٢/٥/١٢

(٢) د. رحيم حسين موسى،" اختيار رئيس الجمهورية عند خلو منصبه في ظل دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥"، مجلة ابحاث ميسان، المجلد السادس عشر، العدد الثاني والثلاثون، ٢٠٢٠، ل١٦.

(٣) بڕگەی (یەکەم ، دووەم) لە ماددەی (١)ی یاسای داواکاری گشتی عێراقی ژمارە ١٥٩ ساڵی ١٩٧٩، هەڵوەشێنراو بە پێی ماددەی (١٧)ی لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە ٤٩ ساڵی ٢٠١٧.

(٤) د. رحيم حسين موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

له عێراق بڕیاری چاکســـــازی له لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو، بە ژمارە (٣٠٧)ی ســاڵی ٢٠١٥، کە تێیدا جێگرانی ســەرۆک کۆمــار و ئەنجومەنی وەزیران هەڵوەشـــێنرابویەوە، وە ئەنجومەنی نوێنەران بە بڕیاری ژمارە (١٥)ی ســـاڵی ٢٠١٥ پەســـەندی کردبوو، دواتر ئەم بڕیارە لە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵی تانەی لێدرا کە بڕیارەکە نا دەســـتورییە[1]، دادگای باڵای فیدراڵی لە ٢٠١٦/١٠/١٠ کۆبویەوە، دادگا ڕایگەیاند هەبوونی جێگرێک یان زیاتر بۆ ســـەرۆکی دەوڵەت لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٦٩)ی دەستور چەسپاندویەتی، لەسەر ئەو بنەمایە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ ی یاسای (یاسای جێگری ســـەرۆک کۆمـار) دەرچووە، بۆ ڕێکخســـتنی هەڵبژاردنی جێگرێک یان زیاتر بۆ ســەرۆک کۆمار، هەروەها لە بڕگەی (دووەم و سێیەم)ی ماددەی (٧٥)ی دەستور حاڵەتەکانی پەیڕەوکردنی چۆڵبوونی ســـەرۆکی کۆماری لە کاتی ئامادە نەبوون و چۆڵبوونی بە هەر هۆکارێک دیاریکردووە، بەمەش دەردەکەوێت هەڵوەشاندنەوەی پێگەی جێگری ســـەرۆک کۆمـار، واتـا هەمواركردنەوەی ئەحکـامەکـانی دەسـتوری کۆماری عێراقی سـاڵی ٢٠٠٥دێت، لە کار خسـتنی ماددەی (٦٩) و (٧٥) بەو شـــێوازە نەکراوە کە لەماددەی (١٤٢)ی دەســـتوردا هاتووە، کە دەبێت زۆرینەی ڕەهای ئەندامان لەسەر هەموار ڕازی ببن و هەروەها دەبێت گەل دەنگی لەسـەر بدات، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی جێگری ســـەرۆک کۆمار کە تانەی لێدرابوو بە نادەســـتوری و بە سـەرپێچی ماددەی (١٤٢)ی دەسـتور دەرچووە، لەسـەر ئەوە دادگای بـاڵای فیـدراڵی بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (٩٣)ی دەســـتور بڕیاریدا بە هەڵوەشـــاندنەوەی بڕگەی (٢/یەکەم) لە بڕیاری ژمـارە (٣٠٧) ی ئەنـجومەنی وەزیـران لە ٢٠١٥/٨/٩ بە هـۆی ئەوەی کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی دەستورە.

---

(١) بڕیاری ژمارە( ١١٩ / اتحادية/ ٢٠١٥)، لە ڕۆژی ٢٠١٦ /١٠/١٠ دەرچووە.

دەســـتووری عێراقی چارەســـەری ئەوەی کردووە، ئەگەر هاتوو پۆســـتی ســـەرۆکی دەوڵەت و جێگرەکەی چۆڵ ببێت بە شـــێوەی هەمیشـەیی، ئەوا سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران شـوێنی دەگرێتەوە، بەڵام یاســـادانەری عێراقی ئاماژەی بەوە نەداوە کێ دەی ســـەلمێنێت یاخود ئەولایەنە تایبەتمەندە کوێیە کە چۆڵبوونی پۆســـتی ســـەرۆکی کۆمار ڕادەگەیەنێت.

لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ دا کاتێک سەرۆک کۆمار ماوەی یاسای تەواو بوو، لەدوای هەڵبژاردنی  حکومەت پێک نەهات، لە بەرواری ٢٠١٠/٧/١٢ ســـەرۆکی کۆمار نوســـراوێکی ئاڕاســـتەی دادگای باڵای فیدڕاڵی کرد، بە مەبەســـتی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئایا لە دوای تەواو بوونی ماوەی یاســـای ســـەۆکی کۆمار لە کارەکانی بەردەوام دەبێت یاخود نا؟ لە بەرواری ٢٠١٠/٧/١٣ دا دادگای باڵای فیدڕاڵی کۆبویەوە و بڕیاریدا، کە سەرۆکایەتی کۆمار پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات لەسەر بنەمای ئەحکامی بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (١٣٨) لە دەستور، لەسەر ئەو داوایەی پێشکەش کراوە، دادگای باڵای فیدڕاڵی بڕیاریدا (ئەنجومەنی ســـەرۆکایەتی) بەردەوام دەبن لە پەیڕەوکردنی دەســـەڵاتی ســـەرۆکایەتی تاکو هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆمار بە پێی ئەحکامەکانی ماددەی (٧٢) لە دەستور دەکرێت[(١)].

بەهەمان شـێوە لە سـاڵی ٢٠٢٢ لە عێراق بەهۆی تەواو نەبوونی نیســـابی یاســـایی بۆ هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆمار، گرفتی یاســـایی دروست بوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆک کۆمار ( د. بەرهەم سالح) داوای لە دادگای فیدڕاڵی کرد بە نوســـراوی ژمارە ( م. ر. ج/٣٩٥/٣/١ لە ٢/٨/ ٢٠٢٢) کە لێکدانەوە بۆ بڕگەی ( دووەم) لە ماددەی (٧٢) ی دەســـتوردا بکات، کە لە دەقەکەدا چارەســـەری ئەو حاڵەتی نەکردووە کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران بەهۆی تەواو نەبوونی نیســـابی یاســـای نەتوانێت کۆببێتەوە، ئایا دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆک کۆمار چی بەســـەر

---

(١)  بڕیاری ژمارە( ٥١/ اتحادية/ ٢٠١٠)، لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ دەرچووە.

دێت؟ له بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی هاتووه، سەرۆکی کۆمار له پەیڕەوکردنی دەسـەڵاتەکانی بەردەوام دەبێت، تاکو سـەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت، سـەرەڕای کۆتایی هاتنی ماوەی ویلایەتەکەی به کۆتایی هاتنی خولی ئەنجومەنی نوێنەران[١].

## باسی دووەم
## هەڵبژاردنی پێش وەختە وئەنجوومەنی وەزیران

هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان پێش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو له دەسـتوردا به تەنها لێکەوتەی لەسـەر دەسـەڵاتی یاسـادانان بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش دروست دەکات، وە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن له چەند حاڵەتێکدا پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەبات، له ئەنجامی ئەو هەڵوەشانەوەیەش دەسـەڵاتەکانی حکومەت سنوردار دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسه بەسەر دوو مەبەستدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

مەبەسـتی یەکەم: هۆیەکانی پەنابردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە

مەبەستی دووەم: دەسەڵاتەکانی حکومەتی دەست لەکارکێشاوە و متمانە لێسەنراو

(١) بڕیاری ژمارە (٢٤/اتحادية/٢٠٢٢) له ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/١٣ دەرچووە.

## مەبەستی یەکەم
## هۆیەکانی پەنابردنی ئەنجوومەنی وەزیران
## بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە

مـافی هەڵوەشـــانـدنەوەی پەرلەمـان گرنگترین ئـامرازە بۆ چارەسـەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان دەسەڵاتە دەستوورییەکانی دەوڵەتدا ڕوودەدات، و بە ڕێگایەک بۆ چارەســـەرکردنی نـاکۆکی و ململانێ لە نێوان دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن دادەنرێت، ئەگەر حکومەت نەتوانێت لەگەڵ زۆرینەی پەرلەمـاندا کۆ دەنگی یان قەنـاعەت بە زۆرینەی پەرلەمـانی بهێنێت، و زۆرینەی پەرلەمـانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات کۆنترۆڵ بکات، ئەوا هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان چارەســـەرە بۆ ئەم کێشـــە و ناکۆکییانە، هەروەها ڕێگای دەرچوونە لەو بنبەسـتییەی کە ڕێگرە لە هاوسـەنگی و هەماهەنگی لە نێوان دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتدا، ئەم مەبەسـتە دابەش دەکەین بەسـەر دوو لەقدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم: ململانێی نێوان پەرلەمان و وەزارەت

لقی دووەم: پێکهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی

### لقی یەکەم
### ململانێی نێوان پەرلەمان و وەزارەت

سـیسـتەمی پەرلەمانی ئەو سـیسـتەمەیە لەسـەر بنەمای هاوکاری نێوان هەردوو دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن بنیاتنراوە، ئەو هـاوکارییەی نێوان حکومەت و پەرلەمـان لە هەموو کاتێکدا نـاتوانێت ببێتە هۆی پێکەوە ژیـانی گونجـاو لە نێوانیـاندا، نـاکۆکی و ململانێ لە

نێوان هەردوو دەســـەڵاتدا، بە تايبەتی لە هەندێک بابەتی گرنگ و هەستياردا ئەگەری هەيە ڕووبدات[١].

ئەو ململانێيەی نێوان حكومەت و پەرلەمان باوترين شــێوەی ململانێيە، كە دەكريت لە نێوان دەســەڵاتە دەســتوورييەكانی دەوڵەتدا ڕووبدات، ئەگەر جياوازی بيروڕای پەرلەمان و حكومەت گەيشــتبێت بەبنبەســت و پەرلەمان بيەوێت متمانەی لێ بســەنێتەوە، و لە هەمان كاتدا وەزارەت پێی وابوو لەســـەر حەقە، پەرلەمان لە ســـنوری دەســـەڵاتەكانی خۆی لايداوە، و زۆرينەی ئەنجومەن لەســەر بيروڕای خۆيان دەبن، ئەمەش نيشانەی هەبوونی كێشـە و قەيرانە لە نێوانياندا، بەمەش مافی هەڵوەشـــانەوەی پەرلەمان ڕێگايەكی گونجاوە بۆ دەربازكردنی وڵات لەو بنبەستە سياسييەی كە هەيە، لێرەدا حكومەت پەنا دەباتە بەر ســـەرۆكی دەوڵەت و داوای لێ دەكات پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە[٢].

هەڵوەشـــانەوەی پەرلەمان بەهۆی ناكۆكی لە نێوان پەرلەمان و حكومەت، يەكێكە لەو هۆكارانەی دەبێتە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی، ئەمەش وای لە چەند دەســتوورێک كردووە بەشــێوەی ئاشــكرا دەق لەبارەی ئەم ناكۆكی وململانێيە بهێنن.

لەبەر ئەم هۆكـارەش لە ئينگلتەرا چەنـد جـارێـک پەرلەمـان هەڵوەشــێنراوەتەوە، كە پادشـــا پەرلەمانی هەڵوەشـــاندەوە بۆ چارەســـەركردنی ناكۆكی لە نێوان پادشـــا و حكومەت، لەوانە هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمـان لەلايەن حكومەتی پالمێرســـتۆن Palmerston لە ســاڵی ١٨٧٥، كاتێک ئەنجومەنی گشـتی گلەيی لە

---

(١) د. بشير علي باز، حق حل المجلس النيابي في الدساتير المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٢) د. ســليمان الطماوي، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل٥٢٠، دانا عبدالكريم ســـعيد، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٨، د. بشير علي باز، مجلة علوم القانونية، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

حکومەت کردن بۆ سیاسەتی لەگەڵ چین، ئەمەش وای لە سەرۆک وەزیران کرد، داوا لە پادشا بکات پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە[1].

هەروەها ئەنجوومەنی گشتی لە ئینگلتەرا لەماوەی ساڵێکدا دوو جار هەڵوەشێنراوەتەوە، بەهۆی ناکۆکی نێوان حکومەت و ئەنجوومەنی لۆردەکان، لە ساڵی ١٩٠٩، حکومەتی ئەسکوث Asquith پڕۆژەی یاسای بودجەی پێشکەش کرد، کە چاکسازی دارایی گرنگی تێدا بوو، کە ناونرابوو بە چاکسازی Bill، ئەنجوومەنی لۆردەکان ڕەتیکردەوە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٩ دەنگ لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ١٩١٠ بدات، کە چاکسازی گرنگی لە خۆ گرتبوو، پاساوی ڕەتکردنەوەی ئەنجوومەنی لۆردەکان ئەوە بوو، کە ئەو هیچ دەسەڵاتێکی نییە تا بڕیاربدات، کە ئایا ئەم چاکسازییە قبوڵ بکات، تا ئەو کاتانەی لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەبردرێت، ئەوەش لەلایەن ئەنجوومەنی لۆردەکان بەشێوەیەکی توند دژایەتی کرا، کە حکومەتیان لە نێوان دوو بژاردەدا سنوردار کرد، یان وازهێنان لەو چاکسازییە یان ئەنجوومەنی ئەنجومەنی گشتی هەڵبوەشێتەوە، کە لە ڕاپۆرتی بودجە و بەڕێوەبردنی داراییدا دەستێکی باڵای هەیە، ئەوە بوو ئەنجوومەنی ئەنجومەنی گشتی لە ١٠ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ دا هەڵوەشێنرایەوە، بە هەمان شێوەش لە ١٠ ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا دووبارە هەڵوەشاندنەوە ڕوویدا، بەهەمان هۆکاری سەرەوە کە باسمان کرد[2].

لە ئوردەنیش لە ساڵی ١٩٣١ پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە، ئەوەش دوای ئەوەی پڕۆژە یاسای بودجە لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە

---

(١) د. بشير علي باز، مجلة علوم القانونية، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣، دانا عبدالكريم سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٢) د. مجدي الشارف محمد الشبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدستورية المعاصرة، دراسة مقارنة، الجزء الاول، دار الايام للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ل، ١٨٠،١٨١، د. علاء عبدالمتعال، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩،٢١٠.

پەســـەند نەکرا، ئەنجوومەنی جێبەجێکردن گەڕایەوە بۆ داواکردن لە ئەنجوومەنەکە، بۆ پەســـەندکردنی بودجەی تەواوکراو، کە بریتی بوو لە خەرجییەکانی ئەو هێزە ســـەربازییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن کار دەکەن، بۆ پاراســـتنی کرێکاران لە دروســـتکردنی بۆڕی نەوت، کە بەشێکی لە عێراق دروستکرابوو، بەڵام ئەنجوومەنی یاسادانان ڕەتی کردەوە کە بودجەی تەواو کراو پەسەند بکات، هەر لەبەر ئەو هۆکارە بڕیارێک بۆ هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجوومەنەکە دەرکرا، بەهۆی وەڵام نەدانەوە و پەســـەنـد نەکـردنـی بـودجەکە، هەرچەنـدە کە پێش هەڵوەشـــاندنەوەکە چەند هەڕەشـــەیەکی لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە کردبوو[١].

یەکێک لەو هەڵوەشـــاندنەوە نوێیانەی کە بە هۆکاری ململانێی نێوان حکومەت وپەرلەمان ئەنجامدرا، هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشـــتیمانی کوەیتی ســـاڵی ٢٠٠٦ بوو، میری کوەیت لە ٢٠٠٦/٥/٢١ بڕیاری ژمارە ١٤٦ی دەرکرد بۆ هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجوومەنی کوەیتی، بڕیاردان لەســـەر هەڵوەشـاندنەوە دوای ئەوە هات، قەیرانێک دروست بوو لەسەر هەمواری بازنەکانی هەڵبژاردن، ململانێیەکەش لە نێوان ئەنـدامـانی لایەنگری حکومەت لەلایەک و ئەنـدامـانی لایەنگری پەرلەمان لەلایەکی تر لەسەر بابەتەکە، دوای داواکاری بۆ لێپرسینەوە لە ســەرۆک وەزیران لەلایەن سێیەکی ئەندامانی ناڕازی، ئەمەش وای لە ســـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد داوا لە ئەمیر بکـات کە ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەڵبوەشێنێتەوە[٢].

---

(١) د. جهاد زهير ديب الحرازين، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٦٢، د. مجدي الشــارف محمد الشــبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدســتورية المعاصــرة، دراســة مقارنة، الجزء الثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

(٢) د. مجدي الشـــارف محمد الشـــبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدســـتورية المعاصرة، دراسة مقارنة، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.

ئەگەر سەیری سیستەمە دەستوورییە جیاوازەکان بکەین، ئەوا دەبینین هەندێکیان بەبێ مەرج دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوە بە دەسەڵاتە بەهێزەکان دەدەن، کە دەتوانن بەپێی دەسەڵاتی خۆیان پەرلەمان هەڵبوەشێننەوە، چونکە هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئەوان و زۆرینەی پەرلەماندا نییە، و هەندێک دەستوور بەر تەسک دەکرێتەوە بۆ مافی هەڵوەشاندنەوە تەنیا لە حاڵەتی پێویست و دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

بۆ نموونە لە بڕگەی (٣)ی ماددەی (٣٤)ی دەستووری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ هاتووە " پادشا بۆی هەیە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنێتەوە"[١]، هەروەها لە ماددەی (١٠٧)ی دەستووری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢ دا هاتووە " ئەمیر بۆی هەیە ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە مەرسومێک هەڵبوەشێنێتەوە، و هۆکاری هەڵوەشاندنەوەکە ئاماژە پێبدات، ناکرێت ئەنجوومەن بەهەمان هۆکار جارێکی تر هەڵبوەشێنرێتەوە"[٢].

لە ماددەی (١٣٧)ی دەستووری میسری ساڵی ٢٠١٤ دا هاتووە " ناکرێت سەرۆکی کۆمار ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبوەشێنێتەوە، تەنیا لە کاتی پێویست نەبێت، و دەبێت بڕیارەکە هۆکاری هەبێت، پاش ڕیفراندۆمی گەلی ئەم هەڵوەشاندنەوەیە دەکرێت، ........"[٣].

لە عێراقدا لە سەردەمی پادشایەتیدا، کە سیستەمی پەرلەمانی جێبەجێکردووە، پەرلەمان لە چەند حاڵەتیکدا بەهۆی ناکۆکی نێوان حکومەت و پەرلەمان هەڵوەشێنراوەتەوە[٤]، لەوانەیە کاتێک هێزە

(١) ماددەی (٣٤)ی دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢.

(٢) ماددەی (١٠٧)ی دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢.

(٣) ماددەی (١٣٧)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤.

(٤) ژمارەی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی لە سەردەمی پادشایەتیدا (١٩٢٥- ١٩٥٨) شانزە ئەنجوومەن بووە، مافی هەڵوەشاندنەوە لە ماوەی سیستەمی پەرلەمانیدا بە شێوەی هەڕەمەکییانە بەکارهێنراوە، کە هیچ پەرلەمانێک نەیتوانیوە خولی هەڵبژاردنی تەواو بکات، جگە لە یەک پەرلەمان نەبێت، کە پەرلەمانی دوانزەیەم

ناڕازییەکانی (حزبی الاخاء ) کە (یاسین الهاشمی) سەرۆکایەتی دەکرد، داوایان لە پادشـا غازی کرد بۆ دەرکردنی وەزیرەکان، بەهۆی دەست وەردانیـان لە هەڵبژاردنەکانەوە و بە تەزویرچی نـاوی برد، وەزارەت دەسـتی لە کار کێشـایەوە، دەبوایە پادشـا ناڕازییەکان ڕابسـپێرێت بۆ پێکهێنـانی حکومەت، کە لە حزبی الاخـاء پێکهـاتبوون، بەڵام پـادشـــا (جمیـل مـدفعي) ڕاســـپـارد بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێـت، هێزە نــاڕازییەکــانیش پێیــان وابوو ئەم حکومەتەش درێژە پێــدەری حکومەتەکانی پێش خۆیەتی، ئەوەش بوو بەهۆی هەڵگیرســانی شــەڕ، وای لە حکومەت کرد دەست لەکار بکێشێتەوە، پادشا یاسین الهاشمي بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاسپارد، حکومەتەکە لە ١٩٣٥/٣/١٧ پێکهێنرا[١].

لەم ســەردەمەدا پەرلەمان لە ژێر دەســەڵاتی (الایوبی) هەڵبژێردرا بوو، ئەم ئــەنجوومــەنە دژایەتی حکومەتی نوێی کرد، و ڕەتیکردەوە هاوکاری لەگەڵدا بکات، ئەوەش وای لە وەزارەت کرد داوا لە پادشـــا بکــات ئــەنجوومــەنەکە هەڵبوەشــێنێتەوە، بە پــاســـاوی ئەوەی ئەنجوومەنەکە هاوکاری ناکات، پادشـــا مەرســـومێکی دەرکرد بە هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێنجەم لە ١٩٣٥/٤/٩، و ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ لە ٨/٤/ ١٩٣٥ دا هەڵبژێردرا[٢].

---

بـــــــوو، لە ســــــــــاڵـــــــــی (١٩٤٨-١٩٥٢)، د. منذر الشـاوي، القانون الدسـتوري والمؤسـسـات الدسـتورية العيراقية، ط٢، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٦٤، ل١٤٨.

(١) د. مجدي الشـــارف محمد الشـــبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدســـتورية المعاصرة، دراسة مقارنة، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

(٢) د. عبدالرزاق الحســـني، تاريخ الوزارات العراقية،ج٣، ط٧،مطابع دار الشـــؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨، ل٧٥.

## لقی دووەم
## پێکهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی

هەر چەندە باوترین حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بۆ ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتدارانی گشتی دەوڵەت دەگەڕێتەوە، یان لە نێوان یەکێکیان و دەستەی هەڵبژێردراو، بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ڕەنگە بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی بێت، دەکرێت هەڵوەشاندنەوە بۆ پتەوکردنی زۆرینەی پەرلەمانی بەکاربهێنرێت، بە تایبەتی لە ژێر سیستەمێکی سیاسی جێگیردا، یان لە حاڵەتی گەڕان و دووبارە دروست کردنەوەی زۆرینەی ونبوو، ئەمەش زۆرجار لە ژێر سەقامگیری حکومەتە ڕاستەقینەکاندا هەیە، یان کۆمەڵێک قەیرانی وەزاری بەرهەم دەهێنێت، بۆیە هەڵوەشاندنەوە شێوازێکی هەڕەشە ئامێزە کە ئامانج لێی سەقامگیری وەزارییە.

هەندێک لەو وڵاتانەی، کە پەیڕەوی سیستەمی پەرلەمانی دەکەن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، پەنایان بردۆتە بەر پشتگیری کردنی زۆرینەی پەرلەمانی لە ناو پەرلەماندا، بۆیە حکومەت پەنا دەباتە بەر هەڵوەشاندنەوەی، ئەمەش بە ئامانجی پشتگیری کردنی زۆرینەی لاواز لە ناو پەرلەماندا، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەم حاڵەتەدا ئەرکی پشتیوانیکردن و نوێ کردنەوەی زۆرینەی هەبوو و بەهێز کردنی زۆرینەی لاواز لە ناو پەرلەماندا، کە شان بە شانی حکومەت بۆ پشتگیری کردن و دەستەبەرکردنی سەقامگیری حکومەت و ڕێگرتن لە قەیرانی وەزاری کار دەکات، ئینجا ئەمەش لەلایەن حکومەتی حزبی دەسەڵاتدارەوە بکرێتە پشتیوانیکردن و پشتگیری کردنی زۆرینە، یان لە حاڵەتی حکومەتی هاوپەیمانی، کە هیچ لایەنێک زۆرینەی پەرلەمانی جێگیری نییە، بەڵکو ئامانج لە هەڵوەشاندنەوەی

پەرلەمان ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێیە بۆ بەدەست هێنانی زۆرینەی پەرلەمانی[1].

هەندێک لە سیستەمە دەستوورییەکان ماوەی دیاریکراو بە حزبە سیاسییەکان و کوتلە پەرلەمانییەکان دەدەن، بۆ پێکهێنانی زۆرینەیەک کە بتوانن دەوڵەت بەڕێوەببات و حکومەتێکی زۆرینەی تەوافقی پێکبهێنێت، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیەی کە لە دەستوور دیاریکراوە، زۆرینە بە دەست نەهێنرا، سەرۆکی دەوڵەت پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە و هەڵبژاردنی نوێ بۆ زۆرینە یان پشتگیری بۆ زۆرینەی پەرلەمانی ڕادەگەیەنێت[2].

نمونەی ئەمەش ماددەی (١١٦)ی دەستووری تورکیای ساڵی ١٩٨٢ کە تێیدا هاتووە" لە حاڵەتێکدا کە ئەنجوومەنی وەزیران لە بە دەست هێنانی متمانە بەپێی ماددەی (١١٠) شکست دەهێنێت ......، ئەگەر پێکهێنانی کابینەی نوێ لەماوەی چل و پێنج ڕۆژ پێک نەهات، و ئەگەر کابینەی نوێ لە بەدەست هێنانی متمانە شکست بهێنێت، سەرۆک کۆمار دەتوانێت بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومونی نیشتیمانی گەورەی تورکیا بانگەشەی هەڵبژاردنی نوێ بکات، هەروەها دەکرێت سەرۆکی کۆمار بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا بڕیار بدات، هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت، لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کابینەکە بەردەست نەبێت، بەپێی لەدەست دانی دەنگی متمانە، هەروەها ئەگەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران لە

---

(١) د. محمد عبدالحميد ابوزيد، حل مجلس النيابي، دراسة مقارنة، دار النهضة العربية، القاهرة ، ١٩٨٨، ل١٦٧، د. جهاد زهير ديب الحرازين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧-١٦٨، دانا عبدالكريم سعيد، سەرچاوەی پیشوو، ل١٠٠.

(٢) د. مجدي الشارف محمد الشبعاني، حق حل البرلمان في النظم الدستورية المعاصرة، دراسة مقارنة، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦.

مـاوەی چـل و پێنج ڕۆژ لە ئەنجـامـدانی هەڵبژاردنی ئـەنجوومـەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا ممکین نەبێت[1].

لە ماددەی (١٤٦)ی دەسـتووری میسـڕی سـاڵی ٢٠١٤دا هاتووە، "سـەرۆک کۆمار سـەرۆکێک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێنانی حکومەت ڕادەسـپێرێـت، و پێشـکەش کردنی بەرنـامەکەی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەگەر حکومەتەکە لە ماوەی زیاتر لە سـی ڕۆژدا متمانەی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەسـت نەهێنێت، سەرۆک کۆمار بۆ پێکهێنانی حکومەت سەرۆک وەزیرانێکی تر ڕادەسـپێرێت لەلایەن ئەو حزبە یان هاوپەیمانیەتییەی کە زۆرینەی کورسـییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران پێکدەهێنێت، ئەگەر حکومەتەکە لە مـاوەی سـی ڕۆژدا متمـانەی زۆرینەی ئەنـدامـانی ئـەنجوومـەنی نوێنەران بەدەست نەهێنێت، ئەنجومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە و سەرۆکی کۆمـار هەڵبژاردنێکی نوێی ئـەنجوومـەنی نوێنەران ڕادەگەیەنێـت لە مـاوەی شـەسـت ڕۆژدا، لە بەرواری دەرچـوونـی بـڕیـاری هەڵوشانەوەکە[2].

نموونەی ئەوەش لەسـاڵی ١٩٥٩ کە سـەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ماک میلان Macmillan سـودی لە بارودۆخی ئابووری وڵاتەکەی وەرگرت لە ماوەی هەڵوەشاندنەوە، حزبەکەی سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکەدا بەدەسـتهێنا، لەو هەڵبژاردنەدا زۆینەی حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە پشتیوانی لێ کرا[3].

یەکێک لەو وڵاتانەی کە بە شـێوەی پڕاکتیکی بەهۆی گەڕانەوە بۆ زۆرینە یان پشـتگیری کەمینە لە سـیسـتەمە دەسـتوورییەکاندا، هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمانی عێراقی لە سـەردەمی پادشـایەتیدا کە

(١) ماددەی (١١٦)ی دەستوری تورکیا ساڵی ١٩٨٢.

(٢) ماددەی (١٤٦)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤.

(٣) د. جهاد زهير ديب الحرازين، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨، دانا عبدالكريم سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠، د. علاء عبدالمتعال، سەچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

ئەنجوومەنی هەشتەم لەسەر دەستی حکومەتی نوری سەعید لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٣٩ هەڵوەشێنرایەوە، لەو کاتەدا حکومەت کەمینەیەکی بچووکی هەبوو هەڵوەشاندنەوەکەش بە دۆزینەوە و بەهێزکردنی زۆرینە بوو، کە ئەم زۆرینەیەش لە دوای هەڵبژارنی نوێی پەرلەمانەوە بەدەست هات[١].

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە بۆ پشتگیری کردنی کەمینەی پەرلەمان، هەڵبژاردنی تورکیای ساڵی ٢٠١٥ بوو، دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لە ٢٠١٥/٦/٧ شتەکان بەرەو سەرەوە هەڵگەڕایەوە، کە ئەو کات حزبی داد و گەشەپێدان خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان بوو، لەم هەڵبژاردنەش لە دەسەڵات نامێنیتەوە، بەمەش هیچ حزبێک بۆ پێکهێنانی حکومەت زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا حزبی دەسەڵات هیچ هاوپەیمانییەتی بۆ پێکهێانی حکومەتی نوێ بەدەست نەهێنا[٢]، ئەوەش وای لە سەرۆک کۆمار کرد کە هەڵسێت بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بەپێی دەقەکانی دەستوور، کە لە ماددەی (١١٦)دا ئاماژەی پێکراوە.

لە ٢٠١٥/٨/٢٤دا ڕاگەیەندراوێک لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بڵاوکرایەوە، کە سەرۆک کۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دوای

---

(١) د. عبدالرزاق الحسني، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

(٢) پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان بەتەواوی، حزبی داد و گەشەپێدان (٤١٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، کە دەیکردە (٢٥٨)کورسی، کۆمارییەکان (٢٥٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، کە دەیکردە (١٣٢) کورسی، بزوتنەوەی ناسیونالیستی (١٦.٣٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، کە دەیکردە (٨٠)کورسی، گەلانی دیموکرات (١٣.٢٪) کە دەیکردە (٨٠) کورسی، هەروەها سەربەخۆکان. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی: نتائجالانتخابات البرلمانية يونيو ٢٠١٥، والایە لە پێگەی، https://www.yenisafak.com/ar/secim-2015/secim-sonuclari، (٢٠٢٢/١/٢٠).

ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان بڕیاری داوە بەو دەسەڵاتانەی کە لەلایەن دەستوورەوە پێی دراوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی گشتی دووبارە دەکرێتەوە، دوای ئەوەی (ئەحمەد داود ئۆغلۆ) نەیتوانی حکومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنێت، سەرەڕای گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا، لەو ماوەیەی کە دەستوور دیاری کردووە کە ٤٥ ڕۆژە لەسەر ئەو بنەمایە سەرۆکی کۆمار پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە[١].

دوای دووبارە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە بەرواری ٢٠١٥/١١/١ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەسەردا هات و حزبی داد و گەشەپێدان توانی زۆرینە بەدەستبهێنێت و بەتەنها حکومەتی زۆرینە پێکبهێنێت[٢].

لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٢١/١٠/١٠ بە سەرکەوتنی کوتلەی سەدری لە هەڵبژاردنەکان کە زۆرترین کورسی بە دەست هێنا، لەگەڵ چەند کوتلەیەکی تر

---

(١) دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بەسەر دەنگی لایەنەکان هات کە حزبی داد و گەشەپێدان ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرۆکایەتی دەکرد(٤٩.٩١٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا کە دەیکردە (٣١٦) کورسی پەرلەمانی، کە بەتەنیا دەیتوانی حکومەت پێکبێنێت، حزبی کۆمارییەکان بە سەرۆکایەتی کەمال کلیجدار ئۆغلۆ ڕێژەی (٢٥.٣٨٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا کە دەیکردە (١٣٤) کورسی پەرلەمان، حزبی بزوتنەوەی ناسۆسیالتی بە سەرۆکایەتی دۆلت بهتشلی ڕێژەی (١١.٩٣٪) دەنگەکانی بە دەستهێنا کە دەیکردە (٤١) کورسی، هەروەها حزبی گەلانی دیموکرات بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین دەمیرتاش ڕێژەی (١٠.٧٠٪) دەنگەکانی بە دەست هێنا کە دەیکردە (٥٩) کورسی، وە حزبە سەربەخۆکان (٢.٥٨)دەنگەکانی بەدەست هێنابوو. هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

(٢) الانتخابات التركية: إردوغان يعتبر النتيجة تصويتا للاستقرار ورسالة إلى المسلحين الأكراد، والآیە لە پێگەی، https://www.bbc.com/arabic/worldnews/2015/11/151101_turkey_akp_victory ، (٢٠٢٢/١/٢٣).

هاوپەیمانیان بەست، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرینەی پەرلەمانی پێکبهێن و حکومەتی نویَ پێکبهێنن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، کە بریتن لە تقدم و حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان[1].

(١) ژمارەی کورسییەکانی ئەوە لایەنانە (کوتلەی سەدر ٧٣ کورسی، کوتلەی تقدم ٣٧ کورسی، پارتی دیموکراتی کوردستان ٣١ کورسی) بەڵام ئەم هاوپەیمانییەتیە زۆرینەی دوو لەسەر سێی کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پێکناهێنن بۆیە ناتوانن بە زۆرینە سەرۆک کۆمار هەڵبژێرن و دواتر سەرۆک کۆمار نوێنەری ئەو هاوپەیمانییەتیە ڕابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت. واڵایە لە پێگەی کۆمیسۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، https://ihec.iq/%d8%a7%d9%84%d9%86%d8%aa%d8%a7%d8%a6%d8%ac/ ، بەرواری(٢٠٢٢/١/٢٨).

## مەبەستی دووەم
## دەسەڵاتەكانی حكومەتی دەست لەكاركێشاوە و متمانە لێسەنراو

یەكێك لە گرنگترین كۆڵەگەكانی سیستەمی پەرلەمانی بریتییە لە چاودێری هاوبەش لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن، لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك بێتە ئاراوە سەبارەت بە دۆخی دەسەڵاتی جێبەجێكردن دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، كە پەیوەندی بە تایبەتمەندییەكانی حكومەتەوە هەیە، كە ئایا بە هەموو تایبەتمەندییەكانی لە كاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بەردەوام دەبێت؟ یاخود دەسەڵاتەكانی بەر تەسك دەكرێنەوە تەنها بە ڕاییكردنی كارەكانی ڕۆژانە؟ بۆ بەردەوام بوون وزامنكردنی دەزگا ئیدارییە گشتییەكان، ئەم مەبەستە بەسەر دوو لقدا دابەش دەكەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەكەم: پرەنسیپی تایبەتكاری تەواوی حكومەت لە كاتی هەڵوەشاندنەوە

لقی دووەم: تایبەتكاری حكومەت بە ڕاییكردنی كارەكان

### لقی یەكەم :پرەنسیپی تایبەتكاری تەواوی حكومەت لە كاتی هەڵوەشاندنەوە

بەشێك لە یاسا ناسان ئاماژە بەوە دەكەن، كە حكومەت لە كاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان هەموو دەسەڵاتێكی دەبێت، تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پیش وەختە و پێكهێنانی حكومەتی نوێ، جا چ حكومەتەكە دەسەت لە كاركێشاوە، یاخود متمانە لێسەنراو بێت، ئەم ئاڕاستەیەش پێی وایە لە كاتی هەڵوەشاندنەوەی حكومەت هەر وەكو دۆخی ئاسایی دەسەڵاتی تەواوی دەبێت، بەمەش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان، هیچ كاریگەرییەكی

لەســـەر بڕیاری یاســـایی حکومەت نابێت، لایەنگرانی ئەم بۆچونەش چەند پاساوێکیان خستۆتە ڕوو بەم شێوەیە:

١- هەرچەندە مافی هەڵوەشـــاندنەوە بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی ئامانجی ناوبژیوانی کردنی میللەتە، ئەگەر ناکۆکی لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا هەبێت، بەڵام ناوبژیوانی بە کرداری ســـەرەکی مافی هەڵوەشاندنەوەی نییە، چەندین کار هەیە کە پەرلەمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو کارە هەڵدەوەشـــێتەوە، دەکرێت بە پاڵپشـــتی کردنی زۆرینەی پەرلەمان بێت، هەڵوەشـــاندنەوە تەنیا چارەســـەرکردنی ناکۆکی نێوان حکومەت و پەرلەمان نییە، کە داوای دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانەی، هەروەها لە کاتی هەڵوەشـــاندنەوە گرنگ نییە هەردوو دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن یەکسان بن[1].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێک حکومەت، پەرلەمان هەڵدەوەشـــێنیتەوە ئەو مافە بەکار دەهێنێت کە دەســـتوور پێی داوە، لەبەر ئەوە ڕێگای تێناچێت تایبەتمەندییەکانی سنووردار بکرێ، بەوەی ببێتە حکومەتی کار بەڕێکەر، مادام ســـنووری دەســـتووری خۆی نەبەزاندووە[2].

٢- زۆر لە دەســـتوورەکان شـــێوازی جیاوازیان گرتۆتەبەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشـــایی چاودێریکردن، کە لەوانەیە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان سەرهەڵبدات، هەندێک دەستوور هەن کە زامنی جۆرێک لە چاودێری پەرلەمانی لە کاتی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەماندا دەکەن، لێرەدا بڕیاری هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان

---

(١) د. سيروان زهاوى، النظام البرلماني، دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية، بيروت-لبنان، ٢٠١٥، ل ٣٩٩-٤٠٠.

(٢) لمى علي فرج، نظرية حل البرلمان وتطبيقاتها لدى الانظمة السياسية المعاصرة، اطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق، الجامعة اللبنانية، لبنان، ٢٠١٤، ل١٢٧، دانا عبدالكريم سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

کـاریگەری نـابێـت، تـاکو پەرلەمـانی نوێ کۆ دەبێتەوە، پەرلەمـانی هەڵوەشـــاوە لە کارەکانی بەردەوام دەبێ تـاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێـت، دەســـتووریش هەیە بە دەق ئـامـاژەی پێکهێنـانی لیژنەی هەمیشـەیی کردووە لەماوەی هەڵوەشـاندنەوە لە کار کردن بەردەوام دەبێت، ئەوە لەلایەک لەلایەکی ترشـیەوە، لە هەلومەرجی ئاسـاییدا لە کـاتی هەبوونی پەرلەمـان کـاتێکی دیـاریکراو هەیە، کە چـاودێری پەرلەمانی بە شـێوەیەکی کاتی نابێت، هەر وەک لە حاڵەتی دواخسـتنی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان یان کۆتایی هاتنی خولی یاســـادانان، لەم حـاڵەتـانەدا پەرلەمـان لەو مـاوەیەدا نـاگەڕێتەوە بۆ دەســـتپێکردنی دانیشـتنەکانی بۆ چاودێری کارەکانی حکومەت، حکومەت دەتوانێت لە کاتی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمـان و کۆبوونەوەی پەرلەمـانی نوێدا دەســـەڵاتەکانی خۆی بە تەواوی بەکـاربهێنێت، دەتوانێت لە مـاوەی هەڵوەشـــاندنەوەکەدا چاودێری لەســـەر کارەکانی حکومەت بکات لەماوەی هەڵوەشانەوە کە ئەنجامیداوە[1].

زۆربەی ئەو وڵاتـانەی کە تیۆری مردنی مەدەنییـان بەســـەر پەرلەمـانە هەڵوەشـــاوەکەدا جێبەجێکردووە، دەســـەڵاتی تەواو بە حکومەت دەدەن بەبێ ئەوەی بچوکترین چاودێری بەسەر دەسەڵات و کارەکانیدا هەبێت، نموونەی ئەو دەسـتورانەی سـیسـتەمی پەرلەمانی ئینگلیزی و هاوشـێوەکانیەتی، لە ئینگلتەرا دوای سـاڵی ١٨٣٢ حکومەت دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی لە تاج و دواتر لە ئەنجوومەنی گشـتی وەرگرت، و متمانەی پەرلەمانی لەدەسـتدا، لەلایەن پادشـا داوا کرا هەڵبوەشـێتەوە کە هێشـتا متمانەی پێیە، حکومەت لە پەیڕەوکردنی تـایبەتمەندییەکـانی لە مـاوەی هەڵوەشـــاندنەوەدا بەردەوام بوو، و

(١) غســـان لعیبی مناتي، حکومة تصـــریف الاعمال، اطروحة مقدمة الی مجلس کلیة الحقوق جامعة النهرین، ٢٠١٠، ل ١١٤-١١٥، دانا عبدالکریم سـعید، سـەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨-١٥٩.

متمـانەی خۆی لەلایەن هەمـان دەســـەڵاتەوە وەرگرتەوە، تـاکو ئەو کاتەی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ ئەنجام دەدرێت[1].

لە ســەدەی نۆزدەهەمدا حکومەت لە نێوان دوو بژاردەی دەســت لەکارکێشـــانەوەی پەرلەمان یان هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەماندا بوو، حکومەت کاتێک لەلایەن پەرلەمانەوە پشـتگیری ناکرێت دەسـت لە کار کێشـــانەوە هەڵدەبژێرێ، ئەزموونی پراکتیکی لە ئینگلتەرا دەرخەری ئەوەیە کە هیچ ســـنوورێک لەســـەر تایبەتمەندییەکانی دەســـەڵاتی جێبەجێکردن لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا نییە، و حکومەت بۆ سـنوردار کردنی خراپ بەکارهێنانی دەسـەڵاتەکانی هیچ چاودێرییەکی لەسەر نییە[2].

٣- پێدانی مافی تەواو بە حکومەت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی بە درێژایی ماوەی هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان لەگەڵ پڕەنسـیپەکانی دیموکراســـی دژی یەک نین، بۆیە هیچ نـاکۆکییەک لە بڕیـارەکـانی حکومەت نییە، لە بڕیارە سـیاسـییە گرنگەکاندا بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بڕیاری هەڵبژاردن بکات، مافی هەڵوەشـــاندنەوەی هەمیشـــە ئامانجی دەنگدانی دەنگەرانی نییە، هەندێک لە سـیسـتەمە دەسـتوورییەکان بە هۆکارێکی تر داوای هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان دەکەن وەکو کارێکی پێویست بۆ ڕێگە گرتن لە سەرهەڵدانی قەیرانی وەزاری[3].

٤- مـافی هەڵوەشـــانـدنەوە چەکێکە لەلایەن حکومەتەوە دژی پەرلەمـان بەکـاردێت، کە ڕەنگە بە نەمـان و کێشـــانەوەی لە ژیـانی سـیاسـی هەڕەشـە لە حکومەت بکات، گرنگترین کێشـانەوەش متمانە ســەنـدنەوەیە لە حکومەت، نـاکرێـت بگوترێ ئەگەر پەرلەمـان هەڵوەشێتەوە دەبێت حکومەت لەگەڵ پەرلەمانە هەڵوەشاوەکە یەکسان بێت، بە پێدانی دەسـەڵاتی سـنووردار کە ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانە

---

(١) د. مجدى الشارف، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٦.

(٢) د. مجدى الشارف، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٧

(٣) د. علاء عبدالمتعال سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢.

تێپەڕ نەکــات، لایەنگرانی ئەم بۆچوونە وای دەبینن ئەم چەکە لە دەســــتی حکومەتە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، داوای لێدەکات کە لەبەرامبەر پەرلەماندا بەهێز بێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کە ئەو ماوەیە بە کۆبوونەوەی پەرلەمانی نوێ کۆتایی پێدێت، لێرەدا پەرلەمان دەسەڵاتێکی باڵای هەیە کە چەکێکی بەهێزە دەتوانێت متمانە لە حکومەت بســەنێتەوە، لە هەمان کاتدا حکومەت دەســەڵاتێکی باڵای دەبێت کاتێک پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە[1].

ئەمانەی باسمان کرد گرنگترین ئەو پاڵنەرانە بوون کە یاساناسان بۆ پاســاوهێنانەوە و پێدانی دەســـەڵات و تایبەتمەندی تەواو لە کاتی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان پشـــتیان پێ دەبەســـت و هەندێک لە دەستوورەکان بەدەق ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە.

هەر وەکو باســـمان کرد ئەوەی لە بواری پڕاکتیکی لە ئینگلتەڕا کراوە ئەوەیە کە لە ماوەی هەڵوەشـــاندنەوە دەســـەڵاتی تەواو بە حکومەت دراوە تـایبەتمەنـدییەکـانی خۆی بە تەواوی بەکـاربهێنێ، زۆرێک لە دەســتوورەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم شــێوەیە و هەوڵیان داوە بە دەقی دەســـتوری ئەمە جێگیر بکەن، بە تایبەتی ئەو وڵاتـانەی کە حکومەت لەنێوان دەســــت لەکـارکێشـــــانەوە و هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان هەڵدەبژێرن، لە بارودۆخێکدا کە چیتر حکومەت سوود لە متمانەی پەرلەمان وەرناگرێت، لە ناو ئەو وڵاتانەی کە ئەم بنەمایەیان وەرگرتووە وڵاتی ســـویدە، بەپێی ماددەی (٥)ی بەشی شەشەمی دەستووری سویدی ساڵی ١٩٧٤دا هاتووە "ئەگەر پەرلەمان ڕاییەگەیەنێت ســـەرۆک وەزیران، یان هەر وەزیرێکی تر دەســـەڵاتی نییە دەبێ دەســت لەکاربکێشــێتەوە، دەبێت هەڵبژاردنی

(١) د. مجدی الشارف، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٩.

یاســـــادانانی نویێ ئەنجام بدرێت، لەحاڵەتی دووەمدا حکومەت هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی بە تەواوی پیادە دەکات[1].

ئەنجوومەنی نیشـــتمانی دەوڵەتی فەڕەنســـی چەند یاســـایەکی دەرکرد لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە بڕیارەکانی حکومەت لە کاتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشـتمانی، یاسـادانەری دەسـتووری فەڕەنســـی لێکدانەوەی بۆ ئەوە کردووە، کە حوکمەکانی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەڕەنسی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن، کە حکومەت لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان تەواوی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکانی خۆی پەیڕەو دەکات، هەتا ئەگەر حکومەت دەســـت لە کار بکێشێتەوە بە هۆکاری سەرزەنشتکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە[2].

لەســـــاڵی ١٩٥٧ ((Simonet داوایەکی لەبەردەم ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەڕەنســـی بەرزکردەوە کە تیایدا، داوای هەڵوەشـــاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکرد، کە لە بەرواری ١٩ یەنایەری ســـاڵی ١٩٥٦دا دەرچوو بوو، کە لە بڕیارەکەدا هاتبوو Branger)) دابمەزرێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئابووری، کە لە دوای کۆچی دوایی( (Caujolie لەساڵی ١٩٥٥ پۆستەکە بەتاڵ بوو، هۆکاری ئەم داواکارییەش ئەوە بوو کە (Simonet) پاڵێوراو بوو بۆ ئەم پۆستە، و ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارەی لە کاتی هەڵوەشـــــاندنەوەی پەرلەماندا بوو، ئەم داوایە لەلایەن دادگا ڕەتکرایەوە، ئەنجوومەنی دەڵەوت بڕیاریدا کە بڕیارەکەی دەوڵەت ڕاســـتە، چونکە حکومەت دەســـت لە کار کێشـــانەوەی پێشـــکەش نەکردووە، دەتوانێت هەموو دەســـەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکانی بەکاربهێنێت لە ماوەی

(١) د. علي عبدالعال سيد احمد، الاثار القانونية والوظائف السياسية لحل البرلمان، دار الثقافة الجامعية، القاهرة، ١٩٩٠، ل١٠٥-١٠٦.

(٢) د. عادل الطبطبائی، اختصاصات الحكومة المستقيلة، الطبعة الثانية، التقدم العلمي للنشر، الكويت، ٢٠١٨، ل١١٨.

هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشـتمانی تاکو پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ[1].

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسـیارە لێرەدا ئەوەیە، کاتێک کە حکومەت پەیڕەوی هەموو تایبەتمەندییەکان دەکات، ئایا دەکرێت بڕیار دەربکات کە هێزی یاسایی هەبێت لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەماندا؟

یەکێک لەو دەستوورانەی، کە ڕێگەی داوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕیار دەربکات و هێزی یاسـایی هەبێت لە کاتی هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان دەسـتوری میسـری سـاڵی ٢٠١٤یە، کە لەماددەی (١٥٦)ی دەسـتوور جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەتدا کردووە، کە لە کاتی کۆنەبوونەوەی ئـەنجوومـەنی نوێنەران و نەبوونی ئـەنجوومـەنەکە، ئەوەش حاڵەتی هەڵوەشـانـدنەوەی پەرلەمان دەگرێتەوە[2]، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسـا دانەری میسـری ڕێگەی داوە لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی پەرلەمان، هەروەها لە کاتی هەڵوەشـاندنەوە، سـەرۆک کۆمار بڕیار دەربکات کە هێزی یاسایی هەبیت[3].

لە ماددەی (٧١)ی دەستووری کوێتی ساڵی ١٩٦٢ بەهەمان شێوە ڕێگەی بە پادشا داوە کە بڕیار دەربکات و هێزی یاسایی هەبێت[4].

---

(١) نايف محمد الدسـيم، حق الحل البرلماني، دكتوراه، جامعة القاهرة، ٢٠١٢، ل ١٨٧، مجدى الشارف، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١١.

(٢) د. ميادة عبدالقادر اسـماعيل، حل البرلمان في دسـتور ٢٠١٤، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠٢٠، ل١٧٦-١٧٧.

(٣) ماددەی (١٥٦)ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤، لەماددەکەدا هاتووە "ئەگەر لەکاتی نەبوونی دانیشـتنی پەرلەمان هەندێک کار کە ناکرێت دوابخرێت و دەبێت خێرا بکرێن، سـەرۆک کۆمار داوا لە ئەنجومەنەکە دەکات لەناکاو کۆببێتەوە بۆ ئەوەی بابەتەکەی پێشـکەش بکات، ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران بوونی نەبێت سەرۆک کۆمار بڕیار بە هێزی یاسا دەربکات،...."

(٤) ماددەی (٧١)ی دەستوری کوەیتی ساڵی ١٩٦٢، تێیدا هاتووە "ئەگەر لەماوەی کۆنەبونەوەی ئـەنجوومـەنی نیشـتمانی کارێک ڕوویدات یان لە ماوەی هەڵوەشاندنەوە کە دەبێت خێراتر بکرێن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێک کە ناکرێت

یاســـادانەری کوێتی ڕێگەی داوە بە  پادشـــا کە بڕیار دەربکات هێزی یاســـایی هەبێت، لە حاڵەتی هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشـــتمانی و هەروەها لە کاتی ئامادەنەبوونی ئەنجوومەنەکە بۆ کۆبوونەوە ، ئەمەش تەنها لە حاڵەتی پێویست دەبێت.

هەندێک سیستەمی دەستووری تر بە جیاواز هەوڵیانداوە لە کاتی هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان کاریگەرییەکان و پرەنسـیپی دەسـەڵات و تایبەتمەندی تەواو بە حکومەت ســـنووردار بکەن، ئەوەش بە ڕێگەی وەرگرتنی حکومەتی کاتی، ئەم ســیســتەمەش لە ئینگلتەرا لە ســاڵی ١٩٤٥ پێش هەڵبژاردنەکەی چەرچل کە تێیدا دۆڕا جێبەجێکرا[١].

هەروەها هۆڵەندا ســـاڵی ١٩٥٨ بەهەمان شـــێوە حکومەتی کاتی وەرگرتووە، دوا بە دوای دەســـت لە کار کێشـــانەوەی حکومەت لە ئەنجامی ئەو لێشـــاوە دەســـت لە کار کێشـــانەوەی وەزیری سـۆشـیالیسـتەکان بە سـەرۆکایەتیی سـەرۆک وەزیران بە هۆکاری ئەوەی کە حزبە ئایینیەکان ڕەتیانکردەوە باج زیاد بێت، پادشا بڕیاریدا بە ڕاسـپاردنی ( دکتۆر بێڵ) بۆ ئەوەی سـەرۆکایەتی حکومەت بگرێتە دەسـت و پەرلەمان هەڵوەشـێنێتەوە، و حکومەتی نوێ ڕایگەیاند دوای هەڵبژاردنی گشـــتی کۆتایی بە کارەکانی دێت و ئەرکی ئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ مەسەلە داراییەکان بکات و نزیک نەبێتەوە لەو بابەتانەی کە ڕەهەندی سیاسیان هەیە، تەنها ئەگەر پێویستی کرد، دووبارە ئەم پرەنسـیپە لە سـاڵی ١٩٦٦ دووبارە بوویەوە، کاتێک حکومەت لادراو پەرلەمان هەڵوەشـایەوە حکومەتی کاتی لە کارەکانی بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی گشتی لە ساڵی ١٩٦٧ ئەنجام درا[٢].

---

دوا بکەوێت، پادشـــا بۆی هەیە بڕیار دەربکات کە هێزی یاســـایی هەبێت، کە ناکرێت ئەم بڕیارانە دژ یەک بێت لەگەڵ دەســـتوور یان بۆ خەملاندنی دارایی کە لەیاسای بودجەدا هاتووە..."

(١) نایف محمد الدسیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.

(٢) نایف محمد الدسیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨-١٧٩.

## لقی دووەم
## تایبەتکاری حکومەت بە ڕاییکردنی کارەکان

بەشـێک لە زانایان پێیان وایە ئەو حکومەتەی پێشـنیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەکات، یان ئامۆژگاری پێشکەش دەکات دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، دەبێت تایبەتمەندییەکانی لە ماوەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ببێت بە حکومەتێکی ڕاییکردنی کارەکانی، هەندێک وای پێناسە دەکەن کە زاراوەی ڕاییکردنی کارەکان لەو کاتە دێتە ئاراوە کە حکومەت دەست لە کار دەکێشێتەوە، یان لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی لێ دەسەندرێتەوە، یان خولی یاسادانەی تەواو دەبێت، لێرەشدا ماوەیەکی کاتی دەبێت، ئەو ماوەیەش یان کورت یان درێژ دەبێت، تاکو حکومەتی نوێ پێکدێت، لەو ماوەیەدا حکومەت لە ڕاپەڕاندنی چەند کارێکی دیاریکراو بەردەوام دەبێت، کە بە ڕاییکردنی کارەکان ناو دەبرێت، حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، وا پێناسە کراوە "ئەو حکومەتەیە کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی رۆژانەی دامودەزگا ئیدارییەکان[1].

ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەم حکومەتە بە شێوەیەکی سنووردار کراو پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی دەکات، وەک بڕیاردان لەسەر هەندێ بڕیاری گرنگ و پێویست کە پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە ئەو بڕیارانەش پەیوەندی بە هەموو ئەو کارانەوە هەیە، کە بەشدارن لە

---

(١) وە وا پێناسە کراوە، کە بریتیە لەو کارە رۆتینیانەی کە لە پلە ئیدارییەکانی خوارەوە ئەنجام دەدرێت، و هیچ رەهەندێکی سیاسی لەخۆ ناگرێت، و لەدوای خۆیدا هیچ کاریگەری بۆ دوارۆژ ناخولقێنێت"، هەروەها یاساناسی فەڕەنسی waline بەم جۆرە پێناسەی کردووە "ڕاییکردنی کاروباری رۆژانەیە کە پێویستە پەلە بکرێت لە جێبەجێکردنیدا و هیچ سیفەتێکی سیاسی نییە. د. خامۆش عمر عبدالله، چوارچێوەی دەستوری ویاسایی هەڵبژاردن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١، د. عادل الطبطبائي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

چالاکی ئاســـایی و جێگیری دامەزراوە گشـــتییەکان، دەتوانین بڵێین حکومەتی ڕاییکردنی کـارەکـان لەبەر ئەوەی چـاودێری پەرلەمـانی

بەســـەرەوە نییە و متمانەی لێ ســـەندراوەتەوە ناتوانێ هەموو کارێک ئەنجام بدات،[1] بەڵکو کارەکانی لە چەند بابەتێکدا سنووردارکراون[2].

(١) کاتێک حکومەت چاودێری لە ســەر نییە و متمانەی لێ ســەندراوەتەوە ناتوانێ ئەم کارانە ئەنجام بدات:١-پێشنیاری هەمواری دەستوور، تایبەتکاری پێشنیاری هەمواری دەســتوور لە تایبەتکارییە گرنگ و مەترســیدارەکانە، ئەم پێشــنیارە پێویســـتە لەلایەن حکومەتێک ئەنجام بدرێت کە تایبەتمەندی تەواوی هەیە، چونکە ئەم کارە ناچێتە ناو چوارچێوەی حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان. ٢- پێشــنیازی پرۆژە یاســاکان، پێشــنیارکردنی پرۆژە یاســا جۆراوجۆرەکان لە تایبەتمەندی و ئەرکی حکومەتە کە پێی هەڵدەســـتێت، ئەم مافەش لەلایەن دەســتوورە پەرلەمانییەکان بە دەســەڵاتی جێبەجێکردن دراوە، ئەو تایبەتکارییە دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی تایبەتکاری حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، چونکە سیفەتی سیاسی هەیە، دەبێت ئەو کارانە حکومەتێک ئەنجامی بدات کە دەســـەڵاتی تەواوی هەیە. ٣- بەســـتنی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی، حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان ناتوانێت ڕێککەوتنامە ببەســـتێت، چونکە ئەو کارە بەستراوەتەوە بە سیاسەتی باڵای دەوڵەتەوە، ناچێتە ژێر حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، چونکە لە بڕیارە چارەنووســـــازەکان. ٤- حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان ناتوانێ گرێبەســـتی قەرز ئەنجام بدات، یاخود ئیلتزامی دارایی بخاتە ئەســـتۆی خۆی. ٥- حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان ناتوانێ پلانی بوژاندنەوەی درێژ خایەن و گشــتگیر دابڕێژێت، چونکە پێویســتی بە چاودێری پەرلەمانە و لەو کاتەدا پەرلەمان لە ئارادا نییە. ٦- دەرکردنی بڕیار کە لە ناوەڕۆکدا هەمواری دەقە یاســاییەکان لەخۆ دەگرێت. ٧- داواکردنی هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمان، بە داواکردنی هەڵوەشــاندنەوەی حکومەتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە لە تایبەتمەندییە ترسناکەکانە، سروشتێکی سیاسی هەیە، بۆیە یاسا ناسان پێیان وایە کە دەبیت ئەوە لە چوارچێوەی ســـنووری کارەکانی حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان دەربچێت. ٨- حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان ناتوانێت پێکهاتەی ئابووری وڵات دەستکاری بکات، چونکە ئەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی باڵای دەوڵەتە. ٩- هەندێک بڕیاری ئیداری تاکی گرنگ هەیە، کە ناتوانرێت بخرێتە نێو چوارچێوەی حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، وەک بڕیاری دامەزراندن بۆ هەندێک پۆست کە ڕەهەندی سیاسیان هەیە. ١٠- هەندێک بڕیاری هەیە، کە لە چوارچێوەی ســروشــتی خۆیان لە چوارچێوەی ڕاییکردنی کارەکان دەردەچن ئەو کارانەش ڕەهەندی سیاسییان هەیە، ئەو بڕیارانەی کە بچێتە چوارچێوەی

لایەنگرانی ئەو ڕایە پشتیان بە چەند بۆچونێک بەستووە لەوانە:
١- بەڕای لایەنگرانی ئەم بۆچوونە مافی هەڵوەشاندنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا دروست دەبێت، لە کاتێکدا لەوانەیە ناکۆکی لە نێوان سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمان هەبێت، یان لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، یاخود لە نێوان سەرۆکی دەوڵەت لەلایەک و حکومەتی زۆرینەی پەرلەمان لەلایەکی تر، و گەل بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم ململانێیە بەکاردەهێنرێت، مافی هەڵوەشاندنەوە بە شێوەیەکی

---

کاروبارە بە پەلەکان، ئەو بڕیارانەی کە بارودۆخی دامودەزگاکان لەخۆ دەگرێت. غسان لعیبي مناتي، حكومة تصریف الاعمال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥ دواتر، د.ع ادل الطبطبائي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩ دواتر.

(٢) هەندێک کار هەیە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان دەتوانێت لە پێناو بەردەوام بوونی دام و دەزگاکان و نەوەستانی کاروباری ڕۆتینی وپێویست وبەپەلەی ڕۆژانەی خەڵک ئەنجام بدرێت کە ئەمانەن :١ - حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان مافی ئەوەی هەیە کاروباری ڕۆژانەی ڕۆتینی هاوڵاتیان ڕابپەڕێنێت، کە ناکرێت ئەو کارانە ڕابگیرێن و دوابخرێن، چونکە دەبێتە هۆی لەکار خستنی دام و دەزگاکان. ٢-دەرکردنی بڕیاری ئیداری پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی کە لەڕووی یاساییەوە بە تێپەڕبوونی کات نامێنێت، یا وەرگرتنی بڕیاری گونجاو سەبارەت بەو گرێبەستانەی لەسەر هاتنی کاتێک وەستێنراوە. ٣-ئەو کارانەی کە کێشەی تێدا نییە، وەک ئەو بڕیارانەی وەزیر بۆ ڕاکێشانی بڕێک پارە دەیدات، لەو بانکەی کە وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات بە مەبەستی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی. ٤- حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان بۆی نییە هیچ بڕیارێک دەربکات، ببێتە هۆی کۆت و بەند کردنی حکومەتی داهاتوو. ٥-چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی پێویستی بە وەرگرتنی بڕیاری بەپەلە هەیە، بەهۆی سروشتیانەوە ناتوانرێت دوابخرێن. جورج ابو مصعب، تصریف الاعمال لا یمنع الحکومة المستقیلة من ممارسة اختصاصاتها حفظ النظام وتنفیذ التزامات لبنان الدولیة، والآیە لە پێگەی، https://www.lebanese-forces.com/2011/01/14/121581/، (٢٠٢٢/١/٢٣).

ســـــەرەکی ڕێکـارێکی نـاوبژیوانییە، کە بە لاواز کردنی یەکێـک لە لایەنەکانی دەســـــەڵات کە پەرلەمانە ئەنجام دەرێت، ئەوەش پێگەیەکی یاسایی بەهێزتر دەدات بەلایەنی بەرامبەر کە حکومەتە، لایەنگرانی ئەم بۆچوونـانە پێیـان وایە دەبێـت حکومەت لاواز بێـت ڕێگە نەدرێـت دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵکو دەسەڵاتەکانی سنووردار بکرێـت و تەنهـا ڕێگە بـدرێـت کـاروبـاری ڕۆتینی ڕۆژانەی دەزگـا گشتییەکان پەیڕەو بکات[١].

٢- هەندێک لە دەســـــتوورەکان ئاماژە بەوە دەدەن حکومەتێک دەســـت لە کار بکێشــێتەوە یاخود متمانەی لێ بســـەندرێتەوە، دەبێت دەسەڵاتەکانی سنووردار بکرێت بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە، تاکو ئەو کاتەی لەلایەن پەرلەمـانەوە متمـانە بە حکومەتی نوێ دەدرێت[٢]، ئەم حکومەتە حکومەتی ڕاییکردنی کـارەکـان دەبێـت، ســـــەرەڕای هەبوونی پەرلەمان کە چاودێری کارەکانی دەکات، پێش هەموو شتێک ئەو حکومەتەی پەرلەمــان هەڵــدەوەشــێنێتەوە تەنیـا حکومەتێکی ڕاییکردنی کارەکان دەبێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی چاودێری کارای پەرلەمانەوەیە[٣].

٣- ســیســـتەمی پەرلەمانی لەســـەر بنەمای دوانەیی دەســـەلاتی جێبەجێکردنە، سەرۆکی دەوڵەت لەباری سیاسیەوە بەرپرس نیە، بەڵام حکومەت لەباری ســـیاســـییەوە بەرپرســـیارە، هەموو کارەکانی بۆ چاودێریکرنی پەرلەمان ملکەچ دەبن، حکومەت دوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لەکارەکانیدا بەپرســیار نابێت لە بەرامبەر پەرلەماندا، چونکە پەرلەمان لەبەر هۆکاری هەڵوەشـــاندنەوە لە وجودا بوونی نیە، هەر بۆیە دەبێت ئەم حکومەتە ببێت بە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، کە

---

(١) د. علي عبدالعال سيد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

(٢) د. شـلال الصـرايفي، اشـكالية تكوين الحكومة والمركز الدسـتوري لرئيسـها واعضائها، دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٩، ل٣١٢.

(٣) د. مجدي الشارف محمد الشبعاني، الجزء الاول، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤.

تەنها کارە گرنگەکان ڕایی بکات و دەسەڵاتەکانی سنوردار بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی سیاسی حکومەت زیاد نەکات[١].

٤- هیچ مانای نییە ڕێگە بە حکومەت بدرێت، سەرچاوەی یاسادانان، کە نوێنەرایەتی گەل دەکات لابدات، بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسی گرنگ بە ئێستا و داهاتوو ژیانی گەل بدات، بەبێ ئەوەی خەڵک گوزارشت لە دەربڕین و هیوای خۆی بکات، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ لۆژیکی سیستەمی دیموکراتی[٢].

یەکێک لەو دەستوورانەی بەم شێوە وەرگرتووە و دەسەڵاتەکانی حکومەتی بە ڕاییکردنی کارەکانی سنووردار کردوە، دەستووری فەڕەنسی ساڵی (١٩٤٦)ە، کە ئەم دەستوورە لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بە ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە تایبەتکارییەکانی حکومەت دیاری کردووە، و دەبێت حکومەتێکی بێ لایەنی یەکگرتووی نیشتمانی پێکبهێنرێت، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قۆناغی ڕاگوزەری و سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی نوێ، و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ لە حکومەتی ڕاگوزەر بەدەر دەکرێن، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێنێت، ئەم سەرۆکە لەگەڵ نوسینگەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بە هاوبەشی وەزیری ناوەخۆ دیاری دەکەن، هەروەها وەزیرەکانی دەوڵەت لەنێو ئەندامانی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان دەستنیشان دەکات[٣]، هەروەها لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٥) دەستووری دانیمارکی ساڵی ١٩٥٣ بەمشێوەیەی وەرگرتووە[٤].

---

(١) د. علي عبدالعال سيد احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠-١٣١.

(٢) د.علاء عبدالمتعال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧.

(٣) ماددەی (٥٥)ی دەستووری فەرەنسی ساڵی ١٩٤٦.

(٤) ماددەی (١٥)ی دەستوری دانیمارکی ساڵی ١٩٥٣، بەم شێوەیە هاتووە، ئەو ئەنجوومەنەی، کە متمانەی لێ سەندراوەتەوە لە بەرامبەردا هەڵبژاردنی گشتی

ئەوەی لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان کارەکان چی لێ دێت؟ و چۆن بەردەوام دەبێت؟ لە پیادەکردنی دەسەڵاتە دەستووریەکانی؟ بابەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی لە بڕگەی (٢)ی ماددەی ٦٤دا ڕێکخستووە کە تێیدا هاتووە "سەرۆک کۆمار لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتدا دەکات ، لە ماوەیەکدا کە لە شەست ڕۆژ تێپەر نەکات، هەروەها ئەنجوومەنی وەزیران بە دەست لە کار کێشاوە دادەنرێت، بەڵام بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە لە کارەکانی بەردەوام دەبێت" [١].

لە ڕێگەی دەقی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، یاسادانەری عێراقی لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە ڕوونی باسی باری یاسایی حکومەتی کردووە، جا هەر جۆرێکی هەڵوەشاندنەوە بێت (خودی یان وەزاری) ئەنجوومەنی وەزیران بە دەست لە کار کێشاوە دادەنرێت، لە کاروبارەکانی بەردەوام دەبێت بۆ پەیڕەوکردنی ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانە تا ئەوکاتەی حکومەتێکی نوێ پێکدەهێنرێت.

لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ ی عێراقی دیاریکردنی ماوەی ویلایەتی هەر یەکە لە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی ئەنجوومەنی

---

نوێ ئەنجام دەدرێت، بە پەیڕەو کردنی دەسەڵاتی سنورداركراو، کە لەم ماددەیە هاتووە، لە حاڵەتی دەنگدان لەسەر ئیدانەکردنی ئەنجوومەنی وەزیران، یان لە حاڵەتی داواکردنی بەدەست لەکارکێشانەوە دەبێت لە کارەکانی بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی وەزارەتێکی نوێ دادەمەزرێت، پێویستە ئەو وەزیرانەی لە پۆستەکانیاندا ماون بەردەوام بن، کە نابێت لە وەزارەتەکانیاندا هیچ کارێک بکەن، تەنها ئەو کارانە نەبێت کە گرنگن و بۆ بەردەوام بوونی کاری فەرمی بەبێ پچڕان.

(١) ماددەی (٦٤)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

وەزیران، ســـــەرۆکی ئــەنجوومــەنی نوێنەران[1]، ئـامــاژەی بە هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان کردووە، بە یەکێک لەو حاڵەتانە حکومەت دەبێتە حکومەتی ڕاییکردنی کـارەکـان کە تێیـدا هـاتووە "یەکەم: ئـەنجوومـەنی وەزیران دەبێت بە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان لەم حاڵەتانە، ب-هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمان پێش تەواو بوونی مـاوەی هەڵبژاردن، دووەم: کـارەکـانی حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان ســـنووردار بکرێت، تەنها بە ڕاییکردنی کارە بنەڕەتییەکانی ڕۆژانە"[2].

لێرە پرسـیارێک لەبارەی گونجاندنی یاســایی بۆ باری حکومەتی عێراقی لە مـاوەی (٢٠١٤-٢٠١٨) دوای کۆتـایی هـاتنی تەمەنی خولی پەرلەمان دەوروژێنرێت، ئایا حکومەتی کار بەڕێکەر بەپێی دەستووری عێراقی تەواوی دەســـەڵاتی هەیە ؟ واتە ئایا حکومەت بەپێی ڕێپێدانی یاســایی ودەســتوری مافی هەیە دەســەڵاتە دەســتورییەکانی پەیڕەو بکات، یان حکومەتی کاربەڕێکەرە.

دادگای باڵای یەکگرتوو لە بارەی دۆخی یاســـــایی حکومەت لە ساڵی (٢٠١٠) ڕوونکردنەوەی نەداوە، لەسەر ئەوەی ئایا ئەو حکومەتە حکومەتی کاربەڕێکەرە و بە هەموو ئەو ئەرکانەی کە لە دەســـتووردا بۆی دیاریکراوە لەو مـاوەیەدا پێی هەڵدەســـتێت، یاخود دەبێت بە حکومەتی ڕاییکردنی کـارەکـان، لە ڕوونکردنەوەکەدا هـاتووە "دادگـای

---

(١) بەڵام ئەم یاســـایە لە بەرواری ٢٠١٣/٨/٢٦ بە بڕیاری ژمارە ٦٤/ اتحادیة/ ٢٠١٣ هەڵوەشـێنرایەوە، چونکە یاسـای دیاریکردنی ماوەی ویلایەتی سـەرۆکی کۆمار و ســەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە سـەرپێچی دەسـتور دەرکراوە، چونکە تەنها پێشـنیار بووە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، وەکو پرۆژە یاســـا لەلایەن ســـەرۆک کۆمـار و ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش نەکراوە، وەکو ئەوەی لە دەستوردا باسی کردووە.

(٢) ماددەی (٦)ی یاســـای ژمارە (٨) ســـاڵی ٢٠١٣دیاریکردنی ماوەی ویلایەتی سـەرۆکی کۆمار و سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران.

باڵای فیدراڵی داواکارییەکەی وردبینی کرد، داوای ڕونکردنەوەی ماددەیەکی تایبەتی دەستوور نەکراوە، بۆ ئەوەی ببێت بە بابەتی لێکۆڵینەوە و دادگای باڵای فیدراڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، و ڕوونکردنەوەی پێویست پێشکەش بکات، بەپێی ئەو تایبەتمەنیەی لە بڕگەی (دووەم)ی مادەی ٩٣ ی دەستور[١].

حکومەتی عێراقی لە ماوەی (٢٠١٤-٢٠١٨) وەک ڕاستیەک وا دادەنرێت کە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان بێت، لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان، هەروەها نەبوونی چاودێر لەسەری و دەبێتە حکومەتێکی سنوردارکراو، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ یاسای دیاریکردنی ماوەی ویلایەتی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە (یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١٣) دەبینین حاڵەتاکان دیاریکراون کە حکومەت دەبێتە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان، لەناویشیاندا کۆتایی هاتنی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران دەست لە کار کێشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە یاسا و دەستووردا دژ یەکی هەیە.

لە ڕاستیدا یاسادانەری دەستووری عێراقی باری یاسایی حکومەتی دیاری نەکردووە، کۆتایی هاتنی ماوەی دەستووری خولی ئەنجوومەنی نوێنەران بە چوار ساڵ دیاریکراوە، هەروەها حکومەتی کاربەڕێکەر لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ دەقی لەبارەیەوە نەهاتووە، کە توشی ئەوە نەبووە ئەنجوومەنی وەزیران بگۆڕدرێت بۆ ئەنجوومەنی ڕاییکردنی کاروباری

(١) سەیری بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی بکە ژمارە ٣٨ ی فیدراڵی ساڵی ٢٠١٠ لەسەر بەیانی بیروڕای لەسەر حکومەت، کە ئایا حکومەتی ڕاییکردنی کارەکانە یاخود حکومەت هەموو تایبەتکارییەکانی هەیە بە تەواوی. بەرواری بڕیار، ٢٠١٠/٤/١٤، والآیە لە پێگەی، https://www.iraqfsc.iq/t.2010/ ،(٢٠٢٢/١/٢٥).

ڕۆژانە[1]، هیچ بڕگەیەکی دەستووری ڕوون نییە کە بەپێی ئەم بڕگەیە ئەو حکومەتە، حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان بێت، متمانە لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرنەگیراوەتەوە بەپێی ماددەی (٦١/هەشتەم/د)، هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەران بەپێی ماددەی(٦٤/ یەکەم) لە دەستوور هەڵنەوەشاوەتەوە.

بەم هۆیەشەوە یاسادانەری دەستووری بڕگەکەی پشتگوێ خستووە لە زۆربەی حاڵەتەکان کە کۆتایی دەهێنرێت بە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکان لەگەڵ کۆتایی ویلایەتی خولی ئەنجوومەنی نوێنەران، دەستوور هەڵوێستی سەرۆک کۆمار ڕێک دەخات لە کاتی تەواو بوونی خولی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، کە بڕیار دەدات بۆ کۆتایی هاتنی ویلایەتی سەرۆک کۆمار، و سەرۆک کۆمار لە پەیڕەوکردنی ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت تاوەکو دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ و کۆبونەوەی[2].

هەروەها یاسادانەری دەستووری ماوەیەکی کاتی کە (٤٥) ڕۆژە دەدات، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران پێش کۆتایی هاتنی خولەکەی، بۆ ئەوەی هچ بۆشاییەکی یاسایی لە دەسەڵات دروست نەبێت، ئەو ماوەیەش بەپێی ستاندەردی دەستووری بەسە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، دواتر دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە

---

(١) حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری بەردەوام بوو بە کار بەڕێکردن لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ١٥/کانونی یەکەم/٢٠٠٥ تاکو کاتی هەڵبژاردنی نوری مالیکی بە سەرۆک وەزیران و متمانە پێدانی لە بەرواری ٢٠/٥/٢٠٠٦، یەکێک لە بڕیارەکانی کە لەلایەن حکومەتی جەعفەری دەرچوو لە کاتی ماوەی کاربەڕێکردن لە بەرواری ٢٩/٣/٢٠٠٦ دیاری کردنی باری نا ئاسایی لە تەواوی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ و کۆتایی بێت لە ٣/٥/٢٠٠٦، بڵاوکراوەیە لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراقی ژمارە ٤٠٢١ لە ١٦/٤/٢٠٠٦.

(٢) ماددەی (٧٢) ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

وەزارەتی نوێ[1]، هەروەها لە حاڵەتێکدا ئەگەر لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی یاسـایی ماوە کاتییەکە درێژکرایەوە، ئەوا وەزارەت بێ چاودێری دەبێت، کە تێیدا باری دەسـتووری حکومەت هەمان بار دەبێت لە حاڵەتی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران کە دەقی لەبارەوە هاتووە لە ماددەی (٦٤/دووەم)دەستوور، لە کۆتاییدا وەسف کردنی یاسایی حکومەت دەبێتە حکومەتی ڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانە، بەهۆی نەبوونی چاودێری پەرلەمانی و لەدەسـتدانی متمانەی پەرلەمان.

لە ڕێگەی ئەوەی کە پیشـکەشـمانکرد سـەبارەت بە تایبەتکارییە تەواو و سـنوردارکراوەکانی حکومەت بۆ ڕاییکردنی کارەکان وخستنەڕووی بەهانەی هەردوولا، پشتیگری لە ڕایی دووەم دەکەین، کە تایبەتمەندییەکانی حکومەت سنوردار دەکات بۆ تەسکترین سنوری پێویست، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕیاری سیاسی دەرنەچێت دواتر لێپێچینەوەی لەبارەوە بکرێت، بۆ هێشتنەوەی پڕەنسیپی بەردەوامی دامەزراوە گشتییەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و جێگیر، هەروەها لەگەڵ لۆژیک وبنەماکانی سیستەمی پەرلەمانیدایە، بەپێچەوانەوە هێرشێکی زەقە بۆسەر پڕەنسیپی سەروەری نەتەوە، کە بەمشێوەیە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان، لە هەردوو حاڵەتی متمانە لێسەندنەوە لە حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان.

**لە کۆتایی ئەم ماستەر نامەیە بە ناونیشانی ( لێکەوتە یاسایی ودەستورییەکانی هەڵبژاردنی پێش وەختە لە سیستەمی**

---

(١) ماددەی (٥٦)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

**پەرلەمانیدا – توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە)، گەیشتم بە کۆمەڵێک دەرئەنجام و ڕاسپاردە، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

## یەکەم/ دەرئەنجام

